زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# مۆڕفۆلۆژیای داڕشتنی وشە لەزاری هەورامی و كوردی ناوەڕاستدا

نامەیەكە

پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆلێژی پەروەردە كراوە لەزانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی پلەی ماستەرلە زمانی كوردیدا

لەلایەن

**نعمەت سابیر عوسمان**

بەكالۆریۆس لەزمانی كوردی - زانكۆی سۆران - ٢٠١٠

بەسەرپەرشتیاری

**پ. د. تاڵیب حوسێن عەلی**

ئاربیل - كوردستان

كانونی یەكەم ٢٠١٥

**بەڵێننامە**

**من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەر نامەیە کە ناو نیشانەکەی بریتیە لە (مۆرفۆلۆژیای دارشتنی وشە لە زاری هەورامی و کوردی ناوەڕاستدا) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمەو پێشتر لەهیچ شوێنێك بلاوم نەکردووەتەوەو پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.**

**نعمەت سابیر عوسمان**

/ / ٢٠١٥

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادە کراوەو نوسراوەو نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی لە (زمانی کوردی)دا . من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بەلیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

پ.د. تاڵیب حوسێن عەلی واژوو:

بەروار: / /٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کەهەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوەو هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو:

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار: / /٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ

واژوو:

ناو:

بەروار: / /٢٠١٥

کتێبی هەموو نامەی

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەك و لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوولە: (مۆڕفۆلۆژیای داڕشتنی وشە لەزاری هەورامی و کوردی ناوەڕاستدا) خوێندەوە و قوتابیەکەمان کە ناوی (نعمەت سابیر عوسمان) بوو، لەناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی تێدایە.

واژوو:
ناو:
ئەندام
بەروار:

واژوو:
ناو:
ئەندام
بەروار:

واژوو:
ناو:
ئەندام
بەروار:

واژوو:
ناو:
سەرۆکی لیژنە
بەروار:

واژوو:
ناو:
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە
بەروار:

هەواڵنامەی کتێب

## پێشكەشە بە

- بە دایك و باوكی دڵسۆز و لەیاد نەچووی ژیانم

- بە خوشك و براو خۆشەویستانم

- بە بەڕێزان یاوەر هەورامی شاعیرو د.فەرەیدون عەبدول و م. جمال بێدار

- بەوانەی شەیداو عەوداڵی زمان و كەلتوری خۆیانن و هەمیشە لەخەمی پاراستنیدان

- ئەو كەسانەی نرخ و بایەخی زمانی خۆیان دەزانن و بەچاوی ڕێزەوە تەماشای زمانی كوردی دەكەن بەهەموو زارو شێوەزارەكانیەوە

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای بەڕێزم پ.د. تالب حوسێن عەلی ، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆو بەدرێژای توێژینەوەکە هاوکاری کردم.
- هاوسەری خۆشەویستم کە هاوکارم بووەو ماندوو بوونێکی زۆری بینیوە .
- برای بەڕێزم م.لقمان کە لەنووسینی نامەکە یارمەتیدەرم بووە .
- بەڕێز م.جیهاد جلال کە لەوەرگێرانی سەرچاوەکاندا هاوکارم بووە.
- بەڕێزان سەرۆك بەش و مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین.

هەواڵنامەی کتێب

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم نامەیە، کە بەناو و نیشانی (مۆڕفۆلۆژیای داڕشتنی وشە لەزاری هەورامی و کوردی ناوەڕاستدا) یە. بەپێی تیۆری مۆڕفیم، مۆڕفۆلۆژی وەك ئاستێکی ڕێزمان کراوەتەپێوەر بۆ وەسفکردنی پێکهاتەی بەشەئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار) زاری هەورامی و کوردی ناوەڕاست ، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەویاسایانەی کەڕۆنانی وشەکانی لەسەر بنیاد نراوە. بەپێی پێویستیش باسی ئاستەکانی واتاسازی و ڕستەسازی وفۆنۆلۆژی کراوە .

نامەکە بێجگە لەپێشەکی و ئەنجام لەسێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا باسی زانستی مۆڕفۆلۆژی و گرنگی شیکردنەوەی مۆڕفۆلۆژی کراوە ، پاشان باس لە تیۆری مۆڕفیم و ئەو چەمك و پێناسانە دەکرێ کەلە تیۆرەکەدا کراونەتەپێوەر بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەکانی زمان، هەروەها باسی بەش و جۆرەکانی وشە کراوە .

لە بەشی دووەم (پێکهاتەی وشە لەکوردی ناوەڕاستدا) دا سەرەتا باسی بەشە ئاخاوتنی ناوکراوەو پاشان باسی ناو لەڕووی پێکهاتنەوە کراوەو ئاماژە بەگرنگترین ئەو پێشگرو پاشگرانە کراوە کە دەلکێن بە وشە سادەکانی پۆلی ناو و ئاوەڵناو وئاوەڵکاری سادە و ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن، هەروەها باسی ڕێگاکانی بەرهەم هێنانی ناوی لێکدراو کراوە .

پاشان باسی پۆلی ئاوەڵناو کراوەو لەرووی واتاوە جۆرەکانی جیاکراوەتەوە،هەروەها ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە پۆلێنکراوە و ئاماژە بەو پێشگر و پاشگرانە کراوە کە دەچنەسەر بەشەئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو ی سادەو ڕەگی کارو ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ، لەگەڵ ئەوەشدا یاساکانی داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراوو ئەو بەشەئاخاوتنانەی بەشداری ئەو داڕشتنە دەکەن ڕوونکراوەتەوە .

هەروەها پۆلی ئاوەڵکار لەڕووی واتاو ئەرکەوە ناسێنراوەو جۆرەکانیشی دیاری کراوە. هەروە ها ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە شیکراوەتەوە و دەستنیشانی گرنگترین ئەو پێشگرو پاشگرانە کراوە کە دەچنەسەر وشە سادەکانی بەشەئاخاوتنی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن، ڕێگاکانی داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییدا باسی پۆلی کار کراوە و دەستنیشانی گرنگترین ئەو پێشگرو پاشگرانە کراوە کە دەچنەسەر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ، هەروەها ڕێگاکانی داڕشتنی کاری لیکدراو و ئەوبەشە ئاخاوتنانەی بەشداری لەو داڕشتنە دەکەن دەستنیشان کراوە .

لە بەشی سێیەم (پێکهاتەی وشە لەزاری هەورامیدا) دا بەهەمان شێوەی بەشی دووەم باسی بەشە ئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو ئاوەڵکار و کار کراوە .

# نـــــاوەڕۆك


| | |
|---|---|
| **پێشــەكی** | ١-٣ |
| **بەشی یەكەم** | ٤-٢٤ |
| ١-١ مۆرفۆلۆژی | ٤ |
| ١-٢ بیرۆكەی مۆرفیم | ٧ |
| ١-٣ جۆرەكانی مۆڕفیم | ١٣ |
| ١-٤ مۆڕفیم و وشە | ١٩ |
| ١-٥ بەشەكانی وشە | ٢٣ |
| **بەشی دووەم (دارشتنی پێكهاتەی وشە لەكوردی ناوەڕاستدا)** | ٢٥-٨٥ |
| **٢-١ پۆلی ناو** | ٢٥ |
| ٢-١-١ پۆلێنكردنی ناو لەڕووی پێكهاتنەوە | ٢٥ |
| ٢-١-١-١ناوی سادە | ٢٦ |
| ٢-١-١-٢ ناوی ناسادە | ٢٦ |
| ٢-١-١-٢-١ ناوی دارێژراو | ٢٦ |
| ٢-١-١-٢-١-١ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵكاری سادەو ڕەگی كارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٢٦ |
| ٢-١-١-٢-١-٢ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵكاری سادەو ڕەگی كارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٤٠ |
| ٢-١-١-٢-١-٣ ئەو پێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی كارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٤٢ |
| ٢-١-١-٢-٢ ناوی لێكدراو | ٤٢ |
| **٢-٢ پۆلی ئاوەڵناو** | ٤٧ |
| ٢-٢-١ پۆلێنكردنی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە | ٤٨ |
| ٢-٢-٢ پۆلێنكردنی ئاوەڵناو لەڕووی پێكهاتنەوە | ٥٠ |
| ٢-٢-٢-١ ئاوەڵناوی سادە | ٥٠ |
| ٢-٢-٢-٢ ئاوەڵناوی ناسادە | ٥١ |
| ٢-٢-٢-٢-١ ئاوەڵناوی دارێژراو | |
| ٢-٢-٢-٢-١-١ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناوی سادەو و ڕەگی كارو ئاوەڵناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٥١ |
| ٢-٢-٢-٢-١-٢ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناوی سادە و ڕەگی كارو ئاوەڵناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٥٢ |
| ٢-٢-٢-٢-٢ ئاوەڵناوی لێكدراو | ٥٧ |
| **٢-٣ پۆلی ئاوەڵكار** | ٥٩ |
| ٢-٣-١ پۆلێنكردنی ئاوەڵكار لەڕووی واتاوە | ٦٠ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-٢ پۆلێنکردنی ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە | ٦٣ |
| ٢-٣-٢- ١ ئاوەڵکاری سادە | ٦٣ |
| ٢-٣-٢-٢ ئاوەڵکاری ناسادە | ٦٣ |
| ٢-٣-٢-٢- ١ ئاوەڵکاری دارێژراو | ٦٣ |
| ٢-٣-٢-٢-١-١ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناو وئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادە و ئاوەڵکاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٦٣ |
| ٢-٣-٢-٢-١-٢ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٦٤ |
| ٢-٣-٢-٢-١-٣ ئەو پێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵکاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٦٥ |
| ٢-٣-٢-٢-٢ ئاوەڵکاری لێکدراو | ٦٦ |
| **٢-٤ پۆلی٘ کار** | ٧٠ |
| ٢-٤- ١ کار لەڕووی پێکهاتنەوە | ٧١ |
| ٢-٤- ١- ١ کاری بنەڕەتی | ٧١ |
| ٢-٤-١-٢ کاری دارێژراو | ٧٢ |
| ٢-٤-١-٢-١ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر کاری بنەڕەتی وکاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٧٢ |
| ٢-٤-١-٢-٢ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر کاری بنەڕەتی و کاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٧٦ |
| ٢-٤-١-٣ کاری لێکدراو | ٧٧ |
| ٢-٤-١-٣-١ پۆلێنکردنی کاری لێکدراو لەڕووی واتاوە | ٧٩ |
| ٢-٤-١-٣-٢ ئەو بەشە ئاخاوتنانەی بەشداری داڕشتنی کاری لێکدراو(تەواوکەری کار) دەکەن | ٨٣ |
| **بەشی سێ یەم (پێکهاتەی وشە لەزاری هەورامیدا )** | ٨٦-١٥٠ |
| **٣-١ پۆلی ناو** | ٨٦ |
| ٣-١-١ پۆلێنکردنی ناو لەڕووی پێکهاتنەوە | ٨٧ |
| ٣-١-١-١ ناوی سادە | ٨٧ |
| ٣-١-١-٢ ناوی ناسادە | ٨٧ |
| ٣-١-١-٢-١ ناوی دارێژراو | ٨٧ |
| ٣-١-١-٢-١-١ ئەوپاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو وئاوەڵکاری سادەو ڕەگی کارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ٨٧ |
| ٣-١-١-٢-١-٢ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەرناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکاری سادەو ڕەگی کارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ١٠١ |
| ٣-١-١-٢-١-٣ ئەو پێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی کارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن | ١٠٢ |
| ٣-١-١-٢-٢ ناوی لێکدراو | ١٠٢ |
| **٣-٢ پۆلی ئاوەڵناو** | ١٠٨ |
| ٣-٢-١ پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە | ١٠٩ |
| ٣-٢-٢ پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە | ١١١ |


هەواڵنامەی کتێب

٣-٢-٢-٢-١-١ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناوی سادە و ڕەگی کارو ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ١١٢

٣-٢-٢-٢-١-٢ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناوی سادە و ڕەگی کارو ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ١١٣

٣-٢-٢-٢-٢ ئاوەڵناوی لێکدراو ١١٨

**٣-٣ پۆلی ئاوەڵکار** ١٢١

٣-٣-١ پۆلێنکردنی ئاوەڵکار لەڕووی واتاو ئەرکەوە ١٢١

٣-٣-٢ پۆلێنکردنی ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە ١٢٥

٣-٣-٢-١ ئاوەڵکاری سادە ١٢٥

٣-٣-٢-٢ ئاوەڵکاری ناسادە ١٢٥

٣-٣-٢-٢-١ ئاوەڵکاری داڕێژراو ١٢٥

٣-٣-٢-٢-١-١ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادە و ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ١٢٦

٣-٣-٢-٢-١-٢ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ١٢٧

٣-٣-٢-٢-١-٣ ئەو پێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ١٢٨

٣-٣-٢-٢-٢ ئاوەڵکاری لێکدراو ١٢٩

٣-٤ پۆلی کار ١٣٤

٣-٤-١ پۆلێنکردنی کار لەڕووی پێکهاتنەوە ١٣٥

٣-٤-١-١ کاری بنەڕەتی ١٣٥

٣-٤-١-٢ کاری داڕێژراو ١٣٦

٣-٤-١-٢-١ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر کاری بنەڕەتی وکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ١٣٦

٣-٤-١-٢-٢ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن ١٣٩

٣-٤-١-٣ کاری لێکدراو ١٤٣

٣-٤-١-٣-١ پۆلێنکردنی کاری لێکدراو لەڕووی واتاوە ١٤٣

٣-٤-١-٣-٢ ئەو بەشە ئاخاوتنانەی بەشداری دارشتنی کاری لێکدراو(تەواوکەری کار) دەکەن ١٤٧

ئەنجام ١٥١

سەرچاوەکان R154-R152

پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی B-A


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکــــی

**ناونیشان وبواری لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناوی (مۆرفۆلۆژیای دارشتنی وشە لەزاری هەورامیی و کوردی ناوەڕاستدا) یە. بەپێی تیۆری مۆرفیم، مۆرفۆلۆژی وەك ئاستێکی ڕێزمان کراوەتەپێوەر بۆ وەسفکردن وشیکردنەوەی پێکهاتەی بەشەئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار) زاری هەورامی و کوردی ناوەڕاست، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەویاسایانەی کەرۆنانی وشەکانی لەسەر بنیاد نراوە. هەروەها ڕۆڵی ڕێگای دارشتن لەبەرهەم هێنانی وشەی دارێژراو لێکدراو لە یەکە سادەکانی زمان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان خراوەتەڕوو، هەروەها ئاماژە بە گرنگترین ئەو پێشگرو پاشگرانە کراوە کە دەچنەسەر وشەسادەکانی ئەو بەشە ئاخاوتنانە و دەبنە هۆی بەرهەم هێنانی وشەی دارێژراوی نوێی هەریەکە لە پۆلەکانی ناو و ئاوەڵناو وئاوەڵکارو کار، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو یاسایانەی کە مۆرفیمەسەربەخۆ و بنکەکان لێکدەدەن و پێکەوەیان دەبەستن بۆ بەرهەم هێنانی وشەی لێکدراوی نوێ. بەپێی پێویستیش باسی ئاستەکانی واتاسازی و ڕستەسازی و فۆنۆلۆژی کراوە.

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوە لە بابەتی مۆرفۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە ڕاڤەکردنی رۆنانی وشە ناسادەکانی زمان و دیاری کردنی ئەو یاسایانەی کەپێکهاتەی وشە دارێژراو لێکدراوەکانی لەسەر بنیاد نراوە، هەروەها ڕێگەی دارشتن لەزمانی کوردی (زاری هەورامی و کوردی ناوەڕاست) دا لەبەرهەم هێنانی وشەی دارێژراولێکدراوی نوێدا پڕ بایەخەو بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی زمانیش دادەنرێ، چونکە زۆرێك لەوشەکانی ناسادەن و لەم ڕێگەیەوە بەرهەم هێنراون.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری یەو لە چوارچێوەی تیۆری (Generative Morphology) ئەنجام دراوە، ئەو یەکانەی لەئێستای زمانەکەدا هەن بەکارهێنراون، هەروەها بەپێی ئەو واتاو ئەرکەی ئێستا لە دارشتنی وشەکانی زماندا هەیانە، مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

**کەرستەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

کەرستەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتین لەو وشانەی کە قسەپێکەرانی هەردوو زارەکە لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنن، لەگەڵ وشەی هەندێ لەو سەرچاوانەی کە لەوبارەیەوە نوسراون.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

بە شێوەیەکی زانستی پێکهاتەی وشەکانی زاری هەورامی و کوردی ناوەڕاست بەپێی تیۆری مۆرفیم شی بکرێتەوەو دانەزمانیەکانی هەریەکەیان بخرێتەڕوو،لەگەڵ دەستنیشان کردنی گرنگترین ئەویاسایانەی کە وشە دارێژراو و لێکدراوەکانیانی لەسەر پێکهێنراوە، هەروەهاخاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی هەریەکەیان ڕوون

هەواڵنامەی کتێب

بکرێتـەوە. پاشـان بـەپێی ئـەو خاڵـە هاوبەشـانەی کـە هـەن، جەختکردنـەوە لەسـەر بـوونی پەیوەنـدی و لێکدانەبڕانیان وەکو دوو زاری زمانی کوردی.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

نـەبوونی سەرچـاوە ی پێویسـت لـەبارەی چۆنیەتی دارشـتنی وشـەی دارێـژراو و لێکـدراو لـە زمـانی کوردیـدا، بەتایبـەتی لـەزاری هەورامیـدا، هـەروەها ئـەو توێژینەوانـەی کەلـەم بارەیـەوە کـراون بەشـێوەیەکی سـادە و سەرەتاییانە باسیان لەڕۆنانی بەشەئاخاوتنەکان (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار) کـردووە و زۆرجار ئـەو بـنج و بنکـە بەندانەی کـە وشـەی دارێـژراو لێکدراوەکان بەرهـەم دەهێـنن ئاماژە بەشـەئاخاوتنەکەیان نـەکراوە نەناسـێنراون، بـەڵکو تـەنها ئامـاژە بـە پـۆلی وشـە دارێـژراو لێکـدراوە کـان کـراوە. هـەروەها گیرەکـەکان بەشـێوەیەکی ورد بـاس لەئـەرکی دارشـتنیان نـەکراوەو تـەنها ئامـاژە بەهەنـدێ لـەو واتایانـەی کـە دەیگـەیێنن، دراوە. هـەروەها وشـە فەرهەنگیـەکان بـەپێی دەرکـەوتنیان لەڕسـتەدا واتـاو ئـەرکی جیـاواز دەبیـنن، ئەمـەش وا دەکـات کەهەنـدێ وشـە تایبەتمەندێ چەند بەشە ئاخاوتنێکیان هەبێ و جیاکردنەوەیان بەشێوەی سەربەخۆ کارێکی ئاسان نـەبێت. وەکو هەندێ وشەی بەشەئاخاوتنی ئاوەڵکارو ئاوەڵناو کە بەپێی شوێنیان لەڕسـتەدا ڕوون دەبێتـەوە کـە ئاوەڵنـاون یـان ئەرکی ئاوەڵکار دەبینن.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

نامەکە بێجگە لەپێشەکی و ئەنجام لەسێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمـدا باسـی زانسـتی مۆرفۆلـۆژی و گرنگـی شـیکردنەوەی مۆرفۆلـۆژی کـراوە، پاشـان بـاس لـە تیـۆری مۆرفیم و ئەو چەمك و پێناسانە دەکرێ کەلە تیۆرەکـەدا کراونەتـەپێوەر بـۆ شـیکردنەوەی پێکهاتـەی وشـەکانی زمان و دەستنیشانکردنی یەکەکان، وەکو (مـۆرفیم، مـۆرف، ئـەلۆمۆرف، ئـەلۆمۆرفی سفر، مـۆرفی بـەتاڵ، مـۆرفی فرەئەرك). هەروەها مۆرفیمـەکان بـەپێی گەیانـدنی واتـاو ئـەرکی ڕێزمـانی پۆلێنکراون بـۆ مـۆرفیمی فەرهـەنگی ومۆرفیمی ئـەرکی، بـەپێی دەرکـەوتنیان بەشـێوەی سـەربەخۆ دابـەش دەبـن بـۆ مـۆرفیمی سـەربەخۆ و مـۆرفیمی مـۆرفیمی بەنـد، مۆرفیمـە بەنـدەکانیش بـەپێی ئـەو واتـاو ئەرکـەی لەدارشـتنی پێکهاتـەی وشـە دارێـژراو لێکدراوەکاندا هەیانە جیادەکرێنەوە بۆ گیرەك و بنکەی بەنـد و نوسـەك، هـەروەها گیرەکـەکانیش بـەپێی شـوێنی پێکەوە لکانیان پۆلێن دەکرێن بۆ پێشگرو پاشگر و دولاگر.پاشان باسی یەکەزمانیـەکانی مـۆرفیم و وشـە کـراوەو جیاوازیان خراوەتەڕوو. پاشان باسی بەشـەکانی وشـە کەپێکـدێن لـە ڕەگ و قـەدوبنج، لەڕووی پێکهاتـەوە کـراوەو ناسێنراوە .

لە بەشی دووەم (پێکهاتـەی وشـە لـەکوردی ناوەڕاسـتدا) دا سـەرەتا باسـی بەشـە ئاخـاوتنی نـاوکراوەو لـەو ڕووەوە پێناسـەکراوەو ئامـاژە بەتایبەتمەندیـەکانی کـراوە و بـەکورتی هەنـدێ لـە پـۆلێن کردنـە جیاوازەکانی نـاو وەکـو نـاوەڕۆك و ناسـراوی و بـوون و ڕەگـەزەوە باسـکراوە. پاشـان باسـی نـاو لـەڕووی پێکهاتنـەوە کـراوەو پـۆلێنکراوە بۆنـاوی سـادەو نـاوی ناسـادە، نـاوی ناسـادەش دابەشـکراوە بـۆ نـاوی دارێـژراو نـاوی لێکـدراو، هـەروەها ئامـاژە

بەگرنگترین ئەو پێشگرو پاشگرانە کراوە کە دەلکێن بە وشە سادەکانی پۆلی ناو و ئاوەڵناو وئاوەڵکاری سادە و ڕەگی کارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن، هەروەها ڕۆڵی ئەم گیرەکانە لەبەخشینی واتای جیاوازی وەکو شوێن وپیشەو نابەرجەستەیی (واتایی)ی و خۆشەویستی یان بچوککردنەوە و خواردەمەنی و ڕازاندنەوە،...هتد، ئاماژەی پێدراوە، هەروەها باسی ڕێگاکانی بەرهەم هێنانی ناوی لێکدراو کراوە.
پاشان باسی پۆلی ئاوەڵناو کراوەو لەرووی واتاوە جۆرەکانی جیاکراوەتەوە، وەکو ئاوەڵناوەکانی چۆنیەتی و ڕێژەیی (نسبی) و نیشانەو نادیاری، بەکورتی پێناسەیان کراوەو نمونەیان لەبارەوە هێنراوەتەوە، هەروەها ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە پۆلێنکراوە بۆ ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵناوی ناسادە، ئاوەڵناوی ناسادەش دابەشکراوە بۆ ئاوەڵناوی دارێژراو ئاوەڵناوی لێکدراو. هەروەها ئاماژە بەو پێشگر و پاشگرانە کراوە کە دەچنەسەر بەشەئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو ی سادەو ڕەگی کارو ئاوەڵناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن، هەروەها یاساکانی دارشتنی ئاوەڵناوی لێکدراوو ئەو بەشەئاخاوتنانەی بەشداری ئەو دارشتنە دەکەن ڕوونکراوەتەوە.
پاشان پۆلی ئاوەڵکار لەڕووی واتاو ئەرکەوە ناسێنراوەو جۆرەکانیشی دیاری کراوە، وەکو ئاوەڵکاری دیارخەر کەپێکدێ لە ئاوەڵکاری چۆنیەتی و چەندیەتی و شێوە یان ڕێکخستن، ئاوەڵکاری بارودۆخ کە پێکدێ لە ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن و هۆومەبەست و جەختکردنەوە و دووبارەکردنەوە و نەرێ (نەفی) کردن. هەروە ها ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە شیکراوەتەوە بۆ ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری ناسادە، ئاوەڵکاری ناسادەش دابەش دەبێ بۆ ئاوەڵکاری دارێژراو ئلوەڵکاری لێکدراو، هەروەها دەستنیشانی گرنگترین ئەو پێشگرو پاشگرانە کراوە کە دەچنەسەر وشە سادەکانی بەشەئاخاوتنی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری دارێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن، هەروەها ڕێگاکانی دارشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو و کەرستە پێکهێنەرەکانی خراوەتەڕوو.
هەروەها باسی پولی کار کراوەو بەپێی تایبەتمەندی پێکهاتەکەی پۆلێنکراوە بۆ کاری بنەڕەتی و کاری دارێژراو و کاری لێکدراو، هەروەها دەستنیشانی گرنگترین ئەو پێشگرو پاشگرانە کراوە کە دەچنەسەر کاری بنەڕەتی و کاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن، لەگەڵ ئاماژەدان بەهەندێ لەو واتا جیاوازانەی کە بەکارە دارێژراوەکان دەیبەخشن. پاشان باسی کاری لێکدراو لە ڕووی واتاوە کراوەو جۆرەکانی دیاری کراون، وەکو کاری لێکدراوی ڕووداو گەێن و کاری لێکدراوی بارگە گەێن و ئەو کارانەی کە ڕووداو دەگەێنن ولەهەمان کاتدا ئاماژە بە گۆڕان و باری کەسێك یان شتێك دەکەن لەگەڵ ئەو کارانەی کە گۆڕان لەباری سیفەتی کەسێك یان شتێك دەکەن، هەروەها ڕێگاکانی دارشتنی کاری لیکدراو و ئەوبەشەئاخاوتنانەی بەشداری لەو دارشتنە دەکەن دەستنیشان کراوە.
لە بەشی سێیەم (پێکهاتەی وشە لەزاری هەورامیدا) دا بە هەمان شێوەی بەشی دووەم باسی پێکهاتەی بەشە ئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکارو کار کراوە.

# بەشی یەکەم

## مۆرفۆلۆژی

## بیرۆکەی مۆرفیم

## جۆرەکانی مۆرفیم

## مۆرفیم و وشە

## بەشەکانی وشە

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

### ١-١ مۆرفۆلۆژی

لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەی وشە و دۆزینەوەی ئەویاساو دەستورانەی کەوشەکانی زمانەکەی لێ درووستبووە، دەکات. وەکو ڕێگاکانی ( دارشتن ولێکدان،...)، هەروەها گرنگی ئەم یەکە زمانیانە لەڕووی گەیاندنی واتاو ئەرکی ڕێزمانییەوە، ڕوون دەکاتەوە. لەبەرئەوە ئەم لقەی زمانەوانی هەوڵدەدات یەکە زمانییەکانی هەر زمانێك دەستنیشان بکات ومۆرفیم دەکاتە کەرەستەی شیکردنەوەی وشەو ئاماژە بەو یاسایانە دەکات کەوشەکانی زمانی لەسەر بنیاد نراوە. لەبەرئەوە مۆرفۆلۆجی (ئەو زانستەیە کەلە وشەوپێکهاتەی وشەکان دەکۆڵێتەوە) (Lieber, 2012, p8 ).

شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی هەر زمانێك ئەبێ ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات:

١- دەستنیشانکردنی مۆرفیمەکانی.سادەترین کەرەستەی ئاستی مۆرفۆلۆژیان.

٢- دەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی ئەم مۆرفیمانە لێکدەدات بۆ دارشتنی وشەکان.

٣- کە مۆرفیمەکان دەکەونە پاڵ یەك دەنگەکانیان کارلێك دەکەن شێوەیان دەگۆڕێت بەپێی ئەو ژینگە فۆنۆلۆجیانەی کەبەکەوتنە پاڵ یەك دروست دەبن. واتە دەستنیشانکردنی مۆرف و ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمەکان. ئەم بەشەی زمانەوانی بەمۆرفۆفۆنیم ناودەبرێ. (وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٦،ل١٥).

مۆرفۆلۆژی برتییە لەلێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراو کە لەشێوەو واتای وشەکان دەکۆڵێتەوە، یان بریتییە لەوزانستەی کە لێکۆڵینەوە لە تێکەڵبوونی ئەومۆرفیمانە دەکات کە وشە بەرهەم دەهێنن (Haspelmath, 2012, p1-4). مۆرفۆلۆجی لەدوو لایەنی وشە دەکۆڵێتەوە، یەکێکیان ڕۆنانە وشە دارێژیەکەیەتی، ئەویتریان ئەرکە ڕێزمانیەکەیەتی، یەکەمیان دەرگای لێکۆڵینەوەیەکی تر دەکاتەوە، کەواتای وشەیەو بە واتاسازی فەرهەنگی ناودەبرێت. لایەنی دووەمیش چۆنیەتی کارکردنی وشەیە لە ڕستەسازیدا، واتە ئەو ئەرکانەی وشەکان جێبەجێی دەکەن لەناو ڕستەدا. (ه.د.د ویدۆوسن، ٢٠٠٨،ل٧٤).

شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەکان وادەکات کە وشە ناسادەکان لەڕووی واتاوە ڕوونبن و بەهۆی واتای ئەوکەرتانە (دانانە) ی کە وشە ناسادە نوێکەیان پێکهێناوە واتاکەیان بزانرێت و قسەپێکەرانی زمانەکە بەئاسانی بتوانن لێیان تێبگەن. (مۆرفۆلۆژی لقێکی ڕێزمانە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەپێکهاتەو شێوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی بنیادی مۆرفیمەوە. مۆرفۆلۆژی بەشێوەیەکی گشتی دەبێت بە دوو بەشەوە، کەبریتین لە مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی (inflectional morphology)، مۆرفۆلۆژی دارشتن (lexical or dervational) هەروەها لەچەند ڕوویەکەوە لەوشە دەکۆڵێتەوە، وەکو وشەسازی گشتی کە (Crystal, 2008, p314). لەوشەی زمانەکانی جیهان دەکۆڵێتەوە، بۆ دەستنیشانکردنی خاڵەهاوبەشەکانی پێکهاتەی وشەکان وجەختکردنەوە لەسەر بوونی چەندیاسایەکی گشتی کە دەتوانرێت بۆزۆربەی زمانەکان بەکاربهێنرێت، لە شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەکان بۆ بچوکترین یەکە (مۆرفیم)، یان دارشتن ولێکدانی دانەسادەکانی بۆپکهاتەی

گەورەتر بۆدروستکردنی واتای نوێ و بینینی ئەرکی ڕێزمانی جیاواز. وشەسازی تایبەتیش جەختکردنەوەیە لەسەر تایبەتمەندیەکانی زمانێکی دیاریکراو کە وادەکات لەزمانەکانی ترجیابکرێتەوە. لەبەرئەوە (وشەسازی زمانێکی دیاریکراو کۆمەڵە یاسایەکە کەدوو ئەرکی هەیە: یەکەمیان ئەویاسایانە دەستنیشان دەکات کە بەرپرسن لە ڕۆنانی وشەکانی زمانەکە، واتە ڕۆنانی وشەی نوێ. دووەمیان ئەویاسایانە ئەوە دەردەخەن، کەخەڵکی لەڕۆنانی ناوەوەی ئەو وشانەی کەلەزمانەکەیاندا هەیە زانیاریەکی بێئاگایان لێی هەیە (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٣، ل٥-٦).

یەکێ لە هۆکارەکانی بوونی مۆرفۆلۆژی بۆئەوەیە کەلێکسیمی تازە لە لێکسیمە کۆنەکان بەرهەم بهێنرێت، ئەم پرۆسەیەش دەگەڕێتەوگە بۆپرۆسەی پێکهێنانی وشە فەرهەنگیەکان(لێکسیم)(lexeme formation). زمانەوانان ئەم چەمکە بەکاردەهێنن لەواتا تایبەتییەکەیدا، بەڵام بێگومان ئەم بەکارهێنانە ئاڵۆزە، چونکە مۆرفۆلۆجی بەگشتی زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆمەودایەکی فراوانتر لەپێکهاتەی وشە (word formation)، واتە پێکهێنانی لێکسیمەکان دەکرێ یەکێ لەم سێ گۆڕانانە بەرهەم بهێنن:

١- کار < ناو (دڵخۆشبوون) amuse + ment > amusement (دڵخۆشی دەکات)

٢- کار < ئاوەڵناو (کاریگەر) impress + ive > impressive (کاری تێدەکا)

٣- ناو < ئاوەڵناو (دڕندانە) monster + ous > monstrous (دڕندە)

هەروەها هەندێ لەیاساکانی پێکهێنانی وشەفەرهەنگیەکان (lexeme)جۆری وشەکە ناگۆڕن، بەڵام دەبنە هۆی دروستبوونی واتایەکی پێچەوانە یان جێگیرەوەیەکی نوێ. وەکو: ئاوەڵناو < ئاوەڵناو (دڵناخۆش un + happy > unhappy (دڵخۆش)، ناو < ناو orphan + age > (هەتیو) orphanage (هەتیوخانە) ، کار < کار (دەشواتەوە) re + wash > rewash (دەشوات)

هەروەها هەندێ لەیاسای پێکهێنانی لێکسیمەکان هەردوو گۆڕانەکە (پۆلی وشەو زیادکردنی واتای نوێ) تیایاندا ڕوودەدات. وەکو: کار < ئاوەڵناو wash + able > washable (دەشوات)، ناو > کار (ئەسپێ لادەبا) de + louse > delouse (ئەسپێ) ، کەواتە دەکرێ بڵێین کەهەموو زمانەکان چەند ڕێگایەکی خۆیانیان هەیە بۆ دارشتنی وشەی فەرهەنگی تازە.(Lieber, 2012 , p6-7)

هەندێك لەو ڕێگایانەی کە لەزمانی ئینگلیزیدا وشەیان لێ بەرهەم دەهێنرێ، لەزمانی کوردیشدا بەکار دەهێنرێن، بەڵام شێوەی دارشتنەکەیان جیاوازە. وەکو دارشتنی ناو لە کار(ڕەگی کار)ەوە بەهۆی پاشگری (ن) وە، واتە نونی چاوگی وەکو (خواردن، خەوتن،...هتد). یان بەهۆی لێکدانەوە و بەخستنەسەری ناوێك بەشێوەی پێشگر یان پاشگر، وەکو (خوێندکار، وتارخوێن، وانەبێژ،...هتد). یان دوبارەکردنەوەی کار وەکو (هاتوچۆ، هەڵسوکەوت،..هتد). یان دارشتنی کار لە ناو(چاوگ)وە، بەلادانی نونی چاوگی وەکو (خوارد،سەرکەوت،...هتد). هەروەها بەرهەم هێنانی ئاوەڵناو لە ڕەگی کار بەهۆی پێشگرو پاشگرەوە، وەکو (نەزان، نەترس، نەمر،... بوێر، بکوژ،... زانا، توانا،...،... هتد). هەروەها بەشێوەی لێکدان و بە زیادکردنی ناو یان ئاوەڵناو بەشێوەی پێشگرو

پاشگر وەکو (ئاشتی خواز، ئاژاوەگێڕ...، زۆرزان، ڕاستگۆ...،...هتد ). هەروەها داڕشتنی ئاوەڵناو لە ناو بەهۆی پێشگرو پاشگرەوە، وەکو (بێشەرم، بەهێز...، خەمناك، سامناك، فێڵباز...،...هتد). یان بەشێوەی لێکدان، وەکو (بالا عەرعەر، دڵسۆز...، قوڕبەسەر، لەت لەت...،...هتد). ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە تەنها ئاوەڵکار بەهۆی پێشگرو پاشگرەوە لە ڕەگی کارەوە بەرهەم ناهێنرێ، ئەگینا زۆربەی بەشەئاخاوتنەکان پۆلەکانیان دەگۆڕێ بەهۆی داڕشتنەوە. هەروەها بەهەمان شێوە بەشەئاخاوتنەکان دەکرێ لەهەمان پۆلدابن بەڵام لەڕووی پێکهاتەوە بگۆڕێن بۆ داڕژاو لێکدراو.

یاسا مۆرفۆلۆژیەکانی داڕشتن ولێکدانی وشەکانی زمان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و نابەجەستە (ئەبستراکت) لەبەشی هۆشەکی وئاگایی قسەپێکەرانی هەریەکێك لە ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانەکاندا هەن و لەکاتی گفتووگۆ وپەیوەندی و پێداویستیەکانی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی بێئاگای بەکاریان دەهێنن.چونکە زۆرجار قسەپێکەرانی زمانەکە شارەزای یاساو ڕێساکانی زمانەکەی خۆیان نین، سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا بەئاسانی ناتوانێ بیرلەویاسا ڕێزمانیانە بکاتەوە کەبەکاریان دەهێنێت. هەروەها ئەم یاسا ڕێزمانیانە گشتین و یارمەتی قسەپێکەرانی زمانەکە دەدەن کە بەئاسانی بتوانن یەکە واتادارەکانی زمانەکەیان بە هۆی یاساکانی داڕشتنەوە لێکبدەن، لەکاتی پێویستبوونیان بەوشەی نوێ، هەروەها لەو وشە نوێیانە بگەن، کە ڕووبەڕوویان دەبنەوەو مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

وشەسازی گرنگە بۆئەوەی ئاماری شێوەو واتای وشەکان بەشێوەی سیستەم بۆداڕێژراو ڕوونبکرێتەوەو پێکبهێنرێت، چونکە کاتێك کە دوو وشە لەشێوەو واتادا بەشێکیان لەیەك دەچێ یان چوونیەکە، بزانرێت کە ئەمە تەنیا شتێکی ڕێکەوتە. بۆنمونە وشەی بیستن (hear) کەس لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە نالێ داڕێژراوەو پەیوەندی هەیە بەوشەی گوێوەوە (ear). بۆیە وشەسازی بەشێوەیەکی ئاسای پێکدێ لە ناساندنی بەشەکانی وشە، هەروەها شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانە بەشێوەیەکی سەرەکی و سەرەتاییانە پێکدێ لە لێکدابڕانی یەکە (مۆرفیم)کانی وشەکان بۆ ناساندنیان. هەروەها دەستنیشانکردن و دانانی ئەویاسایانەی کەوا ڕوودانی ئەم پێکەوەهاتنەی بەشەکانی وشە بەڕێوە دەبات،لەگەڵ ڕوونکردنەوەیان، لەم ڕوانگەشەوە بچوکترین پێکهاتەی واتاداری وشەکان وەکو مۆرفیم دەناسێنرێت.(Haspelmath, 2012 ,p4)

ئامانجی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیانە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەوەی کەپێکهاتەی وشەکانی هەرزمانێك لەڕووی واتاو ئەرکەوە دیاری بکات و بیان ناسێنێ، هەروەها بەشێوەیەکی ڕێك و ڕوون دەستنیشانی ئەو یاسایانە بکات، کەپێکهاتەی وشەکانی لەسەر بنیاد نراوە.پاشان بەراوردکردنیان لەگەڵ زمانەکانی تردا بۆ دیاریکردنی ئەو یاسایانەی کەگشتین و لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن. هەروەها دیاریکردنی ئەویاسایانەی کەتایبەتن بەپێکهاتەی زمانەکە خۆی و لەزمانەکانی تر جیای دەکەنەوەو بە تایبەتمەندی زمانەکە دادەنرێن.

ئامانجەکانی توێژینەوەی مۆرفۆلۆژیانە:

١- وەسفکردنێکی ڕێکوپێکو گشتگیر (elegant description): هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە دەبێ شێواز (pattern)ە مۆڕفۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك وگشتگیربن. واتە دەبێ بەپێی یاسابن. بۆنمونە بوترێ ناو بەم شێوەیە دەکرێ بەکۆ نەك لیستێك ناو بهێنرێ و وەکو فەرهەنگ شێوەی کۆیان بۆدابنرێ.

٢- ناساندن وباسکردنێکی دروست: زۆربەی زمانەوانەکان دەڵێن دەبێت ناساندنەکان زۆر ڕاستەقینەو دەقاودەقبن. واتە هەمان ئەوگشتگیریەی کە لەبارەی سیستەمی ڕێزمان هەیە، کە قسەکەر بەشێوەیەکی بێئاگایانە پێی گەیشتووەو دەرکی پێکردووە دەربڕدرێت. وەکو یاسای گشتی زیادکردنی (s) کە هەموو جۆرەکانی بگرێتەوە لە گۆڕینی ناوی تاك بۆناوی کۆ، ئەگینا قسەپێکەران نازانن شێوەی کۆ بۆ ئەو ناوانە بزانن کەپێشترنەیان بیستووە.

٣- شیکردنەوەی سیستەمی دەرەکی (system external explanation): دەبێ ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە زۆربەی زانستەکان دەربارەی شێوازەکانی زمانەوانی ڕێککەوتی مێژووین، بۆیە ناکرێ وابەئاسانی ڕوونبکرێنەوە. بۆنمونە سەلماندنی ناوی کۆ لەئینگلیزیدا بەزیادکردنی (s)ی کۆ دەبێ، باشترین ڕێگا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم شێوازە لە زمانەوانیدا بەوە دەبێ کە یاسا گشتی وجیهانیەکانی زمانی مرۆڤ شیبکرێنەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەوان باشترین هۆکاری گونجاون بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان، کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. بۆنمونە (s)ی کۆ جیهانی نییە، هەروەها تەنانەت دەستەواژەی مۆڕفۆلۆجیانەی کۆ جیهانی نییە، چونکە زمانی یۆرووبا ( yoruba )ی (گەلێکی ئەفریقین) نمونەی زمانێکە کە شێوەی مۆرفۆلۆجی کۆی نییە، بەڵام زمانی تزوتوجیل (tzutujil) تەنها ناوی مرۆڤ شێوازی مۆڕفۆلۆجی کۆی هەیە. بۆیە کاتێك دەتوانین دەقی زاراوەی جیهانی دروست بکەین کە ئەگەر زمانێك شێواز یان وێنەی نمونەیی (pttern) بۆهەموو ناوەکان هەبوو، ئەوە جۆری ناوی کۆشی هەیە بۆ ئەو ناوانەی کە گوزارشت لە ناوی خەڵك دەکەن.

٤- سنوردارکردنی وەسفکردنی پێکهاتەکە: زۆربەی زمانەوانەکان ئامانجێکی زۆرگرنگ لەتوێژینەوەی ڕێزماندا دەبینن کە ئەویش پێکهێنانی هەندێ نەخشە(دیزاین)ی گشتی و سەرەکی سیستەمی ڕێزمانییە، کە هەموو زمانەکان پێوەی پابەندن. واتە پێکهاتەیەك بۆباسکردنەکە دابنێن کەپێی دەوترێ تیۆری ڕێزمانی،کە دەبێ هەمووزمانەکان لەگەڵی بسازێن.(Haspelmath, 2012, p8 )

## ٢-١ بیرۆکەی مۆڕفیم

دوای ئەوەی زمانەوانەکان وشەیان وەکو بچووکترین دانەی زمانی بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی کەرەستەکانی ئاخاوتن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ڕەچاوی جۆری زمانەکانیان لەرووی مۆڕفۆلۆجیەوە بەشێوەیەکی گشتی نەکردبوو، بەڵکو زیاتر لەڕوانگەی زمانە دابڕاوەکانەوە سەیری پێکهاتەی بەشەکانی ئاخاوتنیان کردبوو، کەتێیدا هەر وشەیەك یەك واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەیە کە ناتوانرێت کەرت بکرێت بۆ یەکەی ووردتر بەبێ

لەدەستدانی واتا، چونكە وشەكانی ئەو جۆرە زمانانە لەیەك مۆرفیمی سەربەخۆ پێكهاتوون بەپێچەوانەی زمانە نوساو تێكچڕژاو و ئەركیەكان، كە وشەكانیان زۆربەیان لەمۆرفیمێك زیاتر پێكهاتوون، كە دەتوانرێ كەرت بكرێن بۆ دانەی ووردتر لەخۆیان. زۆربەی وشەكانی ئەم جۆرە زمانانە بەشێوەی دارشتن و لێكدان دروست بوون، كە لەرێگەی گیرەكەوە بۆ سەر رەگ و قەد و بنج زیاد دەكرێن بەشێوەی پێشگرو پاشگرو ناوگروو دولاگر بۆ گەیاندنی واتا ئەركی رێزمانی.

ئەمەش وای لەزمانەوانان كرد بەشوێن دانەی ووردتر لەوشەدا بگەرێن، بۆ ئەوەی پێكهاتەی وشە دارژاو و لێكدراوەكانی پێ شیبكەنەوە. بۆیە چەمكی مۆرفیم بۆ بچوكترین دانەی زمانی بەكارهێنرا كەوتای هەبێت یان هەلگری واتا بێت یان ئەركی رێزمانی هەبێت. یان مۆرفیم (بریتییە لە بچوكترین یەكەی واتادار یان بچوكترین یەكە كە ئەركی رێزمانی هەیە).(Katamba, 2006, p35) ئەمەش رێگای بۆ زمانەوانان بەتایبەت رۆنانكارەكان خۆشكرد، كە زیاتر لەرۆنانی ناوەوەی وشە بكۆڵنەوەو دانەی رێزمانی بچوكتر (مۆرفیم) بدۆزنەوە، چەند هەنگاوێكی گرنگ بنێن كە لەلێكۆڵینەوە زمانەوانیەكاندا سود بەخش بێت و رۆڵی گرنگی هەبێت لە شیكردنەوەی كەرەستەكانی ئاخاوتندا.

سەرەتای ئەم بیرۆكەیەش دەگەرێتەوە بۆ (دوای داهێنان و ناسینەوەی بیری فۆنی لەكۆتای سیەكاندا زمانەوانەكان كەوتنە گەرن بەدوای دانەیەكی رێزمانی دا كەهەمان دوریان بۆ ببینێ، بەپێی ئەم بیرە هەموو كەرەستەیەكی رێزمانی شیدەكرێتەوە بۆ چەند دانەیەكی بچوك كەپێی دەوترێ مۆرفیم، وشەو فرێزو رستەش هەر بەم جۆرە لەلێكدان و ریزكردنی مۆرفیمەوە دروست دەبێ). (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ل٨٤).

**١- چەمك و پێناسەی مۆرفیم:-**

مۆرفیم یەكەیەكی زەینی هۆشەكیەو بۆ بچوكترین دانەی زمانی بەكاردەهێنرێ كەواتا بەخش بێت یان رۆڵی رێزمانی ببینێت. مۆرفیم یەكەیەكی ئەبستراكەو نابینرێ، بەلام شێوەی مۆرفیم دەردەكەوێ كەپێی دەوترێ مۆرف. (مۆرفیمەكان یەكەی ئەبستراكتن، كەلە ئاخاوتندا بەهۆی یەكەی پچرپچرەوە دەركیان پێدەكرێ، كە بە مۆرف ناسراون. زۆربەی مۆرفیمەكان بەهۆی تاكە مۆرفێكەوە ناسراون، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ مۆرفیم هەن كە بەهۆی زیاتر لەمۆرفێكەوە دەناسرێن،بەگوێرەی شوێنەكانیان لەوشەدا یان لە رستەدا. ئەم چەشنە مۆرفە جێگرەوانە پێیان دەوترێ ئەلۆمۆرف) (Crystal, 2008, p313) (مۆرفیم بچوكترین یەكەی زمانە كە واتای تایبەت بەخۆی هەیە. بۆنمونە وشەسادەكانی وەك زەرافە (Giraffe)، زەرد (Yellow)، مۆرفیمن و هەریەكەیان واتای ایبەت بەخۆیان هەیە،هەروەها پێشگرەكانی وەك(re) بەواتای دووبارە دێ، یان (pre) بەواتای پێش یان(ize) و (er) بەهەمان شێوە ئەوانیش مۆرفیمن و واتای تایبەت بەخۆیان هەیە) (Lieber , 2012, p3 ).

مۆرفیم چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆكراوە، هەریەكەیان لەرووەیەكەوە یان لەچەند روویەكەوە لێی دەروانرێ. بۆنمونە مۆرفیم بچوكترین یەكەی واتاداری زمانە كە واتا یان ئەركی هەبێ یان بچوكترین دانەی

زمانیە کە ناتوانرێ کەرتبکرێ بۆ دانەی بچوکتر لەخۆی بەبێ لەدەستدانی واتا یان بریتیە لەو دانە زمانیەی کە بەهەمان واتا دووبارە دەبێتەوە لەژینگەی تردا هەروەها مۆرفیم پێناسەکراوە بەبچوکترین دانەی واتاداری زمان یان ئەرکداری زمانە کە بەشێوەی فۆرمی فیزیکی هەست بەبوونی دەکرێ. لەبەرئەوە مۆرفیم (بچوکترین پێکهاتەی سەرەکی واتادارن لەدەربرینی زمانەوانیدا. هەروەها مۆرفیمەکان بنچینەی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجین، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوان گەردیلەی(atom) مۆرفۆلۆجین).(Haspelmath, 2012, p14)

بە وردبوونەوەی پێناسەکان و تێڕوانین لێیان دەردەکەوێ کە سەرەتا لە ناساندنی مۆرفیمدا پشتیان بەلایەنی واتا بەستووە، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی بیرۆکەی مۆرفیم هەست بەکەمووکوڕیەکانی ئەو پێناسانە کراوەو هەوڵدراوە لایەنەکانی تری دەربخرێ، وەکو لایەنی ئەرکی و پەیوەندیە ڕێزمانیەکانی مۆرفیمەکان چونکە هەندێ لە مۆرفیمەکان واتایان نییە، بەڵکو ڕۆڵی ڕێزمانی دەبینن، هەروەها مۆرفیم هەندێکجار هەست بەبوونی شێوەکەی ناکرێت و فۆرمەکەی دەرناکەوێ یان هەندێکجار مۆرفیم فۆرمەکەی بەچەند شێوەیەك دەردەکەوێ بەپێی ئەو ژینگەیەی کەتێیدا دەردەکەوێ. بۆیە ( یەکێك لە هەرە ئاڵۆزیەکان مۆرفیمەکان ئەوەیە کە هەندێکیان چەندین شێوەی فۆنۆلۆجی جیاوازیان هەیە لەژینگەو بارودۆخە جیاوازەکاندا) ,Haspelmath) 2012 , p22). یان هەندێ کات مۆرفێك دەبێتە شێوەی دەرکەوتنی چەند مۆرفیمێك. واتە لەهەندێ کاتدا مۆرفێك دەبێتە هەڵگری واتا یان ئەرکی چەند مۆرفیمێك. ئەم هۆکارانەش وایان کرد کە زمانەوانان بیر لەدانانی چەند چەمکێکی وەك ئەلۆمۆرفی سفرو مۆرفی بەتاڵ و مۆرفی فرە ئەرك بکەنەوە، کە گوزارشت لەشێوەی دەرکەوتن و دەرنەکەوتن و شێوە جیاوازەکانی دەرکەوتنی مۆرفی مۆرفیمەکان بکات.

مۆرفیم تێکەڵ بەئاستی ڕستەسازی دەبێ، چونکە بەشداری لەپێکهاتەی دانەی گەورەتر لەخۆی (وشە، گرێ، لاڕستە، ڕستە ) دەکات و ئەرکی ڕێزمانی وەك (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، دیارخەر،....هتد) دەبینێ. لە زمانەوانی نوێدا ئەرك یەکسانە بە واتا، بۆیە (مۆرفیم بچوکترین یەکەی پێکهاتەی ڕێزمانیە یان بچوکترین یەکەی ڕێزمانی مۆرفیمە ) (بێستون حەسەن ئەحمەد، ٢٠٠٨،ل٣٠) هەروەها مۆرفیم دەبێت لەشوێنی تردا دووبارە ببێتەوە بەهەمان واتا.

٢- **مۆرف:** - بریتیە لەشێوەی دەرکەوتنی فیزیکی مۆرفیم. یان (بریتییە لە شێوەیەکی بەرجەستەو دیار کە هەندێ مۆرفیم لە زمانێکدا نیشان دەدات) .(Katamba, 2006,p18)واتە مۆرفیم لەڕێگەی مۆرفەوە هەست بەبوونی مادی دەکرێت، کە دەبێتە هەڵگری واتا یان ئەرکی ڕێزمانی مۆرفیمێك یان چەند مۆرفیمێك، چونکە ئەو واتا و مەبەستانەی کە مۆرفیمەکان لەناو مێشکی مرۆڤدا دەینوێنن لەڕێگەی فۆنیم یا پیت هەستیان پێدەکرێت. بۆیە ئەو بیرەی لەمێشکی مرۆڤدایە نەگۆڕەو ئەو دەنگەی یان فۆرمەی کە ئاماژەی پێدەکات بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێ و بیرە گوازاوەکەش کە مۆرفەکان دەینوێنن گەیاندنەکەی ڕێژەییە. (ئەو دەنگ و وێنەیەی کە هەڵگری بیری مرۆڤن بیرە سەرەکیەکە نیە، بەڵك و نوسخەیەکی تری ئەو بیرە سەرەکیەیە، نەك شێوە ڕاستەقینەکەی، بۆ ئەوەی هەستی پێبکرێ ئەخرێتە قاوغی کەرەستەیەکی تری

هەستپێکراو، چونکە بیرەکە کەرەستەیەکی بنەڕەتی ئاخاوتنەو نابینرێ و هەستیشی پێناکرێ تاوەکو دەرنەبڕدرێ ) (غازی فاتح وەیس، ١٩٨٤، ل١١-١٢). بۆنمونە هەریەکە لەمۆڕفەکانی (دار، درەخت، هەنار، گوڵ، باخ،...هتد) گوزارشت لەو مۆڕفیم (چەمك)ە دەکەن، کە بەشێوەیکی نابەرجەستە لەناومێشکی ئێمەدا هەن.

٣- **ئەلۆمۆڕف:** - بریتیە لەشێوە جیاوازەکانی دەرکەوتنی مۆڕفیم. هەندێجار مۆڕفیم بەشێوەی چەند مۆڕفێکی جیاواز دەردەکەوێ، کە بەهەر یەکێ لەو شێوە دەرکەوتنانەی مۆڕفیمەکە دەوترێ مۆڕف، بەهەموو دەرکەوتنەکانیش دەوترێ ئەلۆمۆڕف ( ئەلۆمۆڕفەکان شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆڕفیمن، هەریەکە لەم شێوە جیاوازانە مۆڕفێکە (وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٩،ل٢٤٣). کاتێك کەگیرەکێك زیاتر لەشێوەیەکی هەیە، زمانەوانەکان زاراوەیەکی تایبەتی بۆبەکاردێنن کەبریتییە لە زاراوەی ئەلۆمۆڕف. هەروەها هەندێکجار ڕەگ و قەدەکانیش بەهەمان شێوە ئەلۆمۆڕفی جیاوازیان هەیە .( Haspelmath ,2012 ,p22) ئەلۆمۆڕفەکانی مۆڕفیمێك بەهۆی ژینگە جیاوازەکانی دەرکەوتنی مۆڕفەوە دروست دەبن.

دەرکەوتنی ئەلۆمۆڕف پەیوەستە بەچەند هۆیەکەوە:-

١- هۆی فۆنۆلۆجی:- ژینگەی فۆنۆلۆجی دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەلۆمۆڕفی جیاواز، چونکە یاسای فۆنۆلۆجی زمانی کوردی ڕێگە بەهاتنی دوو دەنگی بزوێن بەشوێن یەکدا نادات. وەکو مۆڕفیمی ناسراوی (ەکە)، کە بەچەند شێوەیەك دەردەکەوێ، وەکو (ەکە،یەکە،کە،ەك،ك). (لەبەر ئەوەی ئەم هەموو شێوانە لەڕووی فۆنۆتیکیەوە لەیەکتر دەچن هەمووشیان هەمان ئەرك دەبینن و شێوەکانیشیان بەپێی یاسا گۆڕدراون، دەتوانین بەهەموو ئەمانە بڵێین ئەلۆمۆڕفی (ەکە) (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١،ل٨٥). وەکو: کوڕەکە، کوڕەکان، چاکە، چایەکە،...هتد.

٢- هۆی ڕێزمانی:- بەهۆی پەیوەندی ڕێزمانیەوە دروست دەبێ. وەکو (گۆڕانی (لە ) بۆ (تێ،پێ) یان پێشبەندێ (لە) دەبێتە (لێ) و (بە) دەبێتە (پێ) ئەگەر دانەی دوایان کرایە ڕاناوی لکاو ( وریا عومەر ئەمین، ١٩٩٠، ل٦٤).

بۆنمونە: (١) کتێبەکەم دا بە تۆ > کتێبەکەم پێتدا > کتێبەکەم دا پێت > کتێبەکەم دایتێ.

(٢) قەڵەمەکەم لە ئەو وەرگرت > قەڵەمەکەم لێ وەرگرت.

هەروەها دەشێ ئەم هۆی دروستبوونی ئەلۆمۆڕفانە هۆی مۆڕفۆلۆجیش بێت (بەتایبەتی کاتێك یەکێك لەم فۆڕمە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و ئەوی تریان بە بەند دابنێین، سەربەخۆی وبەندیەتی مۆڕفیم دەکەونە بواری مۆڕفۆلۆجییەوە) (محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل٢٢-٢٣). لەکوردیدا هەندێ جار هەڵبژاردنی ئەلۆمۆڕف لەژێرکاری ڕێزماندایە. بۆنمونەناکردن، نا لەگەڵ کاری ڕانەبردوو دێ (نە) لەگەڵ کارەکانی ترو (مە) لەگەڵ فەرماندا، دابەشبوونی (-او،ی) لە نواندنی تافەکاندا پابەندە بەڕێزمانەوە) (محەمەد مەعروف فەتاح –سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦،ل٢١). وەکو: نارۆم، ناچم، ناخەوم، نەچم، نەخوێنم، مەچۆ، مەڕۆ، مەخەوە،..هتد.

٣- هۆی لێکسیکی (فەرهەنگی ):- پەیوەندی بە پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکانەوە هەیە. مۆڕفیمی (نوێ) سێ ئەلۆمۆڕفی هەیە کە بریتین لە (نوێ، نۆ، نەو ) لەبەرئەوەی ئەم ئەلۆمۆڕفانە هەمان واتایان هەیە بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا گۆڕانی فۆنەتیکیان تارادەیەك جیاوازەو بەئاسانی ناتوانرێ گۆڕانە دەنگیەکانیان دەستنیشانبکرێ. واتە هۆی فەرهەنگی (لێکسیکی) وشەکان ئەوەیە کەوشە فەرهەنگیەکان لەکاتی دارشتن ودروستکردنی وشەی فەرهەنگی نوێدا جیاوازیان هەیە لەوەرگرتنی مۆرفیمەکان، چونکە وشەکان هەموویان یەك مۆرف وەرناگرن بۆنمونە (دابەشبوونی (-کار) (-کەر) (-یار) (-ەر) لەدروستکردنی ناوی بکەردا لەژێرکاری ئەو وشانەدان کەلەگەڵیدا کۆدەبنەوەو (لێکسیمەکان) واتە وشەکان خۆیان بڕیاردەدەن کام لەمئەلۆمۆرفانە هەڵبژێرن)(محەمەد مەعروف فەتاح -سەباح ڕەشید قادر،٢٠١٣،ل١٩). وشە داڕێژروەکانی وەکو: ڕاوکەر، خوێنەر، ڕاویار، کرپار، بەڵێندەر،...هتد. هەروەها (هەڵبژاردنی (نا، نە)لەگەڵ ئاوەڵناودا یان لەنواندنی تافەکاندا هۆکاری لێکسیکیە)(-محەمەد مەعروف فەتاح -سەباح ڕەشید قادر،٢٠١٣،ل٢١). وەکو: نارەوا، نالەبار، نەگونجاو، نەشیاو، ناپیاو، نائارام، ناجێگیر،...هتد. هەروەها ڕەگەکان لەهەڵبژاردنی مۆرفیمی کاتی ڕابردوودا وەکو: سوتا، خورا، هات، ڕۆیشت، خوارد، برد، چوو، بوو، کری، بری،...هتد، واتە ڕەگەکە بڕیاردەدا کام ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو هەڵبژێرێ.

٤- هۆی مێژوویی:- لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر زماندا دێ یان لەئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر هەندێ مۆرفیمی هاو واتاو هاو ئەرکیانی بۆ پەیدا دەبێ هەردووکیان دەبنە دوو مۆرفی هەمان مۆرفیم و ئەلۆمۆرفی یەکتر. (وریا عومەر ئەمین،١٩٩٠، ل٦٥). بۆنمونە مۆرفیمی کۆ (ان) چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە وەك (یان، هات، وات، جات، یات، ها) کە لەم وشانەدا بەکار دەهێنرێ یان دەردەکەوێ وەکو: دێهات، سەوزەوات، میوەجات، ئەدەبیات، مامۆستایان، بەهاران، سەدەها، هەزارەها،...هتد.

٥- هۆی شێوازی:- هەندێکجار زارەکان دەبنەهۆی دروستبوونی ئەلۆمۆرفی جیاواز، چونکە زارەکان هەندێك مۆرفیمیان جیاوازەو لەهەمان کاتیشدا کاریگەرییان لەسە یەکتر هەیە، ئەمەش وا دەکات هەندێك مۆرفیمی یەکتر بەکار بهێنن. ئەم مۆرفیمە وەرگیراوانەش هەندێکجار هەمان واتا یان ئەرکیان هەیە، ئەم مۆرفانەش هەندێجار تەنها لەچەند وشەیەکدا دەبینرێن، هەروەها زۆرجار ئەو وشانەش وشەی وەرگیراوی زارەکەن کە ئەلۆمۆرفەکەی تێدایە. وەکو (گۆڕانی ئەلۆمۆرفی (ەکە ) بە (ۆکە) و (ئێکە) لە وشەی قاپیەکەو خانۆکە، جوانۆکە ) بەپێی زارەکانی کوردیە (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١،ل٨٨).

٦- هۆی مۆرفۆلۆجی:- هەندێکجار ئەلۆمۆرفەکان بەهۆی ژینگەی مۆرفۆلۆجییەوە درووست دەبن. واتە پێکهاتەی وشە بڕیار دەدات کام مۆرف هەڵبژێرێت. بۆنمونە پێکهاتەی وشەی (میوە) وادەکات کە ئەلۆمۆرفی کۆ (هات،جات) وەربگرێ، بەڵام پێکهاتەی هەمان وشەی (میوە کە) وادەکات ئەلۆمۆرفی کۆ(ان) وەربگرێ. هەروەها ( ئەلۆمۆرفی کۆ (ان) لەزاری سلێمانیدا لەگەڵ ناوی ئاشنا نایەت تا ناوەکە نەناسێنرێت) (-محەمەد مەعروف فەتاح —سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦، ل٢٠). وەکو: پیاوەکان، منداڵەکان، باخەکان، دەستەکان، قاچەکان. بەڵام لەزاری هەورامیدا ناوی ئاشنا ڕاستەوخۆ مۆرفیمی کۆ (ێ) وەردەگرێ. وەکو دەسێ (*دەستان)، قاچێ (*پێان)، برێم (*برایانم)، والێم (*خوشکانم)،...هتد.

**٤- مۆڕفی فره ئەرك:-** هەندێکجار چەند مۆرفیمێك لەشێوەی مۆڕفێکدا دەردەکەوێ، کە ئەم مۆڕفە هەڵگری واتا یان ئەرکی ڕێزمانی چەند مۆرفیمێکە. ئەم جۆرە مۆرفیمانە زیاتر لە زمانە ئەرکیەکاندا دەبینرێن، چونکە لەم زمانانەدا گیرەك نیە بۆیە زۆربەی ئەرکە ڕێزمانیەکان بەهۆی وشە ئەرکیەکانەوە دەردەکەوێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە واتایەك یان ئەرکێکی ڕێزمانی بگەیێنن ( بەهۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا پەیوەندیەکی لەخۆوەیە، یەك فۆرمی مۆرفۆلۆجی چەند مۆرفیمێك دەنوێنێت ) (ڕۆژان نوری عەبدوڵا، ٢٠٠٧،ل٢٥). وەکو شێوە (مۆڕف) ی (ان) کە مۆرفیمی ڕێزمانی کۆ دەبینێ لە وشەکانی وەکو: منداڵان،پیاوان، ژنان، هەواران،...هتد. هەروەها ئەرکی مۆرفیمی وشەدارشتن دەبینێ لەوشەکانی وەکو: سازان، ڕێزان، ڕۆژان،..هتد. لەزاری هەورامیدا شێوەی (ا) ئەرکی مۆرفیمی ڕێزمانی کۆ بۆکەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ دەبینێ کاتێك دەچێتە سەرکەسی یەکەم ودووەم وسێیەمی تاك لە دەستەجێناوی (خاوەنیەتی) یەکەمدا وەکو (م،ما، ت،تا، ش،شا). هەروەها ئەرکی مۆرفیمی کەسی بۆکەسی یەکەمی تاك لەدەستەی سێیەم وچوارەم دەبینێ. وەکو وتا (خەوتم) نویستاشا (نوسیانم)، کەسی سێیەمی کۆ لە دەستەی پێنجەم دەبینێ. وەکو واناش (دەیخوێنن)، واناشا (دەیانخوێنن)، موسا (دەخەون)،...هتد دەبینێ. هەروەها ئەرکی مۆرفیمی ڕێزمانی بۆکاتی ڕابردوو دەبینێ . وەکو ئاما (هات)، وریا (خورا)، کاڵا (کێڵا)،..هتد.

**٥- ئەلۆمۆرفی سفر:-** بریتییە لە مۆڕفەی کە قاڵبە فیزیکیەکەی دەرناکەوێ، یان ئەو مۆڕفیمانەن کە هەندێجار هەست بەبوونی مادیان ناکرێت. ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ ئەوەی شێوەیان دەرناکەوێ بەڵام واتاو ئەرکی ڕێزمانی بە وشەکە دەبەخشن. بۆنمونە مۆرفیمی کەسی (جێناوی لکاو) بۆکەسی سێیەمی تاك لەکۆمەڵەی دووەم (م،ین، یت،ن، Ø،ن) لەشێوەی ناوڕاست مۆڕفەکەی دەرناکەوێ، هەروەها لەشێوەی هەورامیدا (دەستەی دووەم (نا/نێ-نمی، نی،ندێ، Ø،نێ) و سێیەم (ا/انێ/نێ،یمێ، ی،یدێ، Ø،ێ) و چوارەم (امێ، ی،دێ، Ø،ێ) (فەرەیدون عەبدول محەمەد، ١٩٩،ل١٤). جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی مۆڕف و مۆرفیم یەکسان نەبن، کە ئەمەش تایبەتمەندیەکی زمانە تێکچرژاوەکانە. لەبەرئەوە (سفرنا توانێ مۆرفیم بنوێنێ، واتە مۆرفیم لەهەموو بارێکدا ناکرێ سفر بەرامبەر(شێوە)ی بێ، بەڵام دەشێ سفر یەکێکبێت لە ئەلۆمۆڕفەکانی) (محەمەد مەعروف فەتاح – سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦،ل٢٦-٢٧).

**٦- مۆڕفی بەتاڵ:-** بریتییە لەو مۆڕفانەی کە هەڵگری واتاو ئەرکی ڕێزمانی نین یان ئەو فۆڕمانەن کە مۆرفیم نانوێنن. ئەمش زۆرجار پەیوەندی بەلایەنی فۆنۆلۆجیەوە هەیە، کە چەند دەنگێك بنکەی بەند ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی مۆرفیمە ڕێزمانی و وشە داڕێژەکان وەربگرێت. وەکو ڕەگی (ڕۆ) مۆڕفی بەتاڵی (ش) وەردەگرێ یان مۆڕفی (ش) بنکە بەندەکە ڕێکدەخات بۆ ئەوەی مۆرفیمی (ڕێزمانی) کات (ت) وەربگرێ وەکو (ڕۆشتم). (ئەو مۆڕفانەی کەلەوە دەچێت زیادبن و ئەرکو واتایان نەبێت لە مۆرفۆلۆجیدا بەمۆڕفی (بەتاڵ) یان (بێکار) ناودەبرێن، بەڵام لەکوردیدا دەکرێ بەمۆڕفی (بنکەڕێکخەر) یان (فراوانکار) ناوببرێن، چونکە جێ بۆپاشگرەکەی دوای خۆیان خۆش دەکەن) (محەمەد مەعروف فەتاح -سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦،ل٢٧).

وەکو: ڕۆ شتن   و تا (خەوتم)   مووسوو (دەخەوم)

ڕەگ،{}بنکەرپێکخەر،کات،نشانەی چاوگ) ڕەگ،کات،نوسەك(ج.کەسی) بەردەوامی،ڕەگ،{}بنکەرپێکخەر،نوسەك

٤مۆرف،٣مۆرفیم   ٣مۆرف، ٣مۆرفم   ٤مۆرف ٣مۆرفیم

## ١-٣ جۆرەکانی مۆرفیم

زمانەوانان مۆڕفیمەکانیان کردووە بەچەند پۆلێکەوە، جیاوازی ئەم دابەشکردنانەش بۆ تێڕوانینی ڕووە جیاکانی مۆڕفیم دەگەڕێتەوە، چونکە مۆڕفیمیش وەکو هەر دانەیەکی زمانی لەڕووی ناوەڕۆکەوە واتای هەیە یان ئەرکی ڕێزمانی دەبینێ، هەروەها لەڕووی پێکهاتنەوە سەربەخۆ یان بەندە واتە یان بەشێوەی سەربەخۆ بەکار دەهێنرێ یان لەگەڵ مۆڕفیمی تردا بەکاردێ (زمانەوانان زۆر چەشن مۆڕفیمیان لەیەکتری جیا کردووەتەوە، بەڵام لەهەموویان گرنگتر جیاکردنەوەی مۆڕفیمی بەندو ئازادە) (محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١١،ل٨٩). هەندێ زمانەوان (alterton) جیاکردنەوەی ئەم دووجۆرە مۆڕفیمە ئەوەندە بەگرنگ دەزانن کە زاراوەی تایبەتیان بۆ بەکاردەهێنن. وەکو لێکسیم (مۆڕفیمی واتای)، مۆڕفیم (مۆڕفیمی ڕێزمانی) (کەوسەر عەزیز ئەحمەد، ١٩٩٠، ل١٥) ئەو مۆڕفیمانەی کە واتا دەبەخشن بریتین لەوشە فەرهەنگیەکانی زمان، کە سەر بەپۆلی وشە کراوەکانن، کە بەردەوام وشەی نوێیان دێتە ناو،جا بەڕێگەی وەرگرتنبێ لەزمانی ترەوە یان بەڕێگاکانی وەك دارشتن ولێکدان و داتاشین،..هتد وشەکانی زمانەکە خۆیبێ، بۆ بەرهەمهێنانی وشەی تازە لە ڕووی واتاو ڕووخسارەوە، بەڵام مۆڕفیمە ڕێزمانیەکان (وشە ئەرکیەکان) سەر بە پۆلە داخراوەکانی زمانن و زۆر بەدەگمەن ئەندامی تر وەردەگرن، هەروەها ئەرکی ڕێزمانی وشەکان لەچوارچێوەی گرێو ڕستەدا دەبینن.

لێکسیم دەتوانرێ وەك خێزانی وشەکان تەماشایان بکرێ، ئەوان بنچینەی چوونە ژوورەوەی فەرهەنگن. فەرهەنگەکان بەشێوەیەکی ئاسای بۆ هەرلێکسیمێ دەروازەیەکیان هەیە.(Lieber, 2012, p4-5)

پێکهاتەی مۆڕفۆلۆجی وشەکانی زمانیش دیسانەوە هۆکارێکە بۆئەوەی پۆلێنکردن ودابەشکردنی پێکهاتەی وشەی زمانەکان وەك یەك نەبێت، چونکە پێکهاتەی مۆڕفۆلۆجی زمانەکان جیاوازە، لەبەرئەوە پێویستە بەپێی جۆری زمانەکان پۆلێنی جیاواز بۆزمانەکان بکرێ تاوەکو بتوانرێ پێکهاتەی وشەکانی زمانەکانی پێشیبکرێتەوە. لەبەرئەوە (ئەو پۆلێنکردنە لەکوردیدا پەسەند دەبن کە دەتوانن بیرۆکەی بنکەو نوسەك و گیرەك وبنکەی ئازادو بەند لەیەکتری جیابکەنەوە) (محەمەد مەعروف فەتاح - سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦،ل٢٩).

١- **مۆڕفیمی ئازاد:-** ئەو مۆڕفیمەیە کە بەشێوەی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێ و واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەیە. (ئەو مۆڕفیمانەن کە دەتوانن بەتەنیا بۆخۆیان بوەستن و مانای تەواو بەدەستەوە بدەن) (Lieber, 2012, p32). ئەم مۆڕفیمانە وشە فەرهەنگیەکانی زمان دەگرێتەوە، ئەو وشانەی کە لە تاکە مۆڕفیمێك پێکدێن پێیان دەوترێ(Mono morphemic)، هەروەها ئەو وشانەی کەلە مۆڕفیمێك زیاتر پێکدێن پێیان دەوترێ (poly morphemic) (Crystal ,2008, p313). وەکو: هەورامان، ئازاد، سیروان، بەهار، نەسرین،

هەواڵنامەی کتێب

...هتد، هەروەها وشە ئەرکیەکان وەکو: لە، بۆ، بە،..هتد، یان وشە پرسەکانی وەکو: بەڵام، چۆن، کەی، کوێ،...هتد .

**٢- مۆرفیمی بەند:-** ئەو مۆرفیمەیە کە بەشێوەی سەربەخۆ بەکار ناهێنرێ و بەندە بەمۆرفیمی ترەوەو لەگەڵی دا دەردەکەوێ، چونکە بەتەنها واتا نابەخشێ، بەڵام هەڵگری واتا یان ئەرکی ڕێزمانیەو لەگەڵ نوسانیان بەمۆرفیمی سەربەخۆ یان بنکەی بەندەوە واتاو ئەرکە ڕێزمانیەکەی ڕوون دەبێتەوە.(ئەومۆرفیمانەن کەناتوانن بۆخۆیان بوەستن ومانای تەواو بگەیێنن) .( Lieber ,2012 ,p32) وەکو گیرەکە ڕێزمانیەکانی (ان، ەکە، ێك، تر، ترین،...هتد)، یان گیرەکە وشە داڕێژەکان (هەڵ، دا، ڕا، ین، ەڵان،...هتد) یان ڕەگەکانی وەکو: خۆ، چ، ڕۆ، کە، بە،...هتد، یان نوسەکەکان.

ا- گیرەك:- هەموو ئەو مۆرفیمە ڕێزمانی و وشە داڕێژانەی زمان دەگرێتەوە کە بەتەنها واتاو ئەرکی ڕێزمانی نابەخشن، بۆیە دەنوسێن بەمۆرفیمی سەربەخۆ یان بنکە بەندەکانەوە بەشێوەی پێشگر و پاشگرو ناوگرو دولاگر بۆ گەیاندنی واتا یان ئەرکی ڕێزمانی. گیرەك (بریتییە لە خستنەسەری مۆرفیمێکی بەند. کەدەکرێ بکەوێتە پێش یان ناوەڕاست یان کۆتایی مۆرفیمە سەربەخۆکەوە) (Sttageberg, 2000, p93 ). ئەم مۆرفیمانە (کاتێك دێن کە بەهەندێ مۆرفیمی ترەوە بلکێنرێن، وەکو ڕەگ (Root) یان قەد(Stem) یان چاوگ (بنج) (Base)، واتە بەیەکێ لەمانەوە دەلکێنرێن. بۆیە گیرەکەکان مۆرفیمی بەندن و ناتوانن بەتەنیا بۆخۆیان بوەستن و واتای تەواو ببەخشن).(Katamba, 2006, p42)

گیرەکەکان هەروەکو ڕەگ وان لەوەدا کەناتوانن زیاتر شیبکرێنەوە بۆپێکهاتەی تر (مۆرفیمی تر)، هەروەها پارچە(دانە)ی سەرەتاین و دەلکێن بەوشە یان بەشی سەرەکی وشەوە، هەمیشە واتا یەکی نادیاریان هەیەو بەتەنیا نایەن و وشە دروستناکەن .(Haspelmath ,2012,p19-21) گیرەکە ڕێزمانیەکان فۆڕمی وشە دەگۆڕن و ئەرکی ڕێزمانی دەبینن وەك (بکەر، بەرکار، دیارخەر، دیارخراو، تەواوکەر،...هتد) یان واتا دەگەیێنن و بەشە ئاخاوتنی وشەکان دەگۆڕن وەك (ناو، ئاوەڵناو،...هتد)، یان دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشەو ئاڕاستەی جیاواز وەك (هەڵهات، هەڵچوو، ڕۆچوو، داچوو) یان وشەی نوێ دروستدەکەن کە نزیکە لەواتای بنکەکەوە وەك (شاخەوان، کەشەوان، دارەوان، مەلەوان،...هتد)، یان واتای پێچەوانە دەبەخشن وەك (هات > نەهات، لەبار > نالەبار،...هتد). گیرەکەکان لەڕووی چالاکی و پێکەوە نوسانیان بە مۆرفیمەکانی ترەوە جیاوازن، هەیانە دەچێتە سەر ژمارەیەکی زۆر وشەو هەشیانە تەنها لە پێکهاتەی چەند وشەیەکدا دەبینرێ.

گیرەکەکان لەڕووی گەیاندنی واتاو ئەرکەوە پۆلێن دەکرێن:

١- گیرەکی ڕێزمانی:- بریتیە لەو مۆرفیمەی کە دەچێتە سەر مۆرفیمە سەربەخۆ و بنج و ڕەگەکانی زمان بەمەبەستی گۆڕینی ئەرکی ڕێزمانی و ڕووخساری وشەکان. گیرەکی ڕێزمانی ( ئەچێتە سەر وشە بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان وشەکان لەچوارچێوەی ڕستەدا) (وریا عومەر ئەمین، ١٩٩٠، ل٩٣-٩٤) وەکو: ەکە، ێك، ان، ب،...هتد، مۆرفیمی ڕێزمانی (کاریگەریەکی کاتی هەیە لەوەدا فۆڕمی وشەکە دەگۆڕێ یان گەردان دەکات بۆ

ئاماژەدان بە ئەسپێکتێکی بەردەوامی، وشەی نوێ دروست ناکات، بەڵکو ئەو وشانەی هەن بەجۆرێك دەگونجێنێ کە بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر لەڕستەدا کاربکەن، واتە گونجاندنی ڕێزمانی ) (هـ.د.ویدۆوسن، ٢٠٠٨،ل٧١-٧٢). ئەم مۆرفیمانە واتای چەمکی گشتی بنجەکە ناگۆڕن. هەروەها بەشەئاخاوتنی وشەکە یان پۆلی ڕێزمانی وشەکە ناگۆڕن، واتە ئەگەر وشەکە ناو یان ئاوەڵناو یان کار بێت ئەوا دوای وەرگرتنی گیرەکە ڕێزمانیەکە لەهەمان بەشەئاخاوتن دەمێنێتەوە، بەڵام پێکهاتەی وشەکە بەسادەی نامێنێتەوەو دەگۆڕێ.

٢- گیرەکی وشە داڕێژ:- ئەو مۆرفیمەیە کەدەنوسێ بە مۆرفیمە سەربەخۆکان و ڕەگ و قەدو بنجی وشەکانەوە، بەمەبەستی گۆڕینی پێکهاتەی ڕووخسارو ناوەوەی وشەکان. (یاسای گیرەك خستنەسەر زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێ بۆئەوەی بزانرێ مۆرفیمەکان بەچەشێوەیەك تێکەڵ دەکرێن و لێکدەدرێن، هەروەها نیشاندانی توانای گیرەکەکان لەم پرۆسەیەدا. زمانەوانەکان زۆرجار جیاوازی لە نێوان شێوازە بنچینەیەکانی مۆرفۆلۆژی دەکەن، کەبریتین لە زنجیرەیی (concatenative) کە ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە دوومۆرفیم یەك لەدوای یەك ڕیزکرابن. نازنجیرەیی (nonconcatenative) کە هەموو شێوازەکانی تر دەگرێتەوە. زۆربەی زۆری نمونەی وشە ئاڵۆزەکان کەتا ئێستا بەرچاو کەوتون دەکرێ لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بەرێکوپێکی دابەش بکرێن بۆ ڕەگەکان و گیرەکەکان.بەڵام زنجیرەیەك شێوازی مۆرفۆلۆژیمان هەیە کە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕوون ناتوانرێ بۆ دوو بەشی واتادار دابەشبکرێ.

بۆ نمونە لەزمانی ئەڵمانیدا دایك (mutter) لە ڕووی تاکو کۆوە هەمان شتەو وەکو یەك دەنوسرێ، یەکێ لەپۆلە گرنگەکانی شێوازی نازنجیرەیی بریتییە لەگۆڕینی چاوگ یان گۆڕینی قەد بۆ ئەو شێوە مۆرفۆلۆژییانەی کە تیایدا شێوەی چاوگەکە دەگۆڕێت بێ ئەوەی بەشێکی تری بۆ زیاد بکرێ، جۆری هەرە باوی گۆڕینی ئەوچاوگانەش لەئەنجامی گۆڕینی دەربڕینیانەوە دەبێت، بۆنمونە لە زمانی [Chukccaataovgo mitec] دا ئاوەڵناو و کار لە ناوەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن بەهۆی گۆڕینی تۆنی چاوگەکانەوە بۆ شێوازێکی بەرزی بەرز. هەروەها وشەداڕشتن واتای ئەوە ناگەیێنێ کە هەریەکێ لەگیرەك و چاوگەکان دەتوانن پێکەوە ببەسترێنەوەو تێکەڵ بکرێن. بۆنمونە پاشگری (able) تەنیا بەکارەوە دەلکێ، پێشگری (un)بە ئاوەڵناوەوە دەلکێ وبەگشتی بەناوەوە نالکێ ) .(Haspelmath, 2012, p34-p37)

گیرەکە وشەداڕێژەکان کۆتاییەکی کراوە بە ڕووی گیرەکە ڕێزمانی وشە داڕێژە گونجاوەکان بەکراوەی بەجێ دەهێڵن، کە زۆربەیان هێزیان لەسەرە و لەبنجەوە نزیکن (-محەمەد مەعروف فەتاح - سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦،ل٥٨-٥٩). ئەم مۆرفیمانە لەکاتی لکانیان بە وشە فەرهەنگیەکان و بنکەکانەوە واتای جیاواز بە بنجەکان دەبەخشن، کە هەندێکجار واتاو ئاراستەی وشەکان پێچەوانە دەکەنەوە، یان بەشە ئاخاوتنی وشەکان دەگۆڕن. هەروەها (ئەو وشانەی کەپاشگرە وشەداڕێژەکانیان دەچێتەسەر یاسایەکی تایبەت و دیاریکراویان نییە) .(Sttageberg, 2000, p97) وەکو: ین، گار، گا، خانە، اك، مەنی، هەڵ، دا، ڕا، ڕۆ...هتد. کەلە وشەکانی

وەکو: ڕەنگین، سەنگین، نەخشین..، سازگار، ڕۆژگار، شەوگار...، خوێندنگا، پێشانگا...، نەخۆشخانە، قوتابخانە...، پیتاك، خۆراك...، خواردەمەنی، ساردەمەنی، شلەمەنی...، هەڵچوو، ڕۆچوو، داچوو...،...هتد.

مۆڕفیمی وشە داڕێژ (کاریگەری هەمیشەیی هەیە لەوەدا کە وشە دەگۆڕێ و دانەیەکی فەرهەنگی جیاواز دروست دەکات ) (هـ.د.ویدۆوسن، ٢٠٠٨،ل٧١). وشە داڕێژەکان لەڕووی واتاو پێکهاتەوە شێوەی جیاواز بە مۆڕفیمە سەربەخۆکان یان بنکە بەندەکان دەبەخشن، بۆیە ئەم وشە تازانە دەچنە ناو فەرهەنگی زمان و بەشەکانی ئاخاوتنەوە وەکو کەرەستەیەکی یەکگرتوو دەردەکەون، کە هەندێجار بەئاسانی ناتوانین دەستنیشانی شێوەی دروستبونەکەیان بکەین.

ئەم پرۆسە یەکجار بەرهەمهێنەرەی وشە دارشتنی مۆڕفۆلۆجی لەسەر هەمان بنەمای توانای داهێنان (creativity) کاردەکات کەلەڕێگای لێکدان و یەکگرتنی یەکەکانەوە ئەنجام دەدرێت پرۆسەکە کار بۆ بەرهەم هێنانی دانە فەرهەنگیەکان دەکات وەك یەکەی لێکدراوی واتا (یەکگرتنی واتاکان لەیەکەیەکدا) (هـ.د.ویدۆوسن، ٢٠٠٨،ل٧٢). ئەم ڕێگای دارشتنە ئەوەندە بەرهەمهێنەرە کە ناتوانرێ پێشبینی ڕادەی بەکارهێنانی هەریەکێك لەم گیرەکانە بکرێ، چونکە دەچنە سەر ژمارەیەکی زۆر وشە لەبەرئەوە ناتوانرێ یاسایەکی گشتیان بۆ دابنرێ، کە بتوانرێ چۆنیەتی لکانی ئەم گیرەکانە بەوشە فەرهەنگیەکان ڕوونبکاتەوە. وەك پاشگری وشە داڕێژی (چە) لەگەڵ ناودا بەکاردێ. وەکو: باخچە، دەریاچە،..هتد. بەڵام ناتوانێ بەشداری لە دارشتنی هەموو ناوێکدا بکات، وەکو:*ڕووبارچە، *کانیچە،...هتد.

گیرەکەکان بەپێی شوێنی پێکەوە لکانیان پۆلێن دەکرێن بۆ:

١- پێشگر:- ئەو گیرەکەیە کەبەپێشەوەی مۆڕفیمەسەربەخۆکان وبنکەی وشەکانەوە دەنوسێ بۆگۆڕینی فۆڕمی وشەکان و گەیاندنی ئەرکی ڕێزمانی وپەیوەندیە ڕێزمانیەکان یان گۆڕینی بەشەئاخاوتنی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێی خاوەن واتاو فۆڕمی جیاواز. (ئەو مۆڕفیمە بەندانە دەگرێتەوە کە دەکەونە پێش بنج یان چاوگەوە)(Stageberg , 2000, p93)

٢- پاشگر:- ئەوگیرەکەیە کە بەپاشی مۆڕفیمەسەر بەخۆکان و ڕەگەکانەوە دەلکێ بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لەڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکەوە. یان (ئەو گیرەکانەن کە دوای بنج دێن یان شوێنی بنج دەکەون. ئەم گیرەکانە واتای جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام واتاکانیان نادیارو ئەبستراکتن و زۆر ئاڵۆزن بۆ ڕوونکردنەوە. وەکو مۆڕفیمی (al) لە وشەی (logical) دا لەوانەیە بوترێ واتای ئەوەیەپەیوەندی هەیە بە (mathematic-al, physic-al,...) هەندێ لە واتاکان ئەوەندە نارونن کەوا زۆر بەزەحمەت دەتوانین پێیان بڵێین واتان، یان (S) ی نیشانەی کۆ، بەڵام دووبارە لێڵ و نادیارە کە بوترێ (S) واتای هەیە یان نا. لەم حاڵتەدا زمانەوانەکان دەڵێن ئەم مۆڕفیمانە چەند ئەرکێکی ڕێزمانی دیاریکراویان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوا مەبەستی پێکهاتەی ڕێزمانی بۆ ئەوەیە کە واتا نیشان بدەن.لەبەرئەوە دەڵێن واتا هەڵدەگرن، ئەگەر چی واتاکەش زۆر

شاراوە و لێڵبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانرێ لە دەقێك (كۆنتێكستێك)ی ڕێزمانی فراواندا بناسێنرێ . (Haspelmath, 2012, p19)

کەهەندێکیان پێکهاتەکەی وشەکەدەگۆڕن لەڕووی ڕێزمانییەوە بەوەی ئەرکی ڕێزمانی ورۆڵی پەیوەندیە ڕێزمانیەکان دەبینن و هەندێکیان ئەرکی واتای دەبینن و وشەی نوێ درووست دەکەن وفەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن. مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی وەکو: ان، ەوە، ێك، ەکە،...هتد. یان مۆڕفیمە وشەدارێژەکانی وەکو: گا، گاە، ساز، ان، اك، ەك، ەڵان،...هتد.

٣- داترازاو (دوولاگر):- ئەو مۆڕفیمەیە کە دەچێتەسەر وشەیەکو دەبێ بەدوو لەت لەتی یەکەم لەپێش وشەکەو لەتی دووەم لەدوای وشەکە دەردەکەوێ (وریا عومەرئەمین،١٩٩٠،ل٩٣). دولاگر(circumflex) ئەو گیرەکانەن کە دەلکێن بەهەردوولای بنجەوە. بۆنمونە لەزمانی ئەڵمانیدا گیرەکی ( ge ) (en) دەلکێن بەهەردوولای بنجی (fahr) وەکو (ge-fahr-en) (لێی خوڕیبوو) ( (Haspelmath,2012 ,p19 . لە کوردیدا وەکو نشانەی دانانی (ب...ایە) و ئەو پاشگرانەی کەبەدوای پێشگرەکانی (پێ، تێ، لێ ) وە دێن، وەکو (دا، وە- ەوە، ڕا). هەروەها دەکرێ ئەم پاشگرانە ( بە مۆڕفیمی بار(دۆخ) سەیربکرێن وەکو باری ئاوەڵگوزارەی شوێن یان کات هەر پارێزراوە کە بەهۆی (ەوە) یان (دا) وەیە. مۆڕفیمی نەترازاوی (ب..بایە) بەجۆرێکی ترازاو تەماشا بکەین و ئەرکی ئیلزامی بدەینە پاڵ (ب) و (ایە) ش بەمۆڕفیمی مەرجی دابنێین ) (محەمەد مەعروف فەتاح - سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦، ل٣٦).

ب- بنکەی بەند(ڕەگ):- ئەم مۆڕفیمانە زۆربەی واتای وشەیان تێدا کۆبوەنەوەو هەڵگری واتای گشتین و دوای لابردنی گیرەك و نوسەکەکان دەست دەکەون، یان (بچوکترین بنکەی وشەیە، کەمانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێ) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ل٣٠). بەڵام لەبەرئەوەی واتاکەیان ڕوون نیە بەتەنیا وەك کەرەستەیەکی سەربەخۆ بەکار ناهێنرێن، بۆیە مۆڕفیمە ڕێزمانی و وشە دارێژەکان و نوسەکەکان بەشێوەی پێشگرو پاشگر، دولاگر هەڵدەبژێرن بۆ بەدەستەوەدانی واتای جیاواز. (ڕەگ ئەو بەشەی وشەیە کە ئەمێنێتەوە دوای لابردنی هەموو ئەفێکسەکان پاشگرو پێشگرو ناوگر، ڕەگ ناوکی وشە پێکدەهێنێ و ئەفێکس ئەکەوێتە ڕیزی دووەمەوەو سەر بە ڕەگن، ڕەگ لە ئەفێکس درێژترە (بەگشتی)، بەژمارە زۆرترە، مۆڕفیمی ڕەگ سنوری بۆ نیەو دەرگای بۆ کراوەتەوەو هەمیشە هی تازەی دێتە ناو، ژمارەکەی بەردەوام لەگۆڕاندایە بەنەمان و پەیدابوونی هیتر). (وریا عومەر ئەمین، ١٩٩٠،ل٩٢). مۆڕفیمە بەندەکانی وەکو: ناش، بڕ،خوێن، نوس،...هتد. لە وشە دارێژراوەکانی وەکو: ناشتم، دەنێژم، بڕی، هەڵبڕی، دابڕان، بڕەر،خوێندەوار، نوسەر،...هتد. دەبینین هەریەکە لەم ڕەگانە چەندین وشەی تازەیان لێ دروست دەکرێ.

ج- نوسەك:- ئەم مۆڕفیمانە جێناوەلکاوەکەسیەکان دەگرێتەوە. کەلەشێوەی ناوڕاستدا دوو دەستەن،دەستەی یەکەم (م- مان، ت- تان، ی- یان) کە بۆ خاوەنیەتی بەکاردێن لەگەڵ کاری ڕابردوو ڕانەبردووی تێپەڕدا، دەستەی دووەم (م- ین، ی-ن، Ø- ن ) لەگەڵ ڕابردوو ڕانەبردووی تێپەڕوو تێنەپەڕدا بەکاردەهێنرێن.(لەزمانی کوردیدا

دوو دەستە نوسەك هەن،هەردەستەیەك سنووری بەكارهێنانی لەدەستەكەی دیكە جیاوازە) (حەیدەر حاجی خدر،٢٠١٠،ل٨٨). كە ئەركی ڕێككەوتن دەبینن لەنێوان بكەرو كاردا لەڕووی كەس وژمارەوەو بەپێش وپاشی وشەكانەوە دەلكێن.

نوسەكەكان لەشێوەی هەورامیدا پێنج دەستەیە (دەستەی یەكەم ( م-ما، ت-تا،ش-شا ) دەستەی دووەم (نا/نیْ-نمیْ، نی-ندیْ،Ø-نی ) دەستەی سێیەم (ا/انیْ/نیْ-یمیْ، ی-یدیْ، Ø -یْ) دەستەی چوارەم ( ا-میْ، ی-دیْ، Ø-ی) دەستەی پێنجەم (وو/و-میْ/یمیْ، ی-دیْ/یدیْ، و ْ-ا) ) (فەرەیدوون عەبدول محەمەد، ١٩٩٨،ل١٤).

دەستەی یەكەم (م-ما، ت-تا، ش-شا): بۆ خاوەنیەتی بەكاردێن. وەكو: باخەكەما (باخەكەمان)، هانەكەتا (كانیەكەتان)، والەكێم (خوشكەكەم)،...هتد. هەروەها ئەركی ڕێككەوتن لەنێوان بكەرو بەركار یان بكەرو كار دەبینن كاتێك بەركار دەرنەكەوێ. بۆنمونە: (٣) من باخەكە م ئاوی دا (من باخەكەم ئاودا).

(٤) ئارە گوڵەكە ش نیا (ئەو (مێ) گوڵەكەی ناشت). (٥) من ئاویم دا (من ئاوم دا).

(٦) ئارە نیا ش (ئەو(مێ) ناشتی).

وەكو: بەر د انیت (بردتم)، بەر ینا ت (دە مبردی)، بەر د ە نیم (بردوومی)

م (ڕەگ،كات،ج.بە،ج.ب) م (ڕەگ،ڕ.بەردەوام،ج.ب،ج.بە) م (ڕەگ،كات،نێر،ج.بە،ج.ب)

دەستەی دووەم (نا/نیْ-نمیْ، نی-ندیْ، Ø-نیْ) : ئەم دەستە جێناوە ئەركی ڕێككەوتنی بكەرو كار دەبینن.

بۆنمونە: (٧) من تو ْ بەرینا (من تۆم دەبرد-من دەمبردی). (٨) من پەی تو ْ گیلێنیْ(من بۆ تۆ دەگەڕام).

(٩) من تو ْم بەردی (من تۆم برد). (١٠) من پەی تو ْ گیلانی (من بۆ تۆ گەڕام ).

لەشێوەی هەورامیدا ئەم دەستە جێناوە ئەركی ڕێككەوتنی بكەرو كار لەكاری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ دەبینیْ، بەڵام لەشێوەی ناوەڕاستدا بكەرو بەركار لەكاری ڕابردووی تێپەڕدا لەكەس و ژمارەدا ڕێكدەكەون. بەڵام كاتێك بەركار دەرنەكەوێ، ئەوا بكەرو كار ڕێكدەكەون.

دەستەی سێیەم (ا/انی/نی-یمیْ، ی-یدیْ، Ø-یْ): ئەم دەستەیە ئەركی ڕێككەوتنی بكەرو بەركار دەبینن.

بۆنمونە: (١١) من شو ْنی تو ْرە گیلانی (من بەشوێن تۆدا گەڕام). (١٢) من وتا/وتانی (من خەوتم).

كەسی یەكەمی تاكی ئەم كۆمەڵەیە بەچەند شێوەیەك دەردەكەوێت (ا/انی/نی)،شێوەی (ا/انی) ئاسایی وەك یەك دەتوانرێ بەكاربهێنرێن، بێئەوەی هیچ كێشەیەك دروستبێت، كاتێك بنجەكە یان ڕەگەكە بەپیتی نەبزوێن كۆتایی هاتبێ.

وەكو: وت + ا > وتا (خەوتم)، وت + انی > وتانی (خەوتم)، بەردات/بەردانیت (بردتم)، بیا/بیانی (بووم)

بەڵام كاتێك بە دەنگی بزوێن كۆتایی هاتبێ ئەوا تەنها شێوەی (نی) وەردەگرێ، ناتوانرێ شێوەی (ا)ی بۆبەكار بهێنرێ، ئەمەش پەیوەندی بەیەكەوە نەهاتنی دوو دەنگی بزوێنە لەسنووری بڕگەیەكدا، لەبەر ئەوە بزوێنی مۆرفیمی كاتی ڕابردوو (ا) لەگەڵ بزوێنی نوسەكەكە(انی) تێكەڵدەبن و لەناو یەكدا دە توێنەوە. وەكو: لوا + انی > لوانی (ڕۆشتم).

دەستەی چوارەم (ا-مێ، ی-دێ، Ø-ێ): ئەم دەستە جێناوەلکاوەش ئەرکی ڕێککەوتن لەنێوان کەرستە سەرەکیەکانی ڕستەدا دەبینێ. وەکو ڕێککەوتنی بەرکارو کار یان بکەرو کار کاتێك بەرکار دەرنەکەوێ. بۆنمونە:

(١٣) تۆ منت بەردەنا (تۆ منت بردووە). (١٤) ئارە ئێمەش بەرد یێنمێ (ئەو(مێ) ئێمەی بردووە) .

(١٥) توْ وتەنی (تۆ خەوتووی).                    (١٦) ئارێ وتیێنی ْ (ئەوان خەوتوون).

دەستەی پێنجەم (وو/و-مێ/یمێ، ی-دێ/یدێ، وْ-ا): ئەم دەستە جێناوە لەچاو دەستەی سێیەم وچوارەم دا زیاتر بەکاردێت، هەروەها ئەرکی ڕێککەوتنی نێوان کەرستە سەرەکیەکانی ڕستە وەك بکەرو کار دەبینێ. بۆنمونە:

(١٧) ئەشوْ ئارێ وتیبا (ئەشێ ئەوان خەوتبێتن). (١٨) ئەشۆ من وتەبوو (ئەشێ من خەوتبێتم). هەروەها ئەرکی ڕێککەوتنی بەرکارو کاردەبینن. بۆنمونە: (١٩) ئەشۆ تۆ ئیمەت بەردیبیمێ (ئەشێ تۆ ئێمەت بردبێتین).

### ٤-١ مۆڕفیم و وشە

مۆڕفیم و وشە وەکو دوو یەکەی سەرەکی زمان ڕۆڵێکی گرنگیان لەشیکردنەوەی ڕێزماندا هەیەو هەریەکەیان لە ئاستەکەی خۆیدا بەپێی یاساکانی لێکدان و خستنە سەر یان داڕشتنی دانەکانی زمان بەشداری لەیەکەی گەورەتر لەخۆیان دەکەن، ئەمەش ئەو نیشاندەدات کە دووئاستی جیاوازن و هەریەکەیان ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیەو ناتوانرێ فەرامۆش بکرێ. لەبەرئەوە مۆڕفیم (بچوکترین یەکەی جیاکاری(ڕێزمانی)یەو بابەتی سەرەکی زانستی مۆڕفۆلۆژییە، هۆکاری بنەڕەتی لە دانانی مۆڕفیمدا بۆ ئەوە بوو ببێتە جێگرەوەیەك بۆ چەمکی وشە (word) )، بەڵام سەلمێنرا کە بەکارهێنانی لە بەراوردی زمانەکاندا کارێکی ئاڵۆزەو ناتوانرێ بە ئاسانی کاری پێ بکرێ. سەرەڕای ئەوەی کە وشەکان پێکهاتەکەیان تەواو ئاڵۆزە، بۆیە پێویستی بەچەمکێکی تر کرد تاوەکو پەیوەندی چەمکەکانی ڕەگ،پێشگر، لێکدراو...هتد، ڕوونبکاتەوەو پێکەوەیان ببەستێتەوە. بەو پێیە مۆڕفیم وەکو بچوکترین یەکەی ئەرکدار دەبینرێ لە داڕشتنی وشەکاندا).( Crystal, 2008, p313) بۆنمونە مۆڕفیم بچوکترین یەکەی زمانە کەواتا یان ئەرکی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ئەو یەکانە بەکار ناهێنرێن هەتاوەکو نەخرێنە ئاستی وشەوە، چونکە مۆڕفیمە بەندەکان بەتەنها واتایەکی ڕوونیان نیە بۆیە ئەو مۆڕفیمانە لەکاتی لکانیان بە مۆڕفیمی ترەوە واتەکەیان دەردەکەوێت،چونکە ڕەگ واتای گشتی لەخۆ دەگرێت و لەکاتی خستنەسەری پێشگرو پاشگردا واتاکەی ڕوون دەبێتەوەو واتایەکی تایبەت دەگەیێنێ کە نزیکە یاخود بەشێکە لەواتای گشتی ڕەگەکە بۆنمونە لە وشەی ( کەوت ) دا دەردەکەوێ، وەکو: هەڵکەوت، داکەوت، لێکەوت، بەرکەوت، وەرکەوت،...هتد.

مۆڕفیم ناتوانێت بچێتە ئاستی بەرزتر لەخۆی (گرێ) هەتاوەکو بەرز نەبێتەوەو نەچێتە ئاستی وشەوە، بۆیە لە هێڵکاری درەختی شیکردنەوەی کەرەستەکانی ڕستە یان بەشێوەی ڕیزکردنی ئاسۆیی لەبچوکەوە بۆ گەورە،وەك (مۆڕفیم، وشە، گرێ،لاڕستە، ڕستە) یان بەپێچەوانەوە لە گەورەوە بۆ بچوك دەبینین ئاستێکی نزمتر لەوشەی هەیە. وشەش یەکەیەکی سەرەکیەو ئاستی خۆی هەیە کەبەرزترە لەئاستی مۆڕفیم و نزمترە

لەئاستی گرێ. (وشە پێکهێنێکی ڕاستەوخۆی ڕستە نییە، وشەکان بۆ ڕۆنانێکی گەورەتر ڕێکدەخرێن کە پێیان دەوترێت فرێز، لەڕووی ڕۆنانەوە لەوشە گەورەترەو لەڕستەش بچوکترە، بەوەی کەلەڕۆنانێکی هەرەمیدا شوێنێکی بەرزتر لە وشەو نزمتریش لەڕستە داگیر دەکات. بەواتایەکی تر فرێز لە وشە پێکدێت و ڕستەش لە فرێز (حاتەم ولیا موحەمەد، ٢٠٠٩،ل٧٠). بەڵام وشە (وشەی فەرهەنگی) یەکەیەکی سەربەخۆیە کە بەتەنیا دەتوانرێ بەکاربهێنرێت، هەروەها واتایەکی ڕوون و پێکهاتەیەکی یەکگرتووی هەیە کە بەئاسانی هەستی پێدەکرێت. (وشە دانەیەکی فەرهەنگی ئەوتۆیە لەهەموو دانەیەکی تری زمان گرنگترو چەسپاوترو بڵاوترەو دانەیەکی فەرهەنگیە کە سەربەخۆی زۆر لەمۆرفیم زیاترە بەتایبەتی گرنگی وشە لەو زمانانەدا دەردەکەوێ کە بە لکاو ناودەبرێن) (کەوسەر عەزیز ئەحمەد، ١٩٩٠،ل٢١). چونکە زمانە نوساو و تێکچڕژاوەکان زۆربەی وشەکانیان لەچەند مۆرفیمێك پێکدێن کە بەشێوەی پێشگرو پاشگر بۆ ڕەگ یان بنکەی بەند زیاد دەکرێن بۆ گەیاندنی واتای جیاواز، یان بینینی ڕۆڵی ڕێزمانی. (وشە مۆرفیمێکە یان چەندمۆرفیمێکە کەدەتوانێ بەتەنیا لەزماندا بەکاربهێنرێ).( LiebeR, 2012, p3 )

وشە ئەو دانەیە کە ڕۆنانێکی چەسپاوی لەناوەوە هەیەو ئەو کەرتانەی کە وشە پێکدێنن هەرگیز بەجۆری تر لەیەك نادرێن و هیچ کەرەسەیەکی تر ناتوانێ بچێتە نێوانیانەوە،ناتوانێت ڕیزی کەرتەکانی بگۆڕێت (کەوسەر عەزیز ئەحمەد، ١٩٩٠، ل٢٧). بۆنمونە وشەی (بەهار) ناتوانرێت دەسکاری بکرێت و کەرەستەو کەرتەکانی پاش و پێش بخرێن یان زیادو کەم بکرێنەوە بەبێ گۆڕان یان شێواندنی واتای وشەکە. وشە بریتیە لەو دانە زمانیەی کە لەمۆرفیمێکی سەربەخۆ یان چەند مۆرفیمێك پێکدێت، کەرەستەکانی بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەشداری لەپێکهاتەی وشەدا دەکەن، کەناتوانرێ دەسکاری ڕیزکردنەکەی بکرێت چونکە پێکهاتەی وشەکانی هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیەو ڕێکخستنی کەرەستەکانی لەخۆوە نیەو بەپێی کۆمەڵێك یاسا دەستوری تایبەتی زمانەکە پێکدێن . (ئەو کەرەستانە کە وشە پێکدێنن توند بەیەکەوەو بەدوای یەکتریدا گرێدراون وەك لەو کەرستانەی کە ڕستە دروست دەکەن ) ( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١،ل٩٠). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەرتەکانی وشە پاش و پێش ناخرێن، بەپێچەوانەی کەرەستەکانی ڕستەوە کە دەتوانرێ بەچەند شێوەیەك ڕیزبکرێن.

هەروەها وشە پێناسە دەکرێ بەوەی کە بریتییەلە (مۆرفیمێکی ئازاد یان تێکەڵاوی مۆرفیمەکان کە پێکەوە بەشێکی بنچینەیی ئاخاوتن پێکدەهێنن. یان بریتییە لە هەربەشێکی ڕستە کە سنوردار دەکرێ بەهەندێك خاڵی یەك لەدوای یەك، کە وەستان تیایدا بوونی هەیە.)(Sttageberg , 2000, p119) .

لە پێناسەکردن و ناسینەوەی وشەدا دەبێ ڕەچاوی جۆری زمانەکان بکرێت، چونکە پێکهاتەی وشەکان لە زمانەکاندا جیاوازە لەڕووی ژمارەی مۆرفیم و جۆری مۆرفیم و قاڵبی فیزیکی وشەکان، هەروەها لەڕووی گەیاندنی واتاو ئەرکەوە وشەکان جیاوازن. ئەم هۆکارانە وا دەکەن کە پێناسەی وشە بەشێوەیەکی گشتی بۆ

هەموو زمانەكان نەگونجێ و تەنانەت لە زمانێكیشدا دوو جۆر وشە (واتاو ئەرك) ی جیا بكرێتەوە هەریەكەیان پێناسەو تایبەتمەندی خۆی هەبێت.

زاراوەی وشە هەموو كاتێك بەیەك واتا بەكار نایەت بەڵكو هەرجارەش بۆ مەبەستێ بەكاریان هێناوە، وشەی فۆنۆلۆجی و وشەی ڕێزمان و وشەی ڕێنوسی و وشەی واتایی (محەمەد مەعرووف فەتاح، ٢٠١١،ل٩٤). واتە چەمكی وشەیان بۆ بواری جیاواز بەكار هێناوە وەكو شێوەی دركاندن و گۆكردنی وشەو شێوەی نوسینی وشەو بەكارهێنانی وەكو دانەیەكی ڕێزمانی كە بەشداری لە پێكهاتەی ڕستەدا دەكات و ئەركی جیاواز دەبینێ، كە هەندێكجار بەپێی شوێنەكەی لەڕستەدا ئەركەكەی و بەشە ئاخاوتنەكەی دەستنیشان دەكرێ.

وشەو مۆرفیم دانەی سەرەكی گشت زمانن لەبەرئەوەی:

١) پارێزگاری گرنگترین نیشانەی زمان دەكەن،واتە نەك تەنیا خاوەنی لایەنی دیوی دەنگی دەرەوەن، بەڵكو واتاشیان هەیە.

٢) وەك دانەیەكی تازە دروستكراو لەكاتی قسەكردندا هەڵسوكەوت ناكەن، بەڵكو پێشتر لە زماندا ئامادە كراون و دووبارە دەبنەوە (فاروق عومەر سدیق، ٢٠١١،ل١٤).

وشە داڕێژراو لێكدراوەكانی زمان واتاكەیان ڕوونەو قسەپێكەرانی زمانەكە لەكاتی بەكارهێنانیان لە گفتوگۆكانی ڕۆژانەدا بەئاسانی لێیان تێ دەگەن، چونكە ئەم وشە بەرهەم هێنراوانە واتاكەیان بریتییە لە كۆی واتای كەرتە پێكهێنەرەكانی هەریەكە لەو وشانە، ئەمەش وا دەكات ئەو زمانانەی كە بەڕێگای داڕشتن و لێكدان وشەی نوێیان لێ بەرهەم دەهێنرێ پێویستیان بەژمارەیەكی كەمتر وشە هەیە بۆ بەكارهێنان. بەڵام ئەو زمانانەی كە بەم ڕێگایانە وشە بەرهەم ناهێنن قسەپێكەرانیان ناچارن ژمارەیەكی زۆر وشە لەبەربكەن و بەكاری بهێنن، ئەمەش وا دەكات فێربوونی زمانەكەیان گرانتربێت.

بنچینەی چەمكی مۆرفۆلۆژی بریتیە لەچەمكی وشە. لەبەرئەوە لێكسیم (lexeme) لەواتایەكی شاراوەدا بریتییە لەوشە یان بریتییە لەوشەیەك لە واتایەكی نابەرجەستە (ئەبستراكت) و نادیاردا. بۆنمونە وشەی (ژیان (live)) بریتییە لە لێكسیمێكی كاری (دەوری كاردەبینێ) كە كرۆكی ئەو واتایە نیشان دەدات، كە بەهەمان شێوە شێوەوشەكانی وەكو:( دەژی (live)، ژیان (lives)، ژیا (lived)، ئێستە دەژی (living)) وەریانگرتووە. بۆیە لەزۆری زمانەكاندا فەرهەنگەكان بەگوێرەی لێكسیمەكان ڕێكدەخرێن، بۆیە زۆر گونجاوە كە بەلێكسیم بوترێت وشەی فەرهەنگی، سەرەڕای ئەمەش دەبێت ناوبۆ لێكسیمەكان دابنرێت تاوەكو دەربارەیان بدوێین و بیان ناسێنین.

لێكسیمەكان بریتین لەپێكهاتەیەكی نادیار (abstract) كە بۆخۆیان شێوەی مۆرفۆلۆجیان نییە، بەپێچەوانەشەوە فۆرمی وشە (word form) بریتییە لەوشە لەڕوویەكی بەرجەستەدا یان لەدیوێكی بەرجەستەدا، كە بریتییە لە زنجیرەیەك دەنگ كە بەهۆی تێكەڵاوی لێكسیمەكانەوە دەردەبڕدرێت. بۆنمونە (دەژی (live)) یان واتا ڕێزمانییەكان (ئەركە ڕێزمانییەكان) كە دەگونجێت لەگەڵ ئەو لێكسیمەدا

دەربڕدرێت.بەم شێوەیە (دەژین (lives)) فۆڕمی وشەیە، کەواتە شێوەکانی وشە ئەوەندە بەرجەستەن کە دەتوانرێ دەربڕدرێن و گۆبکرێن( Haspelmat ,2012,p15) .

لێکسیمەکان دەکرێ وەك دەستە یان تاقم (set) ی شێوەکانی وشە بیریان لێدەکرێتەوەو هەموو شێوەیەکی وشە بۆیەك لێکسیم دەگەڕێتەوە، کە چەمکە سەرەکیەکەیە. لێکسیمەکان پێکدێن لەچەند ژمارەیەکی شێوەکانی وشە.ئەو دەستە شێوانەی وشە کەوا بۆیەك لێکسیم دەگەڕنەوە بەزۆری پێیان دەوترێت بەخشتەکردن (paradigm) واتە وێنەی هەموو شێوەکان وباری وشە.هەروەها بەکۆمەڵێك لێکسیمی پەیوەست بەیەك هەندێکجار پێیان دەوترێت خێزانی لێکسیم (Haspelmath ,2012 ,p16 ).

کەواتە وشە بریتییە لەشێوە (فۆڕم)ی دەرکەوتنی وشەفەرهەنگیەکان (لێکسیم)،چونکە وشەفەرهەنگیەکان نادیارن و لەناو مێشکی مرۆڤدان وهەستیان پێناکرێت، بەڵام دەکرێت لەڕێگەی کۆمەڵە دەنگێکەوە یان پیتێکەوە بەگشتی هەستیان پێبکرێت و کەسانی دەوروبەر دەرکیان پێبکەن ولێیان تێبگەن. لەبەرئەوە لێکسیم (چەمکێکە لەلایەن هەندێ لە زمانەوانەکانەوە بەکاردەهێنرێ بۆ ئاماژەدان بە بچوکترین یەکەی جیاکاری لەسیستەمی سیمانتکی زماندا، کاری سەرەکی و بنچینەیی بۆ ئەوەیە کە ناڕوونی لە چەمکی وشەدا کەم بکاتەوە، کە وەکو یەکەیەکی نابەرجەستە بەکار دەهێنرێ بۆ لیست یان پۆلی وشەکانی زمان کە بەچەند شێوەیەکی جیاواز لە بوارە ڕێزمانیەکاندا دەردەکەون. لەبەرئەوە لێکسیم بریتییە لەو یەکانەی کەلەفەرهەنگدا لیستەکراون وەکو دەروازەیەکی جیاواز، بۆیە لە واتای گشتیدا، ئەم چەمکە بریتییە لەهاو واتای چەمکی وشەسازی یان وشەکاری(vocabulary)) (Crystal, 2008, p276 ).

لێکسیمە ئاڵۆزەکان دەبێ لەفەرهەنگدا لیستێکی جیایان بۆدابنرێت، چونکە ئەوان کەمتر پێشبینی واتاکانیان دەکرێت (بوارە واتاییەکان) وەك لە شێوەکانی وشە (بوارە ڕێزمانیەکان). هەروەها واتای لێکسیمە ئاڵۆزەکان زۆرجارپێشبینیکراو نییە، بەڵام تایبەتمەندی شێوەکانی وشە زۆربەیان پێشبینیکراون. کەواتە لێکسیم یەکەیەکی ئەبستراکتە کەشێوە(فۆڕم)ی نییە. ڕوونتر بڵێین ناتوانین لێکسیمێك لە لێکسیمێکی تر وەربگرین، کاتێك کە مۆڕفۆلۆجیستەکان دەربارەی لێکسیمە وەرگیراوەکان قسەدەکەن مەبەستیان لەشێوەیە (ڕێزمانی). بۆنمونە ( خوێنەر (reader)) ئەوا پەیوەستە بەلێکسیمی (خوێنەر (reader)) کە وەرگیراوە لەشێوەی(خوێندن (read)).هەروەها لێکسیمە ئاڵۆزەکان دەکرێ بگەڕێنەوە بۆ دوو خێزانی وشە(لێکسیم) ( Haspelmath, 2012, p17-18 ). هەروەها ئەم وشە فەرهەنگیانە لەچەند پۆلێك پێکدێن، کە هەر یەکێکیان کۆمەڵێك تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیان هەیە. وەك پۆلی ناو کەمۆڕفیمی ناسراویی و کۆ وەردەگرێت، بۆیە بەو پۆلە وشە فەرهەنگیەی کەکۆمەڵێك خاڵی هاوبەشیان هەیەو پێیان دەناسرێنەوە پێیان دەوترێت خێزانی لێکسیم، هەروەها بەهۆی فۆڕمی لێکسیم (وشە) وە دەتوانرێت گوزارشت لە بوارە جیاکانی واتاو ڕێزمانی لێکسیمەکە بکرێت.

**١- ٥ بەشەكانی وشە**

١- **ڕەگ:-** ئەوبەشە بنەڕەتیەی وشەیە كە ناتوانرێت كەرتبكرێ یان پارچەی تری لێجیابكرێتەوەو دوای لابردنی گیرەك و نوسەكەكان دەستدەكەوێ. واتە (ئەو بەشەی وشەیە كە ئەمێنێتەوە دوای ئەوەی هەموو گیرەكەكانی پێوە دادەماڵرێ) (Crystal, 2008,p50).یان بریتییە لەو (بنجەی كەناتوانرێت چیتر شیبكرێتەوە بۆ دانەی بچوكتر) .( Haspelmath, 2012 ,p21) یان بریتییە لە كرۆكی بچوك نەكراوەی وشە،ئەو بەشەیە كە هەمیشە دەبێ بوونی هەبێ و ئامادەبێ .(Katamba, 2006, p42) بۆیە ڕەگ تەنها لەیەك مۆرفیم پێكدێت، بەپێچەوانی قەدەوە كەبەلایەنی كەمەوە دەبێت لە ڕەگ ومۆرفیمێكی ڕێزمانی پێكبێت. ڕەگ لەڕووی دەركەوتن یان بەكارهێنانەوە دووجۆرە:ڕەگی سەربەخۆ، كە وشەسادە فەرهەنگیەكان دەگرێتەوە. كە واتایان هەیەو دەتوانرێ بەتەنها بەكاربهێنرێن. ڕەگی بەند، بنكەی وشە ناسادەكانی زمان دەگرێتەوە. كە هەڵگری واتای گشتین و لەكاتی پێكەوەنوسانی گیرەگ ونوسەكەكاندا واتاكەیان ڕووندەبێتەوەو توانای بەكارهێنانیان هەیە. لەبەرئەوە ڕەگ ئەوبەشە بنەڕەتیەی وشەیە كەزۆربەی واتای وشەی تێدا كۆبووەتەوە.ڕەگەكان بەشێوەیەكی گشتی توانای وەرگرتنی گیرەكی وشەداڕێژو ڕێزمانی و هەیە.

٢- **قەد:-** بریتییە لەوشێوەیەی وشە كە گیرەكە ڕێزمانیەكانی چووەتەسەر.كەواتە كاتێك (بنج پێی دەوترێ قەد كە گیرەكە ڕێزمانیەكانی (inflectional) پێوە دەلكێ) .(Haspelmath, 2012 ,p19) كەواتە قەد بریتییە لەوپێكهاتەیەی وشە كەگیرەكە ڕێزمانیەكانی تێدایە لەبەرئەوە قەدی وشە بەلایەنی كەمەوە لەدوومۆرفیم پێكهاتووە. لەبەرئەوە قەد بریتییە (لەوبەشەیەی وشە پێش لێكردنەوەی مۆرفیمە ڕێزمانیەكان) (حەیدەر حاجی خدر،٢٠١٠،ل٤٥). وەكو: خوێند، منداڵەكە، باخەكان، ڕوبارەكان، خورا، چێنرا،...هتد. قەدەكان هەندێك جار زیاتر لەمۆرفیمێكی ڕێزمانی چوەتەسەر.

٣- **بنج:-** بریتییە لەو بەشە سەرەكیەی وشە كەتوانای وەرگرتنی گیرەكە ڕێزمانی و وشەداڕێژەكانی هەیە یان ئەوبەشە سەرەكیەی وشەیە كەگیرەكە وشەداڕێژو ڕێزمانیەكانی چووەتەسەر.یان بریتییە لە (هەر یەكەیەك كە دەكرێ گیرەكەكان (ڕێزمانی یان وشەداڕێژ)ی بۆ زیاد بكرێ وپێیانەوە بلكێنرێ) (Katamba, 2006, p46). چەمكی فۆڕمی بنج (basic form) بەكاردەهێنرێ (بۆ هەریەكەیەكی ئەبستراكت كە ڕێكخراوە تاوەكو ڕێگە بدات زنجیرەیەك شێوەی تر بۆخۆی و پەیوەست بەخۆی دروست بكات) (Crystal, 2008,p50). واتە بریتییە لەشێوەی هۆشەكی یان نابەرجەستەیی بنج. بنجی وشەكان دەكرێ لەمۆرفیمێك زیاتر پێكهاتبن و لەبنەڕەتدا سادەنەبن، واتە بنجەكە خۆی لەبنجی تر پێكهاتبێ،بۆیە دەتوانرێ ئەوبنجانەی كە لەمۆرفیمێك زیاتر پێكهاتوون شیبكرێنەوە بۆ بنج و گیرەكی تر.

بەڵام ئەم بنجانە چیتر ناتوانین شییان بكەینەوە، لەبەرئەوە تەنها لە مۆرفیمێك پێكهاتوون، بۆیە دەكرێ پێشیان بوترێ ڕەگ. هەروەها بنج دەناسێنرێ بەوەی كە(ئەو بەشەی وشەیە كەگیرەكی پێوە دەلكێ، بۆیە بنج

چەمكێكی پەیوەندیدارەو ناسێنراوە بەوەی كە پەیوەستە بەچەمكی گیرەك. بۆنمونە لە وشەی (چالاكی (activity) )دا (ity) پاشگرەو چوەتە سەر بنجی( چالاك( active) )،هەروەها ئەم بنجەش (base) خۆی پێكهاتووە لەبنجی (act) و پاشگری (ive)،بەڵام ئەم بنجە ناتوانرێ لەمە زیاتر شیبكرێتەوە بۆ دانەی بچوكتر بۆیە پێشی دەوترێت ڕەگ) . (Haspelmath, 2012, p21) بنج هەندێكجار توانای دەركەوتن یان بەكارهێنانی هەیە، وەكو چاوگەكان كاتێك دەبنە بنجی وشە، واتە كاتێك كە گیرەكەوشەدارێژ و ڕێزمانیەكان وەردەگرن، هەروەها وشە سادە فەرهەنگیەكانیش دەبنە بنج كاتێك كەگیرەك وەردەگرن. بەڵام جیاوازی ئەم بنجانە لەوەدایە كە چاوگەكان كەدەبنە بنجی وشەكان ناسادەن و دەتوانرێ دوبارە شیبكرێنەوەو دوای لادانی (ن)چاوگ ومۆڕفیمی كات دوبارە بنجمان دەسكەوێت، بەڵام وشە سادەكان ناتوانرێ شیبكرێنەوە. وەكو: باخچەكان > باخ، نازدارەكان > ناز، هاوسەران > سەر، وردیلەكە > ورد، جوانكیلە > جوان، پێڕاگەیشتن > گەیشتن > گەیش (دەرناكەوێ)، كاریگەریەتی > كاریگەر > كار،...هتد).

بنج لەوانەیە یان هەندێكجار لەتوانایدا ئەركی خۆی بكات وەك شێوەی وشە. بۆنمونە لەزمانی ئینگلیزی دا (cat) (پشیلە) بنجە بۆهەردوو شێوەی (cat) (cats)،هەروەها (read) (خوێندن) بنجەو بە سەربەخۆی یان بەتەنیا توانای بەكارهێنانی هەیە،هەروەها بنجیشە بۆ وشەی (read able)،هەروەها (read able) بنجە بەڵام ڕەگ نیە بۆ وشەی (read ability).بەڵام هەندێك لەبنجەكان ناتوانن وەك شێوەی وشەی سەربەخۆ ئەركی خۆیان ببینن.بۆیە ئەو بنجانەی كەناتوانن وەك شێوەی وشە دەورببینن پێیان دەوترێت قەدی بەند(bound stem) (بنكەی بەند).(Haspelmath, 2012 ,p21) بەڵام هەندێك لەبنجی وشەكان بەتەنییا بەكارناهێنرێن. وەكو بنجی چاوگەكان، كەبەگشتی توانای دەركەوتنیان نییە چونكە واتاكەیان ڕوون نییە. وەكو:(خواردن > خوار، وانای (خوێندن) > وان (خوێن)، وتەی (خەوتن) > و(خەو-واتای هەیە)، گریای (كوڵان) > گری(كوڵ)،گرەوای (گریان) > گرەو(گری)، واردەی (خواردن) > وار(خوار)، ئاردەی (هێنان) > ئار (هێن)، بیەی (بوون) > ب (ب)،...هتد ). ئەم بنجی چاوگانە لەهەمان كاتیشدا ڕەگن،چونكە لەیەك مۆڕفیم پێكهاتوون و ناتوانرێ لەوەزیاتر شیبكرێنەوە.

# بەشی دووەم

## پێکهاتەی وشە لەکوردی ناوەڕاستدا

## بەشی دووەم/پێکهاتەی وشە لەکوردی ناوەڕاست دا

### ١-٢ پۆلی ناو

ناو ئەو وشەیەیە کەبۆناولێنانی گیانداریك (مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، زیندەوەر) یان ڕوەك یان بێ گیان یان کات و شوێن و ڕووداو بیرو...هتد، بەکاردەهێنرێ. بەواتایەکی ترناو (ئەو وشەیە کەناوی گیانداریك یان بێگیانێك یان بیرێك یان کارێك دیاری دەکا) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤،ل١٠٢). ناو بریتییە لەوشەیەك کەبۆ ئاماژەکردن بۆناوی کەسێك، شوێنێك، شتێك یان کارێك +بەکاردێ. لەزمانی ئینگلیزیداهەر وشەیەك (s) خاوەنیەتی وەرگرت ئەوە ناوە،یان هەروشەیەك (s ) کۆی بخرێتەسەر ئەوە ناوە.بۆنمونە وشەی دانەر(auther) ناوە لە ڕستەی ( The auther seems tired.) واتە (وا دەردەکەوێ کە دانەرەکە ماندووە.) چونکە دەتوانرێ (s) کۆی بخرێتەسەرو بوترێ (authers) دانەرەکان، لەگەڵ گۆڕینی کار لەوشەی (seem) ەوە بۆ (seems). بەڵام ئەم وشەیە (auther) لەڕستەی (Herbrother may auther anew biography.) برای کچەکە لەوانەیە دانەری بایۆگرافییە تازەکەبێ. ناو نییە بەڵکو کارە.

( Sttageberg, 2000, p166 ).

ناو بەشێکی ئاخاوتنەو پۆلێکی کراوەیە، کەبەردەوام لەڕێگەی داڕشتن و لێکدان،...هتد، یەکەکانی زمانەکە خۆی بەردەوام ئەندامی تازەی دەچێتەسەر.

بەشەئاخاوتنی ناو دەکرێ لەچەند ڕوویەکەوە پۆلێنبکرێ ناو دەشێ لەڕووی ناوەڕۆکەوە دابەشبکرێ بۆ ناوی تایبەتی وەکو: هەورامان،سیروان،باخەوان،شەهلا،شیرین،...هتد. ناوی گشتی وەکو: مەلا،مامۆستا،خوێندکار، پیاو، ژن،دێ،...هتد. ناوی کۆمەڵ وەکو: میللەت،گەل، هۆز، قەبیلە، عەشیرەت،...هتد. هەروەها لەڕووی ژمارەوە دابەشدەبێ بۆ ناوی تاك وەكو: دار،هەنجیر،تەماتە،هەنار،بیر،خەیاڵ،...هتد.ناوی کۆ، وەکو: باوکان،دایکان،مامۆستایان،قوتابیان،...هتد.

هەروەها ناو لەڕووی ناسینەوە جیادەکرێتەوە بۆ ناوی ناسراو، وەکو:گەنمەکە، تۆوەکە، زەوییەکە، ئاوەکە، جوتیارەکە،...هتد. ناوی نەناسراو، وەکو: شاخێك، کەروێشکێك، بەرخێك،ئەشکەوتێك، گوڵێك، چیرۆکێك، ...هتد. هەروەها دەشێ ناو لەڕووی بوونەوە جیابکرێتەوە بۆ ناوی بەرجەستە یان مادی،وەکو: بەرد،خۆڵ،مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەك،هەوا،...هتد. ناوی واتای بنجی وەکو:خەو،خەیاڵ، ویژدان، باوڕ،ئەقڵ، ژیر، بەزەیی، سۆز، دێو، ...هتد. ناوی واتای داڕێژراو یان دروسکراو،وەکو: باشی،جوانی،برایی،پیاوەتی،مەردی،ئازایی،بەتوانای،...هتد. هەروەها ناو لەڕووی ڕەگەزەوە پۆلێن دەکرێ بۆ ناوی نێر وەکو: کوڕ،پیاو، کەڵەشێر،نێون،گێسك،...هتد. ناوی مێ، وەکو: کچ،ژن،ئافرەت،مریشك، مانگا،مەڕ،...هتد. ناوی دولایەن وەکو: مامۆستا،قوتابی،دکتۆر، پزیشك،کرێکار، نوێژکەر، کەو،..هتد.

#### ١-١-٢ پۆلێنکردنی ناو لەڕووی پێکهاتنەوە

**٢-١-١-١ ناوی سادە:-** بریتییە لەوناوەی کەلە یەك مۆرفیمی سەربەخۆ ی واتادارپێکهاتووە و بەتەنها توانای دەرکەوتن و بەکارهێنانی هەیە. یان بریتییە (لەو ناوانەی کەبەسەر مۆرفیمدا دابەش نابن ) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١١٦). ئەم ناوانەش دەشێ ناوی گیاندار وەکو: مرۆڤ، ئاژەڵ، زیندەوەر،...هتد. یان ڕووەك یان بێگیان یان بیروچەمك و ڕووداو و کارێك بن.

**٢-١-١-٢ ناوی ناسادە:-** بریتین لەو ناوەی کە زیاترلە مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتوە. ناوی ناسادە دابەش دەبێ بۆ ناوی داڕێژراو و ناوی لێکدراو. داڕشتن (Derivation)(بریتییە لە پێکهێنانی وشەیەکی نوێ،بە تێکەڵکردنی لەگەڵ گیرەکەکان یان بنکە بەندەکان)(Sttageberg, 2000, p128 ) .

**٢-١-١-٢-١ ناوی داڕێژراو:-** بریتییە لەوناوەی کەلە مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار و مۆرفیمێکی وشەداڕێژ یان زیاتر پێکهاتووە. (داڕشتنی ناو(Derived nouns) لەبەرئەوەی ئێمە پێویستییەکی زۆرمان هەیە بۆ ناونانی چەمکە هەمەجۆرەکان، هەروەها زمانەکان بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری زۆرتریان هەیە بۆ بەرهەم هێنانی ناوی داڕێژراو، بۆیە بەگشتی زمانەکان زیاتر ناوی داڕێژراویان هەیە تاوەکو کاری داڕێژراو یان ئاوەڵناوی داڕێژراو) (Haspel math, 2012,p87). ناوی داڕێژراو یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، کە تێیدا وشەیەکی سادە (ناو،ئاوەڵناو، کار،...هتد) بەڕێگای داڕشتن و لەڕێگەی گیرەکە وشە داڕێژەکانەوە بەشێوەی پێشگر و پاشگر بۆ وشەکە زیاد دەکرێ و وشەیەکی نوێ دروست دەبێ، کەلە ڕووی پێکهاتەو واتاوە جیاوازە لەوشە سادەکە، کەدەشێ لەهەمان بەشە ئاخاوتنبێ یان گۆڕابێ و لەبەشە ئاخاوتنێکی ترەوە بوبێ بەناو.ناوی داڕێژراو (لەزمانی کوردیدا بەزۆری بەهۆی پاشگر پێکدێ.بۆ ڕۆنانی ناوی داڕێژراو هەندێ پاشگر هەن دەچنە سەر (ناو،ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار،کردار...) ی سادەو دەیکەنە ناوی داڕێژراو) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١١٧-١١٨). ناوی داڕێژراو دەشێ ناوی مرۆڤ یان گیانەوەر یان بێگیان یان کات وشوێن وپیشە یان بۆ خۆشەویستی و بچوککردنەوە یان پلەو پایە،...هتد بن.

**٢-١-١-٢-١-١ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادەو ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.**

**١- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناوی سادەو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.پێکدێن لە:**

١-١ ئەو پاشگرانەی کە واتای پیشە دەگەێنن. شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: ناوی سادە+ پاشگری وشەداڕێژ > ناوی داڕێژراو

لە پاشگرەکان دەکرێ چەندین واتای تایبەتی بوونیان هەبێ کە سنوردارن و تایبەتن بەچەند زمانێکی کەمەوە، بۆنمونە لە زمانی (Big nambas)دا پاشگری (et) هەیە، کە واتای پیرۆز دەگەێنێ کاتێك دەلێت بە کۆتایی ناوەکانەوە. وەکوپیاو(dui) > پیاوی پیرۆز(duiet).بەهەمانشێوە لە زمانی فەرەنسیدا پاشگری (ier) ئاماژە بە دارەختی میوە دەکات کاتێك دەلکێت بە ناوی میوەکانەوە. وەکو سێو (pomme) (pommier) >دارسێو .(Haspelmas 2012, p86)

١- پاشگری (-گەر):- ئەم پاشگرە سسیتەوتەنیا لەدارِشتنی ناوی کانزاکانـدا چالاکە و واتـی پیشە دەگەیێنێ. وەکو: ئاسنگەر، زێرِنگەر، مسگەر،...هتد.

٢- پاشـگری (-کـەر):- پاشـگرێکی زۆرچالاکەوکۆمەڵێك نـاوی دارِێـژراو بەرهـەم دەهێنـێ، کـەواتای پیشـەو کـاری کەسێك دەگەیێنێ.ئەم پاشـگرە تـەنها واتـای کـردن و ئەنجامـدانی کـار نیشان دەدا، لەبـەر ئـەوە دەشـێ لەبنچینەدا لـەرِەگی کـاری کـرد (کـە) وپاشـگری وشـەدارِێژی (-ەر) ەوە سەرچاوەی گریبـێ. وەکـو: نانکـەر، ئیشـکەر، قسـەکەر، ڕاوکەر، سواڵکەر، بژارکەر، کارکەر،مەشقکەر،پەروەردەکەر،...هتد.

٣- پاشگری (-دار):-یەکێکـە لەپاشگرە چالاکەکانی دارِشـتنی نـاوی دارِێـژراو، کـەواتای پیشـەی کەسـێك یـان شـتێك دەگەیێنێ.ئـەم پاشـگرە واتـای بـوون وهـەبوونی شـتێك دەگەیێنێ،هـەروەها بۆچـون هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە(دار) لەبنچـینەدا لـە زمـانی فارسـییەوە وەرگیرابـێ، کـەواتای بـوون وهـەبوونی شـتێك دەگـەیێنێ. وەکـو: باخـدار، شـــاخدار،باڵدار،مەرِدار، ئاژەڵدار،چـــەکدار، هۆشـــدار،منداڵدار،خێزاندار، ئـــاوەزدار، توکـــدار، توێکڵـــدار، بۆندار،سەردار،...هتد.

٤-پاشگری (-ساز):-پاشگرێکی چالاکی دارِشتنی نـاوی دارِێـژراوە، کـەواتای پیشـەیەك دەگـەیێنێ. وەکو: دانساز، تەنەکەساز، چەقۆساز،چەخماخساز،نەخشەساز،بیناساز،ئاهەنگساز،دەرمانساز، کوشنساز،...هتد.

٥- پاشـگری (-بـاز):-ئـەم پاشگرە لەدارِشـتنی نـاوی دارِێـژراودا سسـتەو هەنـدێك وشـەی دارِێـژراو بەرهەمـدەهێنێ، کەواتای پیشەیەك دەگەینن. وەکو: کۆترباز، سرباز،ڕێباز،چاوباز،تەڵەکەباز،...هتد.

٦- پاشـگری (-چـی):- پاشـگرێکی چالاکەو بەشـداری دارِشـتنی کۆمـەڵێك نـاوی دارِێـژراو دەکـاو کـەواتای پیشـە دەگەیێنن.ئـەم پاشـگرە لەپێشـدا زۆرچـالاك بووە.هـەروەها زۆرێـك لـەو وشـانەی کەبـەهۆی پاشـگری (-سـاز) ەوە دادەرِێژرێن، دەکرێ بەهۆی ئەم پاشگرەوە دابرِێـژرێن، کەهـەمان واتـا دەبەخشـن.بەڵام لەئێسـتادا ئـەم پاشـگرە (-سـاز) زیـاتر لەدارِشـتنی نـاوی تـازەدا بـەکاردەهێنرێ. وەکـو: کاروانچی، تەنەکەچـی، بۆریچی، قومارچی،فاڵچی، کەبابچـــی، قاوەچـــی، توتنچی،کرێچـــی، کارەباچـــی، گۆڵچـــی، بۆیاخچی،سەعاتچی،کرێهاچـــی، ڕاوچـــی، کوشنچی،عەرەبانەچی،لەحیمچی، پاسکیلچی،...هتد.

٧-پاشگری (-وان/ەوان):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسـەر کۆمـەڵێك نـاوی سـادە و نـاوی دارِێژراویان لـێ بەرهـەم دەهێنێ، کە واتـای کاروپیشـەیەك دەگـەیێنن. وەکـو: شـاخەوان، کەشـەوان،باخەوان،دارەوان، سـەختەوان، مەلـەوان، ڕۆژووەوان، زمانەوان، ئاشەوان، گاوان، دەرگاوان، پاڵەوان، کاروان،...هتد.

٨- پاشـگری (-بەنـد):- پاشـگرێکی سیسـتە لـە دارِشـتنی نـاوی دارِێـژراو و واتـای پیشـەی کەسـێك یـان شـتێك دەگەیێنێ. هەروەها واتای نەجوڵان وجێگیری تێدایە. وەکو: ناڵبەند،تەختەبەند،...هتد.

٩- پاشـگری (-مەند):- پاشـگرێکی تارِادەیـەك چالاکە،ئەو ناوانـەی دایـان دەرِێـژێ واتـای بـەهرەو لێزانـی بەپیشـەی کەسەکە یان شتەکە دەگەیێنێ. وەکو: هونەرمەند، بەهرەمەند،کارمەند،خێرمند،...هتد.

١٠- پاشگری (-وا/ەوا):-پاشگرێکی سیستە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراو، واتای پیشە دەگەیێنێ. وەکو: نانەوا،...هتد.

١١- پاشگری (-یار):- پاشگرێکی سیستە لە داڕشتنی ناوی داڕێژراو بەهۆی ناوی سادەوە،واتای پیشە دەگەیێنێ. وەکو: گەشتیار،جوتیار،...هتد.

١٢-پاشگری (-ێر):- پاشگرێکی زۆر سیستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ، کە واتای پیشە دەگەیێنێ. وەکو: وەرزێر، (خاوێر) (تارا عەبدولاَ سەعید،٢٠١٤،ل٤٠).

١٣- پاشگری (-بەر ):- پاشگرێکی چالاکەو بەشداری داڕشتنی کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو دەکا،واتای پیشەیەك دەگەیێنێ.ئەم پاشگرە واتای کردن و ئەنجامدانی ئیشوکار دەبەخشێ، دەشێ لەبنچینەدا لە ڕەگی کاری بردن (بە) وپاشگری (-ەر) داڕێژرابێ. وەکو: کۆڵبەر،باربەر،نانبەر، نامەبەر،کۆچبەر،قسەبەر، ڕەنجبەر،...هتد.

١-٢ ئەو پاشگرانەی کە واتای نابەرجەستەیی (واتایی) دەگەیێنن:

١-پاشگری (-ی/یی):- پاشگرێکی یەکجار چالاکەو دەچێتەسەر ناوی سادەو ناوی داڕژراوی واتایی یان هۆشەکیان لێ بەرهەم دەهێنێ،کە واتای خاسیەت و سیفەتێك دەگەیێنێ.(لەنێو ئەو پاشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی ناوی داڕێژراو دەدەن (-ی) ناوی مەعنا لەهەموان چالاکترە و دەچێتەسەر بەشە ئاخاوتنێك کەبەزۆری ناو و ئاوەڵناو دەیانکاتە ناوی مەعنا) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٣-١٢٤). هەروەها (یەکێکە لەپرۆسەکانی داڕشتنی وشە،کە بریتییە لە وشەیەکی نوێ وەك (national <nation)نەتەوە<نەتەوەیی) (Crystal,2008,p138). وەکو: منداڵی،خاکی،خەیاڵی، بوکی،هەوایی،زەمینی، هەستی،...، کۆیلەیی، برایی، هاوڕێیی، هاوسێیی، زاوایی،..هتد.

٢-پاشگری (-ەتی/-یەتی/-ێتی):- پاشگرێکی زۆرچالاکە لە داڕشتنی ناوی واتای، وەکو: پیاوەتی، برایەتی، هاوسێیەتی، هاوڕێیەتی، پاشایەتی، ..هتد.

٣- پاشگری (ایەتی):- یەکێکە لەپاشگرەچالاکەکانی داڕشتنی ناوی واتایی. وەکو: کوردایەتی، دۆستایەتی، دوژمنایەتی،مێردایەتی، دایکایەتی، باوکایەتی،خوشکایەتی، میرایەتی،کۆیلایەتی، خزمایەتی، چینایەتی، مەلیکایەتی،...هتد.

٤-پاشگری (-انە):-پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر ناوی سادەو دایدەڕێژێ و واتای هۆشەکی پێ دەبەخشێ. وەکو: جەژنانە، سەرانە،کۆیلانە،پوشانە،میراوانە،مانگانە، ڕۆژانە، حەفتانە، ساڵانە،وەرزانە،...هتد.

٥-پاشگری (-ێنی):- پاشگرێکی سیستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراوی واتای و تەنیا چەند وشەیەك بەرهەم دەهێنێ. وەکو: کچێنی، بوکێنی،...هتد.

٦- پاشگری (-ینی):- پاشگرێکی سیستە و دەچێتەسەرناوی سادەو ناوی داڕێژراوی واتای بەرهەم دەهێنێ. وەکو: ماتەمینی،...هتد.

٧- پاشگری (-وار/ەوار ):- پاشگرێکی سیستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراوی واتای و تەنیا هەندێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: ئومێدەوار،دژوار،...هتد.

٨- پاشـگری (-واری):- پاشـگرێکی ناسـادەیەو بەشـێوەیەکی سیسـت بەشـداری دارشـتنی نـاوی دارێـژراوی واتـای دەکا.هـەروەها توانـای دارشـتنی ئـەو ناوانـەی هەیـە کەبـەهۆی پاشـگری (-ەوار/وار) ەوە دادەرێـژرێن. وەکـو: کوردەواری، ئومێدەواری،دژواری،...هتد.

٩- پاشـگری (-نـدە):-پاشگرێکی سیسـتەو تـەنیا لەدارشـتنی چـەند نـاوێکی دارێـژراوی واتایـدا ڕۆڵـدەبینێ. وەکو: گازندە،...هتد.

١٠- پاشگری (-بایی):-پاشگرێکی سیستەولە دارشتنی چەند ناوێکدا بەکاردێ. وەکو:شیربایی،...هتد.

١١- پاشگری (-ەواری): ئەم پاشگرەش سیستەو تەنیا ڕۆڵی دارشتنی چەند ناوێك دەبینێ وەکو: ئاشتەوای،...هتد.

١٢- پاشگری (-ەوەری):- پاشگرێکی سیستەو تەنیا لەدارشتنی چەند ناوێکی دارێـژراوی واتایـدا ڕۆڵ دەبینـێ. وەکو: یادەوەری، بەختەوەری،...هتد.

١٣- پاشگری (-اڵەت):-پاشگرێکی سیستەو دەچێتەسەر هەندێك ناوی سادەو نـاوی دارێـژراوی واتاییـان لـێ بەرهـەم دەهێنێ. وەکو: (ڕوواڵەت ) (ڕۆژان نوری عەبدوڵا،٢٠٠٧،ل٤٦).

١٤- پاشـگری (-ەسـەری):-پاشـگرێکی سیسـتەو دەچێتەسـەر هەنـدێك نـاوی سـادەو نـاوی دارێـژراوی واتاییـان لـێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دەردەسەری،چەرمەسەری،...هتد.

١٥- پاشگری (-یاری):- پاشگرێکی ناسادەیەو مەودای لەدارشتنی ناوی واتای دارێـژراوەدا کەمـەو تـەنیا چـەند ناوێك بەرهەم دەهێنێ. وەکو: گەشتیاری، بەختیاری،...هتد.

١٦- پاشگری (-سازی): پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك ناوی دارێـژراوی واتـای بەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: ڕەخنەسازی،پیشەسازی،...هتد.

١٧- پاشگری (-داری): پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك نـاوی دارێـژراوی واتـای بەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: ماڵداری،ئاژەڵداری،مەڕداری،باخداری،گاوداری،...هتد.

١٨- پاشگری (-اوی):- پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك ناوی دارێژراوی واتای بەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: خەماوی،خەڵوەتاوی، غەیبەتاوی، مواوی،خەیاڵاوی،...هتد.

٣-١ ئەو پاشگرانەی واتای شوێن دەگەێنن:

١- پاشـگری (-گا/گـە):- پاشـگرێکی زۆرچـالاکن و دەچـنە سـەر نـاوی سـادەو نـاوی دارێـژراو بەرهەمـدەهێنن، کـە واتای شوێن دەگەێنن. ئەم پاشگرانە هەمان واتا دەبەخشن و لەزۆربەی وشـەکاندا هاوبەشـن، تـەنیا هەنـدێك وشـە نـــابێ کەیـــەکێکیان وەردەگـــرێ. وەکـــو: هەوارگە،نشینگە/نشـــینگا،فێرگە،خوێندنگە/خوێندنگا،داینگە/داینگا، مەنزلگە/مەنزلگا،خواردنگە، ڕیگە/ڕێگا،نوسینگە،سەیرانگا،لەوەڕگە /لەوەڕگا،بیبینگا،زەنگۆڵگا،...هتد.

٢-پاشـگری (-دان):-پاشـگرێکی چـالاکەو کۆمـەڵێك نـاوی دارێـژراو بەرهەمـدەهێنێ، کـەواتای جێگـەو شـوێن و هەبوونی شتەکە دەگەێنن. وەکو: خوێدان،مەکدان،شەکردان، ئاگردان،مناڵدان،زبڵدان،...هتد.

٣- پاشـگری (-خانـه):- پاشـگرێکی چـالاکەو دەچێتەسـەر کۆمـەڵێك نـاوی سـادەو نـاوی داڕێـژراوی شـوێنیان لێبەرهەمـدەهێنێ. وەکـو: نەخۆشخانە/خەسـتەخانە، قوتابخانە، میوانخانـە، سـەمونخانە، کولێرەخانە،چایەخانە، کتێبخانە، فرۆکەخانە،...هتد.

٤- پاشگری (-ستان):- ئـەم پاشگرە چالاکە لەداڕشتنی ئـەو ناوانـەی کـە واتـای شـوێنی میللـەت و نەتـەوەو هـۆزو قەبیلـەو خێڵـەکان وڕووەکوچـەند نـاوێکی تـری داڕێـژراو کـەواتای شـوێنی شـتیتر دەگـەیێنن.وەکو: کوردستان،تاجیکسـتان، مەغۆلسـتان، هندستان،عەرەبستان،بەلوجسـتان، لوڕسـتان، ئەفغانسـتان، ئەرمەنسـتان،...، دارستان، گۆڕستان، قەبرستان، گوڵستان، جەنگەڵستان،شارستان،..هتد.

٥- پاشگری (-ڵان/ەڵان):- پاشگرێکی سیستەو دەچێتەسـەر هەنـدێك نـاوی سادەو نـاوی داڕێـژراویان لـێ بەرهـەم دەهێنێ. کە واتای شوێن وهەبوونی شتەکە دەگەیێنێ. وەکو: بەردەڵان، ڕەقەڵان،...هتد.

٦- پاشگری (-ەجاڕ):- پاشگرێکی سیستە لەداڕشتنی نـاوی داڕێـژراوی شـوێنی و تـەنیا چـەند نـاوێکی داڕێـژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: نێرگزەجاڕ، توتنە جاڕ،..هتد.

٧- پاشـگری (-زار):- پاشـگرێکی سیسـتە لەداڕشـتنی نـاوی داڕێـژراوی شـوێنی و تـەنیا چـەند نـاوێکی داڕێـژراو بەرهەمدەهێنێ. هەروەها هەندێکات واتای پارستنیش دەگەیێنێ. وەکو: گوڵزار، لالەزار، دڵزار، چاوەزار،...هتد.

٨- پاشگری (-ەوار):- پاشگرێکی سیستەو تەنیاچەند ناوێکی داڕێـژراو بەرهەمـدەهێنێ. وەکو: شوێنەوار، ئاسـەوار، کۆڵەوار،..هتد.

٩- پاشـگری (-خـان):- پاشـگرێکی یـەکجار سیسـتەو تـەنیا چـەند نـاوێکی کـەمی پـێ دادەڕێـژرێ. وەکـو: چراخان،...هتد.

١٠- پاشگری (ایی):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی نـاوی داڕێژراوی شـوێنی دا زۆرسیستەو تـەنیا چـەند ناوێك بەرهـەم دەهێنێ. وەکو: دەشتایی،...هتد.

١١-پاشـگری (-اوا):- ئـەم پاشـگرە چـالاکە لەداڕشـتنی ئـەو ناوانـەی کـە واتـای شـوێنی نیشـەجێبوون وئـاوەدانی دەگەیێنن،بۆیـە هەنـددێك لـەناوی گونـد و دێکـان بـەناوی ئەوکەسـانەوەنراوە کەنیشـتەجێ بـوون و ئاوەدانیـان کردووەتەوە. وەکو: ئەحمەداوا، حاجیاوا، سیداوا، سمایلاوا،قاسماوا،...،چەقەڵاوا،تەیراوا،وارماوا،..هتد.

١٢-پاشگری (-بەنـد):- وەکو:ماڵبەند...هتـد.(ڕۆژان نـوری عەبـدوڵا،٢٠٠٧،ل٥٤). ئـەم پاشـگرە مـودای داڕشـتنی نـاوی زۆرتەسکە.

١٣-پاشگری (-شەن):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراوی شوێنی دا زۆرسیستەو تـەنیا چـەند ناوێك بەرهـەم دەهێنێ. وەکو: گوڵشەن،...هتد.

١٤-پاشـگری (-ان):- وەکـو: گەرمیان،...هتد.(بـەکر عومـەر عـەلی،٢٠١٤،ل٢١١). ئـەم پاشـگرە سیسـتەو تـەنیا چـەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ.کەدەکرێ لەبنچیندا ناوەکە کۆکرابێتەوە، بەڵام دواتـر وەکو نـاوی کـەس وشـوێن بەکارهاتووە. وەکو: ڕێزان،..هتد.

٤-١ ئەو پاشگرانەی واتای بچوككردنەوەو خۆشەویستی دەگەیێنن.

١- پاشگری (-ڵە):- ئەم پاشگرە چالاكەو دەچێتە سەر ناوی سادەو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنێ كە واتای بچوككردنەوە یان خۆشەویستی بەناوەكە دەبەخشێ وەكو: براڵە،جوجوڵە،ساوەڵە،گۆزەڵە،نارنجڵە،...هتد.

٢- پاشگری (-اڵ):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لە دارشتنی چەند ناوێكدا ڕۆڵ دەبینێ. وەكو: توێژاڵ، كەژاڵ، چنگاڵ،...هتد.

٣- پاشگری(-لە):- پاشگرێكی چالاكە لەدارشتنی ناوی دارێژراو كە واتای خۆشەویستی یان بچوككردنەوە دەگەیێنێ. وەكو: جۆگەلە، كۆرپەلە، بەڕولە، شوتیلە، ترۆزیلە،(تەپلە،خەپلە) (بەكر عومەر عەلی،٢٠١٤،ل٢٠٥).

٤- پاشگری (-وولە):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك چالاكە لە دارشتنی ناوی دارێژراو، كە واتای خۆشەویستی یان بچوككردنەوە دەگیێنێ. وەكو: مێشوولە، دانوولە،...هتد.

٥- پاشگری (-ۆلە):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك چالاكە، كە واتای خۆشەویستی یان بچوككردنەوە بەناوە دارێژراوەكە دەبەخشێ. وەكو: بەرخۆلە،پەڕۆلە،...هتد.

٦-پاشگری(-ۆڵە):- پاشگرێكی چالاكە لەدارشتنی ناوی دارێژراو،كە بۆ خۆشەویستی یان بچوككردنەوە بەكاردێ. وەكو: ڕیشۆڵە، كچۆڵە، كیژۆڵە، ڕیخۆڵە، گردۆڵە، قاپۆڵە، قاژۆڵە، جامۆڵە،...هتد.

٧- پاشگری (-ۆڵ):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەدارشتنی چەند ناوێكدا بەكاردێ. وەكو: ئاسكۆڵ، زەنگۆڵ، (مچۆڵ، مەجۆڵ) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٨).

٨- پاشگری(-ەكۆڵ):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەدارشتنی چەند ناوێكدا بەكاردەهێنرێ. وەكو: مشتەكۆڵ،...هتد.

٩- پاشگری(-یلە):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك چالاكە لە دارشتنی ناوی دارێژراو كە واتای بچوككردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنێ. وەكو: كاریلە، ئەنگوستیلە،...هتد.

١٠- پاشگری (-ەڵ):- ئەم پاشگرە سستەو تەنیا لە دارشتنی چەند ناوێكدا ڕۆڵ دەبینێ. وەكو: كیسەڵ، تۆپەڵ،...هتد.

١١- پاشگری (-ەڵە):- ئەم پاشگرە ڕێژەی بەكارهێنانی لەدارشتنی ناوی دارێژراودا مامناوەندە. وەكو: تۆپەڵە، كوپەڵە،...هتد.

١٢-پاشگری (-كە):- ئەم پاشگرە لەدارشتنی ناوی دارێژراودا سستە. وەكو: پوشكە، لووتكە،پەلكە، پۆلكە،...هتد.

١٣- پاشگری (-ك):- ئەم پاشگرە ڕێژەی بەكارهێنانی لەدارشتنی ناوی دارێژراودا كەمە. وەكو: پەلك، سۆزك، ناوك، دەسك،...هتد.

١٤- پاشگری(-ەك):- ئەم پاشگرە ڕێژەی بەكارهێنانی لەدارشتنی ناوی دارێژراودا كەمە. وەكو: دەسەك، مەچەك، هێڵەك، دەستەك،...هتد.

١٥-پاشگری (-ەكە):- ئەم پاشگرە لەدارشتنی ناوی دارێژراودا سستە. وەكو: پولەكە،مێخەكە،...هتد.

١٦-پاشگری(-ۆك):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لە دارِشتنی ناوی دارِێژراودا تەسکە. وەکو: تیرۆك، نانجۆك، حەسارۆك،چنارۆك،...هتد.

١٧- پاشگری(-ۆکە):- ئەم پاشگرە تارِادەیەك چالاکە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراودا. وەکو: بزنۆکە،جنۆکە، جاڵجاڵۆکە، کەپرۆکە، شەکرۆکە،...هتد.

١٨- پاشگری(-ولکە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لە دارِشتنی ناوی دارِێژراودا فراوان نییە.وەکو: جاشولکە، داسولکە،ماسولکە،...هتد.

١٩- پاشگری (-ۆڵکە):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراودا زۆرکەم بەکاردەهێنرێ. وەکو: جامۆڵکە، گردۆڵکە،...هتد.

٢٠- پاشگری (-یلکە):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراودا سستە. وەکو: چاویلکە، نامیلکە،...هتد.

٢١- پاشگری (-چك):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراودا فراوان نییە. وەکو: گوێچك، سورێنچك، قنچك، (گورچك، بنچك) (جەمال عەبدول،٢٠٠٨،ل٧٤).

٢٢- پاشگری (-چکە):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراودا زۆرکەم بەکاردەهێنرێ. وەکو: گوێچکە،رِێچکە، پێچکە،...هتد.

٢٣- پاشگری (-وچکە):- ئەم پاشگرە سستەو تەنیا لەدارشتنی چەند ناوێکدا بەکاردێ. وەکو: (قاپۆچکە، بەردۆچکە، مەرِۆچکە) (رِۆژان نوری عەبدولا،٢٠٠٧،ل٦١).

٢٤- پاشگری (-ۆچکە):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراودا فراوان نییە. وەکو: شارۆچکە، مندالۆچکە، داپیرۆچکە،...هتد.

٢٥-پاشگری(-یچك):- وەکو: قەپیچك، مەلیچك،...هتد (رِۆژان نوری عەبدولا،٢٠٠٧،ل٦١).

٢٦- پاشگری(-ۆتکە):- پاشگرێکی سستەو لەدارِشتنی چەند ناوێکدا رِۆڵ دەبینێ. وەکو: مەلۆتکە،...هتد.

٢٧- پاشگری(-وو):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی سست بەشداری دارِشتنی ناوی دارِێژراو دەکات. وەکو: رِۆژوو، مێژوو،...هتد.

٢٨- پاشگری (-ژە):- اشگرێکی سستەو لەدارِشتنی چەند ناوێکدا رِۆڵ دەبینێ. وەکو: لاوژە،...هتد.

٢٩- پاشگری (-ۆ):- پاشگرێکی چالاکە لە دارِشتنی ناوی دارِێژراو. وەکو: ژینۆ، کوردۆ، نەهرۆ، شێرۆ، جەمۆ، داپیرۆ، باپیرۆ،...هتد.

١- ٥ ئەو پاشگرانەی واتای خواردەمەنی و گۆرِانی دۆخ و یان ئامادەکراوی دەگەیێنن:

ئەم پاشگرانە دەچنەسەر ناوی سادەی هەندێك لەمادە خۆراکیەکان (کەرِاستەوخۆ ناخورێن یان ناوی رِووەك و بەروبومی ئاژەڵین ) و ناوی دارِێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن،کە واتای شلی و گۆرِانی دۆخ و چەند واتایەکی تر دەبەخشن و دەبنە ناوی مادە خۆراکییەکان.

١- پاشگری (-ێنە):-ئەم پاشگرە سستە لەداڕشتنی ناوی هەندێك لەمادەخۆراکییەکان ورووەکەکان وناوی داڕێژراویان لێبەرهەمدەهێنێ،کەواتای خواردەمەنی وشلی دەگەیێنێ.وەکو: نیسکێنە، ماشێنە،...هتد.

٢- پاشگری (-ینە):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراو و دەچێتەسەر هەندێك ناوی مادەی خۆراکی و دایان دەڕێژێ و واتای شلی وگۆڕانی دۆخ و ئامادەکراوی دەگەیێنێ. وەکو: دۆینە،پەڵپینە،...هتد.

٣- پاشگری (-وا/-ەوا):- ئەم پاشگرەش بەشێوەیەکی سست بەشداری داڕشتنی هەندێك ناوی داڕێژراو دەکاو واتای خواردەمەنی دەگەیێنێ. وەکو:دۆخەوا،پاقلەوا،...هتد.

٤- پاشگری (-ەمەنی):- ئەم پاشگرەش بەشێوەیەکی سست بەشداری داڕشتنی هەندی ناوی سادەی مادە خۆراکیەکان دەکاو ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەمدەهێنێ، کە واتای جۆری وگۆڕانی دۆخ وەکو شلی تێدایە. وەکو: پاقلەمەنی، شیرەمەنی،...هتد.

١- ٦ ئەو پاشگرانەی واتای ڕازاندنەوەو کەوانەیی و بەندیەتی دەگەیێنن:

ئەو پاشگرانەی کەدەچنەسەر ناوی سادەو دایاندەڕێژن و واتای ڕازاندنەوەو بازنەی وچەمانەوە و بەندیەتی و چەسپاوی بەناوە داڕێژراوەکان دەبەخشن.

١- پاشگری (-ەوانە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێانی فراوان نییەو تەنیا لەداڕشتنی هەندێك ناوێکدا بەکاردەهێنرێ. وەکو: لوتەوانە،حەوتەوانە،گلکەوانە،پوزەوانە،دەمەوانە،پاوانە،...هتد.

٢- پاشگری (-بەند):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا کەمەو تەنیا هەندێك ناو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: دەسبەند، کەمەربەند،تەلبەند، شوشەبەند، ئاسنبەند،فیشەکبەند، ئاوبەند،...هتد.

٣- پاشگری (-اوکە):-پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا. وەکو:خەناوکە،...هتد.

٤- پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراوداو تەنیا چەند ناوێك دادەڕێژێ. وەکو: مێخەك، ...هتد.

٧-١ ئەو پاشگرانەی واتای یاری دەگەیێنن:

١- پاشگری (-انێ):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە داڕشتنی ناوی سادەدا دەکاو ناوی داڕێژراوی لێبەرهەم دەهێنێ.وەکو: تۆپانێ،دیلانێ،کەلایانێ،شوتانێ،هەڵماتانێ،پەتانێ،...هتد.

٢- پاشگری (-ێن):- پاشگرێکی چالاکەو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراوی یاری بەرهەمدەهێنێ. وەکو:تۆپێن، بەردێن، هەڵماتێن، هەلوکێن،...هتد.

٣- پاشگری (-ێنە):- ئەم پاشگرە کەمترلەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا بەکاردێ. وەکو:تۆپێنە،بەردێنە،...هتد.

٤- پاشگری (-بازی):-ئەم پاشگرە تاڕادەیەك چالاکە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراوی یاریدا.وەکو: دەستبازی، زۆرانبازی،پاڵەوانبازی،...هتد.

١- ٨ ئەو پاشگرانەی واتای ناوی کردەو ڕووداو ئامێرو کەل و پەل وڕووەك وگیانەوەرو مرۆڤ..هتد، دەگەیێنن:

١- پاشگری (-ەمەنی):- پاشگرێکی سستە لەدارشتنی ناوی دارێژراوداو تەنیا چەند ناوێك دادەرێژێ،کەواتی ئامێرورووداو دەبەخشێ. وەکو: چاپەمەنی،تەقەمەنی،..هتد.

٢- پاشگری (-ین):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەدارشتنی ناوی دارێژراودا کەمەو تەنیا هەندێك ناو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: سەرین،...هتد.

٣- پاشگری (-ار):- پاشگرێکی سستە لەدارشتنی ناوی دارێژراوداو تەنیا چەند ناوێك دادەرێژێ. وەکو: دیوار، لێوار، کەنار،...هتد.

٤- پاشگری (-ەوەر):- ئەم پاشگرە تارادەیەك چالاکە لەدارشتنی ئەو ناوە دارێژراوانەی کەبۆ پۆلێنی گیانلەبەران بەکاردێ. وەکو: پەلەوەر،گیانەوەر،جانەوەر،...هتد.

٥- پاشگری (-ا ):-ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێانی فراوان نییەو تەنیا لەدارشتنی هەندێك ناوێکدا بەکاردەهێنرێ. وەکو: زارا، دارا، کارا،..هتد.

٦- پاشگری (-وین):- پاشگرێکی سستە لەدارشتنی ناوی دارێژراوداو تەنیا چەند ناوێك بەرهەمدەهێنێ. وەکو: سەروین، پەروین، ئاروین،...هتد.

٧- پاشگری (-ە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەدارشتنی ناوی دارێژراودا تارادەیەك فراوانەوهەندێك ناو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: شەکرە،دەسە،ریشە،ئاگرە، گرە، پەنجە، نوکە،حەفتە،...هتد.

٨- پاشگری (-ەر):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی سست بەشداری دارشتنی چەندناوێکی دارێژراو دەکا.وەکو: توێژەر،کۆچەر،سەنگەر،لەنگەر،...هتد.

٩- پاشگری (-ی):- پاشگرێکی سستەو رۆڵی لەدارشتنی ناوی دارێژراودا کەمە. وەکو: کانی،...هتد.

١٠- پاشگری (-گار):- ئەم پاشگرە سستە لەدارشتنی ناوی دارێژراودا،هەروەها ئەوناوانەی دایاندەرێژێ جگەلەناوی مرۆڤ واتای کاتیش دەگەێنن. وەکو: شەوگار،رۆژگار،..هتد.

١١- پاشگری (-ارە):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەدارشتنی چەند ناوێکدا رۆڵدەبینێ،کەواتای کات دەگەێنێ. وەکو: شەوارە،..هتد.

**٢- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی دارشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵناوی سادە + پاشگری وشەدارێژ > ناوی دارێژراوی پیشەیی

ئەم رێگای دارشتن و بەرهەم هێنانی وشەی نوێیە پێی دەوترێ ( back-formation) بریتییە لەوەی کە کۆمەڵێك مۆرفیممان هەن بە وەرگرتنی گیرەکەکان بەشەکانی ئاخاوتنیان دەگۆرن. وەکو لە کارەوە بۆ ناو یان ئاوەڵناو، وەك کاری دەپارێتەوە(beg) > سوالکەر(beggar) ).(Sttageberg, 2000, p130)

٢- ١ ئەو پاشگرانەی واتای پیشە دەگەێنن:

١- پاشگری (-کەر):-پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر ئاوەڵناوی سادەو دایدەرێژێ وناوی دارێژراوی پیشەی لێ بەرهەم دەهێنێ.ئەم پاشگرە واتای کردن وبەجێگەیاندنی کارو کردەوەیەك دەبەخشێ و دەشێ لەبنچینەدا

لەڕەگی کاری کردن (کە) و پاشگری وشەدارێژی (-ەر) پێکهاتبێ. وەکو: تەختکەر، تیژکەر، ڕێکەر، چاککەر، جوانکەر، خۆشکەر، بەرزکەر، پانکەر،...هتد.

٢- پاشگری (-گەر):-پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو لەئێستادا کۆمەڵێك وشەو زاراوەی نوێی پێدارێژراوە. وەکو: نوێگەر، تازەگەر،...هتد.

٢-٢ ئەو پاشگرانەی واتای نابەرجەستەیی (واتایی) دەگەێنن.

١- پاشگری (-ی/-یی):- پاشگرێکی یەکجارچالاکەو دەچێتەسەر زۆربەی ئاوەڵناوە سادەکان و دایاندەڕێژێ و ناوی دارێژراوی واتاییان لێبەرهەمدەهێنێ.وەکو:چاکی،باشی،جوانی،گەرمی،نەرمی،ساردی،سەوزی،زەردی،شینی، ڕەشی، بەرزی، نزمی، پانی، قوڵی، درێژی، کورتی، شیرینی، تاڵی، سوێری، تووڕەیی، هێمنی،...هتد.

٢- پاشگری (-ەتی/یەتی):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ئاوەڵناوی سادە،کەکۆتایان بەدەنگی بزوێنی (ی) هاتووە، ناوی دارێژراوی واتاییان لێبەرهەمدەهێنێ. وەکو:برسیەتی،تینوویەتی،...هتد.

ئەگەر کۆتای ئاوەڵناو پیتە بزوێنی (ی) بوو وەك( برسی،تەژی)،ئەوا ناوە واتاییەکە دەبێتە (برسیەتی، تەژیەتی)، لەبەر زێدە قورسی ناگوترێ (برسییی،تەژییی) (مەسعود محەمەد،٢٠١١،ل٤٣).

٣- پاشگری (-یەتی/ێتی):- ئەم پاشگرە چالاکەو دەچێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی کە بەدەنگی نەبزوێن کۆتاییان هاتووە دایان دەڕێژێ و ناوی دارێژراویان لێبەرهەم دەهێنرێ.

وەك: جوانیەتی، باشیەتی، بەرزیەتی، پانیەتی، نزمیەتی،...هتد.

٤- پاشگری (-ایەتی):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر زۆرێك لە ئاوەڵناوی سادەو دایان دەڕێژێ و ناوی دارێژراویان لێبەرهەم دەهێنرێ.(ئەو وشانەی کەدایان دەڕێژێ پەیوەندی نێوان مرۆڤ ڕادەگەیێنێ) (ڕۆژان نوری عەبدوڵا،٢٠٠٧،ل٤٢) وەکو: کەمایەتی،بەرزایەتی،بڵندایەتی،شینایەتی،ڕەشایەتی،...هتد.

٥- پاشگری (-ایی):- پاشگرێکی چالاکەو ئاوەڵناوی سادە دا دەڕێژێ و ناوی دارێژراوی لێبەرهەم دەهێنرێ. وەکو: بەرزایی، پانایی، قوڵایی، شینایی، سورایی، سپیایی، نزمایی،...هتد. ئەم پاشگرانە (-ایەتی،-ایی) زیاتر لە دارشتنی ڕەنگەکاندا چالاکن.

٦- پاشگری (-ە):- پاشگرێکە چالاکەو لەدارشتنی هەندێك ناوی دارێژراودا ڕۆڵ دەبینێ. وەکو: جوانە، چاکە، خراپە، ناسکە، سەوزە، باشە، ڕەقە، شلە، وشکە،...هتد.

٧- پاشگری (-انە):- پاشگرێکی چالاکەو لەدارشتنی کۆمەڵێك ناوێکی دارێژراودا بەکاردەهێنرێ. وەکو: مۆرانە، پاکانە، هێمنانە، عاقڵانە،...هتد.

٨- پاشگری (-ا):- پاشگرێکی سستە لەدارشتنی چەند ناوێکی دارێژراودا بەکاردێت. وەکو: گەرما، سەرما،...هتد.

٩- پاشگری (-ەوەری):- پاشگرێکی سستە لەدارشتنی چەند ناوێکی دارێژراودا بەکاردێت. وەکو: کوێرەوەری، ...هتد.

٢-٣ ئەو پاشگرانەی واتای بچوککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنن:

١- پاشگری (-كە):- پاشگرێكی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا بەكاردێ. وەكو: ووردكە،...هتد.

٢- پاشگری (-ەك):- پاشگرێكی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا بەكاردێ. وەكو: كورتەك،...هتد.

٣- پاشگری (-ەڵۆكە):- ئەم پاشگرەش بەشێوەیەكی سست لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا ڕۆڵ دەبینی. وەكو: گێژەڵۆكە،...هتد.

٤- پاشگری (-ەژە):- پاشگرێكی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا بەكاردێ. وەكو: تەنگەژە،...هتد.

٥- پاشگری (-ان):- پاشگرێكی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا بەكاردێ. وەكو: گەنجان،...هتد.

٦- پاشگری (-بەند):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا دەردەكەوێ. وەكو: بەنگا، ...هتد.

٧- پاشگری (-ك):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا دەردەكەوێ. وەكو: گەرمك، ...هتد.

٢-٤ ئەو پاشگرانەی واتای شوێن و یاری و خواردەمەنی و ناوی پۆلی دەگەیێنن.

١- پاشگری(-ڵان/ەڵان):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا دەردەكەوێ. كە واتای شوێن دەگەیێنی. وەكو: سەوزەڵان، ڕەقەڵان، نەرمەڵان،...هتد.

٢- پاشگری (-ستان):- پاشگرێكی سستەو لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا بەكاردێ. كەواتای شوێن دەگەیێنێ. وەكو: تاریكستان،پاكستان،...هتد.

٣- پاشگری(-خانە):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا دەردەكەوێ.كەواتای شوێن دەگەیێنی. وەكو: خەستەخانە، ماندوخانە،...هتد.

٤- پاشگری (-ایی):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا دەردەكەوێ.كەواتای شوێن دەگەیێنی. وەكو: تەختایی، بەرزایی،...هتد.

٥- پاشگری(-ۆكە):- بەشێوەیەكی سست بەشداری داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەكات و واتای جیاوازی وەكو بچوككردنەوەو ناوی ڕوەك،...هتد دەگەیێنێ. وەكو:ترشۆكە،...هتد.

٦- پاشگری (-ێنە):- پاشگرێكی كەم بەهەمەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا دەردەكەوێ.كەواتای جیاوازی وەكو خواردەمەنی و ناوی یاری،...هتد دەگەیێنی. وەكو: زەردێنە، سپێنە، ڕەشێنە، خلیسكێنە،...هتد.

٧- پاشگری (-كە):- پاشگرێكی سستەو لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا بەكاردێ. وەكو: ڕەشكە،...هتد.

٨- پاشگری (-ین):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی چەند ناوێكدا دەردەكەوێ. وەكو: نەرمین، كەمین،...هتد.

٩- پاشگری (-ینە):- پاشگرێكی سستەو لەداڕشتنی چەند ناوێكی داڕێژراودا بەكاردێ.كە واتای ڕێژەیی دەگەیێنێ.وەكو: كەمینە، زۆرینە،...هتد.

١٠- پاشگری (-ەمەنی):- بەشێوەیەكی سست بەشداری داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەكات و واتای پۆلی خواردەمەنی دەگەیێنێ. وەكو: ساردەمەنی، مزرەمەنی، شلەمەنی،...هتد.

١١- پاشگری (-ەن):- پاشگرێکی سستە. وەکو: (ڕووتەن،تیژەن)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٥).

١٢- پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستەو لەدارشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ. وەکو: بەرزەك،...هتد.

١٣- پاشگری (-ان):- پاشگرێکی سستە وەکو: (ڕەڤان، نەرمان)( ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٥).

**٣- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەرئاوەڵکاری سادەو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن:** شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵکاری سادە + پاشگری وشەداڕێژ > ناوی داڕێژراو

١-پاشگری (-ار):- پاشگرێکی زۆر سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵکارێکی سادە و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکا. وەکو: بنار،...هتد.

٢- پاشگری (-ین):- پاشگرێکی سستەوچەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: پێشین، پاشین،...هتد.

٣- پاشگری (-بەند):- پاشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەندئاوەڵکارێکی سادە و دایان دەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکا. وەکو: پێشبەند، پاشبەند،ناوبەند،...هتد.

٤- پاشگری (-ینە):- پاشگرێکی سستەوچەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: پێشینە، پاشینە،...هتد.

٥- پاشگری (-ۆك):- پاشگرێکی زۆر سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵکارێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکا و واتای بچوککردنەوە دەگەێنێ. وەکو: بەرۆك،سەرۆك،...هتد.

٦- پاشگری (-ەوا):- پاشگرێکی سستەوچەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: پێشەوا،...هتد.

٧- پاشگری (-کە):- پاشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵکارێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکا،هەروەها واتای بچوککردنەوە دەگەێنێ. وەکو: پێشکە،بنکە،...هتد.

٨- پاشگری (-ەکی):- پاشگرێکی تارادەیەك چالاکەو چەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ،کەواتای بچوککردنەوە دەگەێنێ. وەکو: پێشەکی،پاشەکی،دەرەکی،ناوەکی،...هتد.

٩- پاشگری (-ەچە):- پاشگرێکی سستەوبەشداری چەند ناوێکی داڕێژراو دەکا. وەکو: بنەچە،...هتد.

١٠- پاشگری (-اغە):- پاشگرێکی سستەوبەشداری لە دارشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو دەکا.وەکو: بناغە،...هتد.

١١- پاشگری (-ە):- پاشگرێکی زۆرسستەوتەنیا لەدارشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو ڕۆڵدەبینێ،کەواتای شوێنی مانەوەو حەوانەوەی کەسێك یان شتێك دەگەێنێ.وەکو: بنە،...هتد.

١٢- پاشگری (-ەوان):- پاشگرێکی سستەوبەشداری لە دارشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو دەکا،کەواتای مەنزڵ وسەرچاوەی کەسێك یان شتێ دەگەێنێ.وەکو: بنەوان،...هتد.

١٣- پاشگری (-ڕەو):- پاشگرێکی زۆرسستەوتەنیا لەدارشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو ڕۆڵدەبینێ. واتای سەرپەرشت و سەر مەشق وپێشکەوتنی کەسێك لەکارێکدا دەگەێنێ. وەکو: پێشڕەو،...هتد.

**٤- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن،** شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: ڕەگی کار + پاشگری وشەداڕێژ > ناوی داڕێژراو

شێوازە دارِشتنەکان بەشێوەیەکی گشتی پۆلی وشەی لێکسیمی چاوگ(بنج)ەکە دەگۆڕن، واتە دەکرێ ناوبگۆڕن بۆ کار، یان ئاوەڵناومان دەسکەوێ لە ناوەوە،...هتد. ئەم دۆخانەش زاراوەکانی لە ناوەوە وەرگیراو (denomina) و لەکارەوە وەرگیراو (deverbal) ولە ئاوەڵناوەوە وەرگیراو (deadjectiral)، بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەکار دەهێنرێ) (Haspelmath, 2012, p86) .

٤-١ ئەوپاشگرانەی واتای نا بەرجەستە(واتا) یی دەگەێنن:

ئەو پاشگرانەی دەچنە سە ڕەگی کارو ناوی دارِێژراوی واتایی بەرهەم دەهێنن.(ئەو ناوانەی لەکردارەوە دروست دەبن لەزانستی زماندا بەناوی کرداری ناسراون) ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٤٠).

١- پاشگری (-اری):- پاشگرێکی ناسادەیەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو دروست دەکات. وەکو: ژیاری، ...هتد.

٢- پاشگری (-یاری):- پاشگرێکی ناسادەیەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو دروست دەکات. وەکو: زانیاری، ژمێریاری،...هتد.

٣- پاشگری (- ەواری):- پاشگرێکی ناسادەی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: خوێندەواری،...هتد.

٤- پاشگری (-ایی):- پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو دروست دەکات.وەکو: زانایی، توانایی،بینایی، دانایی،...هتد.

٥- پاشگری (-ایەتی):- پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو دروست دەکات. وەکو: زانایەتی، توانایەتی،...هتد.

٦- پاشگری (-یدە):- پاشگرێکی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: گەڕیدە، ...هتد.

٧- پاشگری (-ێنی):- پاشگرێکی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: خوازبێنی، ...هتد.

٨- پاشگری (-ەنی):- پاشگرێکی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی دارِێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: کردەنی، هاوردەنی، ناردەنی،...هتد.

٤-٢ ئەو پاشگرانەی واتای شوێن دەگەیێنن:

١- پاشگری (-گە):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی دارِێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: فرۆشگە، ڕوانگە،برگە،قرگە،فرگە،لەوەرگە،...هتد.

٢- پاشگری (-گا):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی دارِێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: فرۆشگا، لەوەرگا،...هتد.

٣- پاشگری (-ەن):- پاشگرێکی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو چەند ناوێکی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: (ڕێژەن، سوتەن) ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٨).

٤- پاشگری (-مان):- پاشگرێکی مەودا کورتەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو چەند ناوێکی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: نیشتیمان،...هتد.

٥- پاشگری (-ێن):- پاشگرێکی سستە. وەکو: سورێن،...هتد.

٤-٣ ئەو پاشگرانەی واتای پیشەوکردەو کارا دەگەیێنن:

١- پاشگری (-ار):- پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. کە واتای کردەو چالاکیەك دەگەیێنێ.وەکو: کردار،کوشتار،وتار،...هتد.

٢- پاشگری (-یار):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. کە واتای کردەو چالاکیەك دەگەیێنێ. وەکو: دانیار،زانیار،فرۆشیار، پرسیار، ژەنیار، بڕیار،...هتد.

٣- پاشگری (-ەوە):-پاشگرێکی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو چەند ناوێکی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: کردەوە،...هتد.

٤- پاشگری (-ەر):- پاشگرێکی زۆرچالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. کە واتای کردەو چالاکی وکەرستە،...هتد دەگەیێنێ. وەکو: بڕەر،نوسەر، ڕاخەر، چێنەر، خوێنەر، بینەر، بیسەر، نێرەر، هێنەر، پێوەر،...هتد.

٥- پاشگری (-ەڵۆك):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: (خوازەڵۆك) (ڕۆژان نوری عەبدوڵا،٤١،٢٠٠٧).

٦- پاشگری (-مان):- پاشگرێکی سستەو ناوی واتای پیشە دەگەیێنێ. وەکو: درومان،...هتد.

٧- پاشگری (-ا):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك دەچێتەسەر ڕەگی کار دایاندەڕێژێ و کۆمەڵێك وشەی داڕێژراویان لێبەرهەمدەهێنێ،کەدەکرێ وەکو ناوئاسا بۆ ناولێنانی کەسێك یان شتێك بەکاربهێنرێن، بەڵام لەبنچینەدا ئاوەڵناون. وەکو: زانا، دانا، توانا،...هتد.

٨- پاشگری (-دار):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: دیدار، ...هتد.

٩- پاشگری (-ە):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك دەچێتەسەر ڕەگی کار دایاندەڕێژێ و کۆمەڵێك ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، کە واتای کردەو ڕووداوێك دەگەیێنن. وەکو: گیرە، وتە، لوورە، حەپە، قیڕە، کۆکە، خشە،...هتد.

١٠- پاشگری (-او):- پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو دەچێتەسەر چەندڕەگێکی کارو دایان دەڕێژێ و ناوی داڕێژراویان لێدروست دەکا.کە واتای کردەیەك دەبەخشن. وەکو: دراو،براو، هێنراو،نوسراو،...هتد.

٤-٤ ئەوپاشگرانەی واتای بچوککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنن:

١- پاشگری (-ۆك/ۆكە):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی سست دەچێتەسەر چەند ڕەگێکی کار و دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەمدەهێنێ. وەکو: فڕۆکە، خشۆك، نەزۆك،..هتد.

٢- پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ.وەکو: کوتەك، پەستەك، نوسەك،...هتد.

٣- پاشگری (-کە):- پاشگرێکی زۆر سستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا. وەکو: فڕکە،...هتد.

٤- پاشگری (-ەڵ):- پاشگرێکی سستەوچەند ڕەگێکی کەم وەری دەگرن و ناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنن. وەکو: تەقەڵ، چەقەڵ،...هتد.

٥- پاشگری (-ە):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ.وەکو: گەنە، بەستە،...هتد.

٤- ٥ ئەوپاشگرانەی واتای خواردەمەنی دەگەێنن:

١- پاشگری (-ێنە):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ.کە واتای خواردەمەنی دەگەێنێ. وەکو: ترخێنە،...هتد.

٢- پاشگری (-اك):- پاشگرێکی سستەوچەند ڕەگێکی کەم وەری دەگرن و ناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنن. وەکو: (خۆراك) (تاراعەبدوڵا سەعید،٢٠١٤،ل٣٦).

٣- پاشگری (-ەنی):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی ڕەگی کارو دروستکردنی ناوی داڕێژراودا. وەکو: بەستەنی،...هتد.

٤- ٦ ئەوپاشگرانەی واتای ناوی کەلوپەل وئامێرو شت دەگەێنن:

١- پاشگری (-اك):- پاشگرێکی سستەو بەشداری لەداڕشتنی چەند ڕەگێکی کاردا دەکاو ناوێکی داڕێژراویان لێبەرهەم دەهێنێ. کە واتای کەلوپەل دەگەێنێ. وەکو: پۆشاك،...هتد.

٢- پاشگری (-ەمەنی):- پاشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەندڕەگێکی کارو دایدەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێدروست دەکا.کە واتای پۆلی دەبەخشێ. وەکو: سوتەمەنی،...هتد.

٣- پاشگری (-ندە):- پاشگرێکی سستە.وەکو: کوشندە،...هتد.

٤- پاشگری (-ان):- پاشگرێکی سستەو بەشداری لەداڕشتنی چەند ڕەگێکی کاردا دەکا.وەکو: کوتان،باران،...هتد.

٥- پاشگری (-انە):- پاشگرێکی سستە.وەکو: کێشانە، پێوانە،...هتد.

٦- پاشگری (-نگ):- پاشگرێکی سستە.وەکو: بێژنگ،..هتد.

٧ - پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستە.وەکو: ڕووەك،...هتد.

**٢-١-١-٢-١-٢ ئەوپێشگرانەی دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادەو ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنن. پێکدێن لە:-**

**١ - ئەو پێشگرانەی  دەچنەسەر ناوی سادەو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە:**

**پێشگری وشەدارێژ + ناوی سادە > ناوی دارێژراو**

١- پێشگری (هاو-):- پێشگرێکی زۆر چالاکە و دەچێتەسەر چەند ناوێکی سادەو دایاندەرێژێ و ناوی دارێژراوی لێ دروست دەکا و بەزۆری واتای پێکەوەیی و هەماهەنگی و بەشداری و نزیکی دەگەیێنێ. وەکو: هاوسێ، هاورێ، هاوسەر، هاودەم، هاوغەم، هاوڕاز، هاوناز، هاوڕا، هاودەرد، هاوپیشە، هاوکار، هاوبەش،...هتد.

٢- پێشگری (هام-):- پێشگرێکی سستە لەکودی ناوەڕاتدا،بەلام لە زاری هەرامیدا زۆر چالاکە، هەروەها هەمان واتای پێشگری (هاو-) دەگەیێنێ. وەکو: هامڕاز، هامڕا هامدەرد،...هتد.

٣- پێشگری (دەر-):- پێشگرێکی سستەوتەنیا لە دارشتنی چەند ناوێکی دارێژراودا رۆڵدەبینێ. وەکو: دەرپێ، ...هتد.

**٢- ئەو پێشگرانەی  دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەدارێژ + ئاوەڵناوی سادە > ناوی دارێژراو

١- پێشگری (نەو-):پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ئاوەڵناوی سادە وناوی دارێژراویان لێ  بەرهەم دەهێنێ. وەکو: نەو جەوان،نگڵ (نەوگوڵ)،...هتد.

**٣-  ئەو پێشگرانەی کەدەچنەسەر ئاوەڵکاوی سادەو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەدارێژ + ئاوەڵکاوی سادە > ناوی دارێژراو

١- پێشگرێ (ڕا-):- پێشگرێکی سیستەوچەند ناوێکی دارێژراو دروست دەکا.،کەواتای سەرپەرشت و ڕێنمونی کەرو ئازایی و زانایی کەسێك دەگەیێنێ. وەکو: ڕابەر...هتد.

٢- پێشگرێ (ڕێ-):- پێشگرێکی بێبەرهەمەو تەنیا چەند ناوێکی دارێژراو دروست دەکا. وەکو: ڕێبەر، ڕێکار، ڕێدار، ڕێباز،...هتد.

**٤-  ئەو پێشگرانەی  دەچنەسەر ڕەگی کارو ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەدارێژ +ڕەگی کار > ناوی دارێژراو

ئەو واتایانەی کە بەهۆی دارشتنەوە بەرهەم دەهێنرێن زۆر زیاترو هەمەجۆرن وەك لەبەها ڕێزمانییەکان،لەپاڵ ئەوەشدا چەندین واتای ڕێزمانی بەربلاو هەیە، وەکو ناوی بکەری (agent noun) وەکو (drink)کە کارە بەهۆی پاشگری  (er)دەبێت بەناو(drinker) شلەمەنی خۆر، یان دەبێت بە ناوی واتایی، وەکو مهرەبان (kind) دەبێت بە مهرەبانی (kind ness)  (Haspelmath, 2o12, p86).

١- پێشگری (ڕا-):- پێشگرێکی تارادەیەك چالاکەو بەشداری لە دارشتنی کۆمەڵێك ڕەگی کار دەکاو ناوی دارێژراویان لێبەرهەمدەهێنێ،هەروەها واتای سەرپەرشت و بەرێوبردن وەستاوی وبەهێزیو...هتد دەبەخشێ. ئەم پێشگرە لەزۆربەی وشەکاندا واتای ڕێی هەیە، دەگونجێ لەبنچنەدا لەوشەی (ڕا) ی زاری هەورامییەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە بە واتای ڕێ دێ. وەکو: ڕاگر، ڕاسپێر، ڕاگیر، ڕامێن،...هتد.

٢- پێشگری (ڕێ-):- پێشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ، ئەم پێشگرە لە زۆربەی وشەکاندا واتای ڕێ دەگەیێنێ، دەگونجێ لە بنچنەدا لەوشەی (ڕێ) وە سەرچاوەی گرتبێ. دەبەخشێ.وەکو: ڕێبین، ڕێناس، ڕێبوار، ڕێکار، ڕێزان، ڕێگر، ...هتد.

٣- پێشگری (پێ-):- ئەم پێگرە بەشێوەیەکی کەم چالاك بەشداری دارشتنی ناوی داڕێژراو دەکا. وەکو: پێویست، پێخور، پێنوس، پێزان، پێبین، پێخەف، پێکەوت،...هتد.

٤- پێشگری (هەڵ-):-پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ڕەگی کارو دایان دەڕێژێ وناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. ئەم پێشگرە دەکرێ ڕۆڵی چالاك ببینێ لەداڕشتنی کۆمەڵێك ناوی تازەدا. وەکو: هەڵکەوت، هەڵخەر، هەڵدەر، هەڵگیر، هەڵگێڕ،...هتد.

٥- پێشگری (لێ-):- پێشگرێکی بەرهەمدارەو ڕۆڵی داڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو دەبینێ. وەکو: لێزان،...هتد.

٦- پێشگری (وەر-):- پێشگرێکی کەم بەرهەمەو لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵ دەبینێ، زۆرتر واتای هەڵگێڕانەوەو پێچەوانەکردنەوە دەبوخشێ. وەکو: وەرگێڕ،...هتد.

٧- پێشگری (دا-):- ئەم پێشگرە بەشێوەیەکی سست بەشداری داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەکا، زیاتر واتای داواتر یان ئایندەو...هتد، دەگەیێنێ. وەکو: داهات، داهێن،...هتد.

٨- پێشگری (نە-):- پێشگرێکی کەمبەرهەمەولەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: نەبەز،... هتد.

**٢-١-١-٢-١-٣ ئەو پێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن:**

١- پێشگری (تێ-) + ڕەگی ڕانەبردوو + پاشگر(-ەر) > ناوی داڕێژراو وەکو: تێبینەر،...هتد.

٢- پێشگری (ڕا-) + ڕەگی ڕانەبردوو + پاشگر(-ەر) > ناوی داڕێژراو وەکو: ڕاهێنەر،...هتد.

٣- پێشگری (دا-) + ڕەگی ڕانەبردوو + پاشگر(-ەر)> ناوی داڕێژراو وەکو: داهێنەر،...هتد.

٤- پێشگری (یاری-) + ئەسپێکت (دە-) + ڕەگی ڕانەبردوو + پاشگر(-ەر) > ناوی داڕێژراو وەکو: یاریدەدەر،...هتد.

٥- پێشگری (دا-) +ڕەگی ڕابردوو + پاشگری (-ن) > ناوی داڕێژراو وەکو: دابەستن،...هتد.

٦- ئەسپێکتی (نە-) +ڕەگی ڕابردوو + پاشگری (-ەواری) > ناوی داڕێژراو وەکو: نەخوێندەواری،...هتد.

٧- پێشگری (لێ-) + ڕەگی ڕانەبردوو + پاشگری (-ەر) > ناوی داڕێژراو وەکو: لێنەر،..هتد.

**٢-١-١-٢-٢ ناوی لێکدراو**

بریتییە لەو ناوەی کە لە دوو مۆڕفیمی سەربەخۆی واتادار یان مۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادارو بنکەیەك یان زیاتر پێکهاتووە. (بریتییە لە دوو مۆڕفیمی سەربەخۆ بەشێوەیەکی ئاسایی. وەکو خانووی پلاستیکی (green house) ، لێکدان (com poundhng) بریتییە لەیەکگرتنی دوو وشە یان زیاتر بۆ دروستکردنی وشەیەکی تازە. وشە لێکدراوەکان دەکرێ وەك یەك وشە بنوسرێن یان داش (-) بخرێتە نێوانیان یان وەك دوو

وشەی سەربەخۆ یان زیاتر بنوسرێن ).(Sttageberg, 2000, p128) کەدەکرێ بەهۆی مۆڕفیمی خستنە سەرو لێکدانەوە بەیەکەوە بەسترابن یاخود ڕاستەوخۆ بێ مۆڕفیمی خستنەسەر لێکدرابن. چەمکی لێکدان یان لێکدراو(بەشێوەیەکی بەرفراوان لە لێکۆڵینەوە وەسفیە زمانەوانیەکاندا بەکاردێ، کەپێکدێ لە دوو مۆڕفیمی ئازاد یان زیاتر وەك ناوی لێکدراو) .(Crystal, 2008, p96) هەروەها هەندێکجار مۆڕفیمە سەربەخۆکان یان بنکەکان ناسادەن و بەهۆی گیرەکەکانەوە فراوان کراون. (وشەلێکدراوەکان دابەشدەکرێن بۆ چەند جۆرێك بەگوێرەی پەیوەندی سیمانتکی و ڕێزمانی نێوان ئەو بەشانەی کە وشە لێکدراوەکانیان پێکهێناوە،کەسێ جۆر پەیوەندی دەردەخەن، یەکەم: لێکدراوی وەسفی (attributive compound)، لەم جۆرەدا ناوەدیاخراوەکە (سەرە) وەکو (modifier)وەسفکەری دیارخەرەکە ئەرك دەبینێ. وەکو ئاشی با (Wind mill)، دووەم: لێکدراوی هەماهەنگی (coordinative compound)لەم جۆرەیاندا یەکەم بەشی وشە لێکدراوەکە وەسفی دووەم بەش ناکات، بەڵکو هەردوو وشەکە هەمان ئەرکیان هەیەو یەکسانن. وەکو بەڕێوبەروبەرهەمهێنەر(producer-directer)، کە هەردوو وشەکە دەبنە دیارخراو. سێیەم: لێکدراوی پاشکۆ (subordinative compound) لەم جۆرەیاندا یەکێك لە وشەکان وەکو (argument) کەرستەی ئەوی تریان تەماشا دەکرێ، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە وشەیەکیان کاربێت یان لە کارەوە وەرگیرابێت. وەکو لێخوڕی لۆری (truck driver)، کە وشەی یەکەمی لێکدراوەکە (لۆری) وەك بەرکاری کارەکە دادەنرێ).(Liber, 2012, p47)

**یاساکانی داڕشتنی ناوی لێکدراو:**

**١-٢ ناو + ناو > ناوی لێکدراو**

١- ناو + ناو:- ئەم یاسای بەرهەمهێنانی ناوی لێکدراوە زۆر چالاکەو بەهۆیەوە دەتوانرێ کۆمەڵێکی زۆر ناوی لێکدراو بەرهەمبهێنرێ،بەبێ مۆڕفیمی خستنەسەر،هەروەها واتاکەیا لە واتای بناغەکانەوە سەرچاوەدەگرێ،بەڵام تاڕادەیەك چووە بەناو یەکدا،ئەمەش وادەکات هەندێ کات بەئاسانی واتاکیان پێشبینی نەکرێ،یان لەواتای بناغەکەیانەوە پێشبینی نەکرێ. وەکو: گوڵباخ،شووبرا،ژنبرا،دارگوێز،دارهەنار،شوێنپێ، شوێنکار، ماستاو، قوڕاو، گوڵاو،هەناراو، شانام، شاسوار، شاهەنگ، براژن، ژن برا، بەفراو،دەگا شێخان، گوێچکە ماسی، جگەرخوێن، گەڵباخ، گەڵامێو، سەیدسادق،...هتد.هەروەها دەشێ ناوی بناغەی دووەم (هەندێکجار لەڕووی فۆڕمەوە داڕێژرابێ،بەشێوەی: ناو +ناوی بەرکاری داڕێژراو وەکو: چاو بەزیو،دۆبڕاو،..هتد) (شاخەوان جەلال فەرەج،٢٠٠٦،ل٣٩).

٢- ناو + ( -ە- ) + ناو:- یاسایەکی زۆرچالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،دەکرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێك ناوی لێکدراو بەرهەمبهێنرێ.هەروەها ئەم ناوانە، بەزۆری ناوی دووەم، داڕێژراوە،ئەم ناوانە واتاکەیان شێوەیەکی یەککرتووی هەیەو تاڕادەیەك چون بەناویەکدا،کەهەندێجاربەهۆی سوانەوە واتاکەیان بەئاسانی پێشبینی ناکرێ و لەواتای بناغەکان دووردەکەوێتەوە. وەکو: بەردە نوێژ، گوڵەباخ،گوڵەگەنم،مانگەشەو،تاشەبەرد،شەڕە بەرد، شەڕە ئاو،

شەکرە سێو، گوڵە ڕووتە، گوڵە سوورە، گوڵەزەردە، حەوزە لارە، کلکەڕێوی، زمانە بچکۆلە، زمانەڕووشە، ئاوە تەماتە، ڕبەهەنار، گردە گرە،گردەنازێ، کۆکەڕەشە، تەپەنۆژانە،...هتد.

٣- ناو + ( -و- ) + ناو:- یاسایەکی زۆرچالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،دەکرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێك ناوی لێکدراو بەرهەمبهێنرێ،کەبەئاسانی واتاکەیان پێشبینی دەکرێ و بریتی دەبێ لەکۆی واتای هەردوو بناغەکە. وەکو: کەش وکێو، دەشتوکێو، دایك وباوك،خوشك وبرا،ژنوپیاو،کوڕوکچ، خاکوخۆڵ، بوکوزاوا، بوکوخەسو، ژن ومێرد، داروبەرد،شەکروچا،ئاو وهەوا، نێرومێ، دەموچاو، هێلکەوڕۆن، سەرومل ،شان ومل،دەدەستوپێ،...هتد.

٤- ناو + ( -ی- ) + ناو:- یاسایەکی زۆرچالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتای بناغەی یەکەم زیاتر دەکەوتووترە، چونکە بناغەی دووەم ڕۆڵی دەرخستنی ناوی یەکەم دەدات،کە ئەرکی سەرە دەبینێ،واتاکەیان بەکەمی لەواتای بناغەکان دووردەکەوێتەوە،لەبەرئەوەی بەکەمی بەناویەکدا دەچن و توشی سوان دەبن.وەکو: جۆگەی شێخ، گردی قازی، شیعری ئازاد، داری ئازادی،باخچەی ساوایان، باخچەی ئاژەڵان،کارەبای نیشتمانی، ئاوی ماڵان، ئاوی باران، ئاوی سەربان، پردی زەڵم، گردی گۆ، بانی شار، برای شیری،...هتد.

٥- ناو + ( -بە- ) + ناو:- ڕێگەیەکی تاڕادەیەك چالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان تاڕادەیەك دەچێ بەناو یەکداو واتای تازە بەرهەمدێنێ. وەکو: کولێرەبە ڕۆن، کولێرەبەقیمە، کاربەدەست، قوڕبەسەر،دەست بەجێ،...هتد

٦- ناو + ( -لە- ) + ناو:- ڕێگەیەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان تاڕادەیەك دەچێ بەناو یەکداو واتای تازە بەرهەم دێنێ، کەهەندێکجار واتای ئیدیەم دروست دەکا. وەکو: ئەلقە لەگوێ، چاوەڕێ (چاولەڕێ)،چاولەدەست،..هتد.

٧- ناو + ( -ەو- ) + ناو:- ڕێگەیەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان تاڕادەیەك دەچێ بەناو یەکدا. وەکو: (دەستەوئەژنۆ، دەمەونخون ) (ئاواز حەمەسدیق،١٩٩٦،ل٩).

٨- ناو + ( -تا- ) + ناو:- ڕێگەیەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان لەواتای کەرتەکان دوورناکەوێتەوە، هەروەها ناوەلێکدراوەکە واتای کات وشوێن و...هتددەگەێنێ. وەکو: شەو تا بەیان، بەیانی تا نیوەڕۆ، ڕۆژ تا ئێوارە، سەر تا پا، سەر تاپێ،...هتد.

٢- ٢ ناو +ئاوەڵناو> ناوی لێکدراو

١- ناو + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی چالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا، هەروەها ئەو وشانەی وەکو ناو بەکاردێن لە بنچینەدا ئاوەڵناوی لێکدراون و دەشێ ناویان لێ بنرێ ناو ئاسا.ئەم ناوەلێکدراوانە دەشێپێیان بوترێ لە ئاوەڵناو وەرگیراو (Deadjectival) (چەمکێکە لە ڕێزماندا بەکاردێ بۆ باسکردنی بەشێك کە لەبنەڕەتدا لە ئاوەڵناوەوە هاتووە، بەڵام بە چەند شێوەیەکی تر لە ڕستەدا بەکاردێ) (Crystal,2008,p114). وەکو: ڕووپاك، دڵشاد، ڕووخۆش، ڕووگەش، دڵپاك،...هد.

٢- ناو +(ە-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی لەواتای بناغەکانەوە پێشبینی دەکرێ و زۆرترواتای شوێن دەدات. (ئەو وشانەن کە لەمۆرفیمێك زیاتر پێکدێن. وەکو وشەی (blackboard) تەختەڕەش ).(Lieber, 2012 ,p3 ) هەروەها وشەکانی وەکو: کێلەسپی، ملەکەوە (ملەشین)، مێرگەسور، بەردە ڕەش، کێوەڕەش،...هتد.

٣- ناو +(ی-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا، واتاکەی لەواتای بناغەی وشەکان کەم دوور دەکەوێتەوە.وەکو: میری سور،...هتد.

**٣-٢ ئاوەڵناو + ناو > ناوی لێکدراو**

١- ئاوەڵناو + ناو:- ڕێگایەکی چالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی لەواتای بناغەکانەوە پێشبینی دەکرێ و زۆرتر واتای شوێن و شت دەدات. وەك: سورهەراڵە، ڕەشمار، خڕنوك، چڕنوك،ڕەشماڵ،خۆشناو، کەوەمار، ڕەشمار، سوراو، سپیاو، زەرداو، سورپیاز، تازە دێ، سەردار، سەرچڵ، گەڕاو،...هتد

٢- ئاوەڵناو +(ە-) + ناو:- ڕێگایەکی چالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی لەواتای بناغەکانەوە پێشبینی دەکرێ و زۆرترواتای شوێن و شت دەدات.وەك:سورەهەراڵە، تەڕەپیاز،زەردەمار،ڕەشەبا،شۆڕەبی،پیرەژن،پیرەمێرد، دەیمەجۆ، جوانەگا،سورەسێو،دوورە دەس، کەم دەس،...هتد.

٣-ئاوەڵناو +(و-) + ناو:- ڕێگایەکی زۆرسستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: خاو وخێزان،گەنوگۆ،...هتد

٤- ئاوەڵناو +(ە-) + ئاوەڵکاو:- ڕێگایەکی زۆر سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: کەلەبەر،...هتد.

**٤-٢ ناو + ڕەگی کار > ناوی لێکدراو**

١-ناو + ڕەگی کار :- ڕێگایەکی یەکجارچالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا، واتاکەی تاڕادەیەك لەواتای بناغەکانەوە دەزانرێ،چونکە ڕەگی کارەکان هەندێکجار واتای جیاواز بەپێی ئەوناوەی پێوەی دەلکێن، دەگەێنن. هەروەها زۆرتر واتای ناوی کەس و شوێن و شت دەدات. ئەم ناوانە دەشێ پێیان بوترێ لەکار وەرگیراو، چونکە لەبنچینەدا لەکارەوە بەرهەم هێنراون. وەکو: وتارخوێن، وتاربێژ، وانەبێژ، وتەبێژ، کڵاش چن، بەفرماڵ، پەیامنێر،قسەزان، دارتاش، کۆڵبەر، پێڵاودوور، بەرگدوور،ئاودێر، ماسی فرۆش، دەسچن، دەسکێش، چاوبەس، ماسیگر،کتێبفرۆش، پیلانگێڕ، زمانزان، دەروونزان، دەروونناس، قاوەگرەوە، گوێزشکێن،...هتد.

٢- ناو + ( -و-) +ڕەگی کار:- ڕێگایەکی بێ بەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: دەس وبرد،...هتد.

٣- ناو + مۆرفیمی نەرێ (نە) +ڕەگی کار:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: خوانەناس، کەسنەزان،...هتد.

٤- ناو + (ە-)+ڕەگی کار:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: بزنەمژە،شیرەخۆرە، هەڵیزەدرە/ هەڵیزەوەرە (مەشکەخۆر)،...هتد.

**٥-٢ ڕەگی کار + ناو> ناوی لێکدراو**

١- ڕەگی کار + ناو:- ڕێگایەکی کەمبەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: خوێندکار،...هتد.

٢- ڕەگی کار +(-و-) + ناو:-ئەم یاسایە سستەو تەنیا چەند ناوێکی کەمی پێ دروست دەکرێ. وەکو: هاتوهاوار،..هتد.

**٢-٦ ڕەگی کار + ڕەگی کار> ناوی لێکدراو**

ڕەگی کار + (-و-) + ڕەگی کار:-ئەم یاسایە چەند ناوێکی کەمی لێ بەرهەمدەهێنرێ. وەکو: هاتو چۆ،ترسولەرز، هەڵسوکەوت،...هتد.

**٢-٧ ئاوەڵکار + ڕەگی کار> ناوی لێکدراو**

١- ئاوەڵکار + ڕەگی کار: ئەم یاسایە کەمبەرهە لە دارشتنی چەند ناوێکی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: سەر کەوت، پێشکەوت، ڕێککەوت،پێشهات،پێشبین، بەرچن، وەرچن،...هتد.

٢- ئاوەڵکار + (-ە-)+ڕەگی کار:- ڕێگایەکی سستە لەدارشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: پاشەکەوت،...هتد.

**٢-٨ ئاوەڵکار + ناو > ناوی لێکدراو**

١- ئاوەڵکار + ناو:- ئەم یاسایە چالاکە و لە دارشتنی کۆمەڵێك ناوێکی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: پێشنوێژ، پارشێو، بەرنوێژ، دوارۆژ، ژێر پیالە، ژێرکراس، ژێر زەوی، سەرجل، بنباڵ،ژێر دەریا، سەرخێڵ، بەرنامە، سەرمایە، بەربانگ، پێشوەخت، پێشکار، سەرئاو،سەراو، دەرماڵە، بەرماڵ،...هتد.

٢- ئاوەڵکار + (-ە-)+ناو:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمەو لەدارشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: پاشەڕۆژ، پاشە ملە، نیوەشەو، نیوەڕۆ،...هتد.

٣- ئاوەڵناو + (-بە-) + ناو:- ڕێگایەکی سستە لەدارشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: پڕبەدڵ،...هتد.

**٢-٩ ناو + چاوگ > ناوی لێکدراو**

ناو + چاوگ:- ئەم یاسایە چالاکە و لە دارشتنی کۆمەڵە ناوێکی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ.وەکو: باران بارین، جگەرەکێشان، نان خواردن،بەفربارین،...هتد.

**٢-١٠ ڕەگی کار + وشەیەکی بێواتا > ناوی لێکدراو**

ڕەگی کار+ وشەیەکی بێواتا:- ڕێگایەکی سستە لەدارشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو:(کوڵ،کۆ) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤،ل١٤٤).

**٢-١١ ناو + وشەیەکی بێواتا > ناوی لێکدراو**

١- ناو + کەرتی بێواتا:- ئەم ڕێگایە چالاکە و لە دارشتنی کۆمەڵێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. ئەم پرۆسەی بەرهەم هێنانە پێی دەوترێ دوو ئەوەندەکردن ((Redaplication) بریتییە لە دوو ئەوەندەکردنی مۆرفیمێك بە گۆڕانکاری کردن لە پیتەبزوێنەکەیدا یان سەرەتای پیتە نەبزوێنەکەیدا) (Sttageberg, 2000, p134). وەکو: قەرزوقۆڵ، گوڵومول، تەلومەل، ترێ ومرێ، شاخ و داخ، ئاوماو، کانی ومانی، دارومار، ڤیژو ڤاژ، هەراو هوریا، بەزمو ڕەزم،...هتد.

٢- كەرتی بێواتا + ناو:- ئەم ڕێگایەکەم بەرهەمە و لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: گژوگیا، غەل و غەش،...هتد.

**١٢-٢ دووبارەکردنەوەی هەمان ناو > ناوی لێکدراو**

دوو ئەوەندەکردن یان داڕشتنی وشە بە دووبارەکردنەوەی بڕگەیەك (Reduplication) باوترین پرۆسەی مۆرفۆلۆژییە، کە تایدا بەشێکی چاوگەکە یان هەموو چاوگەکە کۆپی دەکرێو دەلکێنرێ بە چاوگەکەوە (جا پێشی کەوێ یان بە دوایدا بێ).(Haspel math, 2012, p38)

١- ناو+ ناو:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: لاولاو،نازناز،قەراقەرا،هەراهەرا،...هتد.

٢- ناو+ ە + ناو:- لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵ دەبینێ. وەکو: دەمەدەم، دەنگەدەنگ،... هتد.

٣- ناو + بە + ناو:- ئەم ڕێگایە لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ،تاڕادەیەك چالاکە. وەکو: ماڵ بەماڵ، دەس بەدەس، هەنگاو بەهەنگاو، پێ بەپێ، کۆڵان بەکۆڵان، شار بەشار، دێ بەدێ،...هتد.

**٢- ١٣ ژمارە + ژمارە > ناوی لێکدراو**

ژمار ە+ بە +ژمارە:- ئەم ڕێگایە تاڕادەیەك چالاکەو لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: دوو بەدوو، سێ بەسێ، دوو بەسێ، سێ بەچوار،...هتد.

**١٤-٢ ژمارە + ناو > ناوی لێکدراو**

ژمارە + ناو:- ئەم ڕێگایە چالاکە ولە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: هەزارپێ، چوارچرا، چوارپێ، دووپێ، سێ گۆشە، دووڕوو، دووسەر، دووزمان، دووشەممە، نۆڕیز، دوانزەگرێ،...هتد.

**١٥-٢ دووبارەکردنەوەی هەمان ڕەگ > ناوی لێکدراو**

ڕەگی کار+ ە + ڕەگی کار:- ئەم ڕێگایە تاڕادەیەك چالاکەو لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: قرچە قرچ، ناڵەناڵ، بارەباڕ، لورەلور، جوکەجوك، حەپەحەپ،...هتد.

١٦- چەند کۆنجێکشنێکی (ئامڕاز) دیکە هەیە، کە بەشداری ڕۆنانی ناوی لێکدراودا دەکەن. وەك (او، تێ، لە، ان، نە) (ڕۆژان نوری عەبدوڵا،٢٠٠٧، ل١٧٠).وەکو: چاوتێبڕین، دەست تێخستن،...هتد.

## ٢-٢ پۆلی ئاوەڵناو

ئاوەڵناو بریتیە لەو مۆرفیمە سەر بەخۆیەی کە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و چۆنیەتی و خاسیەت و سیفەت و قەبارەو ڕێژەو ژمارەو بارستای و نیشانەو...هتد، ناو یان جێناو یان ناو ئاسایەك دەردەخات و دەبێتە دیارخەری.یان بریتییە لە (وەسفکردن یان پێدانی زانیاری دەربارەی ناو یان جێناو) ( Sttageberg , 2000, p171). (واتای لەبە ئەوە ئاوەڵناو بۆ دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤە بەرامبەر شتەکانی دەورو بەری. (واتای چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیێنێ. ئاوەڵناو لەسروشتیدا دیارخەری خاسیەتی ناوە. خاوەنی خاسیەتێکی

تایبـەتی خۆیـەتی کـە ئـەویش بـوونی پلەیـە. ئاوەڵنـاو بـەپێی سروشـتی سـەربەخۆی تـەواوی نیـەو هەمیشـە مەبەستی ناو نیشان دەدات کە لەگەڵیدا هاوەڵە) ( ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٠٩-١١٥).

ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتەوە جیاوازی لەگەڵ ناودا نیە، بەڵام دەکرێ لەڕووی واتاوە بناسرێتەوە بـەوەی کەبەگشتی ڕۆڵی دەرخستنی ناو دەبینێ و زانیاری زیاترو ووردتر دەربارەی دەخاتـەڕوو و دەیناسێنێ. بـەڵام کاتێك وەکوناو ئاسا بەکاردێ، ئەوا تایبەتمەندیـەکانی ئاوەڵنـاو وەکو ئـەرکی دیارخـەری و وشـەیەکی وەسفکەر لەدەست دەدات و ئەرکی دیارخراو دەبینێ.

ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە بۆ دەربڕینی یـەکێك لـەو ناوچـە بیرانـە دێ کـە ئاسایی بـەهۆی ئاوەڵنـاوەوە دەردەبـڕدرێ. وەك: ڕەنگ، تایبـەتی، شـت، بارسـتای، تایبـەتی کەسـی، خێرای،تەمەن،بەها.(محەمـەد مـەعرووف فـەتاح،٢٠١٠،ل٢٠١-٢١٠).

ئاوەڵناو مانای ڕێزمانی چۆنیەتی شت نیشان دەدات، نەك واتای خودی شتەکە. واتا ئاوەڵنـاو هەمیشـە خاسـیەت و چۆنیەتی شت دەردەخا.( ئەورەحمانی حاجی مـارف، ٢٠١٤، ل٢٨). بـەڵام کاتێك ئاوەڵنـاو وەکو ناوئاسا بـەکاردێ و ئەرکی ناو دەبینێ خاسیەتەکانی ئاوەڵناو لەدەست دەدات و ئـەرکی دیـارخراو دەبینـێ و کەرەسـتەکانی تـر دەبنـە دیارخەری. وەکو: (٢٠) ئازاد جوان دەنوسێ. (٢١)جوان قوتابیەکی زیرەکە.

لەڕستەی یەکەمـدا (جـوان) ئاوەڵنـاوە و ئـەرکی دیارخـەر دەبینـێ. بـەڵام لەڕسـتەی دووەمـدا نـاو ئاسایەو ئـەرکی دیارخراو دەبینێ.

سروشتی ڕێزمانی حاڵەتی ناسیاوی و نەناسیاوی و ژمارە...ی ئاوەڵناو و ناو زۆر لەیـەکتر جیـاوازن. ئەگـەر لـەناودا جیاوازی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ...دا جیاوازی خودی شـتەکان و پێوەنـدیان ببیـنن. ئـەوا حاڵـەتی ناسـیاوی و نەناسـیاوی و کۆ...لـە ئاوەڵنـاودا سـەربەخۆی ڕێزمانییـان نییـەو سـەرتاپا لـەژێر ڕکێفـی نـاودان و خـاوەنی واتـای خۆیان نین، بەڵام ئاوەڵناو خاوەنی خاسیەتێکی تایبەتی خۆیەتی، کـە ئـەویش بـوونی پلەیە.(ئـەورەحمانی حـاجی مارف،٢٠١٤،ل٣٠-٣١).

دەکرێ ئاوەڵناو لەناو یان بەشە ئاخاوتنەکانی تـر جیـا بکرێتـەوە بـەهۆی هەنـدێك پێشگرو پاشگرەوە، کـە تـەنیا بەشداری لەداڕشتنی ئاوەڵناودا دەکەن. وەکو پاشگری (ن) کـە تـەنیا ئاوەڵنـاوی داڕێـژراو بەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: ورگن، چڵکن،...هتد.

### ٢-٢-١ پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە

١- ئاوەڵنـاوی چۆنیەتی: ئـەم جـۆرە ئاوەڵنـاوە چۆنیـەتی نـاو دەردەخـات، کەدەشـێ ئاوەڵناوەکـە چـۆنیەتی ناوەکـە لـەڕووی ڕەنگـەوە ڕوون بکاتـەوە. وەکـو: سوور،سپی،زەرد،شـین،...هتد، یـان لـەڕووی بارسـتای و قـەبارەوە وەکـو: درێـژ، کـورت، بـەرز، نـزم، قەڵـەو،پان، قەوی،...هتـد، (یـان خاسـیەت ڕادەگـەیێنن وەکـو: تـرش، سـوێر، گـەرم، قورس،پتەو،...هتد. یان جۆری سیفەت دەردەبڕن وەکو: ڕەزیل،ڕووخۆش،...هتد، یان دەوروبـەر دەردەبـڕن وەکو: ڕاست،چەپ،...هتد) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١١٩-١٢٠).

ئاوەڵناوی چۆنیەتی زۆربەیان توانای وەرگرتنی مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی بەراوردو باڵا (تر،ترین)ی هەیە، وەکو: چاکتر-چاکترین، جوانتر-جوانترین،...هتد. هەروەها دەتوانن ئەرکی ئاوەڵکار ببینن وەکو: هەورامان بەدرێژای ڕۆژ وانە دەخوێنێ، هەورامان گۆشت کەم دەخوات. دەبینین وشەکانی (درێژ،کەم) وەکو ئاوەڵکار بەکار هاتوون. هەروەها بەهۆی هەندێ مۆرفیمی وشەدارێژەوە دەبن بەناو، وەك (ی،ایەتی،ایی،...هتد).بەڵام ئاوەڵناوەکانی ڕەنگ (بەواتای ڕەنگ ئاوەڵکاریان لێدروست ناکرێ بەیاریدەو بێ یاریدە )( محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠،ل٣١٤).

٢- ئاوەڵناوی نسبی(ڕێژەیی):- بریتیە لەو وشەیەی کەیەلایەنی کەمەوە لەمۆرفیمێکی سەربەخۆو گیرەکێك یان زیاتر پێکهاتووە، کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە واتای ڕێژەیی ناوێك ناوئاسایێك دەکا. ئەم وەسفکردنە شێوەیەکی گشتی ونادیاری لەخۆگرتووە،کەلەکاتی دەرکەوتنی دیارخراودا واتاکەی ڕوون دەبێتەوە. ئەم جۆرە ئاوەڵناوە (ڕاستەوخۆ دەلالەتی شتێك ڕاناگەیێنێ،بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندی بەشتی دییەوە واتا دەدات. واتە بەهۆی پەیوەندی بەدیاردە یان ڕووداوێکەوە دەردەکەوێ.هەروەها ئاوەڵناوی نسبی لەڕووی پێکهاتنەوە تێکڕا ناسادەیە. هەرچی ئاوەڵناوی چۆنیەتییە بەزۆری سادەیە) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٥-١٢٦). بەشێوەیەکی گشتی ئەوپاشگروپێشگرانەی کەدەچنەسەر بەشە ئاخاوتنەکانی ترو ئاوەڵناوی نسبی بەرهەم دەهێنن بریتین لە (-انە،-ی،-ین،-ەکی،-ە) وەکو: شێرانە، کوڕانە...، هەورامانی، هەڵەبجەیی...، بەفرین، ئاگرین، شەرمین...، دەشتەکی، خێڵەکی...، هاوینە، پایزە، زستانە...،...هتد.

لەزمانی کوردیدا هەرناوێك تاکبێ یان کۆ ئەگەر لەدۆخی ئیزافەدا دەوری دیارخەر ببینێ،ئەوە ئەرکی ئاوەڵناوی نسبی بەجێ دەهێنێ و دەتوانێ واتای پەیوەندی بەکەسێکەوە نیشان بدات. وەکو (شیری دایك، باخچەی منالان...، یان مانای پەیوەندی بەڕووداوێکەوە دەربڕێ وەکو: داسی دروێنە، دەرزی دروومان...، یان پەیوەنی بەکات و شوێنەوە ڕابگەیێنێ، وەکو: بارانی بەهار، چیای کوردستان...، یان پەیوەندی بەواتای تەجریدەوە بخاتەڕوو، وەکو: دوکانی هەلاجی،هێزی برایەتی...،هتد ) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٧ ). ئاوەڵناوی نسبی زۆرجار مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی بەراوردو باڵا وەرناگرێ. وەکو:*خێڵەکیتر، *زستانەتر، *بەفرینتر،...هتد.

**٣- ئاوەڵناوی نیشانە**

ئەم جۆرەی ئاوەڵناو وەسفی ئاوەڵناوەکە دەکات، بەوەی کە دەستنیشانی لایەنی دوورونزیکی وناسراوی و تاکو کۆی ناو یان ناوئاساکە دەکاو دەبێتە دیارخەری ناوەکە. ئاوەڵناوی نیشانە لەڕووی پێکهاتنەوە دەشێ سادە یان دارێژراو بێ، بەوەی کەمۆرفیمی ڕێزمانی کۆ(ان) ی لەگەڵبێ. هەروەها دابەش دەبێ بۆ دووبەش، کەبەشێوەی پێشگرو پاشگر بەهەردوولای ناوەکەوە دەلکێ. وەکو: ئەم هەورامانە،ئەوگولانە،ئەوکوڕە،ئەودارانە،...هتد. ئاوەڵناوی نیشانە (دەسنیشانی ناوی کەسێك یان شتێك لەڕستەدا دەکا) (نەریمان عەبدوڵاخۆشناو،٢٠١٣، ل٥٤).

**٤- ئاوەڵناوی نادیاری**

بریتییە لەو مۆرفیمە سەربەخۆیانەی کە وەسفێکی نادیار دەدەنە پاڵ ناو ودەبنە دیاخەری ناوەکە، کەبەهۆی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) ەوە پێکەوە دەبەسترێن.یان بریتین لەو ئاوەڵناوانەی کە (دەلالەت لەسەرشتێکی دیاریکراو ناکات) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٩ ).

ئاوەڵناوی نادیار پۆلێندەکرێ بۆ:

١- ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە:- بریتییە لەو وشانەی کە وەسفی ناو دەکەن،بەوەی کە لەکاتی بەراوردکردندا جیای دەکەنەوە لەتایبەتیەتی کەسێك یان شتێك یان چەند شتێك،کە واتای زیاتری ڕادەی خاسیەت وسیفەتی کەسێك یان شتێك کە ئاماژەی پیدراوە (دیارخراو)، لەڕووی زیادوکەمی و باشی وخراپی و پێش وپاش،...هتد بەباری ئەرێنیبێ یان نەرێنی دەگەیێنێ. واتە ناساندنی ناوەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی ئاماژەکردن بەخاسیەتەکانی خۆی بەشێوەی ڕێژەی زیاترو بەرزتر. (وشەکانی (تر،کە، دی،دیکە،دن،...) ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوەن و بەتایبەتی لەدۆخی ئیزافەدا دەبینرێن و دەوری دیارخە دەبینن،وەبەدوای دیارخراودا دێن) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٠).

ئەم وشانە دەتوانن لەجیاتی یەکتر بەکاربهێنرێن بێئەوەی هیچ گۆڕانێکی واتای یان ڕێزمانی لە پێکهاتەکەدا دروستبێ.هەروەها بەکارهێنانی ئەم شێوە جیاوازانە بۆ زارو شێوەزار وشێوەی ناوچە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە.

٢- ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن: بریتییە لەو وشانەی کەوەسفی ناو بەشێوەی نادیاری دەکەن،بەوەی کەلەکاتی ئاماژەدان بەناوی کەسێك یان شتێك تایبەتمەنیەك یان زیاتر بەشێوەی ئەرێنیبێ یان نەرێنی، بەشێوەیەکی نادیار دەداتە پاڵناوە دیارخراوەکە. ئەم ئاوەڵناوانە بەدوای دیارخراودا دێن و بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) ەوە پێکەوە دەبەسترێن. بەکارهێنانی ئاوەڵناوی دیاریکردن زۆرجار لەبەر ئەوەیە کەپێشتر ئەوسیفەتانەی ناوەکە خراونەتە ڕوو و پێویست بەدووبارەکردنەوەیان یان ناوهێنانیان ناکات و دەزانرێن. وەکو لەباسکردنی کەسایەتی ناو ڕۆمان و چیرۆك و پەخشان وشیعردا بەکاردەهێنرێ، یان دەربارەی باسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێ، کەخاسیەت وتایبەتمەندیەکانی ئاشکرایە. گرنگترین ئەو وشانەی کەڕۆڵی ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن دەبینن. بریتین لە (وا، ئاوا، ئاوەها، ئەوها،...هتد). وەکو: کوڕی وا، مامۆستای ئاوا، باوکی ئاوەها،...هتد.

## ٢-٢-٢ ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە

ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە دەکرێ سادەبێ ولەمۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتبێ. وەکو: سوور، سپی، کورت، درێژ، بەرز، نزم، جوان، ڕەزیل،...هتد. یان ناسادەبێ و بەهۆی گیرەکەوە دارێژرابێ. وەکو: بەفرین، زێڕین، بەهارە، کوردی، هەورامانی، بێهێز، ناخۆش، پیاوانە، ژنانە،...هتد.هەروەها دەشێ لێکدرابێ ولە دوو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار یان زیاترپێکهاتبێ. وەکو: ڕووخۆش، دڵخۆش، باڵابەرز، ڕوو زەرد،..هتد.

### ٢-٢-٢-١ ئاوەڵناوی سادە

بریتییه لەو وشە سادەیەی کە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتووە، کە وەسفی ناوێك لەڕووی چۆنیەتی و چەندیەتی وخاسیەت و سیفەتەکانی و وەکو ڕەنگ وبارستایی و ژمارەو قەبارەو تام وچێژو،...هتد، دەکا. (ئەو وشانەن کەلەیەك مۆرفیم پێکدێن. وەکوشەکانی (yellow ) زەرد،کە دەتوانین زاراوەی وشەی سادەیان بۆ بەکاربهێنین ) (Lieber ,2012 ,p3)، کە بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەرەوە بە ناوەکەوە دەبەسترێتەوە و ئەرکی دیارخراو دەبینێ و واتا و ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ناوەکە دەخاتەڕوو.

ئاوەڵناوەکانی چۆنیەتی زۆربەیان سادەن و لەمۆرفیمێك پێکهاتوون. وەکو: سور،سپی، ڕەش، شین،مۆر،سەوز، ڕوون، لێڵ...،درێژ، کورت،پان،تەسك،قورس، سوك، بەرز،نزم،قەڵەو، لاواز،باریك...،خۆش،ترش، تاڵ، گەرم، سارد، باش،خراپ،پاك،پیس،جوان، زەریف،گران،هەرزان...،...هتد.

**٢-٢-٢-٢ ئاوەڵناوی ناسادە**

**٢-٢-٢-٢-١ ئاوەڵناوی داڕێژراو**

بریتییە لەو ئاوەڵناوەی کەلە مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارو گیرەکێك یان زیاترپێکهاتووە،کەئەرکی دیارخەر دەبینێ و بەهۆی یەکێك لەئامرازەکانی خستنەسەرەوە بەناوەکەوە دەبەسترێتەوە. ئاوەڵناوی داڕێژراو لەڕووی واتاوە وەسفی ناو دەکاو لەڕووی چۆنیەتی و چەندیەتی وخاسیەت وسیفەت و...هتد، ناو دەردەخا.ئاوەڵناوی داڕێژراو بەهۆی هەندێ پێشگرو پاشگرەوە بەرهەمدەهێنرێ، کە دەخرێنەسەر بەشە ئاخاوتنەکانی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژن ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکەن. کەلە ڕووی واتاوە جیاوازن لەبنجەکانیان.

**٢-٢-٢-٢-١-١ ئەو پێشگرانەی کەدەچنە سەر بەشەئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو و ڕەگی کار و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن.پێکدێن لە:**

**١-١ ئەوپێشگرانەی کە دەچنەسەر ناوی سادەو دایدەڕێژن وئاوەلناوی داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکە یان پێکدێ لە:پێشگری وشەداڕێژ + ناوی سادە > ئاوەڵناوی داڕێژراو

١-پێشگری (بێ-):-پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ناوی سادەو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتییان لێ دروست دەکا،کەواتای نەرێنی یان پێچەوانەیی بە ئاوەڵناوە داڕێژراوەکە دەبەخشێ. وەکو: بێشەرم، بێناز، بێباك، بێویژدان، بێهۆش، بێهێز، بێباوڕ، بێرێز، بێئاوەز،...هتد.

٢-پێشگری (بە-):- یەکێکە لەپێشگرەچالاکەکانی داڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتی،کە دەچێتەسەر ناوی سادەو ئاوەڵناوی داڕێژراوی لێبەرهەمدەهێنێ. وەکو: بەگوڕ، بەسۆز، بەهێز، بەکار، بەناز، بەڕێز،...هتد.

٣- پێشگری (لە-):-پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەند ناوێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتییان لێ دروست دەکا. وەکو: لەبار،...هتد.

**٢-١ ئەوپێشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو دایدەڕێژن وئاوەلناوی داڕێژراوی لێ بەرهەمدەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵناوی سادە > ئاوەڵناوی داڕێژراو

١- پێشگری (نـە-):- پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵناوێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکا. وەکو: نەخۆش،نەساغ،...هتد.

٢- پێشگری (نا-):- ئەم پێشگرە بەشێوەیەکی چالاك لەداڕشتنی کۆمەڵێك ئاوەڵناوی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: ناخۆش، ناپاك، نارەوا، ناشارەزا،...هتد.

**٣-١ ئەوپێشگرانەی کە دەچنەسەر ڕەگی کارو دایدەڕێژن وئاوەلناوی داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ڕەگی کار > ئاوەڵناوی داڕێژراو

١- پێشگری (نـە-):- پێشگرێکی تاڕادەیەك چالاکە و دەچێتەسەر هەندێ ڕەگی کارو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکا. وەکو: نەزان،نەفام، نەترس، نەمر،...هتد.

٢- پێشگری (ب-):- ئەم پێشگرە تاڕادەیەك چالاکەو، بەشداری داڕشتنی هەندێ ڕەگی کار دەکاو ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: بکوژ، بڕ،بوێر،...هتد.

**٢-٢-٢-١-٢ ئەو پاشگرانەی کەدەچنە سەر بەشە ئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو ڕەگی کارو ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**١-٢ ئەوپاشگرانەی کە دەچنەسەر ناوی سادە وئاوەلناوی داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: ناوی سادە + پاشگری وشەداڕێژ > ئاوەڵناوی داڕێژراو

ئەو ئاوەڵناوانەی کە لە ناوەوە داڕێژراون یان بەرهەم هێنراون پێیان دەوترێ ئاوەڵناوی لە ناوە وەرگیراو یان داڕێژراو ( Denomindl adjectives). (Haspel math, 2012, p89)

١-پاشگری (-ی/-یی):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێ ناوی سادەو دایان دەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێبەرهەمدەهێنێ.هەروەها واتای نسبی یان ڕێژەیی دەگەیێنێ. وەکو: گەنمی،هەناری، خاکی، زەیتونی،..هتد. بۆنمونە: (٢٢) داریان کەسێکی خاکییە.

٢- پاشگری (-ین):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ناوی سادەو دایان دەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی نسبییان لێ بەرهەم دەهێنێ. هەروەها واتای ڕێژەیی بەشێوەی لێکچواندن دەگەیێنێ. وەکو: بەفرین، ئاسنین، ئاگرین، زێڕین، پۆلاین، زەنگین، سەنگین،...هتد.بۆنمونە: (٢٣) کچی سەنگین جێگای شانازی دایك و باوکە.

٣- پاشگری (-ە):- پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو لەداڕشتنی هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراوی ڕێژەیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: هاوینە، زستانە، پایزە، بەهارە،...هتد. بۆنمونە: (٢٤) کوردستان بەروبوومی بەهارەی زۆرە.

٤ - پاشگری (-ەکی):- پاشگرێکی سستەودەچێتەسەر چەندناوێکی سادەو دایان دەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی نسبییان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دەشتەکی، خێڵەکی،...هتد. بۆنمونە: (٢٥) مرۆڤی دەشتەکی زۆرتر بەکشتوکاڵ وئاژەڵداریەوە خەریکە.

٥- پاشگری (-انە):- پاشگرێکی چالاکەو لەداڕشتنی کۆمەڵێ ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتی و نسبیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: پیاوانە، کوڕانە، ژنانە، کچانە، شێرانە،...هتد. بۆنمونە:

(٢٦) داریان جلی پیاوانە لەبەردەکا.     (٢٧) داریان ڕەوشتی پیاوانەیە.

لەڕستەی یەکەمدا وشەی (پیاوانە) ئاوەڵناوی چۆنیەتییە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ئاوەڵناوی نسبییە.

٦- پاشگری (-ن):- پاشگرێکی چالاکەو لەدارشتنی کۆمەڵێ ئاوەڵناوی داڕێژراوی ڕێژەیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: شەرمن، ورگن، چڵکن،...هتد.  بۆنمونە: (٢٨) ئافرەتی شەرمن لای هەمووکەس بەڕێزە.

٧- پاشگری (-دار):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە دارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا دەکا. وەکو: زامدار، بریندار، بڕوادار، سەروەتدار، ئیماندار، پایەدار، دیندار، ساماندار،...هتد.   بۆنمونە:

(٢٩) مرۆڤی بڕوادار پێویستە هاوکاری کەسانی تر بکا.

٨- پاشگری (-انی):- ئەم پاشگرە لەدارشتنی هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراوی ڕێژەیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: ژنانی، شەڕانی،..هتد.

٩- پاشگری (-ناك):- ئەم پاشگرە لەدارشتنی هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەکاردەهێنرێ. وەکو: خەمناك،سامناك، ترسناك،...هتد.

١٠- پاشگری (-اوی):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە دارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا دەکا. وەکو: خەماوی، تۆزاوی، خۆڵاوی، ئارداوی، کرماوی،...هتد.

١٢- پاشگری (-مەند):- ئەم پاشگرە لەدارشتنی هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەکاردەهێنرێ.وەکو: سودمەند، بەهرەمەند، دەوڵەمەند، تایبەتمەند،...هتد.

١٣- پاشگری (-گین):- ئەم پاشگرە بواری بەکارهێنانی لەدارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا کەمە. وەکو: خەمگین،...هتد.

١٤- پاشگری (-ۆڵ):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی زۆر سست بەشداری لە دارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا دەکا. وەکو: کرمۆڵ،...هتد.

١٥- پاشگری (-ەوەر):- ئەم پاشگرە زۆر سستە لە دارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا. وەکو: بەختەوەر،...هتد.

١٦- پاشگری (-زن):- ئەم پاشگرە زۆرسستەولەدارشتنی چەند ئاوەڵناوی داڕێژراو بەکاردەهێنرێ.وەکو: درۆزن،...هتد.

١٧- پاشگری (-ێ):- وەك: کرمێ،..هتد (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،١٤٤،٢٠١٤).

١٨- پاشگری (-وور):- وەك: ڕەنجوور،...هتد (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤، ل١٤٥).

١٩- پاشگری (-اڵو):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی زۆر سستە بەشداری لە دارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا دەکا. وەکو: خەواڵو،...هتد.

٢٠- پاشگری (-ۆکی ):- ئەم پاشگرە سستەولە دارشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: خەمۆکی، ...هتد.

٢١- پاشگری (-بار ):- ئەم پاشگرە کەم بەرهەمەو بەشداری دارشتنی هەند ئاوەڵناوی داڕێژراو دەکا. وەکو: خەمبار، گوناهبار، تاوانبار،...هتد.

٢٢- پاشگری (-واز):- پاشگرێکی سستەو تەنیا چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: لانەواز، ...هتد.

٢٣- پاشگری (-ۆر):- بەشێوەیەکی زۆر سست بەشداری لە دارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا دەکا.وەکو:قلۆر،...هتد.

٢٤- پاشگری (-ەنگ):- پاشگرە زۆرسستەولەدارشتنی چەند ئاوەڵناوی داڕێژراو بەکاردەهێنرێ.وەکو: ئاستەنگ، ...هتد.

٢٥- پاشگری (-ار):- پاشگرێکی سستەو تەنیا چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: گرفتار، ...هتد.

٢٦- پاشگری (-ەزار):- بەشێوەیەکی زۆر سست بەشداری لە دارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا دەکا. وەکو: شەرمەزار، ...هتد.

**٢-٢ ئەوپاشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ئاوەلناوی داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنن.** شێوەی دارشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵناوی سادە + پاشگری وشەدارێژ > ئاوەڵناوی داڕێژراو

١-پاشگری (-انی):-پاشگرێکی کەمبەرهەمەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵناوێکی سادەو دایاندەرێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: تەختانی، ڕەقانی، نەرمانی،...هتد.

٢-پاشگری (-ۆ):- وەکو: بۆرۆ،پیسۆ،...هتد. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٤٧).

٣-پاشگری (-وور):- پاشگرێکی سستەو لەدارشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەبینرێ. وەکو: مەستوور، ...هتد.

٤- پاشگری (-ەلە/-لە):- پاشگرێکی سستەوچەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ، بۆخۆشەویستی یان بچوککردنەوە بەکاردێ. وەکو: باریکلە /باریکەلە، سورەلە، خڕەلە،...هتد.

٥- پاشگری (-ڵە/-ەڵە):-پاشگرێکی بە بەرهەمەو دەچێتەسەر کۆمەڵێ ئاوەڵناوی سادەو دایاندەرێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، کە واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: باریکڵە، سەوزەڵە، نەرمەڵە، ڕەقەڵە، وشکەڵە، ڕووتەڵە، خڕەڵە، زەردەڵە،...هتد.

٦- پاشگری (-کە):- پاشگرێکی سستەو لەدارشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ، بۆ بچوککردنەوە یان خۆشەویستی بەکاردێ. وەکو:پیسکە،...هتد.

٧- پاشگری (-ۆکە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەدارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا تەسکەو تەنیا چەند وشەیەك دادەڕێژێ و واتای بچوککردنەوە وخۆشەویستی دەگەیێنێ. وەکو:پیسۆکە، گێلۆکە،..هتد.

٨- پاشگری (-ۆڵ):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی تاڕادەیەك لەدارشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا فراوانەو چەند وشەیەك دادەڕێژێ و واتای بچوککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنێ. وەکو: ناسکۆڵ، خڕۆڵ، شڕۆڵ، قڕۆڵ، نەرمۆڵ، سیسۆڵ، خرتۆڵ، چرچۆڵ،...هتد.

٩- پاشگری (-ۆڵە):-پاشگرێکی بە بەرهەمەو کۆمەڵێ ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ،بۆ بچوککردنەوە یان خۆشەویستی بەکاردێ. وەکو: خڕۆڵە، شڕۆڵە، نەرمۆڵە، پانۆڵە، سیسۆڵە، خرتۆڵە، ناسکۆڵە،...هتد.

١٠- پاشگری (-یل/-یلە):- پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ،واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەبەخشێ. وەکو: قنجیل/قنجیلە، وردیلە، خڕیلە، زەردیلە، خنجیلە،..هتد.

١١- پاشگری (-کەلە/-کەڵە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی تاڕادەیەك لەداڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا فراوان نییەو چەند وشەیەك دادەڕێژێ و واتای بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: سورکەلە/سورکەڵە، ڕەشکەلە، سپکەلە،...هتد.

١٢- پاشگری (-کیلە):-پاشگرێکی تاڕادەیەك بە بەرهەمەو هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ،کە واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: جوانکیلە،...هتد.

١٣- پاشگری (-یلکە):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ، بۆبچوککردنەوە یان خۆشەویستی بەکاردێ. وەکو: (سپیلکە،خشتیلکە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٤٨).

١٤- پاشگری (-یلانە):-پاشگرێکی تاڕادەیەك بەرهەمدارەو هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ،کە واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: وردیلانە،خنجیلانە، زەردیلانە،...هتد.

١٥- پاشگری (-ۆق):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ،واتای بچوکردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: شلۆق،بلۆق،تلۆق،...هتد.

١٦- پاشگری (-اوە):- بەشێوەیەکی سست بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا. وەکو: ڕووتاوە، پوچاوە، پوکاوە،..هتد.

١٧- پاشگری (-ۆڵکە/-ەڵکە):-ئەم پاشگرە تاڕادەیەك بەرهەمدارەو هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ کە بۆ خۆشەویستی یان بچوککردنەوە بەکادێن.وەکو: (بەرزۆڵکە،تەختەڵکە،..) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، ل١٤٩). هەروەها هەندێ وشەی داڕێژراوی وەکو: پانۆڵکە، تەختۆڵکە، گێژۆڵکە،...هتد.

١٨- پاشگری (-ۆکی):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی سست لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ،واتای بچوکردنەوە دەگەیێنێ.وەکو: ڕەشۆکی،...هتد.

١٩- پاشگری (-کەڵانە/-کەلانە):- پاشگرێکی بەرهەمدارەو بەشێوەیەکی چالاك لەداڕشتنی کۆمەڵە ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ،کە بۆ خۆشەویستی یان بچوکردنەوە بەکاردێ.وەکو: سورکەلانە/ سورکەلانە، ڕەشکەلانە، سپیکەڵانە،...هتد.

٢٠- پاشگری (-کیلانە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەداڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا فراوان نییە، هەروەها واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: جوانکیلانە،...هتد.

٢١- پاشگری (-باو):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ،واتای کاڵی دەبەخشێ. وەکو: سورباو،زەردباو،...هتد.

٢٢- پاشگری (-چك):- پاشگرێکی سستەو لەدارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا رِۆڵدەبینێ، واتای بچووککردنەوە دەبەخشێ. وەکو: شیرینچك،...هتد.

٢٣- پاشگری (-ەڵ):- ئەم پاشگرە سنووری بەکارهێنانی لەدارِشتنی ئاوەڵناوی دارِێژراودا فراوان نییە، واتای نەرێنی وەکو بچووککردنەوە و لاوازی وتەنکی و...هتد، دەگەیێنێ. وەکو: فشەڵ، رِەقەڵ، وشکەڵ، رِووتەڵ، چەپەڵ، پوچەڵ،...هتد.

٢٤- پاشگری (-کۆلە/کۆڵە):-پاشگرێکی سستەو لەدارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا رِۆڵدەبینێ،واتای بچووککردنەوە یان خۆشەویستی دەبەخشێ. وەکو: درێژکۆلە/درێژکۆڵە،...هتد

٢٥- پاشگری (-کۆلانە/کۆڵانە):- پاشگرێکی کەم بەرهەمە،واتای خۆشەویستی یان بچووککردنەوەو شکاندنەوە دەگەیێنێ. وەکو: درێژکۆلانە،...هتد

**٢-٣ ئەوپاشگرانەی کە دەچنەسەر رِەگی کار و ئاوەلناوی دارِێژراوی لێ بەرهەمدەهێنن.** شێوەی دارِشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: رِەگی کار + پاشگری وشەدارِێژ > ئاوەڵناوی دارِێژراو

ئەو ئاوەڵناوانەی کە لە کارەوە بەرهەم دەهێنرێن یان دادەرِێژرێن پێیان دەوترێ ئاوەڵناوی لە کارەوە دارِێژراو یان وەرگیراو (Deverbal edjective).(Haspelmath , 2012,P89)

١- پاشگری (-ا):-ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك دەچێتەسەر رِەگی کارو کۆمەڵێك ئاوەڵناوی دارِێژراو بەرهەمدەهێنێ،کە زیاتر واتای شارەزایی و لێهاتوویی و...هتد،دەگەیێنێ.وەکو: زانا، توانا، دانا، بینا،...هتد.

٢- پاشگری (-ۆك):- پاشگرێکی سستە وتەنیا بەشداری لە دارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا دەکا، واتای بچووککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: گەرِۆك،...هتد.

٣- پاشگری (-نۆك):- بەشێوەیەکی سست بەشداری لە دارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا دەکا، زۆرجار واتای نەرێنی یان سلبی و ەکو بچووککردنەوە،...هتد، دەگەیێنێ. وەکو: ترسنۆك،گرینۆك،...هتد.

٤- پاشگری (-ار):- پاشگرێکی زۆرکەم بەرهەمە و تەنیا بەشداری لە دارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا دەکا،واتای بچووککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: دیار،...هتد.

٥- پاشگری (-ەوار):- پاشگرێکی سستە وتەنیا بەشداری لە دارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا دەکا، واتای جیاواز دەگەیێنێ. وەکو: خوێندەوار،کۆڵەوار،...هتد.

٦-پاشگری (-وو/-و):- پاشگرێکی چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵناوی دارِێژراو بەرهەمدەهێنێ،کەواتای جۆراوجۆری وەکو چالاك وسست وخاسیەت وسیفەتی باری کەسێك یان شتێك دەبەخشێ. وەکو: نوستوو، هاتوو،رِۆشتوو،خەوتوو، دەرچوو، کەوتوو، ماندوو، گونجاو، برِاو، سوتاو، خوراو،...هتد.

٧- پاشگری (-ندە):پاشگرێکی سستە وتەنیا بەشداری لە دارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا دەکا. وەکو: کوشندە،...هتد.

٨- پاشگری (-یده):- بەشێوەیەکی سست بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا. وەکو: گەڕیدە،..هتد.

٩- پاشگری (-دەڵ):- پاشگرێکی سستەو چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: گەندەڵ،..هتد.

١٠- پاشگری (-ۆڵ/ۆڵە-):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك بەرهەمدارەو بەشداری لە داڕشتنی هەندێك ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا،واتای بچووککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنێ. وەکو: قرخۆڵ /قرخۆڵە، ماسۆڵە،...هتد.

١١- پاشگری (-ۆدە):- پاشگرێکی سستەو چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: گیرۆدە،..هتد.

**٢-٢-٢-٢-٢ ئاوەڵناوی لێکدراو**

بریتییە لەو ئاوەڵناوەی کەلەدوو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار یان زیاتر پێکهاتووە، دەشێ بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەرەوە درابنە پاڵ یەك یان ڕاستەوخۆ پێکەوە بەسترابن. هەروەها لەڕووی واتاوە وەسفی ناو دەکەن و ئەرکی دیارخەر دەبینن.بۆیە ئەم وشە لێکدراوانە لە بەرئەوەی ئەرکی ئاوەڵناو (دیارخراو) دەبینن، دیارخەر (سەر)ەکەیان دەکەوێتە دەرەوەی وشەلێکدراوەکە بۆیە ئەم وشە لێکدراوانە پێیان دەوترێ لێکدراوی دەرەکی (exocentric compounds) واتە ئەو وشانەی کە سەرەکەیان لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکەیە، هەروەها ئەو وشە لێکدراوانەی کە دیارخراوەکەیان دەکەوێتە ناو وشەکەوە پێیان دەوترێ لێکدراوی ناوەکی (endocentric compounas)، هەروەها جۆرێکی تریان بریتییە لەلیکدراوی هەماهەنگ (coordinative compounds) کە زیاتر لە دوو سەری سیمانتکی هەیە،لەم جۆرەدا هەردوو وشەکە بناغەیەکی یەکسانیان هەیەو بەهۆی(and)ەوە جیا دەکرێنەوە،هەروەها جۆرێکی تریان بریتییە لە لێکدراوی هاو وەسفی(Appositional compounds)،واتە هەردووکیان وەسفی یەك شت دەکەن (Haspel math, 2o12, p138-141).

**یاساکانی داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو**

**١-٢ ناو + ناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

١- ناو + ناو:-ئەم یاسای دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراوە کەم بەرهەمەو تەنیا چەند وشەیەکی پێ بەرهەم دەهێنرێ،کە واتای جیاواز دەگەیێنێ و ئەرکی دەرخستنی ناو دەبینن. وەکو: باڵا عەرعەر، گەردن بلوور،دڵسۆز،...هتد.

٢ - ناو + بە +ناو:- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدروە تاڕادەیەك بەرهەمدارەو دەکرێ بەهۆیەوە هەندێك ئاوەڵناوی لێکدراو دروستبکرێ. وەکو: قوڕبەسەر،خاکبەسەر،لێوبەبار،...هتد.

ج- ناو + ناوی بەرکار:- ڕێگەیەکی چالاکەو دەکرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێکدراو بەرهەمبهێنرێ. وەکو: سك سوتاو، جەرگسوتاو، دڵشکاو، سکدڕاو، دەسبڕاو،...هتد.

**٢-٢ ناو + ڕەگی کار > ئاوەڵناوی لێکدراو**

ناو + ڕەگی کار:- یاسایەکی زۆر چالاکە لە داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو،کە واتای جیاواز بەپێی پێکهاتەی وشەکان دەگەیێنێ. وەکو: ئاشتی خواز،خوێنڕێژ، پیاو کوژ، قسەزان، شەڕفرۆش، ئاژاوەگێڕ، سەربەست،...هتد.

**٢-٣ دووبارەکردنەوەی هەمان ناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

دووبارەکردنەوەی ناو:- ئەم ڕێگای درووستکردنی ئاوەلناوی لێکدراوە تاڕادەیەك چالاکەو هەندێك ئاوەڵناوی لەسەر بنیات دەنرێ. وەکو: پارچە پارچە، کون کون، لەت لەت، خاڵخاڵ، قلێش قلێش،....هتد.

**٢-٤ ژمارە + ناو> ئاوەڵناوی لێکدراو**

ژمارە +ناو:- یاسایەکی تاڕادەیەك چالاکە لە داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراودا،کە واتای جیاواز بەپێی پێکهاتەی وشەکان دەگەیێنێ. وەکو: دوودڵ، چوار چاو، دووپێ،چوارپێ،...هتد.

**٢-٥ ناو + ئاوەڵناو> ئاوەڵناوی لێکدراو**

ناو + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی یەکجار چالاکە لەدروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو دا،کە واتای جیاواز دەگەیێنێ ورۆڵی دەرخستن و وەسفکردنی ناو دەدات. وەکو: ڕوو خۆش،دەستدرێژ، چاوپیس، باڵابەرز،چاوشۆڕ، قەدباریك، قولدرێژ،سەرخڕ، سەرزل،چاوڕەش، خوێن شیرین،خوێن تاڵ،بۆن خۆش،ئێسك سوك،ئیس گران،...هتد.

**٢-٦ ئاوەڵناو + ناو> ئاوەڵناوی لێکدراو**

١- ئاوەڵناو + ناو:- ڕێگەیەکی کەمبەرهەمە ودەکرێ بەهۆیەوە چەند ئاوەڵناوی لێکدراو بەرهەم بهێنرێ. وەکو: خۆش باوڕ، خۆشحاڵ، فەقیرحاڵ،...هتد.

٢- ئاوەڵناو + (-ە-) +ناو:- ڕێگایەکی چالاکە لەدروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو دا.وەکو: کورتەباڵا،پیرەژن، پیرەمێرد،...هتد.

**٢-٧ ئاوەڵناو + (و ) +ئاوەڵناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

ئاوەڵناو + (و) +ئاوەڵناو:- ئەم یاسایە بەشێوەیەکی چالاك لە داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ،کە واتای جیاواز دەگەیێنێ. وەکو: شل وشۆڕ، تەسك وباریك،ڕەش وسپی،سووروسپی، زەردو سوور، کاڵ وکوڵ، گەرم ونەرم، نەرم وشل، ساردوسڕ، باش وخراپ...هتد.

**٢-٨ ئاوەڵناو + ڕەگی کار> ئاوەڵناوی لێکدراو**

ئاوەڵناو + ڕەگی کار:- ڕێگەیەکی چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێکدراو بەهۆیەوە بەرهەمدەهێنرێ. وەکو: جوانپۆش، ڕەشپۆش،زۆرزان، ڕاست گۆ،ڕاستبێژ،...هتد.

**٢- ٩ ئاوەڵناو + و +وشەیەکی بێ واتا > ئاوەڵناوی لێکدراو**

ئاوەڵناو +(-و-) +کەرتی بێ واتا:- ڕێگەیەکی بە بەرهەمەو کۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێکدراو بەهۆیەوە دروست دەکرێ. وەکو: گورج وگۆڵ، نەرم ونۆڵ،پان وپۆڕ، پان وپلیچ،تەسك وتروسك،...هتد.

**٢-١٠ دووبارەکردنەوەی هەمان ئاوەڵناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

دووبارەکردنـەوەی هـەمان ئاوەڵنـاو:- ئـەم ڕێگایـە لـە دروسـتکردنی ئاوەڵنـاوی لێکـدراودا بەرهەمـداره. وەکـو: ورد ورد، جوان جوان، کەم کەم، هێواش هێواش،...هتد.       بۆنمونە: کڕیارەکە سێوی گەورە گەورەی دەوێ.

## ٢-١١ ئاوەڵکار + ناو > ئاوەڵناوی لێکدراو

ئاوەڵکار + ناو:- ئەم یاسایە کەم بەرهەمەو دەکرێ لەڕێگەیەوە کۆمـەڵێ ئاوەڵنـاوی لێکـدراو دروسـت بکـرێ. وەکـو: بەراو، ژێردەس، ژێرچەپۆك،...هتد.

## ٢-١٢ ئاوەڵکار + ڕەگی کار> ئاوەڵناوی لێکدراو

ئاوەڵکار + ڕەگی کار:- یاسایەکی تاڕادەیەك چالاکە، لە داڕشـتنی ئاوەڵنـاوی لێکـدراودا ڕۆڵـدەبینێ. وەکـو: زۆرخـۆر، کەم خۆر، زۆربڵێ، زۆر زان،...هتد.

## ٢-٣ پۆلی ئاوەڵکار

ئاوەڵکـار بەشـێکی سـەربەخۆی ئاخاوتنـەو خـاوەنی کۆمـەڵێك تایبەتمەندیـە لـەڕووی واتـا سـازی و ئەرکـەوە، کـە دەکرێ بەهۆیانەوە لەبەشە ئاخاوتنەکانی تـر جیابکرێتـەوەو بناسـرێتەوە، بـەوەی کـە لەڕسـتەدا بەگشـتی وەسـفی کار لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتی و شێوەو بارودۆخ و کـات و شـوێن و هـۆو مەبەسـت و ڕێکخسـتن و جـەختکردن و نـەرێ و نـەفی کـردن و دووبارەکردنـەوە دەکات،هـەروەها چۆنیـەتی ڕوودان و ئەنجامـدانی کارەکـە دەردەخـات و زانیـاری دەربـارەی هەریـەکێك لـە ڕووە جیاوازەکـانی کارەکـە دەخاتـەڕوو.یان بریتییـە لـە (وشـەیەك کـە وەسـفی واتای کارەکە یان ئاوەڵنـاو یـان ئاوەڵکارەکـانی تـر دەکـات. وەکـو ئاوەڵکـاری (بـە هێواشـی) (slowly) لـە ڕسـتەی ( Stageberg, 2000, p171) (The old man walked slowly).

لەبەئەوەی ئاوەڵکار (وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن لەسەر بناغەی خاسیەتی وشەسازی ئـەرکی ڕستەسـازی و واتـا ناسیەوە جیادەکرێتـەوە. ئاوەڵکـار خاسـیەتی ڕوودان کـە کـار دەریـدەبڕێ و خاسـیەتی خاسـیەت کـە ئاوەڵنـاو دەیگەیێنێ و خاسـیەتی بـاروودۆخ کـە ئاوەڵکـار نیشـانی دەدات، دیاریـدەکات. ئاوەڵکـار ئـەو بەشـە ئاخاوتنەیـە کـە باروودۆخ و شێوەی ڕوودان و جۆری چۆنیەتی نیشان دەدات، لەڕووی ڕستەسازیەوە خـاوەنی ئـەو تایبەتمەندیەیـە کە لەڕستەدا بەکارەوە، یان ئاوەڵناوەوە  یان ئاوەڵکارێکی ترەوە بەندە.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١١٩).

ئاوەڵکار لەڕووی واتاوە جگە لەدەرخستنی ڕوودانی کار ئەرکی ڕوونکردنەوەی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دەبینێ و وەسفیان دەکات و ئاماژە بەخاسیەت و سیفەتەکانیان دەکات . بۆنمونە: (٣٠) هەورامان زۆر دەخوێنێ.

(٣١) هەورامان زۆر باش دەخوێنێ.

لەڕستەی یەکەمدا وشەی (زۆر) ئاوەڵکارەو وەسـفی چۆنیـەتی ڕوودانـی کارەکـە دەکـات، بـەڵام لەڕسـتەی دووەمـدا وشەی (زۆر) ئاوەڵکارەو وەسفی وشەی (باش) دەکات کـە ئاوەڵکـارە.( تایبەتمەنـدی ئاوەڵکـار لەوەدایـە کـەدەتوانرێ لەڕستەدا لابرێ بێئەوەی کـار لـەڕێزمان و شـێوانی ڕسـتەکە بکـات، ژمـارەی ئاوەڵکـارە سـادەکان لـەزمانی کوردیـدا کەمە، بەڵام هەندێکجار ئاوەڵناو ڕۆڵی ئاوەڵکار لەڕستەدا دەگێڕێ )(یوسف شەریف سەعید،٢٠١٣،ل٥٤-٥٥).

**٢-٣-١ پۆلێنكردنی ئاوەڵكار لەڕووی واتاو ئەركەوە**

**٢-٣-١-١ ئاوەڵكـاری دیارخـەر**:- ئاوەڵكـاری دیارخـەر خاسیەتی ڕوودان، یـان نیشانەی چۆنیەتی و چـەندێتی یـان جۆری بەجێ هێنان(ڕێكخستن) ڕادەگەیێنێ و دەشێ سێ جۆر (چۆنیەتی،چەندیەتی، شێوە یـان جـۆری بـەجێ هێنـان)ی لـێ دیـاری بكـرێ. (ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف،٢٠١٤،ل١٢٦). ئـەم ئاوەڵكارانـە ئامـاژە بـەڕوودانی كارەكـە لـەڕووی چـۆنیەتی و چـەندیەتی و شـێوە یـان ڕێكخسـتنەوە دەكـەن و وەسـفی ڕوودانەكـە نیشـان دەدەن، واتـای خاسیەت وسیفەت دەگەیێنن و بەكارەوە بەندن و ئـەركی دەرخسـتنی كارەكە دەبیـنن. لـەڕووی بەخشـینی واتـاوە دەكرێ بۆ سێ جۆر دابەش بكرێن:

١- ئاوەڵكاری چۆنیەتی:- ئەم ئاوەڵكارە چۆنیەتی وەسفی ڕوودانـی كارەكە دەكاو ئامـاژە بەخاسیەتەكانی دەكات و ئەركی ڕوونكردنـەوە دەرخسـتنی كارەكـە دەبینـێ. وەكو: جـوان، بـاش، هـێمن، خـراپ، خێـرا، پـاك،...، بـەجوانی، بەچاكی، بەپەلـە، بەهێواشی، بـەگورجی، بـەهێمنی، بەخۆشی،...، لەسـەرخۆ، لەسـەرلا، لەسـەر پشـت، لەسـەرپێ، لەسەرسنگ،...، دۆڵاودۆڵ، كوناوكون، ماڵەوماڵ،...هتد. (ئەم ئاوەڵكارانە (لە دیـالێكتی كرمـانجی خـواروودا وەڵامـی پرسیاری (چۆن ؟)،(چلۆن؟)، (كوو؟) دەدەنەوە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٧).

٢- ئاوەڵكاری چەندیەتی:- ئاماژە بەچەندیەتی ڕوودانی كار دەكات و دەبێتـە دیارخـەری و ئـەركی ڕوونكردنـەوەی چـەندیەتی ڕوودان و خاسـیەتەكانی كارەكـە دەبینـێ. هـەروەها (چـەندیەتی ڕوودان، ڕادەی توانـای ڕوودان، ئەنـدازەی چـەندیەتی ئاوەڵنـاو و ئاوەڵكـار دیاریـدەكات و لـە دیـالێكتی كرمـانجی خـواروودا وەڵامـی پرسـیاری (چەند؟) (كەم؟ یان زۆر؟) (تا چ ڕادەیەك؟) دەداتەوە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٧).

ئاوەڵكارەكـانی چـەندیەتی وەكـو: زۆر، فرە،گەلێك،یەكجار،ئێجگار،تەواو،پڕ...،كـەم، نـەختێك، تۆزێـك، كـەمێك، بڕێـك، هەندێك،...هتـد. ئـەم ئاوەڵكارانـە لەڕسـتەدا دەتـوانن ئـەركی دەرخسـتنی ئاوەڵنـاو و ئاوەڵكـار ببیـنن.

بۆنمونە: (٣٢) داریان كەم دەخەوێ. (٣٣) داریان زۆر كەم دەخەوێ. (٣٤) داریان زۆر زیرەكە.

لەڕستەی یەكەمدا ئاوەڵكاری (كەم) چەندیەتی ڕوودانـی كارەكـە دەردەخـات، لەڕسـتەی دووەمـدا ئاوەڵكـاری (زۆر) چـەندیەتی ئاوەڵكـاری (كـەم) دەردەخـات، لەڕسـتەی سـێیەمدا ئاوەڵكـاری (زۆر) چـەندیەتی ئاوەڵنـاو (زیـرەك) دەردەخات.

ئەو ئاوەڵكارانەی كە واتای ئەندازەو پێوانەیان تێدایە. وەكو: قوڵ،دوور، نزیك، پان، بەرز، نـزم...، دەكەونـە نێـوان هەردوو ئاوەڵكاری چۆنیەتی و چەندیەتیەوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٩).

٣- ئاوەڵكاری شێوە یان ڕێكخستن:- ئاوەڵكاری ڕێكخستن ئاماژە بەچۆنیەتی شێوەو ڕێكخسـتنی ڕوودانـی كـار دەكـات و ئەنجامـدانی ڕوودانـی كارەكـە ڕوون دەكاتـەوەو دەریـدەخات. لەبەرئـەوە ئـەم ئاوەڵكـارە (شـێوەیەك یـان جـۆری جێبـەجێكردنی كارێـك نیشـان دەدات و وەڵامـی پرسـیاری (چـۆن؟) (بـەچ جۆرێـك؟) (بـەچ شـێوەیەك؟) (بـەچ چەشنێك؟) دەداتەوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٩).

ئاوەڵكارەكانی ڕێكخستن هەندێكیان لەسەر بنەمای لێكچواندن و بەراورد كردن پێكهاتوون. وەكو: كوڕانە، كچانە، ژنانە، مەردانە، پیاوانە، شێرانە...، وەك گوڵ، وەك پیاو،پیاو ئاسا، شێر ئاسا،...هتد. بۆنمونە:

(٣٥) هەورامان وەك پیاو دەخوێنێ. (٣٦) ئازاد مندالانە بیردەكاتەوە.

هەروەها بەشێكی تریان ئاماژە بەشێوەو ڕێكخستنی ڕوودانی كارەكە دەكەن و بەشێوەی ڕیزكردن و پۆل كردن و (بەدوای یەكداهاتنی كارەكە نیشان دەدەن) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٠). وەكو: پۆل پۆل، دەستەدەستە،یەك یەك، دوودوو، سێسێ، كۆمەڵ كۆمەڵ، بەش بەش، تاقم تاقم...، هێواش هێواش،جوا جوان، باش باش، كەم كەم، ورد ورد، هێدی هێدی،...هتد. بۆ نمونە:

(٣٧) باڵندەكان پۆل پۆل بەئاسماندا دەفڕن. (٣٨) گوڵەكە كەم كەم دەگەشێتەوە.

بەشێكی تری ئاوەڵكارەكان ئاماژە بەشێوەی ئەنجامدانی كارەكە دەكەن. وەكو: پێكەوە، بەگشتی، بەدوو قۆڵی،...هتد. بۆ نمونە: (٣٨) ئێمە پێكەوە كوردستان ئاوەدان دەكەینەوە. (٣٩) مامۆستایان بەگشتی دڵسۆزی میللەتن.

**٢-٣-١-٢ ئاوەڵكاری بارو ودۆخ**

ئەم ئاوەڵكارانە ئاماژە بەكات و شوێن و هۆو مەبەست و دووبارە بوونەوەو نەرێ كردن و جەختكردنەوەی كار دەكەن و پەیوەندی كار بەو لایەنانەوە ڕووندەكەنەوە. (ئاوەڵكاری بارو دۆخ یاریدەی نیشاندانی پێوەندی ڕوودان بەكات وشوێن و هۆو مەبەست و تەئكیدو دووبارە كردنەوە و نەفی دەدات دەشێ بەسەر شەش جۆردا دابەش بكرێ) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٢).

١- ئاوەڵكاری كات:- ئەم ئاوەڵكارە ئاماژە بەكاتی ڕوودانی كارەكە دەكات و دەست نیشانی دەكات. یان (پەنجە بۆ دەمی بەجێهێنانی كارێك ڕادەكێشێ و وەڵامی پرسیاری (كەی؟)(چ كاتێك؟)( چ وەختێ؟)(چ چاخێ؟)...دەداتەوە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٢). ئاوەڵكارەكانی كات لە كوردی ناوەڕاستدا پێكدێن لە (ئێستە، وا، ئەوا، سبەی، دووسبەی، بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە، بەم نزیكانە، بەم زوانە، دەسبەجێ، یەكسەر...، پار، ئەمساڵ، پێرار، جاران...، هەموو كاتێ، هیچ كاتێ، هیچ وەختێ، دەمێكە، لەمێژە، لەزووەوە، لەمەودوا، لەمەولا، لەمەوبەر...، لەشەوەوە، لەبەیانیەوە...هتد.

بۆ نمونە: (٤٠) سبەی دەچین بۆ ئاودێران. (٤١) جاران ئاو و هەوا پاك بوو.

٢- ئاوەڵكاری شوێن:-ئەو ئاوەڵكارەیە كە ئاماژە بەشوێنی ڕوودانی كار دەكات و دیاری دەكات. یان (شوێنی ڕوودانی كارێك یان ڕووی بزووتنەوەی شتێك نیشان دەدات و وەڵامی پرسیاری (لەكوێ؟) (لەكوێندەرێ؟) (بۆكوێ؟) (لەكوێوە؟) دەداتەوە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٣٤). ئاوەڵكارەكانی شوێن وەكو: لەسەر، لەژێر، لەخوار، لەپاڵ، لەتەنیشت، لەلای...، پێش، پاش، بەر، دوا، سەر، خوار، بن، ژێر، ناو، دەر، ڕاست، چەپ...، ئێرە، ئەوێ، لێرە، لەوێ، تائێرە، تا ئەوێ...، لەلاوە، لەملاوە، لەهەمولاوە، لەهیچلاوە...، هیچ كوێ، هیچ شوێنێ، هیچ جێگەیێ...هتد. بۆنمونە:

(٤٢) خەڵكی لەدێكاندا بەكشتوكاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریكن. (٤٣) سیروان لەكەنار ڕووبارەكە دانیشتووە.

٣- ئاوەڵکاری هۆو مەبەست:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بەهۆی ڕوودان و مەبەستی ئەنجامدانی کارەکە دەکات و ڕوونی دەکاتەوە، هەروەها دەکرێ لەڕێگەی وشە پرسەکانی وەك (بۆچی؟) (لەبەرچی؟) (بۆ؟)... پرسیاری لەبارەوە بکرێ یان ببێتە وەڵامی (لەداخا، لەڕقا، لەقینا، چونکە، لەبەرئەوەی، لەبرسا، لەخۆشیدا، لە تووڕەیدا...، بەخۆڕایی، بە ئەنقەست، بەهەوەس،...هتد. بۆنمونە:

(٤٤) باخەکە لەبێ ئاویدا خەریکە وشك دەبێت. (٤٥) منداڵەکە لە تووڕەیدا شوشەکەی شکاند.

٤- ئاوەڵکاری جەختکردن:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بەپێداگری وجەختکردنەوە لەسەر ئەنجامدان و جێبەجێکردنی کارێك یان نەکردنی کارێك دەکاتەوە. وەکو: بێگومان، بەتەئکید، بێشك، بێچەندو چون، بەدڵنیایی، بێ سێودوو، هەر، هەڵبەت،...هتد. بۆنمونە:

(٤٦) کامەران لەگەڵ ئەوەی کار دەکات بەڵام هەر دەخوێنێت.(٤٧) قوتابیەکان لەپشووەکاندا بێشك دەوام ناکەن.

٥- ئاوەڵکاری دووبارەکردنەوە:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بەدووبارە بوونەوەی ڕوودان و ئەنجامدانی کارێك دەکات. وەکو: سەرلەنوێ، دووبارە، جارێکی تر،کەرتێکی تر، نۆرەیەکی تر، دیسان، هەم، هەرجارێ، چەند جارێك...هتد. بۆنمونە: (٤٨) شیرین دووبارە گوڵەکەی ئاودا. (٤٩) هەورامان سەر لەنوێ خولی فێربوون دەکاتەوە.

٦- ئاوەڵکاری نەرێ یان نەفی:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بە نەرێکردنی ڕوودان و ئەنجامدانی کارێك دەکات. یان نەفی کارەکە ڕادەگەیێنێ، دەشێ ببێتە وەڵامی پرسیاری (ئایا؟) (ئەرێ؟)...هتد. وەکو: نەخێر، هەرگیز، هەرگیزاو هەرگیز، بەهیچ جۆرێ، بەهیچ شێوەیێك، بەهیچ چەشنێك...هتد.بۆنمونە:

(٥٠) کەسی دەسپاك هەرگیز خیانەت لەنەتەوەکەی ناکات. (٥١) مرۆڤی باوەڕدار بەهیچ جۆرێ دەست بەرداری خاك و نەتەوەکەی نابێت.

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەم پۆلێنکردنەی ئاوەڵکارەکان پشتی بەواتا بەستوەو ئەمەش وا دەکات ك هەندێکجار کێشە لەدانانی ئاوەڵکارەکان لەبەشە ئاخاوتنەکاندا دروستبێ، بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لەم وشانە چەند واتایەکی سەرەکی دەگەیێنن و دەکرێ بەهەند وەربگیرێ. ئەمەش وا دەکات کە ئەو وشانە خاسیەت و تایبەتمەندی چەند پۆلێکیان هەبێ و بشێ واتای چەند پۆلێك بگەیێنن، یان لەناو چەند بەشێکی پۆلێکیشدا دابنرێ. وەکو: ( زوو، درەنگ، دەستبەجێ، یەکسەر،..هتد. چۆن پەنجە بۆ چۆنیەتی ڕوودان ڕادەکێشن، بەهەمان چەشن دەتوانن کاتی بەجێهێنانی کارێك نیشان بدەن. واتە دەشێ ئاوەڵکاری چۆنیەتی و ئاوەڵکاری کاتی بن.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤،ل١٣٧). هەروەها وشەکانی وەکو: بەخۆشی، بەخۆڕایی، بەدەم خەوەوە...هتد هەڵگری واتای چۆنیەتی هۆو مەبەستن و دەتوانن ئاماژە بەچۆنیەتی ڕوودان و هۆو مەبەستی کارەکە بکەن. هەروەها وشەکانی وەکو: نزیك، لەنزیك، دوور، لەدوور...هتد هەڵگری واتای چۆنیەتی و شوێنن و دەتوانن ببنە ئاوەڵکاری چۆنیەتی یان ئاوەڵکاری شوێن. بۆنمونە:

(٥٢) مـــــن پیاوەکـــــەم لەنزیکـــەوە بینـــــی.            (٥٣) پیاوەکـــــە لەنزیکـــــەوە دانیشـــــتووە.

لەڕستەی (٥٢) دا وشەی (لەنزیکەوە) ئاوەڵکاری چۆنیەتیە، لەڕستەی (٥٣) دا وشەی (لەنزیکەوە) ئاوەڵکاری شوێنیە.

**٢-٣- ٢ پۆلێنکردنی ئاوەڵکار لە ڕووی پێکهاتنەوە**

ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە دەشێ سادەبێ و لەمۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتبێ، یان ناسادەبێ و لە مۆرفیمێکی واتادارو گیرەکێك یان زیاتر پێکهاتبێ و داڕژاوبێ، یان لێکدراو بێ و لەدوو مۆرفیمی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتر پێکهاتبێ.

**٢-٣-٢-١ ئاوەڵکاری سادە:-** بریتیە لەو ئاوەڵکارانەی کەلەمۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتوون. وەکو: پاش، چاك، خراپ، خێرا،هێواش...،زۆر، کەم، پڕ، تەواو...، شەو، ڕۆژ، زوو، ئێستە، سبەی، پار...، سەر، خوار، ژێر، ژوور، بەر، دوا، بن، ناو، دەر،...هتد.

**٢-٣-٢-٢ ئاوەڵکاری ناسادە**

**٢-٣-٢-٢-١ ئاوەڵکاری داڕێژراو:-** بریتیە لەو ئاوەڵکارانەی کە لەمۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارو گیرەکێك یان زیاتر پێکهاتووە.

**٢-٣-٢-٢-١-١ ئەو پێشگر(پێشبەند)انەی کەدەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادە و ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**١-١ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ+ناوی سادە > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١-پێشگری (بێ-):- ئەم پێشگرە چالاکە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو کۆمەڵێك وشە بەرهەم دەهێنێ واتای نەرێ یان پێچەوانە دەگەیێنێ. وەکو: بێشك، بێگومان، بێوچان، بێباك، بێناز، بێخەم، بێکار...هتد. بۆنمونە:

(٥٤) منداڵەکە بێناز گەورە بووە.

٢-پێشگری(بە-):- ئەم پێشگرە چالاکە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو کۆمەڵێك وشە بەرهەم دەهێنێ. وەکو: بەپێ، بەسەر، بەچاو، بەدەست، بەکۆڵ، بەگومان، بەشك، بەشەو،بەڕۆژ،...هتد. بۆنمونە:

(٥٤) ئازاد بەپێ دەچێ بۆ قوتابخانە.

**١-٢ ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەمدەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵناوی سادە > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١-پێشگری(بە-):- پێشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ئاوەڵکارێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ و زیاتر واتای چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەگەیێنێ. وەکو: بەپەلە، بەجێ،...هتد بۆنمونە: (٥٥) نەخۆشەکە بەپەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە.

**٣-١ ئەو پێشگر(پێشبەند) انەی دەچنەسەر ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەمدەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە:پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵکاری سادە > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١-پێشگری(لە-):- پێشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ئاوەڵکاری شوێن و ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێبەرهەم دەهێنرێ، واتای شوێن دەگەیێنن. وەکو: لەژێر، لەسەر، لەناو،لەدەر، لەبن، لەدوور،لەنزیك، لەژوور، لەتەنیشت، لەخوار، لەپاڵ، لەپێش، لەپاش، لەدوا،...هتد. بۆنمونە: (٥٦) منداڵەکە لەژێر دارەکە خەوتووە.

٢-پێشبەندی(بۆ-):- پێشبەندێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ئاوەڵکاری شوێن و ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێبەرهەم دەهێنرێ، واتای شوێن دەگەیێنێ. وەکو: بۆسەر، بۆخوار، بۆژێر، بۆژوور، بۆناو، بۆدەر، بۆتەنیشت، بۆپاڵ،...هتد. بۆنمونە: (٥٧) هەوای گەرم بۆسەرەوە دەچێ.

٣-پێشبەندی(تا-هەتا-):- ئەم پێشبەندە چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێدروست دەکات.وەکو: تاسەر، تاخوار، هەتاسەر، هەتاخوار، هەتاژێر، تاژوور، تابن، تاپاڵ،هەتادەر،...هتد. بۆنمونە: (٥٨) دایك و باوك هەتاسەر بۆ کەس نامێنێ.

٤-پێشبەندی(بە-):- ئەم پێشبەندە چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ دروست دەکات. وەکو: بەسەر، بەژێر، بەلا، بەپاڵ، بەڕاست، بەچەپ، بەخوار،...هتد. بۆنمونە: (٥٩) باڵندەکان بەژێر هەورەکاندا دەفڕن.

**٢-٣-٢-٢-١-٢ ئەو پاشگرانەی کەدەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادە و ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**٢-١ ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەمدەهێنن** . شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: ناوی سادە+ پاشگری وشەداڕێژ > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١-پاشگری (-ێ):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر هەندێك لەناوەکانی شوێنو کات ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ دروست دەکات. وەکو: شەوێ، ڕۆژێ، هاوینێ، پایزێ، زستانێ، بەهارێ، ساڵێ،وەرزێ، وەختێ، کاتێ...، بازاڕێ، دوکانێ، مزگەوتێ، ماڵێ،...هتد. بۆنمونە: (٦٠) ئێمە شەوان دەچینە مزگەوتێ.

٢- پاشگری (-ان):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر هەندێك لەناوەکانی کات و ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ دروست دەکات. وەکو: بەهاران، پایزان، زستانان، ئێواران،ڕەمەزانان،هاوینان، ساڤلان، جاران، شەوان، ڕۆژان، بەیانیان،...هتد. بۆنمونە: (٦١) هاوینان گوند نشینەکان دەچن بۆناو باخ.

٣- پاشگری (-انە):-پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ دروست دەکات، واتای چۆنیەتی وچەندیەتی و شێوە دەگەیێنێ. وەکو: کوڕانە، شێرانە، پیاوانە، ژنانە،...هتد. بۆنمونە:

(٦٢) پشیلەکە شێرانە پەلاماری دا.

٤- پاشگری (-ئاسا):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ناو و ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ پێکدەهێنێ، واتای شێوە یان ڕێکخستن دەگەیێنێ. وەکو: شێرئاسا پیاوئاسا،کوڕئاسا، گورگ ئاسا،...هتد. بۆنمونە:

(٦٣) پۆلیسەکە شێرئاسا دزەکەی گرت.

**٢-٢ ئەو پاشگرانەی کەدەچنەسەر ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵکاری سادە+ پاشگری وشەداڕێژ > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١- پاشگری (-ێ):-پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك لە ئاوەڵکارەکانی شوێن و دایان دەڕێژێو واتای شوێن دەگەیێنێ (مۆرفیمی(ێ) لەڕەسەندا نیشانەی دۆخی کات وشوێنی تیایەو بووە بەپاشگر) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٤٣). وەکو: سەرێ، ژووری، دەرێ، ناوێ، خوارێ، ێرێ،...هتد. بۆنمونە: شنۆ لەخوارێ دانیشتووە.

٢- پاشگری (-انە):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك لە ئاوەڵکارەکان و دایان دەڕێژێو واتای شێوە یان ڕێکخستن دەگەیێنێ. وەکو: هێمنانە،ژیرانە، توڕەییانە، مەردانە، ئازایانە،دلێرانە،...هتد. بۆنمونە:

(٦٤) ڕەنگین هێمنانە ڕەفتار دەکات. (٦٥) منداڵەکە ژیرانە دانیشتووە.

٣- پاشگری (-ان):- ئەم پاشگرە دەچێتە سەر چەند ئاوەڵکارێکی شوێن و ئاوەڵکاری داڕێژراوی کاتیان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: پێشان، پاشان،نێوان،...هتد. بۆنمونە: (٦٦) ئازاد دەست دەشوات پاشان نان دەخوات.

**٢-٣-٢-٢-١-٣ ئەوپێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ناو ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**١-٣ ئەوپێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگر + ناوی سادە +پاشگر > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١-پێشگری (بێ-) + ناو +پاشگری (-انە):- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵکاری داڕێژراوە چالاکەو دەکرێ لەڕێگەی ئەو پێشگرو پاسگرانەی کە دەچنەسەر ناوی سادە کۆمەڵێك ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەمبهێنرێ. وەکو: بێ شەرمانە، بێ باکانە، بێ ئەقڵانە، بێ ویژدانانە، بێ ڕەوشتانە،...هتد. بۆنمونە: (٦٧) پەرپرسەکە بێ باکانە هەڵسوکەوتی کرد.

٢- پێشگری (بە-) + ناو +پاشگری (-ەتی/-یەتی):- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵکاری داڕێژراوە بە بەرهەمەو دەکرێ لەڕێگەیەوە کۆمەڵێ ئاوەڵکاری داڕێژراو دروستبکرێ. وەکو: بەپیاوەتی،بەمیوانیەتی،بەهاوڕێیەتی، بەبرایەتی، بەئازایەتی،...هتد. بۆنمونە: (٦٨) ئازاد بەمبوانیەتی هاتووە.

٣- پێشگری (بە-) + ناو +پاشگری (-ایەتی):- یاسایەکی چالاکە لە داڕشتنی ئاوەڵکاری داڕێژراودا. وەکو: بەخزمایەتی، بەکوردایەتی، بەمرۆڤایەتی، بەدۆستایەتی، بەدوژمنایەتی،...هتد. بۆنمونە: (٦٩) مرۆڤ بە دۆستایەتی ئاسودە دەبێ.

٤- پێشگری (بێ-) + ناو +پاشگری (-ی):- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵکاری داڕێژراوە چالاکەو کۆمەڵێ ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: بێکاری،بێنانی، بێ ڕێیی،بێ ئاوی،بێ ئیشی، بێ کارەبایی،...هتد. بۆنمەنە: (٧٠) دانیشتوانی ناوچە بیابانەکان زۆرجار بێ ئاوی کۆچیان پێ دەکا.

**٣-٢ ئەوپێشگرو پاشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگر + ئاوەڵناوی سادە +پاشگر > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١-پێشگری (بە-) + ئاوەڵناو +پاشگری (-ی):- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵکاری داڕێژراوە زۆر چالاکەو دەتوانرێ لەڕێگەیەوە کۆمەڵێ ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم بهێنرێ،بە زۆری واتای چۆنیەتی وچەندیەتی دەگەێنن. وەکو: بەجوانی، بەچاکی،بەپاکی،بەهێواشی،بەخێرایی،بەپیسی،بەزۆری،بەکەمی، بەدرێژی،بەقوڵی، بەکورتی، بەگەرمی، بەساردی،...هتد. بۆنمونە: (٧١) شەرمین بەچاکی وانەکەی خوێندووە. (٧٢) نەسرین سفرەکەی بەدرێژی ڕاخستووە.

٢- پێشگری (بە-) + ئاوەڵناو +پاشگری (-ایی):- یاسایەکی چالاکەو دەتوانرێ لەڕێگەیەوە کۆمەڵێ ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم بهێنرێ،بە زۆری واتای چۆنیەتی وچەندیەتی دەگەێنن. وەکو: بە درێژایی، بەقوڵایی، بە بەرزایی، بەڕووناکایی، بەتاریکایی،...هتد. بۆنمونە: (٧٣) کۆڵبەرەکان بەتاریکایی باردەبەن.

**٢-٢-٢-٣-٢ ئاوەڵکاری لێکدراو**

بریتییە لەو ئاوەڵکارەی کە لەدوو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار یان زیاتر پێکهاتووە،کەدەشێ ڕاستەوخۆ لێدرابێ یان بەهۆی مۆرفیمەکانی خستنەسەرەوە پێکەوە بەسترابێ.لەڕووی واتاوە دەگرێ ئەرکی دیارخەری کار یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار ببینێ،یان ئەرکی بارودۆخ وپەیوەندی کار بەلایەنەکانی کات و شوێن،...هتد ڕوون دەکاتەوە.

**١-٢ دووبارەکردنەوەی ناو > ئاوەڵکاری لێکدراو**

یەکێك لە ڕێگاکانی بەرهەم هێنانی وشەی تازە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشە(Redupliccation) کە بریتییە لە (دووبارەکردنەوەی هەموو یان بەشێکی وشە بنەڕەتیەکە. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەك هێما کراوەبۆ ئەوەی بۆ چەند چەمکێکی وەك دابەشکردن، گۆیی، دووبارەکردنەوە، چالاکی نەریتی(ڕۆشتن)،زیادکردن لە قەبارەدا،زیادکردنی خەستی، بەردەوامی نیشان بدات. وەکوپرخەپرخ،خڕوخەپان،..هتد) (Katamba, 2006, p180).

١- ناو + ناو:- ئەم یاسایە چالاکە لە داڕشتنی ئاوەڵکاری لیکدراودا،کۆمەڵێك ئاوەڵکار بەرهەم دەهێنێ،کە واتای شێوە یان ڕێکخستن و چەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: پۆل پۆل،کۆمەڵ کۆمەڵ،دەستە دەستە،بەش بەش،ڕیز ڕیز،چین چین،تاقم تاقم،...هتد. بۆنمونە: (٧٤) مەلەکان پۆلپۆل بەئاسماندا دەفڕن.

٢- ناو +(-او-)+ ناو:- ئەم یاسایە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە داڕشتنی ئاوەڵکاری لیکدراودا دەکاو،کۆمەڵێك ئاوەڵکار بەرهەم دەهێنێ،کە واتای شێوە یان ڕێکخستن و چەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: چڵاوچڵ،لەقاولەق،دۆڵاودڵ، شیواوشیو،کوناوکون،دەساودەس، دەماودەم،گۆلاوگۆل،پۆلاوپۆل،...هتد. بۆنمونە: (٧٥) چۆلەکەکە لەقاولەق دەکات.

٣- ناو +(-ەو-)+ ناو:- ئەم یاسایە چالاکەلە بەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری لیکدراودا،کە واتای شێوە یان ڕێکخستن و چەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: بانەوبان،کۆڵانەوکۆڵان،شارەوشار،ماڵەو ماڵ،...هتد. بۆنمونە: (٧٦) کۆترەکە بانەوبان دەفڕێ.

٤- ناو +(-بە-)+ ناو:- ئەم یاسایە چالاکەلە بەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری لیکدراودا،کە واتای کات و ڕێکخستن و چەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: کۆڵان بەکۆڵان،دێ بەدێ، شاربەشار،هەنگاوبەهەنگاو،دەسبەدەس، کۆڵبەکۆڵ، بست بەبست،بەرد بەبەرد،پێ بەپێ،ساڵ بەساڵ...هتد.

٥- ناو +(-لە-)+ ناو:- ئەم یاسایە تاڕادەیەك چالاکە لەبەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری لیکدراودا،کە واتای کات و ڕێکخستن و چەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: دڵ لەدڵ،پێ لەپێ،دەس لەدەس،...هتد.

### ٢-٢ دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناو > ئاوەڵکاری لێکدراو

١- ئاوەڵناو + ئاوەڵناو:- ئەم ڕێگایە چالاکەو بەهۆیەوە کۆمەڵێك ئاوەڵکاری لێکدراو بەرهەم دەهێنرێ. وەکو: باش باش، چاك چاك، جوان جوان،ورد ورد،گەورە گەورە، کورت کورت،هێمن هێمن،...هتد. بۆنمونە: (٧٧) تەماتەکە وردورد بجنە.

٢- ئاوەڵناو +(-او-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمەو چەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: گەرماو گەرم، دووراودوور، نزیکاو نزیك،...هتد.

٣- ئاوەڵناو +(-ەو-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستەو چەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: لارەولار،...هتد.

٤- ئاوەڵناو +(-بە-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستەو چەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دوور بە دوور،...هتد.

٥- ئاوەڵناو +(-لە-) + ئاوەڵناو:- ئە م یاسای داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراوە سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ئاوەڵکارێکدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: پاك لەپاك، چاك لەچاك،پیس لەپیس،دوورلەدوور،...هتد

### ٣-٢ دووبارەکردنەوەی ئاوەڵکار > ئاوەڵکاری لێکدراو

١- ئاوەڵکار + ئاوەڵکار:- ئـە م یاسا چالاکەو دەکرێ لەڕێگەیەوە کۆمەڵێك ئاوەڵکاری لێکدراو بەرهەم بهێنرێ. وەکو: دوور دوور، نزیك نزیك،خێرا خێرا خێرا،پڕپڕ، ئێجگار ئێجار، جارجار،تەواو تەواو،...هتد.

٢- ئاوەڵکار + (-او-) + ئاوەڵکار:- ئـە م یاسا چالاکەو دەکرێ لەڕێگەیەوە کۆمەڵێك ئاوەڵکاری لێکدراو بەرهەم بهێنرێ. وەکو: پشتاوپشت، ژێراوژێر، ژووراوژوور، دووراودوور،پێشاوپێش،هەرگیزاوهەرگیز، پڕاوپڕ،...هتد.

٣- ئاوەڵکار +ەو +ئاوەڵکار:- ئەم ئایاسایە تاڕادەیەك چالاکە لە بەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: پاشەو پاش،..هتد.

٤- ئاوەڵکار + بە + ئاوەڵکار:- ڕیگایەکی بە بەرهەمە لە درووستکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: دوور بەدوور، زووبە زوو، لابەلا،...هتد.

٥- ئاوەڵکار +ان +ئاوەڵکار:- ڕێگایەکی بێ بەرهەمەو تەنیا چەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: (سەرانسەر) (نەریمان عەبدوڵا خۆشناو،٢٠١٣،ل١١٨).

**٤-٢ دووبارەکردنەوەی ژمارە > ئاوەڵکاری لێکدراو**

١- ژمارە +ژمارە:- ئەم یاسا یە کەم بەرهەمەو چەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: یەك یەك،دوو دوو، پێنج پێنج،...هتد. بۆنمونە: (٧٨) قوتابیکان دوودوو دەچنە دەرەوە.

٢- ژمارە +او+ژمارە:- ڕێگایەکی سستە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری لێکدراودا.وەکو: یەکاویەك، سەداوسەد،...هتد. بۆنمونە: (٧٩) باخەوانەکە لەفرۆشتنی بەرهەمەکەدا یەکاویەك قازانجی کرد.

٣- ژمارە +بە +ژمارە:- ڕێگایەکی بە بەرهەمەو کۆمەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: یەك بەیەك، دووبەدوو، دەبەدە،...هتد. بۆنمونە: (٨٠) یاریەکە یەك بەیەك کۆتایی هات .

٤- ژمارە + لە +ژمارە:- ڕێگایەکی چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: یەك لەیەك، دوولەدوو، یەك لەدوو،دەلەدە،سەدلەسەد،..هتد. بۆنمونە: (٨١) قوتابیکە لەتاقیکردنەوەکە دەلەدەی هێنا.

**٥-٢ ناو+ ناو > ئاوەڵکاری لێکدراو**

١- ناو + ەو + ناو:-ڕێگایەکی سستە لەدرووستکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: دەستەو ئەژنۆ...هتد.

٢- ناو+بە+ناو:- بەشێوەیەکی سست بەشداری داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو دەکات. وەکو: دەستبەجێ،...هتد

٣- ناو+ تا+ناو:- ڕێگایەکی تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: شەو تا بەیان، ڕۆژ تا ئێوارە...هتد.

**٦-٢ ئاوەڵکار+لە+ئاوەڵناو> ئاوەڵکاری لێکدراو**

ئاوەڵکار+لە+ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمە لەدرووستکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: سەرلەنوێ،...هتد.

**٧-٢ ئاوەڵکار+ ئاوەڵکار> ئاوەڵکاری لێکدراو**

١- ئاوەڵکار+ ئاوەڵکار:- ڕێگایەکی تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دواجار، کۆتاجار، سبەی بەیانی،...هتد.

٢- ئاوەڵکار+ەو+ئاوەڵکـار:- ڕێگایـەکی سسـتە لەدرووسـتکردنی ئاوەڵکـاری لێکـدراودا. وەکـو: سـەرەوخوار، ژێراوژوور...هتد.

٣- ئاوەڵکار+لـە+ئاوەڵکار:- بەشـێوەیەکی سست بەشـداری پێکهـاتنی ئاوەڵکـاری لێکـدراو دەکـات. وەکـو: سـەر لەبەر،...هتد.

٤- ئاوەڵکار+او+ئاوەڵکـار:- ڕێگایـەکی کـەم بەرهەمـە لەدرووسـتکردنی ئاوەڵکـاری لێکـدراودا. وەکـو: سـەراوژێر، ژێراوژوور،...هتد.

٥- ئاوەڵکار+و+ئاوەڵکار:- ئەم یاسایە لەداڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراودا کەم بەرهەمـە. وەکو: سـەرووژێر، ژێـروژوور، تێرو وپڕ، ئەمڕۆو سبەی،...هتد.

٦- ئاوەڵکار+بەرەو+ئاوەڵکار:- ئەم ڕێگایـە سستـە لەبەرهـەم هێنـانی ئاوەڵکاری لێکـدراودا. وەکو: سـەر بـەرەوخوار، سەر بەرەو ژوور، سەر بەرەوژێر،...هتد

٧ - لـە + ئاوەڵکار+ئاوەڵکـار:- ئـەم یاسـایەکەم بەرهەمـە لەداڕشـتنی ئاوەڵکـاری لێکـدراودا. وەکو: لەسـەرلا، لەسـەر تەنیشت، لەسەر پشت،...هتد

٨ - ئاوەڵکار+نا+ئاوەڵکار:- بەشێوەیەکی چالاك بەشداری پێکهاتنی ئاوەڵکاری لێکدراو دەکات. وەکو: (پـار نـاپێرار، دوێنێ نا پێرێ)(نەریمان عەبدوڵا خۆشناو،٢٠١٣،ل١١٨)،ئەمڕۆ نا سبەی، بەیانی نا دوو بەیانی،...هتد.

**٢-٨ ئاوەڵکار+ ناو> ئاوەڵکاری لێکدراو**

١- ئاوەڵکـار+ نـاو:- ئـەم ڕێگایـە سسـتە لەبەرهـەم هێنـانی ئاوەڵکـاری لێکـدراودا. وەکـو: بـەردەم، بـەرماڵ، بندیوار،بەرسێبەر،...هتد.

٢- لە +ئاوەڵکار+ناو: تاڕادەیەك چالاکە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: لەسـەرپێ، لـەژێرپێ، لـەژێر باڵ،...هتد.

٣- ئاوەڵناو+بە+ ناو:- بەشێوەیەکی سست بەشداری پێکهاتنی ئاوەڵکاری لێکـدراو دەکات. وەکو: پڕبـەدڵ، پڕبـەدەم، پڕ بەزار،...هتد.

**٢-٩ ژمارە + ئاوەڵکار (ناو) > ئاوەڵکاری لێکدراو**

ژمارە+ئاوەڵکار(ناو):- ڕێگایەکی بەبەرهەمـە لەدرووسـتکردنی ئاوەڵکاری لێکـدراودا. وەکو: یـەکجار، یـەك کـەڕەت، دووسبەی، دووشەممە، نیوەڕۆ،نیوەشەو، یەکسەر،...هتد.

تێبینی: لەبەرئەوەی بەشی دووەمی ئەم وشانە زۆربەیان ناون بـەڵام لەهـەمان کاتیشـدا ئاوەڵکاری کـاتین چـونکە واتای کات دەگەیێنن، بۆیە بەپێی دەرکەوتنیان ڕووندەبێتەوە کە ئەرکی ناو دەبینن یان ئاوەڵکار.

**٢-١٠ ئاوەڵناو + و + وشەی بێواتا > ئاوەڵکاری لێکدراو**

ئاوەڵناو+و+ وشەی بێواتا: ڕێگایەکی بەبەرهەمە لەدرووستکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: گورج و گۆڵ، مـات و مەلول،...هتد.

**٢-١١ به + ئاوەڵناوی لێكدراو + ی > ئاوەڵكاری لێكدراو**

بـــە+ئاوەڵناوی لێكـــدراو+ی:- وەكـــو: بـــەدڵ شـــكاوی، بەڕووســـوری، بەســـەر بـــەرزی، بەسەرشـــۆڕی، بـــەژێر دەستەیی،بەدڵپاكی، بەدڵسۆزی،...هتد.

**٢-١٢ وشەی (هەر)+ ناو/ئاوەڵناو/ئاوەڵكار> ئاوەڵكاری لێكدراو**

وشەی (هەر)+ ناو/ئاوەڵناو/ئاوەڵكار: بەشێوەیەكی چالاك بەشداری ئاوەڵكاری لێكدراو دەكەن. وەكو: (هەر ڕۆژ، هەرساڵ، هەردەم...، هەریەك، هەردوو...، هەرلا...) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٤٧).

**٢-١٣ جێناوی نیشانە+ ناو > ئاوەڵكاری لێكدراو**

جێناوی نیشانە+ ناو:- وەكو: ئەمساڵ،ئەمڕۆ، ئەمجار، ئەوسا، ئەوكات، ئەوشەو،...هتد.

**٢-١٤ وشەی (لەم/لەو)+ ئاوەڵكار> ئاوەڵكاری لێكدراو**

وشەی(لەم/لەو)+ ئاوەڵكار:- تاڕادەیـەك چالاكن لەبەرهـەم هێنـانی ئاوەڵكاری لێكـدراودا. وەكو: لەمبـەر، لەوبـەر، لەملا، لەولا،...هتد.

**٢-٣-٢-٢-٣ ئاوەڵكـاری دەسـتەواژەیی:** بـەو ئاوەڵكارانـە دەوترێـت كـە لەدەسـتە واژەیـەك پێكهاتبن. واتـە كۆمەڵـە وشـەیەك بـێ و كاریـان لەگـەڵ نـەبێ. (ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف،٢٠١٤،ل١٤٨).لەبەرئـەوەی ئـەم وشـانە لەشـێوەی گرێدان و ناچنە ناو فەرهەنگەوە ، بۆیە لەچوارچێوەی لێكۆڵینەوەكە دەچنە دەرەوە، بۆیـە بـە پێویسـت نـەزانرا باسی پێكهاتەكەیات بكرێ.

## ٢-٤ پۆلی كار

كار بەشێكی سەربەخۆی ئاخاوتن و واتای ڕوودان دەگەیێنێ لـەڕووی پێكهاتنـەوە لـەمۆرفیمی ڕەگ و كـات و كـەس پێكهـاتووە. (چـەمكێكەلە پـۆلێنی ڕێزمـانی وشـەكاندا بـەكاردەهێنرێ بـۆ ئامـاژەدان بـە پۆلێـك كـە زۆرجـار پێناسەكراوە بـەوەی ئـەو وشـانەن كـە كارێـك دەكـەن یـان ئـەركێك دەبیـنن) (Crystal, 2008, p510). بەشـە ئاخاوتنی كار بەپێچەوانەی وشە فەرهەنگیەكانی ترەوە فۆڕمی ڕێزمانی جیـاواز دەبینـێ، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی كە وشەكە ئاماژە بەكات وەكو ڕابردوو(ڕوت،بەردەوام،نزیك، دوور) یان ڕانەبردوو (ئێستا،ئاینده) دەكات.

هـەروەها ( لـەڕووی ڕێـژەوە ئامـاژە بەڕاگەیانـدن یـان دانـانی داخـوازی دەكـات، كەدەشـێ ئـەرێ یـان نـەرێ بێـت، لەڕووی هێزەوە دەشێ تێپەڕ یان تێنەپەڕبێ و كارا دیار یان نادیـار بـێ، بـەلام ئـەوەی كـەجێگای ئاماژەیـە ئەوەیـە كە ئەم شێوە جیاوازانەی وشە لەڕووی ئەركەوە هەمان ئەرك دەبینن، كە ئەركی كارییـە، هـەروەها لـەڕووی واتـای گشتی یـاخود بنەڕەتیـەوە هـەمان واتـا دەگـەیێنن، جگـە لـەواتای ڕێـژەیی بـوارە ڕێزمانییـە جیاوازەكـان. بۆنمونـە كـارێكی وەكـو (ناشـتم) لەگـەڵ پـارادایم (خشـتە)ی ڕێزمـانی وەكو(دەنێـژم)، (بنێـژن)،( بتـان ناشـتایە)...هتد دەبینن. واتای سەرەكی( ناشتن) لەهەمویاندا هەیە،هەموویان هـەمان ئـەركی كـار دەبیـنن و دەبنـە سـەرەی گرێـی كاری (دیارخراو)، كەرەستەكانی تر دەبنە دیارخەری ئەم بوارە ڕێزمانیە جیاوازانەی كارەكە.

کار لە کوردیدا لەڕووی پێکهاتنەوە نسادەیەو بچوکترین پێکهاتەی لەسێ مۆرفیمی (ڕەگ،کات، کەس) پێکهاتووە، بەڵام هەندێك جار مۆرفی کەسی دەرناکەوێ وەکو مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاك لەکۆمەڵە جێناوی (م،ین). بەڵام لەهەمان کاتدا مۆرفیمەکە ڕۆڵ وئەرکەکەی ( کە ئاماژەدانە بەکەسی سێیەمی تاك) دەبینێ. بەڵام لەکاری ڕابردووی تێپەڕدا نیشانەی بکەر (جێناوە لکاوە کەسیەکان ) دەچنە بەرکار، ئەمەش وادەکات کار لەبچوکترین پێکهاتەیدا لە دوومۆرفیمی ڕەگ وکات پێکبێ. بۆیە (کاری سادە لەکوردیدا نییە، بەواتای ئەوەی کەکار لەکوردیدا دەبێت بەلایەنی کەمەوە لە دوو مۆرفیم (کەرت) پێکبێت) (محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠،ل٢٤٤).

کار بێجگە لەوەی کە واتای ڕوودان دەگەیێنێ ومۆرفیمی ڕێزمانی کات وکەس و ژمارەی لەخۆگرتووە و بەخاسیەتی کاردا دەنرێن،بەڵام لەهەمان کاتدا چاوگ و ناوی کاراو ناوی بەرکاری و...هتد،لەهەندێك لەو تایبەتمەندیانەدا بەشدارن، بەڵام کاری دیارو کاری نادیار دەکرێ وەکو تایبەتمەندیەکی گشتی کار دابنرێ.چونکە (ئەوەی پتر گشت فۆڕمی کار بگرێتە خۆ،حاڵەتی کارا دیاری و کارا بزرییە، کەبەشێوەیەکی یەکجار توند پێوەندی بە دەربڕینی پێوەندی نێوان پرۆتێس و بابەتی ئەو پرۆ تێسەوە هەیە.هەر فۆڕمێکی کار،یان کارا دیارە یان کارا بزرە) (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٢١).

کار لەڕووی پێکهاتنەوە نسادەیە،چونکە لەمۆرفیمێك زیاتر پێکهاتووە، هەروەها دەکرێ لە وشەی داڕێژراو جیابکرێتەوە بەوەی کە ئەو گیرەکانەی بەشداری بچوکترین پێکهاتەی کاردەکەن، ڕێزمانین و واتای وشە ناگۆڕن. ئەمەش وادەکات پۆلێنکردنی کار لەزمانی کوردیدا جیاوازبێ لە بەشەئاخاوتنەکانی تر، بۆیە دەکرێ (ئەم سێ جۆرە کردارە لەڕووی ڕۆنانەوە بونیان هەبێ، کرداری بنەڕەتی،کرداری داڕێژراو،کرداری لێکدراو ) (بێستون حەسەن ئەحمەد،٢٠٠٨،ل٤٥).

**٢-٤-١ کار لەڕووی پێکهاتنەوە پێکدێ لە:**

**٢-٤-١-١ کاری بنەڕەتی:-** بریتییە لەوکارەی کە لەمۆرفیمێکی ڕەگ ومۆرفیمی ڕێزمانی کات وکەس یان زیاتر پێکدێ،کە واتای ڕوودانی کارێك بەئەرێ یان نەرێ دەگەیێنێ وئاماژە بەئەنجامدەری کارەکە (بکەر دیار، بکەرنادیار) دەکات. وەکو: ڕۆشتم، چووین، نادم، نوسییان، دەیانهێنا، ڕوان، بردمان،خوارتان،...هتد.

مۆرفیمی ڕێزمانی بۆدروسکردنی ئەو پێکهاتەیەی وشەیەیە (وشەی داڕژاو )،کەوا جیاوازیە ڕێزمانیەکان نیشان دەدات. وەك (تاك وکۆ) لە ژمارە و (ڕابردوو ڕانەبردوو بەردەوامی) لەکات و (یەکەم ودووەم و سێیەم) لەکەس و (بکەروبەرکارو خاوەنیەتی،..هتد.) لەدۆخدا. کە ئەمانە نابنە هۆی دروستبوونی لێکسیمی نوێ،بەڵکو تەنیا شێوەی ڕێزمانی وشە فەرهەنگیەکان دەگۆڕن تاوەکو لەگەڵ بوارە ڕێزمانیەجیاوازەکاندا بگونجێ (Lieber, 2012, p4 ).

کاری بنەڕەتی لەڕووی ڕۆنانەوە،لەم مۆرفیمانە پێکهاتووە (ڕەگی کار،کەس،کات) (بێستون حەسەن ئەحمەد، ٢٠٠٨،ل٤٦). کارەبنەڕەتییەکان بەشێکی گرنگی وشەفەرهەنگیەکانی بەشەئاخاوتنی کار دادەنرێن،هەروەها بەسەر چاوەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی کارە داڕێژراو و لێکدراوە فەرهەنگیەکان هەژماردەکرێن،چونکە لەسەرئەم

بنجانە بنیات نراون،کە مەودایەکی فراوان دادەپۆشن. هەروەها لەڕووی واتاشەوە،ئەگەرچی هەندێکجار مۆرفیمە وشەدارێژەکان ئاڕاستەو واتای جیاواز یان پێچەوانە دەبەخشن،بەڵام کارەبنەڕەتییەکان هەڵگری واتای گشتی وسەرەکی کارە دارێژراوەکانن.

**٢-٤-١-٢ کاری دارێژراو**:- بریتییە لەو کارەی کە لە کارێکی بنەڕەتی و گیرەکێکی وشەدارێژ یان زیاتر پێکدێ، کەبەشێوەی پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان دەخرێنەسەری و دەبنە هۆی گۆڕینی پێکهاتەو واتای کارە بنەڕەتییەکە.

ئەوکارەیە کەجگە لەگیرەکی گەردانکردن،بەلایەنی کەمەوە گیرەکێکی دارشتن بەشداری لەڕۆنانەکەیدا دەکات. یان بریتییە لەکارێکی بنەڕەتی و گیرەکێکی دارشتن (بێستون حەسەن ئەحمەد،٢٠٠٨،ل٤٦). کارە دارێژراوەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی وگرنگی دەوڵەمەندکردنی وشە فەرهەنگیەکانی بەشەئاخاوتنی کارن، کەبەهۆی ئەو گیرەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن.

**٢-٤-١-٢-١ ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر کاری بنەڕەتی و کاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن، پێکدێن لە:**

**١-١ ئەو پێشگرە سادانەی کەدەچنە سەرکاری بنەڕەتی و کاری دارێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەدارێژ + کاری بنەڕەتی > کاری دارێژراو

(١) پێشگری (هەڵ-):- پێشگرێکی زۆر چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەرێژێ و کاری دارێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ و بەزۆری واتای ئاڕاستەی بەرز وجوڵانەوە بەرەوژوور دەگەیێنێ. وەکو: وەکو: هەڵهات،هەڵچوو،هەڵدا،هەڵخست،هەڵکرد،هەڵدا،هەڵبڕی، هەڵکشا، هەڵبەزی،هەڵدڕی،...هتد. هەروەها دەشێ چەند واتایەکی تریش بگەیێنێ وەکو:

١- ئاڕاستەی نزمی جوڵانەوە بەرەوخوار. وەکو: هەڵوەری،هەڵدێرا،..هتد. بۆنمونە: (٨٢) گەڵای دارەکە هەڵوەری.

٢- ئاڕاستەی ئاسۆیی یان بەرەوچوون. وەکو: (هەڵکوتا ) (محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠،ل٧١).

٣- واتای پێچانەوەو کۆکردنەوە. وەکو: هەڵکرد، هەڵگرت،...هتد.بۆنمونە: (٨٣) شلێر شلیلەکەی هەڵکرد.

٤- واتای کردنەوەو لەتکردن.وەکو: لەتکرد، هەڵکرد، هەڵدڕی، هەڵقڵیشا، هەڵڕشت،...هتد.بۆنمونە: (٨٤) بەهار ئاوی جۆگەکەی هەڵکرد.

٥- واتای زانین و ئاشکربوون، تەواوبوون. وەکو: هەڵهێنا،...هتد.بۆنمونە: (٨٥) بەهار مەتەڵکەی هەڵهێنا.

٦- واتای ئیشپێکردن وداگیرساندن. وەکو: (٨٦) هەورامان چراکەی هەڵکرد.

٧- واتای دروستکردن وچاککردن. وەکو: هەڵبەست،...هتد.بۆنمونە:

(٨٧) سەرکەت ئۆتۆمبیلەکەی هەڵبەست. (٨٨) سەرکەوت قسەی هەڵبەست.

٨ - واتای تووڕەبوون. وەکو: هەڵچوو،...هتد. بۆ نمونە: (٨٩)ئومێد تووڕبوو.

(٢) پێشگری (دا-):- پێشگرێکی زۆر چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ پێکدەهێنێ و بەزۆری واتای ئاڕاستەی نزم وجوڵانەوە بەرەوخوار دەبەخشێ. وەکو: داکرد، داڕشت، دانا، داهێنا، داخست، داکەند،...هتد. هەروەها دەشێ ئەم واتا و ئاڕاستەجیاوازانەی خوارەوە بگەیێنێ:

١ - واتای پوکانەوە وخراپبوون ولاوازبوون. وەکو: داتەپی، داڕما، داپلۆسی،..هتد. بۆنمونە: (٩٠) ئازاد لەخەفەتا داتەپی.

٢- واتای دۆزینەوە یان دروستکردن . وەکو داهێنا، داڕشت،...هتد.

٣- ئاڕاستەی ئاسۆیی.وەکو:داخست،...هتد. بۆنمونە: (٩١) سەلمانن دەرگای ژوورەکەی داخست.

٤-واتای جیاکردنەوەو دوورکەوتنەوە. وەکو: دابڕی، داپچڕا، داکەند،...هتد.بۆنمونە: (٩٢) کۆچ هاوڵاتیان لەیەك دادەبڕێنێ.

٥- واتای قەڵەوی. وەکو: دابەست،داگرت،..هتد. بۆنمونە: (٩٣) گۆشتەکە هی ئاژەڵی دابەستەیە.

٦- واتای ئیشپێکردن. وەکو: داگیرسا،...هتد. بۆنمونە: (٩٤) ئۆتۆمبیلەکە دابگیرسێنە.

٧- واتای دواتر. وەکو: داهات،...هتد. بۆنمونە: (٩٥) شەو داهات.

(٣)پێشگری (ڕا-):- پێشگرێکی زۆر چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، بەزۆری واتای ئاڕاستەی ئاسۆیی و جوڵانەوە بەرەوشتێك دەبەخشێ،یان (بەزۆری بزوتنەوە بەرەوپێش نیشادەدات) (جەمال عەبدول،٢٠٠٨،ل١٨٠). وەکو: ڕادا،ڕاکشا،ڕاکێشا،ڕامالی،ڕایکرد،ڕاگواست،...هتد. هەروەها دکرێ چەند واتایەکی تر ببەخشێ:

١- ئاڕاستەی بەرزی یان ستوونی. وەکو: ڕابوو،ڕاوەستا،ڕاپەڕی،...هتد.بۆنمونە: (٩٦) منداڵەکە لەخەو ڕابوو.

٢- ئاڕاستەی نزمی. وەکو: ڕاکێشا،ڕاخست،...هتد

٣- واتای فێرکردن. وەکو: ڕاهێنا، ڕاهات،..هتد. بۆ نمونە: (٩٧) دایك منداڵ لەسەر ڕەوشتی جوان ڕادەهێنێ.

٤- واتای وەستاندن. وەکو: ڕاگرت،...هتد. بۆنمونە: (٩٨) سیروان سەیاررەکەی ڕاگرت.

٥- واتای کۆتایهاتن وبەسەرچوون. وەکو: ڕابوورد،..هتد. بۆنمونە: (٩٩) سەردەمی منداڵی ڕابوورد.

٦- واتای سەنجدان و ورد بوونەوە. وەکو: ڕاما،...هتد. بۆنمونە: (١٠٠) گەشتیارەکە لە قەڵاکە زۆر ڕاما.

(٤) پێشگری (ڕۆ-):- پێشگرێکی زۆر سستەو دەچێتەسەر چەند کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، بەزۆری واتاو ئاڕاستەی جوڵانەوە بەرەوخوار دەگەیێنێ. وەکو: ڕۆکرد، ڕۆچوو،...هتد. بۆنمونە: (١٠١) زەویەکە ڕۆچوو.

(٥) پێشگری (وەر-):- پێشگرێکی کەم بەرهەمەو دەچێتەسەر چەند کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ ، بەزۆری واتای بازنەیی و پێچەوانەو هەڵگێرانەوەو هەڵسوڕان دەگەیێنێ. وەکو: وەرگەڕا، وەریگێڕا، وەرچەرخا، وەرسوڕا،...هتد .

(٦)پێشگری (پێ-):- ئەم پێشگرە زۆرچالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ،هەروەها زۆرجار ئاماژە بەکەسێك یان شتێك دەکات،کەئەرکی تەواوکەردەبینێ و پەیوەندی بەڕوودانی کارەکەوە هەیە.هەروەها (ئەم پێشگرە بەزۆری نیشانی بزوتنەوەی ڕوودان بەرەوبەرکارێك ڕادەگەیێنێ) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٧٢). وەکو: پیدا، پێبوو، پێچوو، پێکرد، پێڕشت، پێبرد، پێهێنا، پێکەوت، پێگرت، پێخست،...هتد.

١- دیاخستنی هۆی ڕوودان.واتە دیارخستنی ڕێگا.وەکو: پێکرد(محەمەد مەعروف فەتاح - سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦، ل٧٥)، پێبرد، پێخست، پێڕشت،...هتد. بۆنمونە: (١٠٢) سیروان ئاوەکەی پێدێرا.

٢- واتای کامڵبوون وتەواوبوون.وەکو: پێگەیشت،...هتد.بۆنمونە: (١٠٣) بەروبوومەکە پێگەیشت.

٣- واتای جەختکردن و سووربون.وەکو:پێی داگرت،...هتد. (١٠٤) محەمەد لەسەرداواکاریەکەی پێی داگرت.

واتای ئیشکردن و داگیرساندن. وەکو: پێی کرد،پێبوو،...هتد. بۆنمونە: (١٠٥) ئۆتۆمبیلەکە پێبوو.

(٧) پێشگری (تێ-):- پێشگرێکی زۆرچالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا، هەروەها زۆرجار ئاماژە بەواتای ڕوودان بەرەو کەسێك یان شتێك دەکات، یان واتای ڕوودان بەرەو بەرکار و ئاماژەدان بەبەرکار یان تەواوکەری کاردەکات. بۆیە (ئەم پێشگرە بزوتنەوەی ڕوودان بەرەوشوێنێکی دیاریکراو نیشان دەدا ) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٧٢). وەکو: تێدا،تێزا،تێخست،تێکەوت،تێبرد،تێمکرد،تێچوو،...هتد.هەروەها چەند واتایەك دەگەیێنێ:

١- وتای نەزانین وهەڵکردن وناکاوی.وەکو:تێکەوت،...هتد.بۆنمونە: (١٠٦) فەرهاد لەکاتی وانەوتنەوەدا تێکەوت.

٢- سەرنجدان وسەرسوڕمان بوون.وەکو:تێما،تێڕاما،...هتد. بۆ نمونە: (١٠٧) مامۆستا لەقسەی قوتابیە هەژارەکە زۆر تێما.

٣- بەکاربردن یان بەکارهێنان وسەرفکردن.وەکو:تێچوو،...هتد.بۆ نمونە: (١٠٨) تێچووی دروستکردنی مزگەوتەکە یان کەمبوو.

(٨) پێشگری (لێ-):- پێشگرێکی زۆرچالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،ئەم پێشگرەش وەکو پێشگرەکانی (پێ،تێ) زۆرجار ئاماژە بەتەواوکەر یان بەرکاری ڕوودانەکە دەکا و (نیشانەی بزووتنەوە بەرەوکەسێك یان شتێك دەدا) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٧٣). وەکو: لێدا، لێبرد،لێیکرد، لێخست،لێڕشت،لێیچوو،لێیبوو،لێگرت،...هتد. هەروەها چەند واتایەکی تر دەبەخشێ:

١- واتای ئامادەبوون وپێگەیشتن وتەواوبوون.وەکو:لێنا،لێبوو،...هتد. بۆنمونە: (١٠٩) چێشتکەیان لێناوە.

٢- واتای لەیەکردن وهاوشێوە بوون. وەکو:لێچوو،...هتد.بۆنمونە: (١١٠) محەمەد لەباوکی دەچێ.

(٩)پێشگری (وێ-):-پێشگرێکی کەمبەرهەمە لەدروستکردنی کاری داڕێژراودا.وەکو: ( وێکچوو،وێکەوت) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٧٣).

**١-٢ ئەو پێشگرە ناسادانەی کەدەچنەسەر کاری بنەڕەتی وکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن.**شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە:پێشگری وشەداڕێژ + کاری بنەڕەتی > کاری داڕێژراو

ئەوپێشگرانەی کەلە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگرەسادەکانی (پێ،تێ،لێ) لەگەڵ پاشبەندەکانی (دا،ڕا،وە) پێکهاتوون. بریتین لە:

(١) پێشگری (پێدا-):- پێشگرێکی زۆرچالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای ئاماژەدان بەشێوەی جوڵەی کەسێك یان شتێك کە ئەرکی تەواوکەر یان بەرکاری کارێك دەبینێ، دەدات. یان( ڕێچکەی بزووتنەوە بەسەر ڕوی شتێکدا یان بۆ ناو شتێك) (ئەڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٧٩)، نیشان دەدات. وەکو: پێداچوو، پێداهات، پێدابرد، پێداڕۆشت،...هتد.

(٢) پێشگری (پێڕا-):- پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای ئاماژەدان بەئاڕاستەو جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك کە ئەرکی تەواوکەر یان بەرکاری کارێك دەبینێ، دەدات. هەروەها واتای (پێکەوەبوون پیشاندەدات) ( جەمال عەبدول،٢٠٠٨،ل١٨٢). وەکو: پێڕاگەیشت، پێڕاگەیاند، پێڕاهات،...هتد.

(٣) پێشگری (پێوە-):- پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای ئاماژەدان بەئاڕاستەو جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك کە ئەرکی تەواوکەر یان بەرکاری کارێك دەبینێ، دەگەیێنێ. یان(ڕووی بزووتنەوە بەرەو بەرکار نیشان دەدات) (ئەڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٧٩)، وەکو: پێوەدا، پێوەبوو، پێوەکرد، پێوەدرا، پێوە بەست، پێوەما، پێوەهات، پێوەڕۆشت، پێوەچوو...هتد.

(٤) پێشگری (تێدا-):- پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای ئاماژەدان بەئاڕاستەو جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك لەناوەوە دەدات.یان ( ڕووی ناوەوەی شتێك دەگەیێنێ) (ئەڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٧٩). وەکو: تێدابوو، تێداخوارد، تێداکرد، تێداچوو، تێداڕشت، تێدا بەست، تێداهێنا...هتد.

(٥) پێشگری (تێڕا-):- پێشگرێکی تارادەیەك چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك لەناوەوە دەدات، کەئەرکی تەواوکەر یان بەرکار دەبینێ. وەکو: تێڕادا،تێڕاما، تێڕاکرد، تێڕابرد، تێڕاچوو...هتد.

(٦) پێشگری (تێوە-):- پێشگرێکی کەم بەرهەمەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك بەشێوەی ئاسۆیی دەدات، کە ئەرکی تەواوکەر دەبینێ. وەکو: تێوەگلا، تێوەپێچا،...هتد.

(٧) پێشگری (لێڕا-):- پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراو یان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای ئاڕاستەی جوڵانەوە بەرەو کەسێك یان شتێك دەدات. وەکو: لێڕاهات، لێڕاما،...هتد.

(٨) پێشگری (لێوە-):- پێشگرێکی کەم بەرهەمەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا،بەزۆری واتای جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك لەناوەوە دەدات. وەکو: لێوەهات، لێوەچوو،...هتد.

**١-٣ ئەو پێشگرە ناسادانەی کە لەئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگر(پێشبەند) ەکانی (دە، بە، لە،وە، ڕە)لەگەڵ ژمارەی (یێك،یەك) دروست بوون. پێکدێن لە: (پێك -،تێك-، لێك-، وێك-، ڕێك-).**

١- پێشگری (پێك-):- لەئەنجامی تێکەڵبوونی( بە + یەك) وە دروست بووە، دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێبەرهەم دەهێنێ، کەواتای پێکەوە بەستن و پێکەوە بوون و بەریەککەوتن و گرێدان دەگەیێنێ. یان ئاماژە بەجوڵەو ئاڕاستەی چەند کەسێك یان شتێك دەکات بەرەو خاڵێك یان چەقێکی هاوبەش. وەکەو: پێکهات، پێکگەیاند، پێکدادا،...هتد.

٢- پێشگری (تێك-):- ئەم پێشگرە لەیەکگرتنی (دە+یەك)ەوە دروست بووە و دەچێتە سەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێدروست دەکات، بەزۆری واتای نەرێنی یەکگرتن و گرێدان و پێکەوە بەستن دەگەیێنێ. وەکو: تێکدا، تێکچوو، تێکشکا، تێکرژا،...هتد.

٣-پێشگری (لێك-):- ئەم پێشگرە لەیەکگرتنی (لە+یەك)ەوە دروست بووە و دەچێتە سەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێدروست دەکات، بەزۆری ئاماژە بەواتای یەکبوون و گرێدان بە ئەرێ یان نەرێ دەدات، هەروەها ئاماژە بەجوڵەو ئاڕاستەی کەسێك یان چەند کەسێك یان چەند شتێك بەرەو خاڵێکی هاوبەش یان بەپێچەوانەوە دەکات. وەکو: لێکخست، لێکدا، لێککرد، لێکچوو، لێکخرا،...هتد.

٤- پێشگری (وێك-):- پێشگرێکی سستە. وەکو: (وێککەوت، وێکخست) ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٨١). ئەم پێشگرە لە یەکگرتنی (بە(وە)+یەك) ەوە دروست بووە.

٥- پێشگری (ڕێك-):- ئەم پێشگرە لە تێکەڵبوونی ( ڕە+یەك) ەوە دروست بووە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤،ل٨١)، بەزۆری واتای هاوسەنگی و هاوشانی و ڕێکبوون دەگەیێنێ، هەروەها واتای جوڵەو ئاڕاستەی جیاواز بەرەو ئاستێك یان خاڵێك دەدات. وەکو: ڕێکخست، ڕێکبوو، ڕێکچوو، ڕێکهات، ڕێکرۆشت،...هتد.

**٢-٢-١-٤-٢ ئەو پاشگرانەی کە دەچنە سەر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن،** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێت لە: کاری بنەڕەتی + پاشگری وشەداڕێژ > کاری داڕێژراو

(١) پاشگری (-ەوە):- ئەم مۆرفیمە وەکو گیرەکێکی وشەداڕێژ بەشداری لەداڕشتنی هەندێك کاری بنەڕەتی و ڕەگ دەکات و دایان دەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێبەرهەم دەهێنێ. ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ئەوەی وەکو پاشگرێکی

ڕێزمانی واتاو ئەرکی دووبارە کردنەوە بەکار دەبەخشێ، بەڵام لەداڕشتنی هەندێك کاردا ڕۆڵی وشە داڕشتن دەبینێ. مۆڕفەکەی بەچەند شێوەیەك دەردەکەوێ وەکو( ەوە، تەوە، یەوە،...هتد)، وتای جیاواز دەگەیێنێ وەك:

١- ئاڕاستەی نزمبوونەوە. وەکو: بەربووەوە،...هتد.

٢- واتای شلەمەنی. وەکو: خواردەوە،...هتد.

٣- واتای سەرکەوتن. وەکو: بردەوە،...هتد.

٤- واتای ڕەفتار. وەکو: کردەوە...هتد.

٥- واتای ئەنجامدانی کارێك. وەکو: کۆبووەوە،خوێندەوە...هتد.

٦- گۆڕینی واتای ڕەگ و واتای تەواوبوون. وەکو: لێبوەوە، هەڵگەڕاوە،...هتد.

٧- بەخشینی واتای جیاواز بەڕەگی چاوگە واتا ناڕوونەکان. وەکو: حەسایەوە، بورایەوە، حەوایەوە،...هتد.

(٢) پاشگری (-اند):- ئەم پاشگرە نسادەیەو جگە لەئەرکی ڕێزمانی کات و تێپەڕی کە دەچێتە سەر ڕەگی کارە تێنەپەڕو دەنگە سروشتیەکان دەیانکاتە کاری تێپەڕ، دەشێ وەکو پاشگرێکی وشەداڕێژی سست ڕۆڵی داڕشتنی هەندێ بنج یان ڕەگ و کاری بنەڕەتی ببینێو بیانکاتە کاری داڕێژراو، واتای جۆراوجۆر بگەیێنێ. کەهەندێکیان بەشە ئاخاوتنەکەیان دەگۆڕێ.

بیر بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی فۆڕم و ئەرکی ئەم پاشگرە نسادەیە وەکو دەربارەی شێوەی پێکهاتەکەی کە چەند شێوەیەکیان دەست نیشان کردووە. وەکو (اند، اندن،ند،تن،دن،...هتد). هەروەها بیرو ڕای جیاواز دەربارەی ئەرکەکەی هەیە لەناو زمانەوانانداا، بەوەی کە ئەم پاشگرە لەبەرئەوەی ئەرکی ڕێزمانی مۆڕفیمی کات و تێپەڕی دەبینێ مۆڕفیمێکی ڕێزمانیە، لەهەمان کاتدا هەندێك لەزمانەوانان بەگیرەکی وشەداڕێژی دادەنێن بەوەی بەشداری لەداڕشتنی هەندێك وشە دەکات و واتاکەیان دەگۆڕێ.

لەبەرئەوە دەبێ ئەم پاشگرە بەپێی ئەو واتا و ئەرکەی کەلە داڕشتنی وشەکاندا دەیبینێ، پۆلێنبکرێ بۆ ڕێزمانی یان وشەداڕێژ، چونکە دەشێ ئەرکی ڕێزمانی ببینێو پاشگرێکی ڕێزمانی بێ یان ئەرکی وشەداڕشتن ببینێ و گیرەکێکی وشەداڕێژ بێ. وەك لەم داڕشتنانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ ئەرکی داڕشتن دەبینێ. وەکو: نرخاند، دلاواند، چەسپاند، چواند،...هتد.

**٢-٤-١-٣ کاری لێکدراو**

بریتیە لەو کارەی کە لەکارێکی بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراو کەرەستەیەکی زمانی وەك ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ئامراز،...هتد) پێکدێ. یان (بریتیە لەوکارەی کە کارێکی داڕێژراو بەشداری لەپێکهێنانیدا بکات، بەڵام دەبێ بەلایەنی کەمەوە کەرەستەیەکی تریشی لەگەڵدابێ. ئەم کەرەستەیە کە بەزۆری مۆڕفیمێکی سەربەخۆیە لەشێوەی ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار ئاسایی پێش کارە داڕێژراوەکە دەکەوێ) (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ل٢٤٨). ئەو کەرەستانەی کە بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەمان پێك دەهێنن ڕۆڵی گرنگ دەبینن، لەبەخشینی

واتـاو ئاڕاسـتەی جیـاواز بەبەشـی دووەمـی کارەکـە. هـەروەها لـەڕووی ئەرکـەوە دەبنـە تەواوکـەرو دیارخـەری و کەرتی دووەمیش دەبێتە دیارخراو ئەرکی سەرەی فرێزە کاریەکە دەبینێ.

لەبەرئـەوە وشـەی لێکدراو(compound) بریتیـە لـەو وشانەی (کەبەلایـەنی کەمـەوە دوو چاوگیان تێدایـەو هەردووکیشیان وشەن یـان هەرچـۆنێك بێـت مـۆڕفیمی ڕەگـن ) .(Katamba, 2006, p55) کاری لێکدراو ڕۆنانێکە لەکردارێك وکەرەستەیەك یان زیاتر پێکهاتووە (ئـازاد ئەحمـەد حسێن، ٢٠٠٩، ل٣٨).کاری لێکدراو جگـە کە لەوەی لەڕووی مۆڕفۆلۆجییەوە لە کاری داڕێژراو جیادەکرێتەوە، دەشـێ لـەڕووی ئـەرکو واتاشـەوە بناسـرێتەوە بەوەی کە واتای ڕوودان دەگەێنێ.

**کاری لێکدراو جیادەکرێتەوە لەکاری تێپەڕو گرێی کاری بەهۆی چەند تایبەتمەندیەکەوە، کەبریتین لە:**

١- کەرتـەکانی کـاری لێکـدراو یـەکتری تـەواو دەکـەن و پێکـەوە واتاکـە بەرهـەم دەهێـنن، بۆیـە پێکهاتەیـەکی یەکگرتووەو بەشێکی گرنگی بەشەئاخاوتنی کار دادەنرێ. کـەرتی یەکـەمی ئـەم کارانـە هەرچـەندە واتـای سـەرەکی وتـازەی هـەلگرتووەو هێـزی سـەرەکی دەکەوێتـە سـەر،بەڵام کـەرتی دووەم لـەڕووی وتـاوە سـادەیەو پێشـبینی بناغەکەش دەکرێ،چونکە ژمارەیان سنووردارەو لەچـەند کارێـك تێناپـەڕن، بـەڵام لـە داڕشـتنی کارەکـەدا گـرنگن، چونکە ئەو واتایەی کەبـەهۆی لێکدانی ئـەو بناغانـەوە دەست دەکـەوێ تـا ئەندازەیـەك جیـاوازەو بـەڵکو هەنـدێ جـاریش لەڕێگـەی واتـای ئەمانـەوە پێشـبینی نـاکرێ. چـونکە (بـەڤۆناغی واتـا خواسـتندا ڕۆشـتوون و واتـای ڕۆنانەکەی لەکۆی واتای کەرتەکانییەوە نـەهاتووە، بـەڵکو بریتییـە لـە واتـای ئەمانـەو واتـای تـریش. لەبـەر ئـەوە لەهەمانکاتـدا بەئیدیـەم دادەنـرێن) (محەمـەد مـەعروف فـەتاح،٢٠١٠،ل٢٥٤). وەك (دەسـتی درێـژکرد) کـە واتـای (بـەکارهێنانی نایاسای مـاڵی کەسـانی تـر) دەگەێنێ.لەبەرئـەوە (کـەرتی دووەمـی کـاری لێکـدراو بەدەگمـەن نـەبێ ناگۆڕێن،بەواتایەکی تر ناتوانین کارێکی تر بخەینە جێگەیان) (بەکر عومەر عەلی، ٢٠١٤، ل٢١٨).

٢- کـاری تێپـەڕ بەپێچـەوانەی کـاری لێکدراوەوە،کەرسـتەکانی بـەرکارو کـار واتاکـەیان دیـارەو دەکـرێ زۆرجـار کەرستەی تر بخرێتە شوێنیان،بێ ئـەوەی کەموکوڕی لەنـەگونجانی واتـاو واتـای تـر یـان خواسـتراو پەیـدابێ. وەك (سێوەکەی فرۆشـت)، دەکـرێ چـەندین نـاوی تـر، کـە ئـەرکی بـەرکار دەبیـنن، بخرێنـە جێگـەی بـەرکار.وەك (هەنار،ترێ..هتد)،هەروەها کارەکەش چەندین کاری وەك (کڕی،هێنا،برد،...هتد) بخرێتە شوێنی.

٣- ئـەو کەرسـتانەی کـە لەچوارچێوەی گرێـی کاریـدا دەردەکـەون، بـۆ زیـاتر ڕونکردنـەوەو تـەواوکردنی واتـای کارەکەن و دەتوانرێ لابدرێن بێ ئـەوەی کـار لـە واتـای ڕستەکە بکات.بـەڵام لـە کـاری لێکـدراودا نـاکرێ کەرتـەکان لابدرێن،چونکە کار لە واتای کارەکە دەکەن و زۆرجار واتاکەی دەشێوێ یان دەگۆڕێ.وەك (ئـاودا) ئەگـەر وشـەی (ئاو) لابدرێ واتاکەی دەگۆڕێ.بەڵام گرێیەکی وەك (لە دارستانە پڕلە داروگژو گیـاو ئاژەڵـە دڕندەکانـدا) دەتـوانرێ کورت بکرێتەوە بۆ(لەدارستانەکەدا)،هەروەها دەشکرێ لە ڕستەیەکی وەك (ژیوا لـە دارسـتانە پـڕ لـەدارو گـژوگیاو ئاژەڵە دڕندەکاندا دەژی) لابدرێ، وەکو (ژیوا دەژی).

٤- بناغەی یەکەمی زۆربەی  کاری لێکدراو هەرگیز کەرستەی هاوپۆلی خۆی لەگەڵدا نایەت، بەڵام ئەگەر هاتوو هەردوو کەرەسە هاوپۆلەکە یەك واتایان هەبوو،یان هاو واتابوون دەگونجێ پێکەوە بێن. (بێستون حەسەن ئەحمەد، ٢٠٠٨، ل١٢٢).

٥- کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو زۆرجار ناوی واتاین،بەپێچەوانەی بەرکاری کاری تێپەڕەوە، کە بەزۆری ناوی شتی مادین. هەروەها ناوی تایبەتی ئەرکی بەرکار دەبینێ، بەڵام توانای داڕشتنی کاری لێکدراوی نییە. وەکو (شەڕیکرد،سوێندی خوارد،  فریوی خوارد، فریودرا، هاواری کرد، قسەی کرد، دەستگیری کرد،پێی گرت، گوێی گرت، زمانی بەربوو، جوانبوو...، زەرد هەڵگەڕا، سووربوەوە، سپی دەکاتەوە، بێهێزکەوت، لەهۆش چوو...،...هتد) بەڵام بەرکار دەکرێ شتی مادی و ناوی تایبەتی بن. وەکو (نان، ئاو، گوێز، دار، قەڵەم...، محەمەد، هەورامان، فەرهاد، چنوور، رەنگین، شەرمین،..هتد).

٦- کاری لێکدراو دەشێ تێپەڕ یان تێنەپەڕبێ. واتە کەرتی یەکەمی کارەکە ڕۆڵی تەواوکەری کار بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (بەیاریدە) دەبینێ،کە دەگونجێ کارەکە تێپەڕبێ یان تێنەپەڕ، بەڵام بەرکار تەنیا لەکاری تێپەڕدا دەردەکەوێ، ئەگەرچی هەندێ کات تەواوکەری کارەکە جێگەی بەرکار پڕ دەکاتەوە،بەڵام بەرکا نییە.وەك (١١١) (مەلا خەڵکەکەی ئاشت کردەوە) (١١٢) (ئارەزووەکانی دونیا زۆرجار مرۆڤ فریو دەدەن). لەم ڕستانەدا وشەکانی (ئاشت، فریو) ڕۆڵی تەواوکەر دەبینن،هەروەها وشەکانی (خەڵك، مرۆڤ) ئەرکی بەرکار دەبینن.

**٢-٤-١-٣-١ پۆلێنکردنی کاری لێکدراو لەڕووی واتاوە**

١-١ کاری لێکدراوی ڕووداو گەیێن:- بریتیە لەو کارەی کەڕووداوێك دەگەیێنێ کەدەشێ کارەکە لەلایەن کەسێك یان شتێکەوە ئەنجام بدرێت. واتە بکەرەکەی ڕۆڵی کارا ببینێ‌یان کارەکە لەلایەن کەسێك یان شتێکی ترەوە ئەنجام بدرێ‌و بکەرەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی لەڕوودانەکە نەبێ و تەنها بکەرێکی ڕێزمانی بێ. لەبەرئەوە  (کاری ڕووداو گەیێن خۆکردە جا بەهێزبێت یان بێ هێز، بەواتای ئەوەی لەژێر کاری بکەردایە جوڵ پیشان بدات یان نەدات) (محەمەد مەعروف فەتاح،   ٢٠١٠، ل٢٥١). بۆ نمونە: (١١٣) سیروان گوڵکەی ئاودا. (١١٤) بەردەکە شوشەکەی ورد کرد. لەڕستەی (١١٣) دا (سیروان) بکەری ڕستەیەو کارایە، کەکارێکی ئەنجامداوە، بەڵام لە ڕستەی (١١٤)دا ( بەردەکە ) بکەری ڕێزمانیە بەڵام کارا نیە، چونکە هیچ دەستی لەڕوودانی کارەکەدا نیە. واتە (جوڵەی نیە بەڵام سەرچاوەی کارەکەیە، واتە کارەکە لەوەوەیە ئەگەرچی خۆیشی نایکات) (محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠،ل٢٥٢).

١-٢ کاری لێکدراوی بارگە گەێن:- بریتییە لەو کارەی کەبارێك یان سیفەتێك دەگەیێنێ. بکەری ئەم کارانە دەستی لەئەنجامدانی ڕووداندا نییە،چونکە بکەرەکە کەسێك یان شتێك نییەکارێك بکات،بەڵکو بارێك دەردەخا. هەروەها دەشێ ئەم کارانە پێیان بوترێ لە ئاوەڵناو وەرگیراو(Dead jectival verbs) (ئەو کارانەی کە لە ئاوەڵناوەوە بەرهەم هێنراون)(Crystal,2008,114). لەبەرئەوە کاری بارگەگەێن (سیفەتێك یان بارێك

دەداتە پاڵ بەشدارێکی ڕستە،خۆنەکردە جا جوڵە بگەێنێ یان نەگەێنێ ) (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ل٢٥١). واتە بکەری ڕستەکە کاری ئەنجام نەداوە، جا توانای ئەنجامدانی کاری هەبێ یان نەیبێ. لەبەر ئەوە (بکەر دەسەڵاتی بەسەر کاردانییە،ئەم جۆرە کارانەش بەگشتی کۆمەڵەی کاری بوون دەگرێتەوە) (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٣، ل٧٥). بۆنمونە: (١١٥) منداڵەکە جوان بوو. ئاوەکەپاکە . (١١٦) سەیرانەکە خۆش دەبێ. هەریەکە لەبکەری ئەم رستانە (منداڵ،ئاو،سەیران ) هیچکارێکیان نەکردووە، هەروەها کارەکانی (بوو، ە،دەبێ) سیفەتی (جوان،پاک، خۆش) دەدەنە پاڵ ناوەکان.هەروەها دەشێ جگەلەکاری (بوو) کاری تریش بەشداری لەگەیاندنی بار یان سیفەتی کەسێك یان شتێك بکەن. بۆنمونە:

(١١٧) منداڵەکە نەخۆشکەوت. (١١٨) یاریزانەکە بێ هۆشکەوت. (١١٩) شیرین لەشەرمان سوورهەڵگەڕا.

ئەم ڕستانەش بەهەمان شێوە بکەرەکانیان کارا نین، واتە دەستیان لەڕوودانی و بەجێگەیاندنی کارەکاندا نییە، هەروەها کارەکانیان بارێك یان سیفەتێك دەدەنە پاڵ بکەر.

لەکاری لێکدراودا کارەکە ئاماژە بۆ چەمکی گشتی ڕووداوێك،کردەی ڕووداوێك یان باری ڕووداوێك دەکات. هەروەها کۆمەڵەی ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاریەکەش ئاماژە بۆ ناوەڕۆکە سەرەکیەکەی ڕووداوەکە،یان کردەکە یان بارەکە دەکات، کەزیاتر واتاییەکە دەگرێتەوە. لەهەموو بارێکدا وەکو دانەیەکی سینتاکسی کاردەکەن. (یووسف شەریف سەعید، ٢٠١٣، ل٣٢).

**کاری لێکدراوی ڕووداو گەێن پێکدێ لە:**

**١- ناو + کار > کاری لێکدراو**

ناو +کار:- ڕێگەیەکی زۆرچالاکەو دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێکی زۆر کاری لێکدراوی ڕووداوگەێن بەرهەم بهێنرێ.(لەم جۆرە کارەلێکدراوەدا کەرتی یەکەم بەزۆری لەشێوەی کۆمەڵەیەکی ناویدایە کە بەپرتك (پێشبەند) یان بێ پرتك دەست پێدەکات،کەئاسایی دەوری بەرکارێکی ڕاستەوخۆ یان بەیاریدە دەبینێ) (محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠،ل٢٥٣).بەڵام (ناوی تایبەتی بەشداری لەداڕشتنی کرداره لێکدراوەکاندا بەشداری ناکا ) (ئازاد ئەحمەد حسێن،٢٠٠٩،ل٢٧)، ئەم کارە لێکدراوانەش زۆرجار کەرستەکانیان لەیەکتری دەترازێن. وەکو: تەماشاکرد، ئاودا، سەریدا، ڕێی دا،...هتد. بۆنمونە: (١٢٠) محەمەد سەری لەنەخۆشەکەدا.

**٢- ئەو وشانەی کەبەتەنیا بەکار ناهێنرێن یان واتایان ڕوون نییە + کار > کاری لێکدراو**

ئەو وشانەی کەبەتەنیا بەکار ناهێنرێن یان واتایان ڕوون نییە + کار:- ئەم یاسای داڕشتنی کاری لێکدراوە چالاکە لەبەرهەم هێنانی کرداری لێکدراوی ڕووداوگەێندا،هەروەها ئەم کارە لێکدراوانش کەرتەکانیان لەیەکتری دەترازێن وکەرستەی تریش دەچێتە نێوانیانەوە. وەکو: توش دەکا، توشکرد، وازی هێنا، بەخێوی کرد،بەفیڕۆدا،...هتد. بۆنمونە: (١٢١) مامۆستا ئێمەی فێرکرد.

**٣- فرێزی بەند + کار > کاری لێکدراو**

فرێزی بەند + کار:- ئەم یاسایە لەداڕشتنی کاری لێکدراودا چالاکەو کۆمەڵێك کاری لێکدراوی ڕووداوگەێن بەرهەم دەهێنێ،(جاری واهەیە بەرناوێك (پێشناو) بەشداری دەکاو لەشێوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێ، وەکو لەباوەشگرتن، بەمێرد دان...هتد) (یووسف شەریف سەعید،٢٠١٣،ل٨١)،هەروەها کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن. وەکو: بەقسەی دەهێنێ، بەخێوکرد، بەفیڕۆدا، لەگۆڕدەنێ، لەپێ دەخات، لەباردەبا،...هتد. بۆنمونە: (١٢٢) شەڕ کەشوهەوای ژیان لەباردەبا.

٤- کار + ناو > کاری لێکدراو

کار + ناو:- ئەم ڕێگای دروستکردنی کاری لێکدراوی ڕووداو گەێنە بەرهەمدارە، هەروەها کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن. وەکو: دەهێنێتەوەیاد، دەخاتەوە بیر، دەگەڕێتەوە ماڵ دەچێتەوە قوتابخانە،...هتد. بۆنمونە:

(١٢٣) هەورامان بیرەوەری منداڵیم دەهێنێتەوە یاد.

٥- کار + ئاوەڵکار > کاری لێکدراو

کار + ئاوەڵکار:- ئەم یاسای دروستکردنی کاری لێکدراوی ڕووداو گەێنە بەرهەمدارە،ئەم تەواوکەرانە (بناغەی دووەم ) ئەگەر لەپێش کارەوە بێن،بەشێوەی گرێی بەند دەردەکەون، بەڵام کاتێك دەکەونە دوای کار بەشێوەی ناو و ئاوەڵکاردەر دەکەون، هەروەها کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن. وەکو: دەچێتەوەسەر،دێتەوەژوور،ڕۆشتەوەناو، هێنایەوە خوار،..هتد.

بۆنمونە: (١٢٤) ڕووباری زەڵم دەچێتەوە سەر دەریاچەی سیروان.

٦- ئاوەڵکار + کار > کاری لێکدراو

ئاوەڵکار + کار:- ئەم ڕێگایە چالاکە لە دروستکردنی کاری لێکدراوی ڕووداو گەێندا،هەروەها کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن،کارەلێکدراوەکان واتاکەیان لەکۆی واتای هەردوو کەرتەکەوە بەرهەم دێ وهەردوو بناغەکە گرنگن لە پێکهێنانی واتاکەدا، چونکە (وەکویەکەیەکی یەکگرتوو کاردەکەن و یەك ئەرکیان هەیە و ڕۆڵی گۆزارە دەبینن لەڕستەدا،کەتی یەکەم بەرکار نییەو هەرگیز بەجێناو جێگیر ناکرێ ) (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٣، ل٧٨-٧٩). هەروەها لەڕووی هێزەوە دەشێ تێپەڕ یان تێنەپەڕبن.هەروەها ئەم کارانە ژمارەیان سنووردارەو (پۆلێکی داخراو لە (کرد، گرت، دا، کەوت )وهەندێ جایش (خوارد،هێنا،...)تێناپەڕێ ) (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ل٢٥٧). وەکو: سەرخست، پاشکەوت، سەرگرت، دەرکرد، پێشکەوت،...هتد. بۆنمونە:

(١٢٥) محەمەد لەتاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت.

**کاری لێکدراوی بارگەگەێن:**

ئەو کارانەی کەبار یان سیفەتی کەسێك یان شتێك وەك خۆی دەردەخەن، پێکدێن لە:-

١- ئاوەڵناو +کاری (بوو):- ئەم یاسای داڕشتنی کاری لێکدراوی بارگەگەێنە زۆرچالاکەو دەتوانرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێکی زۆر کاری لێکدراو بەرهەم بهێنرێ،کە بەزۆری ئاوەڵناوی چۆنیەتی لەم داڕشتنەدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: جوانبوو، باشبوو، ڕێکبوو، قەڵەوبوو، شیرین بوو، بێگیان بوو، ناشیرین بوو، چڵکنە، ورگنە،...هتد.

٢- ئاوەڵكاو +كاری (بوو):- ئەم یاسایە چالاكە لە داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەگەێندا و دەتوانرێ بەهۆیەوە كۆمەڵێكی زۆر كاری لێكدراو بەرهەم بهێنرێ،هەروەها خاسیەتی وباری كات وشوێن و...هتد، ناوەكە دەردەخا.
وەكو: زۆرە،زۆربوو، نەختێكە، لەسەرەوەیە، لەخوارەوەیە، لەدەرەوەیە، لەناوەوەیە، لەناوەڕاستدایە،...هتد.
بۆنمونە: (١٢٦) مزگەوتی گوندەكە لەسەرەوەیە.

٣- فرێزی بەند +كاری (بوو):- ئەم ڕێگای داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەگەێنە چالاكەو دەتوانرێ بەهۆیەوە كۆمەڵێ كاری لێكدراو بەرهەم بهێنرێ. وەكو: بەئاگابوو،بەهێزبوو،بەتوانایە،...هتد. بۆنمونە: (١٢٧) كاتێ سیروان خەوت ئومێد بەئاگابوو.

٤- ناوی ڕەنگەكان +كار:- ئەم ڕێگای داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەگەێنە تاڕادەیەكرچالاكەو دەتوانرێ بەهۆیەوە هەندێ كاری لێكدراو بەرهەم بهێنرێ، بەزۆری كاری (كرد) ڕۆڵی ئەم داڕشتنە دەبینێ.
وەكو: (سپی دەچێتەوە،سەوزدەكاتەوە) (ئازاد ئەحمەد حسێن،٢٠٠٩،ل٢٧)، سووردەكاتەوە،شین دەكاتەوە،سپی دەكاتەوە،...هتد. بۆنمونە: (١٢٨) شاخەكە شین دەكاتەوە.

٥- ڕەگی كار +كار:- ئەم ڕێگایە كەم بەرهەمەو تەنیا،تەنیا چەند ڕەگێك توانای ئەم ڕۆڵی داڕشتنەیان هەیە،چونكە ڕەگی كارەكان بەگشتی توانای بەكارهێنانیان بەشێوەی سەربەخۆ نییە،لەبەرئەوەی واتاكەیان گشتی و ناڕوونە. وەكو: خەو دەیباتەوە،...هتد. بۆنمونە: (١٢٩) منداڵەكە خەریكە خەوی دەیباتەوە.

٦- ناو + كار:- ئەم یاسای داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگە گەێنە كەم چالاكەو لەڕێگەیەوە تەنیا چەند كارێكی لێكدراو كەخاسیەت دەردەخەن بەرهەم دەهێنرێ. وەكو: (شەرم دەكا) (ئازاد ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٩، ل٢٨).

ئەوكارانەی كەگۆڕان لەبار یان سیفەتی كەسێك یان شتێك دەردەخەن. ئەوكارە لێكدراوانەی كەبار یان سیفەتێك وەكو خۆی دەردەخەن، دەكرێ وەك كاری لێكدراوی بارگەگەێنی گۆڕاو بەكاربهێنرێن، كاتێك هێز دەخرێتەسەر كەرتی دووەمیان یان كارەكە.پێكدێن لە:

١- ئاوەڵناو +كاری (بوو):- ئەم یاسایە چالاكە لە داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەگەێنی گۆڕاودا، كە واتاكەیان ئاماژە بەگۆڕانی ئەو خاسیەتانە دەكا كەدەدرێنە پاڵ ناوەكە.(بەمەرجێك (بوو) هێزی سەرەكی لەسەربێت) (ئازاد ئەحمەدحسێن، ٢٠٠٩،ل٢٨). وەكو: جوان بوو، باش بوو، گەرم بوو، شل بوو، بچوك بوو،...هتد. بۆنمونە: (١٣٠) منداڵەكە بچوك بوو. ئەگەر هێز بخرێتەسەر كاری (بوو)، ئەوا واتای گۆڕان لەخاسیەت و سیفەتی ناوەكە دەگەێنێ. واتە منداڵەكە ئێستەگەورە بووە، كە پێشتر بچوك بووە.

٢- ناوی ڕەنگەكان + كاری (بوو):- ئەم ڕێگایە بەبەرهەمە لە درووستكردنی كاری لێكدراوی بارگەگەێنی گۆڕاودا.
وەكو: سووربووەوە، ڕەش دەبێتەوە، سپی بوەتەوە، سوورهەڵگەڕاوە، زەرد هەڵگەڕاوە،...هتد. بۆنمونە: (١٣١) كچەكە لەشەرما سوورهەڵگەڕاوە.

٣-فرێزی بەند +کار:- ئەم یاسای دارشتنی لێکدراوی بارگەگەێنی گۆڕاوە کەم بەرهەمە. وەکو: بەئاگا هات، بێنازکەوت، بەخەبەرهات،...هتد.(ئازاد ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٩، ل٢٨). بۆنمونە:

(١٣٢) هەر من ڕۆشتم باخەوانەکە بەئاگا هات.

**١- ٣ ئەو کارانەی کە ڕووداو دەگەێنن ولەهەمان کایشدا ئاماژە بە بارو گۆڕانی خاسیەتی کەسێك یان شتێك دەکەن.پێکدێن لە:**

١- ئاوەڵناو + کار:- ئەم یاسایە زۆر چالاکەو دەتوانرێ لەڕێگەیەوە کۆمەڵێکی زۆر کاری لێکدراوی ڕووداوگەێن، کەئاماژە بەخاسیەت و سیفەت وباری کەسێ یان شتێ بەشێوەی گۆڕاو دەکەن، بەرهەم بهێنرێ. وەکو: جوان دەکەم، چاك دەکا، باشکرد، سوورکرد، سپی کرد، ڕەشکردەوە، ڕزگاردەکا، بەندکرد،...هتد.بۆنمونە:

(١٣٣) هیوا خانوەکەی چاك کرد.

٢- ناوی کۆمەڵ/ ژمارە + کار:- وەکو: پۆلدەکا، کۆمەڵدەکا، یەکدەگرێ،...هتد،(ئازاد ئەحمەد حسێن،٢٠٠٩، ل٩٨). بۆنمونە: (١٣٤) کرێکارەکە بەردەکانی زەویەکەی کۆمەڵ کرد.

**٢-٤-١-٣-٢ ئەو بەشە ئاخاوتنانەی کە بەشداری دارشتنی کاری لێکدراو دەکەن و ڕۆڵی کەرتی یەکەمی کار یان تەواوکەری کاری لێکدراو دەبینن. پێکدێن لە:**

(١) پۆلی ناو:- ئەم بەشە ئاخاوتنە(جگە لەناوی تایبەتی) بەشێوەیەکی زۆر چالاك ڕۆڵی دارشتنی کاری لێکدراو دەبینێ و بەوەی کە دەچێتە سەر کاری بنەڕەتی یان دارێژراو کاری لێکدراویان لێ بەرهەم دەهێنێو ئەرکی تەواوکەری کار دەبینێ، لەڕووی واتاوە ناوەکە واتایەکی نوێ و جیاواز بەکارە بنەڕەتیەکە دەبەخشێ و کۆمەڵێك وشەی فەرهەنگی تازە بەرهەم دەهێنێ. ئەو ناوەی کە بەشداری دارشتنی کاری لێکدراو دەکات لەڕووی پێکهاتنەوە دەشێ سادە یان دارێژراو یان لێکدراو بێت. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: ناو + کار> کاری لێکدراو

١- ناوی سادە+کار:- وەکو: کرێدا، شەرمی کرد، ئامۆژگاری کرد، دەستی گرت، سوێندی خوارد، سەری هەڵبڕی، سەری هەڵگرت، چاوی هەڵبڕی، دڵی تێچوو، خۆی هەڵقورتاند...هتد.

٢- ناوی دارێژراو+کار:- وەکو: ڕێگەی دا، جێگەی گرت، پیاوەتی کرد،... خۆشی هێنا، چاکی نواند، بیانوی گرت، سەری داخست،...، سەرەی گرت، نۆبەی کرد، چلەی کێشا،...هتد.

٣- ناوی لێکدراو + کار:- وەکو: ماستاوخۆر، ماستاوکەر، چلکاوخۆر، دەنگە دەنگی کرد، قیڕە قیڕی کرد، جوڵە جوڵی بوو، لەرە لەری کرد...، سەری سوڕدا، سەری خول دەخوا، خۆی بەخت کرد، سوراوی کرد، سپیاوی کرد...هتد.

(٢) پۆلی ئاوەڵناو:- ئەم بەشە ئاخاوتنە بەشێوەیەکی زۆر چالاك ڕۆڵی دارشتنی کاری لێکدراو دەبینێ و بەوەی کە دەچێتە سەر کاری بنەڕەتی یان دارێژراو کاری لێکدراویان لێ بەرهەم دەهێنێو ئەرکی تەواوکەری کار دەبینێ، هەروەها ئاوەڵناوەکە دەشێ سادە یان دارژاو یان لێکدراو بێت. ئاوەڵناوی چۆنیەتی ڕۆڵی ئەم دارشتنە

دەبینێ، بەڵام ئاوەڵناوی نسبی ونادیار (ناتوانن ببنە پێکهێنەری کاری لێکدراو)(یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٣، ل٤٠). ئەو کارانەی کەبەشداری ئەم دارشتنە دەکەن هەندێکیان زۆر چالاکن. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە:

ئاوەڵناو + کار> کاری لێکدراو

ئاوەڵناوەکان بەپێی ئەم یاسایانە بەشداری لەدارشتنی کاری لێکدراو دەکەن:

١- ئاوەڵناوی سادە+کار:- وەکو: جوانبوو، تورەیە، پاکە، پیس دەبێ، هەژاربوو...، باشدەکات، چاك كرد، ڕەشی کرد...، سورکردەوە، ڕەش هەڵگەڕا، شین دەکاتەوە،...هتد.

٢- ئاوەڵناوی دارێژراو+کار:- وەکو: بێ هێزبوو، بەهیوایە، بەهێزبوو، بێ هێز کەوت، بێ هۆش دەبێ...، بەهێز کرد، ناخۆش کرد، بێتام کرد، بێبەشکرد،بێناز کرد،...هتد.

٣- ئاوەڵناوی لێکدراو+کار:- وەکو: ڕوو خۆش بوو، دڵپاکە، دەست پاك بوو...، سەرسام کرد، سەر شۆڕ کرد، دەست پاکردنەوە، سەری خۆشکرد،سەری چاك کرد...،لێو بەباربوو، قوڕ بەسەربوو، دڵ بەخەمە، چوار چاوبوو...، چواچاو کرد، دوو دڵە، سەرەڕۆ دەبێ، ورد ورد کرد، ورد وردبوو، دەست ڕەنگین بوو،...هتد.

(٣) پۆلی ئاوەڵکار:- ئەم بەشە ئاخاوتنە زۆر چالاك نیە لەدارشتنی کاری لێکدراودا، چونکە ئاوەڵکارە بنچینەییەکان ژمارەیان کەمەو سستن لەدارشتنی کاری لێکدراودا،هەروەها ئاوەڵکارە نابنچینەییەکانیش کە لەبەشە ئاخاوتنیش ئاوەڵناوەوە وەردەگیرێن،بەتایبەتی ئاوەڵناوی چۆنیەتی، بۆ بینینی ڕۆڵی ئاوەڵکاری چۆنیەتی زۆر سستن لەدارشتنی کاری لێکدراودا. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵکار+کار > کاری لێکدراو

١- ئاوەڵکاری سادە+کار:- وەکو: پێشکەوت، دواکەوت، پاشکەوت، سەرخست، ژێرکەوت...، نزیك کەوتەوە، دوور کەوتەوە، ژێردەخات، نزیك کرد، لابرد، لاچوو، لادا، بەردا، دەردا، دەرکەوت، دەرچوو، دەرهێنا...هتد.

٢- ئاوەڵکاری دارێژراو+کار:- وەکو: بەجێیە، بێ جێیە، بێ جێبوو، یەك بوو...، بێنازبوو، بێشك بوو، بێ گومان بوو، بێباکە...، بێنازکەوت، بەشك کەوت، بەگومان کەوت...، تێپەڕبوو، لەسەربوو، لەناوبرد، لەژێرکرد...هتد.

٣- ئاوەڵکاری لێکدراو+کار:- وەکو: کۆتاجاربوو، یەکاویەکە، یەك بەیەکە، تێرو پڕە...، جێبەجێ کرد، جێبەجێ بوو، دەربەدەر کرد، سەرەو خواربوو، ژێروو ژوور کرد، یەکجاری کرد، سەر بەرەو خواری کرد،هێواش هێواش کرد، خێرا خێرا کرد، زۆر زۆری کرد، کەم کەمی کردەوە...هتد.

(٤) پۆلی جێناو:- جێناوی خۆی مەودای بەکارهێنانی لەدارشتنی کاری لێکدراودا تاڕادەیەك چالاکەو واتای خاوەنیەتی دەگەیێنێت. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: جێناوی خۆی + کار> کاری لێکدراو

جێناوی خۆی+کار:- وەکو: خۆی بوو، خۆی چوو، خۆی فرۆشت، خۆی مڵاسدا، خۆی هەڵقورتاند، خۆی گێل کرد، خۆی هەڵدا، خۆی بەدەستەوەدا...هتد.

(٥)پۆلی ژمارە:- ئەم بەشە ئاخاوتنە بەشێوەیەکی سست بەشداری لەدارشتنی کاری لێکدراو دەکات، هەموو ژمارەیەکی بنجی توانای ئەوەی هەیە لەگەڵ گیرەکە وشە دارێژەکانی (-ەم،-ەمین) یەك بگرێت و ژمارەی پلەیی دروست بکات، جگە لەژمارەی سفر. هەروەها کاتێك ژمارەی بنجی لەگەڵ مۆرفیمە وشە دارێژەکان وشەی

داڕێژراو دروست دەکات، هەمیشە ژمارەکە لەسەرەتاوە دێت ومۆرفیمە وشە داڕێژەکە بەدوایەوە دەلکێ (بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ،٢٠١٢،ل٨٠-٨٣).شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: ژمارە + کار > کاری لێکدراو

١- ژمارەی سادە+کار:- وەکو: یەکبوو، یەکە، یەکی گرت، یەکدەگرێ، یەکی هەڵگرت،...هتد.

٢- ژمارەی داڕێژراو+کار:- وەکو: یەکەم بوو، یەکەمە، سێیەمە، نیوەبوو، پێنجەمین، چوارەمین...هتد.

٣- ژمارەی لێکدراو+کار:- وەکو: یازدەیە، سێزدەبوو، چواردە بوو...،بیست ویەکە،چل وچوارە، دووسەدە،..هتد.

(٦) ئامرازەکانی پەژارەو خۆشی دەربڕین:- ئەم ئامرازانە ژمارەیان کەمو سنورداره و ئەو کارانەی ڕۆڵی داڕشتن لەگەڵیاندا دەبینن ژمارەیان کەمەو بەشێوەی سست بەشداری داڕشتنیان دەکەن.

١- ئامرازی سادە + کار:- وەکو: ئاخی هەڵکێشا، ئۆفی کرد، داخی خوارد، ئۆخەی کرد، خۆزگەی خواست، چێژی وەرگرت، چێژی لێ وەرگرت...هتد.

٢- ئامرازی لێکدراو+کار:-ئاخ وئۆفی بوو، ئاخ و داخی بوو، ئاخ و ئۆفی کرد، ئاخ و ئۆفی هەڵکێشا...هتد.

(٧) ئەو وشانەی لە ئێستادا بەکارهێنانی سەربەخۆیان نیەو واتاکەیان نادیارە. وەك: واز، بەخێو، بەفیڕۆ، تووش، توڕ، فڕ، بڕ،...هتد. لەکارەکانی وەکو: وازم هێنا، فڕێی دا، بەخێو کرد، بەفیڕۆدا، بەفیڕۆ چوو، وازی هێنا تووش کرد، فڕدا، توڕدا، تووشبوو، نقوم بوو، بڕی کرد، بڕی دا...هتد.

(٨) ئەو ڕەگانەی کە بەتەنها توانای بەکارهێنانیان هەیە، دەچنە سەرکاری بنەڕتی و داڕێژراو کاری لێکدراویان لێ بەرهەم دەهێنن. ئەم بەرهەم هێنانە زۆر سستە، چونکە ژمارەیەکی کەم لەڕەگی کارەکان بەتەنیا واتای هەیەو دەتوانرێ بەکار بهێنرێ.  وەکو: خەوبوو، گیرکرد، گیردا، پرسی کرد، پارێز دەکا...هتد.

(٩) گرێی بەند+کار:-

١- پێشبەند + ناو + کار:- وەکو: لەدەست چوو، لەدەستی دا، لەناوبرد، بەسەرچوو، بەسەربرد،بەسەرکرد،...هتد.

٢- پێشبەند + ناو + جێناوی خۆیی +کار:- وەکو: لەهۆش خۆی چوو، لەدەستی خۆی دا، بەدەستی خۆی بوو، بەدەستی خۆی کرد، لەدەست خۆیدا بوو،...هتد.

٣- پێشبەند+ ناو + ئاوەڵکار + کار:- وەکو: لەدەستی دەرچوو،...هتد.

٤- جێناوی خۆیی + پێشبەند + ناو + کار:-وەکو: خۆی لەدەست دا،...هتد.

٥- پێشبەند+ناو+ژمارە/ناو+کار:- لەچوار پەل کەوت، لەچوار مێخیان کێشا،...هتد.

(١٠) ناو + گرێی بەند + کار> کاری لێکدراو

١- ناو + پێشبەند+ ناو + کار:-وەکو: دەستی بەئاو گەیاند،...هتد.

٢- ناو+پێشبەند + ناو/ئاوەڵکار + پاشبەند + کار:-دەستی بەسەردا گرت، دەستی بەسەردا هێنا، دەستی بەناودا کرد، خۆڵی بەسەردا کرد...هتد.

٣- ناو+پێشبەند+جێناوی خۆی+کار:- وەکو: بڕوای بەخۆ کرد،بڕوای بەخۆی هێنا، شانازی بەخۆی کرد،...هتد.

٤- ناو+پێشبەند+جێناوی خۆی+پاشبەند+کار:- وەکو: دەستی بەخۆیدا هێنا،...هتد.

# بەشی سێیەم

## پێکهاتەی وشە لەزاری هەورامیدا

## بەشی سێیەم/پێکهاتەی وشە لەزاری هەورامیدا

### ١-٣ پۆلی ناو

ناو ئەو وشەیەیە کە بۆ ناولێنانی گیانداڕێك (مرۆڤ،ئاژەڵ، باڵندە، زیندەوەر) یان ڕوەك یان بێگیان یان کات و شوێن و ڕووداو بیرو...هتد، بەکاردەهێنرێ. بەواتایەکی تر ناو (ئەو وشەیەیە کە ناوی گیانداڕێك یان بێگیانێك یان بیرێك یان کارێك دیاری دەکا) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ،٢٠١٤، ل١٠٢). ناو پۆلێکی کراوەیە، بەردەوام لە ڕێگەی داڕشتن و لێکدان ،...هتد، دانەکانی زمانەکە خۆی ئەندامی تازەی دەچێتە ناو.

**بەشەئاخاوتنی ناو دەکرێ لەچەند ڕوویەکەوە پۆلێنبکرێ:**

ناو دەشێ لەڕووی ناوەڕۆکەوە دابەشبکرێ بۆ ناوی تایبەتی،وەکو: هەورامان،سیروان،تەماتیْ (تەماتە)، شەهلا، شیرینە (شیرین)،شلیرە (شلێر)،...هتد. ناوی گشتی وەکو: مەلا، وەسا (وەستا)، تەلەبە/ وانکار (خوێندکار)، پیا (پیاو)، ژەنی (ژن)،دەگا (دێ)،...هتد. ناوی کۆمەڵ، وەکو: میللەت، گەل، هۆز، قەبیلە، عەشیرەت،...هتد. هەروەها لەڕووی ژمارەوە دابەشدەبێ بۆ ناوی تاك،وەکو: دار،هەنجیر،پیاز، هەنار، ویر (بیر)،خەیاڵ، ئاوەز،...هتد. ناوی کۆ، وەکو: تاتیْ (باوکان)، ئەییْ (دایکان)، ماموْسیْ (مامۆستایان )، تەلەبیْ (قوتابیان)،...هتد. هەروەها ناو لەڕووی ناسینەوە جیادەکرێتەوە بۆ ناوی ناسراو،وەکو: گەنمەکیْ (گەنمەکە)، توْمەکە (تۆوەکە)،زەمینەکە (زەوییەکە)،ئاوەکیْ (ئاوەکە)، جوتیارەکە/فەلاحەکە (جوتیارەکە)،... هتد. ناوی نەناسراو، وەکو: کەشیْ (شاخێ)، هەورێشێوە (کەروێشکێك)، وەریْوە (بەرخێك)،مەڕێ (ئەشکەوتێ)، مەێ (مەڕێ)، گولێوە (گولێك)،...هتد.

دەشێ ناو لەڕووی بوونەوە جیابکرێتەوە بۆ ناوی بەرجەستە یان مادی، وەکو: تووەنی (بەرد)،خوڵە (خۆڵ)، ئینسان (مرۆڤ )، ئاژەڵ/حەیوان (ئاژەڵ)، چەم (چاو)...هتد. ناوی واتای بنجی، وەکو: وەرم (خەو)، خەیاڵ، ویژدان، باوڕ، ئەقڵ، ژیر، بەزەیی، سۆز،...هتد. ناوی واتای داڕێژراو یان دروسکراو، وەکو: خاسی/ عالی (باشی)، خاسە (چاکە) جوانی، برایی، پیاوەتی، مەردی، ئازایی، بەقوەتی،...هتد. هەروەها ناو لەڕووی ڕەگەزەوە پۆلێن دەکرێ بۆ ناوی نێر، ئەگەر بەتەنیابێ ئەوە هیچ نیشانەیەکی ڕەگەزی پێوەنیە، وەکو: کوڕ، پیا (پیاو)، کەڵەشێر، نوْبەنە (نێون)، گیسك،...هتد. بەڵام لەدۆخی خستنەسەردا نیشانەی (ی) دەچێتەسەر، کەئاماژە بە ڕەگەزی نێر دەکات. وەکو: سەرەوپیازی (سەری پیاز)، گەڵاوهەنجیری (گەڵای هەنجیر)، بەرو هەنجیری (بەری هەنجیر)، کوڕو سیروانی (کوڕی سیروان)، تاتەو کوڕەکەی (باوکی کوڕەکە)، کوڕو پیاکەی، ژەنەو پیاکەی (ژنی پیاوەکە)، ساوەو داری (سێوی دار)،...هتد، بەڵام لەکاتی ئاماژە کردن بەهۆی ئاوەڵناوەکانی نیشانەوە، نیشاتەی ڕەگەزی بۆ تاکی نێر بریتی دەبێ لە (ە)،بەڵام لەکۆدا بەهۆی مۆڕفی مۆڕفیمی ڕێزمانی کۆ (یْ ) وە دەرناکەوێ،چونکە دوو دەنگی بزوێن بەشوێن یەکدا نایێن لەسنووری بڕگەێکدا. وەکو: ئا کوڕە (ئەو کوڕە)،ئی هەنارە (ئەم هەنارە)...،ئاکوڕیْ (ئەو کوڕانە)، ئی هەناریْ (ئەو هەنارانە)،...، هەروەها ناوی مێ،ئەگەر

بەتەنیابێ زۆربەکەمی نیشانەی ڕەگەزی مێ (یْ / ە ) وەردەگرێ. وەکو: کناچیْ (کچ)،قسیْ (قسە)، پەتاتیْ (پەتاتە)، تەماتیْ (تەماتە)، هەڵوچیْ (هەڵوژە)، شێلانیْ (قەیسی)...،بۆرییە (بۆری)، چەقووە (چەقۆ)،... هتد. بەڵام لە دۆخی خستنەسەردا چالاکە لە وەرگرتنی مۆڕفیمی ڕەگەزی مێ (یْ )، وەکو: داروساویْ (داری سێو)، کوڕو نەسرینیْ (کوڕی نەسرین)، پیاو ژەنەکیْ (پیاوی ژنەکە)،قسیْ ژەنیْ (قسەی ژن)،...هتد. هەروەها لەکاتی دانەپاڵدا مۆڕفی مۆڕفیمی کۆ (ا) بەکاردێ ومۆڕفی مۆڕفیمی ڕەگەزی مێ (یْ ) دەتوێتەوەو دەرناکەوێ، چونکە دوو دەنگی بزوێن بەشوێن یەکدا نایێن. وەکو قسیْ ژەنا (قسەی ژنان)، توْ کلۆپەتاتا (توێکڵی پەتاتە)،...هتد. ناوی دولایەن، وەکو: مامۆسا (مامۆستا)، تەلەبە (قوتابی)، کرێکار (کرێکار)، نماکەر (نوێژکەر)، هەر(کەر)،..هتد.

**٣-١-١ پۆلێنکردنی ناو لەڕووی پێکهاتنەوە**

**٣-١-١-١ ناوی سادە:-** بریتییە لەوناوەی کەلە یەك مۆڕفیمی سەربەخۆ ی واتادارپێکهاتووە و بەتەنها توانای دەرکەوتن و بەکارهێنانی هەیە. ئەم ناوانەش دەشێ ناوی گیاندار وەکو: مرۆڤ، ئاژەڵ، زیندەوەر،...هتد. یان ڕووەك، یان بێگیان، یان بیرو چەمك و ڕووداو و کارێکبن.

**٣-١-١-٢ ناوی ناسادە:** بریتین لەوناوەی کە زیاترلە مۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتوە. ناوی ناسادە دابەش دەبێ بۆ ناوی دارێژراو و ناوی لێکدراو.

**٣-١-١-٢-١ ناوی دارێژراو:-** بریتییە لەوناوەی کەلە مۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادار و مۆڕفیمێکی وشەدارێژ یان زیاتر پێکهاتووە. ناوی دارێژراو یەکێکە لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ،کە تێیدا وشەیەکی سادە (ناو،ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار،...هتد) بەرێگای دارشتن و لەرێگەی گیرەکە وشە دارێژەکانەوە بەشێوەی پێشگر و پاشگر بۆ وشەکە زیاد دەکرێ و وشەیەکی نوێ دروست دەبێ، کەلە ڕووی پێکهاتەو واتاوە جیاوازە لەوشە سادەکە، کەدەشێ لەهەمان بەشە ئاخاوتنبێ یان لەبەشە ئاخاوتنێکی ترەوە گۆڕابێ و ببێ بەناو. ناوی دارێژراو دەشێ ناوی مرۆڤ یان گیانەوەر یان بێگیان یان کات وشوێن وپیشە یان بۆ خۆشەویستی و بچوککردنەوە،یان پلەو پایە،...هتد بەکاربێ.

**٣-١-١-٢-١-١ ئەو پاشگرانەی کە دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادەو ڕەگی کار و ناوی دارێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن.پێکدێن لە:-**

**١- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ناوی سادە و ناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن،** شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە:

ناوی سادە+ پاشگری وشەدارێژ > ناوی دارێژراو

١-١ ئەو پاشگرانەی کە واتای پیشە دەگەێنن:

١-پاشگری (-گەر):- ئەم پاشگرە سسیتەو تەنیا لەدارشتنی ناوی کانزاکاندا چالاکە و واتای پیشە دەگەێنێ. وەکو: ئاسنگەر، زێرنگەر،مسگەر،...هتد.

٢- پاشگری (-دار):- پاشگرێکی چالاکەو واتای پیشەی کەسێك یان شتێك دەگەێنێ. ئەم پاشگرە واتای هەبوونی دەگەێنێ، هەروەها بۆ چون هەیە لەسەر ئەوەی کە(دار) لەبنچینەدا لە زمانی فارسییەوە وەرگیرابێ، کەواتای

بوون وهەبوونی شتێك دەگەیێنێ. وەکو: باخدار، شاخدار، باڵدار، مەیدار (مەڕدار)، ئاژەڵدار، چەکدار، هۆشدار، زارۆڵەدار (منداڵدار)،خیزاندار (خێزاندار)، ئاوەزدار، توکدار، تو ْکلدار (توێکڵدار)، بودار (بۆندار)، سەردار،...هتد.

٣- پاشگری (-ساز):-پاشگرێکی چالاکی دارشتنی ناوی دارێژراوە، کەواتای پیشەیەك دەگەیێنێ. وەکو: دانساز، تەنەکەساز، چەقۆساز،چەخماخساز،نەخشەساز،بیناساز،کارساز،ئاهەنگساز،دەرمانساز، کوشنساز،...هتد.

٥- پاشگری (-باز):-ئەم پاشگرە لەدارشتنی ناوی دارێژراودا سستەو هەندێك وشەی دارێژراو بەرهەمدەهێنێ، کەواتای پیشەیەك دەگەیێنن. وەکو: کاوەترباز (کۆترباز)، سەرباز،چەمباز (چاوباز )، تەڵەکەباز،...هتد.

٦- پاشگری (-چی):- پاشگرێکی چالاکە و واتای پیشە دەگەیێنن. ئەم پاشگرە لەپێشدا زۆرچالاك بووە، بەڵام لەئێستادا ئەم پاشگرە (-ساز) زیاتر لەدارشتنی ناوی تازەدا بەکاردەهێنرێ. هەروەها زۆرێك لەو وشانەی کە بەهۆی پاشگری (-ساز) ەوە دادەرێژرێن، دەگرێ بەهۆی ئەم پاشگرەوە دابرێژرێن، کە هەمان واتا دەبەخشن. وەکو: کاروانچی، تەنەکەچی، قومارچی، فاڵچی، کەبابچی، قاوەچی ، کرێچی(کرێچی)، کارەباچی، گۆڵچی، بۆیاخچی، سەعاتچی، کرێهاچی، ڕاوچی، کوشنچی، عەرەبانەچی، لەحیمچی، پاسکیلچی،...هتد.

٧- پاشگری (-وان/ەوان):- پاشگرێکی چالاکەو واتای کاروپیشەیەك دەگەیێنن. وەکو: کەشەوان (شاخەوان)، باخەوان،دارەوان، سەختەوان، مەلەوان، ڕۆچەوان (ڕۆژووە وان)، زوانەوان (زمانەوان )، ئاسەوان (ئاشەوان)، گاوان، بەرەوان (دەرگاوان)، پاڵەوان، کاروان،...هتد.

٨- پاشگری (-بەند):- پاشگرێکی سیستە لە دارشتنی کاری دارێژراو و واتای پیشەی کەسێك یان شتێك دەگەیێنێ. هەروەها واتای نەجوڵان و جێگیری تێدایە. وەکو: ناڵبەند، تەختەبەند،...هتد.

٩- پاشگری (-مەند):- پاشگرێکی تارادەیەك چالاکە، ئەو ناوانەی دایان دەرێژێ واتای بەهرەو لێزانی بەپیشەی کەسەکە یان شتەکە دەگەیێنێ. وەکو: هونەرمەند، بەهرەمەند، کارمەند، خێرمند،...هتد.

١٠- پاشگری (-وا/ەوا):-پاشگرێکی سیستە لەدارشتنی ناوی دارێژراو، واتای پیشە دەگەیێنێ. وەکو: نانەوا،... هتد.

١١- پاشگری (-یار):- پاشگرێکی کەم بەرهەمەو لە دارشتنی چەند ناوێکی دارێژراودا بەکاردەهێنرێ، واتای پیشە دەگەیێنێ. وەکو: گەشتیار،جوتیار،...هتد.

١٢- پاشگری (-ێر):- پاشگرێکی زۆر سیستەو تەنیا لەدارشتنی چەند ناوێکی دارێژراودا ڕۆڵدەبینێ، کە واتای پیشە دەگەیێنێ. وەکو: وەرزێر،...هتد.

٢-١ ئەو پاشگرانەی کە واتای نابەرجەستەیی دەگەیێنن:

١- پاشگری (-ی/ یی):- پاشگرێکی یەکجار چالاکەو دەچێتەسەر ناوی سادەو ناوی دارژراوی واتایی یان هۆشەکیان لێ بەرهەم دەهێنێ، کە واتای خاسیەت و سیفەتێك دەگەیێنێ. وەکو: زارۆڵەیی (منداڵی)، خاکی، خەیاڵی، وەیوی (بوکی)، هەوایی، زەمینی، هەستی، کۆیلەیی، برایی، هامڕایی (هاوڕێیی)، هامسایی (هاوسێیی)، زاوایی،...هتد.

٢- پاشگری (-ەتی/-یەتی/-ێتی):- پاشگرێکی زۆرچالاکە لە دارشتنی ناوی واتای، کە دەچێتەسەر ناوی سادەو ناوی

داڕێـژراوی واتـای بەرهەمـدەهێ. وەکـو: پیـاوەتی، برایـەتی، هامسـایەتی (هاوسـێیەتی)، هامڕایـەتی (هاوڕێیـەتی)، پاشایەتی،..هتد.

٣- پاشـگری (ایـەتی):- یەکێکـە لەپاشگرەچـالاکەکانی داڕشـتنی نـاوی واتـایی. وەکـو: کوردایـەتی، دۆسـتایەتی، دوژمنایـەتی، مێردایـەتی، والآیـەتی (خوشـکایەتی)، میرایـەتی، کۆیلایـەتی، قۆمایـەتی (خزمایـەتی)، چـینایەتی، مەلیکایەتی،...هتد.

٤-پاشگری (-انە):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر ناوی سادەو دایدەڕێـژێ و واتـای هۆشـەکی پێدەبەخشـێ. وەکو: جەژنانە، سەرانە، کۆیلانە،پوشانە، میراوانە، مانگانە، ڕۆژانە، حەفتانە، سالآنە، وەرزانە،...هتد.

٥- پاشـگری (-ینـی):-پاشـگرێکی سسـتە و دەچێتەسـەرناوی سـادەو نـاوی داڕێـژراوی واتـای بەرهەمـدەهێنێ. وەکو:ماتەمینی،...هتد.

٦- پاشگری (-وار/ ەوار ):- پاشگرێکی سیستە لەداڕشتنی نـاوی داڕێـژراوی واتـای و تـەنیا هەنـدێك نـاوی داڕێـژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: ئومێدەوار،دژوار،...هتد.

٧- پاشگری (-واری):- پاشگرێکی نـاسادەیەو بەشـێوەیەکی سیسـت بەشـداری داڕشـتنی نـاوی داڕێـژراوی واتـای دەکا. هەروەها توانای داڕشتنی ئەو ناوانـەی هەیـە کەبـەهۆی پاشـگری (-ەوار/ وار) ەوە دادەڕێـژرێن. وەکـو: کـوردەواری، ئومێدەواری، دژواری،...هتد.

٨- پاشگری (-ندە):- پاشگرێکی زۆر سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند نـاوێکی داڕێـژراوی واتایـدا ڕۆڵـدەبینێ. وەکو: گازندە،...هتد.

٩-پاشگری (-بایی):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لـە داڕشـتنی چـەند ناوێکـدا ڕۆڵـدەبینێ. وەکـو: شـیربایی، پیروزبـایی، موبارەکبایی،...هتد.

١٠- پاشگری (-ەوای): ئەم پاشگرەش سیستەو تەنیا ڕۆڵی داڕشتنی چەند ناوێك دەبینێ. وەکو: ئاشتەوای،...هتد.

١١- پاشگری (-ەوەری):- پاشگرێکی ناسادەی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند نـاوێکی داڕێـژراوی واتایـدا ڕۆڵـدەبینێ. وەکو:  یادەوەری، بەختەوەری،...هتد.

١٢- پاشـگری (-اڵـەت):- پاشـگرێکی زۆر سسـتەو دەچێتەسـەر هەنـدێك نـاوی سـادەو نـاوی داڕێـژراوی واتاییـان لـێ بەرهەم دەهێنێ.  وەکو: ڕوواڵەت،...هتد.

١٣- پاشـگری (-ەسـەری):- پاشـگرێکی سیسـتەو دەچێتەسـەر هەنـدێك نـاوی سـادەو نـاوی داڕێـژراوی واتاییـان لـێ بەرهەم دەهێنێ.  وەکو:  دەردەسەری،چەرمەسەری،...هتد.

١٤- پاشگری (-یاری):- پاشگرێکی ناسادەیەو مەودای لەداڕشتنی ناوی واتای داڕێـژراودا کەمـەو تـەنیا چـەند ناوێـك بەرهەمدەهێنێ. وەکو: گەشتیاری، بەختیاری،...هتد.

١٥- پاشگری (-یدە): پاشگرێکی  زۆرسستەو تەنیا چەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: فامیدە،..هتد.

١٦- پاشگری (-سازی): پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکە، کۆمـەڵێك نـاوی دارِێـژراوی واتـای بەرهەمـدەهێنێ. وەکو: ڕەخنەسازی،پیشەسازی،...هتد.

١٧- پاشگری (-داری): پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك بەرهەمدارە، کە کۆمـەڵێك نـاوی دارِێـژراوی واتـای بەرهـەم دەهێنێ. وەکو: ماڵداری، ئاژەڵداری، باخداری، گاوداری،...هتد.

١٨- پاشگری (-اوی):- پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیـەك چـالاکە، کۆمـەڵێك نـاوی دارِێـژراوی واتـای بەرهەمـدەهێنێ. وەکو: خەماوی، خەڵوەتاوی، غەیبەتاوی، مواوی، خەیاڵاوی،...هتد.

١-٣ ئەو پاشگرانەی کە واتای شوێن دەگەیێنن:

١- پاشگری (-گا/گە):- پاشگرێکی زۆرچالاکن و دەچنە سەر ناوی سادەو نـاوی دارِێـژراو بەرهەمـدەهێنن، کـەواتای شوێن دەگەیێنن. ئەم پاشگرانە هەمان واتا دەبەخشن و لەزۆربەی وشـەکاندا هاوبەشـن، تـەنیا هەنـدێك وشـە نـەبێ کەیـەکێکیان وەردەگـرێ. وەکـو: هەوارگـە، نشینگە/نشـینگا، فێرگـە، داێنگـە/داێنگا، مەنزلگـە /مـەنزلگا، ڕاگـا (ڕێگە/ڕێگا )، نوسینگە، سەیرانگا، لەوەڕگە /لەوەڕگا، بیبینگا، زەنگۆڵگا، ئاویرگا (ئاگردان)، شەخەلگا،...هتد.

٢-پاشگری (-دان):-پاشگرێکی چالاکەو کۆمەڵێك ناوی دارِێژراو بەرهەمدەهێنێ، کەواتای جێگەو شـوێن و هـەبوون و پێدان شتێك دەگەیێنێ. وەکو: مەکدان (خوێدان)، قەندان (شەکردان)، زارۆڵەدان (مناڵدان)، زبڵدان،...هتد.

٣- پاشگری (-خانە):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ناوی سادەو نـاوی دارِێـژراوی شـوێنیان لێبەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: نەوەشخانە/خەسـەخانە (نەخۆشخانە/خەسـتەخانە)، مەکتـەب /فێرگـە (قوتابخانـە)، میمانخانـە (میوانخانە)، سەمونخانە، چایەخانە، کتێبخانە،...هتد.

٤- پاشـگری (-سـتان):- ئـەم پاشـگرە چـالاکە لەداڕشـتنی ئـەو ناوانـەی کـە واتـای شـوێنی میللـەت و نەتـەوەو هـۆزو قەبیلەو خێڵەکان و ڕووەکو چەند نـاوێکی تـری دارِێـژراو کـە واتـای شـوێنی شـتیتر دەگـەیێنن. وەکو: کوردسـتان، تاجیکسـتان، مەغۆلسـتان، هندسـتان، عەرەبسـتان، بەلوجسـتان، لوڕسـتان، ئەفغانسـتان، ئەرمەنسـتان،...، دارسـتان، قەبرستان (گۆڕستان )، گوڵستان، جەنگەڵستان، شارستان،..هتد.

٥- پاشـگری (-ڵان/ەڵان):- پاشـگرێکی سسـتەو دەچێتەسـەر هەنـدێك نـاوی سـادەو نـاوی دارِێـژراوویان لێبەرهـەم دەهێنێ. کە واتای شوێن وهەبوونی شتەکە دەگەیێنێ.وەکو: تەوەنەڵان (بەردەڵان)، ڕەقەڵان، سەوزەڵان،...هتد.

٦- پاشـگری (-ەجـاڕ):- پاشـگرێکی سسـتە لەداڕشـتنی نـاوی دارِێـژراوی شـوێنی و تـەنیا چـەند نـاوێکی دارِێـژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: نێرگزەجاڕ، گەنمەجاڕ، مەرەزە جاڕ،...هتد.

٧- پاشـگری (-زار):- پاشـگرێکی کـەم بەرهەمـە لەداڕشـتنی نـاوی دارِێـژراوی شـوێنیدا،کە تـەنیا چـەند نـاوێکی دارِێـژراو بەرهەمـدەهێنێ. هەنـدێ کـات واتـای پارسـتنیش دەگـەیێنێ. وەکـو: گـوڵزار، لالـەزار، دڵـزار، چـەمەزار (چاوەزار)،...هتد.

٨- پاشـگری (-ەوار):- پاشـگرێکی سسـتەو تەنیاچـەند نـاوێکی دارِێـژراو بەرهەمـدەهێنێ. وەکـو: ئاسـەوار، کۆڵـەوار، ..هتد.

٩- پاشگری (-ەمای):- بەشێوەیەکی سست بەشداری دارِشتنی ناوی دارِێژراوی شوێنی دەکا. وەکو: شۆنەمای (شوێنەوار)،..هتد.

١٠- پاشگری (-خان):- پاشگرێکی یەکجار سیستەو تەنیا چەند ناوێکی کەم کەواتای شوێنی شتەکە دەگەیێنیّ، پیّ دادەرِێژریّ. وەکو: چراوخان (چراخان)،...هتد.

١١- پاشگری (ایی):- ئەم پاشگرە لە دارِشتنی ناوی دارِێژراوی شوێنی دا زۆرسیستەو تەنیا چەند ناوێك بەرهەم دەهێنیّ. وەکو: دەشتایی،...هتد.

١٢- پاشگری (-اوا):- ئەم پاشگرە چالاکە لەدارِشتنی ئەو ناوانەی کە واتای شوێنی نیشەجێبوون وئاوەدانی دەگەیێنن، بۆیە هەنددێك لەناوی گوند و دێکان بەناوی ئەوکەسانەوە نراوە کە نیشتەجێ بوون و ئاوەدانیان کردووەتەوە. وەکو: ئەحمەداوا،حاجیاوا، سیداوا، سمایلاوا، قاسماوا....،چەقەڵاوا،وارماوا،..هتد.

١٣- پاشگری (-بەند):- ئەم پاشگرە مودای دارشتنی ناوی زۆر تەسکە. وەکو: مەڵبەند، تەلبەند،...هتد.

١٤- پاشگری (-شەن):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراوی شوێنی دا زۆرسیستەو تەنیا چەند ناوێك بەرهەم دەهێنیّ. وەکو: گوڵشەن،...هتد.

١٥- پاشگری (-ان):-. ئەم پاشگرە سستەو تەنیا چەند ناوێکی دارِێژراو بەرهەم دەهێنیّ، کە وەکو ناوی کەس وشوێن بەکاردێن. وەکو: رِێزان، شێخان، گەرمیان،...هتد.

٤-١ ئەو پاشگرانەی کە واتای بچوككردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنن:

١-پاشگری (-ڵە):- ئەم پاشگرە چالاکەو دەچێتە سەر ناوی سادەو ناوی دارِێژراو بەرهەم دەهێنیّ کە واتای بچوككردنەوە یان خۆشەویستی بەناوەکە دەبەخشیّ. ئەگەر ناوێك مۆرِفی مۆرِفیمی رِەگەزی میّ (ێ) ی پێوەبیّ، لەکاتی دارِشتندا دەچێتە کۆتایی ناوە دارِێژراوەکەوە، ئەوپاشگرانەی کە کۆتاییان بە بزوێنی (ە) هاتووە لەناو دەچیّ. بەم شێوەیە: کناچیْ+ ڵە > کناچڵیْ، هەروەها چەندین ناوی دارِێژراوی وەکو: بزڵە (کاریلە)، گیواوڵە (گیالە)، پەسپەسەکوڵیْ (جاڵجاڵۆکە)، براڵە،کناچڵیْ (کچۆڵە)، جوجەڵیْ (جوجوڵە)، ساوەڵە، گۆزەڵیْ (گۆزەڵە)، نارنجڵە،...هتد.

٢-پاشگری (-اڵ):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لە دارِشتنی چەند ناوێکدا رِۆڵ دەبینیّ. وەکو: کەژاڵ، چنگاڵ، ...هتد.

٣-پاشگری(-لە):- پاشگرێکی چالاکە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراو کە واتای خۆشەویستی یان بچوككردنەوە دەگەیێنیّ. ئەگەر ناوێك مۆرِفی مۆرِفیمی رِەگەزی میّ (ێ) ی پێوەبیّ، لەکاتی دارِشتندا دەچێتە کۆتایی ناوە دارِێژراوەکەوە، ئەوپاشگرانەی کە کۆتاییان بە بزوێنی (ە) هاتووە لەناو دەچیّ. بەم شێوەیە: جۆگەلیْ + لە > جۆگەلیْ (جۆگەلە)، کۆرپەلە (کۆرپەلە)، بەرِولە، شوتیلە، تروزیلە، پیالە، تەپلیْ، خەپلیْ، قوریلیْ (قۆریلە)،...هتد.

٤-پاشگری (-وولە):- ئەم پاشگرە تارِادەیەك چالاکە لە دارِشتنی ناوی دارِێژراو، کە واتای خۆشەویستی یان بچوككردنەوە دەگیێنیّ. وەکو: مەشوولە (مێشوولە)، دانوولیْ (دانوولە)،...هتد.

٥- پاشگری (- ۆلە):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك چالاكە، كە واتای خۆشەویستی یان بچوككردنەوە بەناوە داڕێژراوەكە دەبەخشێ. وەكو: پەڕۆلە (پەڕۆلە)،...هتد.

٦- پاشگری (-ۆڵە):- پاشگرێكی چالاكە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراو،كە بۆ خۆشەویستی یان بچوككردنەوە بەكاردێ. وەكو: ڕیشۆڵێ (ڕیشۆڵە)،ڕیخۆڵێ (ڕیخۆڵە)، گردۆڵە،قاپۆڵە، قاژۆڵێ (قاژۆڵە)،جامۆڵە،...هتد.

٧- پاشگری (- ۆڵ):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكدا بەكاردێ. وەكو: زەنگۆڵ (زەنگۆڵ)،...هتد.

٨- پاشگری (-ەكۆڵە):- پاشگرێكی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێكدا بەكاردەهێنرێ. وەكو: مشتەكۆڵە (مشتەكۆڵ)،توتەكۆڵە (توتكە)،...هتد.

٩- پاشگری (-یلە):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك چالاكە لە داڕشتنی ناوی داڕێژراو كە واتای بچوككردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنێ. وەكو: ئەنگوستیلە،...هتد.

١٠- پاشگری (-ەڵ):- ئەم پاشگرە سستەو تەنیا لە داڕشتنی چەند ناوێكدا ڕۆڵ دەبینێ . وەكو: تۆپەڵ (تۆپەڵ)، ...هتد.

١١- پاشگری (-ەڵە):- ئەم پاشگرە ڕێژەی بەكارهێنانی لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا مامناوەندە. وەكو: تۆپەڵە (تۆپەڵە)، كوپەڵە،...هتد.

١٢- پاشگری (-اوڵە):- پاشگرێكی كەم بەرهەمەو چەند ناوێك دادەڕێژێ. وەكو: گۆزاوڵێ (گۆزاوڵە)،...هتد.

١٣- پاشگری (-كە):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا سستە. وەكو: پوشكە، پەلكێ (پەلكە)،پۆڵكە، گلكە (پەنجە)...هتد.

١٤- پاشگری (-ە):- ئەم پاشگرە ڕێژەی بەكارهێنانی لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا كەمە. وەكو: دەسە (دەسك)،...هتد.

١٥- پاشگری (-ەك):- ئەم پاشگرە ڕێژەی بەكارهێنانی لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا كەمە. وەكو: دەسەك، هێڵەكە(بێژنگ)،...هتد.

١٦- پاشگری (-ەكە):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا سستە. وەكو: پولەكێ (پولەكە)، مێخەكی (مێخەكە)،...هتد.

١٧- پاشگری (ۆكە):- ئەم پاشگرە مەودای بەكارهێنانی لە داڕشتنی ناوی داڕێژراودا تەسكە. هەند یكجار ناوە داڕێژراوەكە مۆڕفیمی ڕەگەزی مێ (ێ،ە) وەردەگرێ و دەچێتە دوای پاشگرە وشەداڕێژەكەوە. وەكو: تیرۆكە،...هتد.

١٨- پاشگری (ۆكە):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك چالاكە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا. وەكو: جنۆكە،...هتد.

١٩- پاشگری (-ولكە):- ئەم پاشگرە مەودای بەكارهێنانی لە داڕشتنی ناوی داڕێژراودا فراوان نییە. وەكو: ماسولكە،...هتد.

٢٠- پاشگری (-ۆڵكه):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا زۆركەم بەكاردەهێنرێ. وەكو: جامۆڵكە، تەپۆڵكە (گردۆڵكە)،...هتد.

٢١- پاشگری (-یلكه):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا سستە. وەكو: نامیلكە،...هتد.

٢٢- پاشگری (-چك):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا فراوان نییە. وەكو: قنچك،...هتد.

٢٣- پاشگری (-چە):- پاشگرێكی سستەو لە داڕشتنی ناوی داڕێژراودا كەم بەرهەمە. وەكو: ڕۆچێ (ڕۆژوو)، ...هتد

٢٤- پاشگری (-ۆچكه):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا فراوان نییە. وەكو: شارۆچكە،...هتد.

٢٥- پاشگری (-ۆتكه):- پاشگرێكی سستەو لەداڕشتنی چەند ناوێكدا ڕۆڵ دەبینێ. وەكو: مەلۆتكە،...هتد.

١-٥ ئەو پاشگرانەی واتای خواردەمەنی وگۆڕانی دۆخ یان ئامادەكراوی دەگەێنن: ئەوپاشگرانەی كە دەچنە سەر ناوی سادەی هەندێك لەمادە خۆراكیەكان (كەڕاستەوخۆ ناخورێن یان ناوی ڕووەكو گۆشت وبەروبومی ئاژەڵی ) و دایان دەڕێژن و ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن، كە چەندین واتای جیاوازی وەكو شلی وگۆڕانی دۆخ وچەند واتایەكیتر دەبەخشن و دەبنە ناوی مادە خۆراكییەكان.

١- پاشگری (-ینە):-ئەم پاشگرە سستە لەداڕشتنی ناوی هەندێك لەمادەخۆراكییەكان و ڕووەكەكان و ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، كە واتای خواردەمەنی و شلی وئامادەكراوی دەگەێنێ. وەكو: نیسكینێ/لەمەزەڕینێ (نیسكێنە)، ماشینە (ماشێنە)، دوینە (دۆینە)، شەلەمینە (ترخێنە)، پەڵپینە،...هتد.

٢- پاشگری (-وا/-ەوا):- ئەم پاشگرەش بەشێوەیەكی سست بەشداری داڕشتنی هەندێك ناوی داڕێژراو دەكاو واتای خواردەمەنی دەگەێنێ. وەكو: دۆخەوا (دۆخەوا)،پاقلەوا،...هتد.

٣- پاشگری (-ەمەنی):- ئەم پاشگرەش بەشێوەیەكی سست بەشداری داڕشتنی هەندی ناوی سادەی مادە خۆراكیەكان دەكاو ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، كە واتای جۆراوجۆری وەكو گۆڕانی دۆخ و شلی تێدایە. وەكو: پاقلەمەنی، شیرەمەنی،...هتد.

٤- پاشگری (-اك):- پاشگرێكی سستەوتەنیا دەچێتەسەرچەند ناوێكی سادەو ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دهێنێ. وەكو: پیتاك، خاشاك،...هتد.

١-٦ ئەو پاشگرانەی واتای ڕازاندنەوەوكەوانەیی و بەندیەتی دەگەێنن: ئەو پاشگرانەی كەدەچنە سەر ناوی سادەو دایاندەڕێژن و واتای ڕازاندنەوەو بازنەی وچەمانەوە و بەندیەتی و چەسپاوی بەناوە داڕێژراوەكان دەبەخشن.

١- پاشگری (-ەوانە):- ئەم پاشگرە مەودای بەكارهێانی فراوان نییەو تەنیا لەداڕشتنی هەندێك ناوێكدا بەكاردەهێنرێ. وەكو: لوتەوانە، حەوتەوانە، گلكەوانە، پوزەوانە، دەمەوانە، پاوانە،...هتد.

٢- پاشگری (-بەند):- ئەم پاشگرە مەودای بەكارهێنانی لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا كەمەو تەنیا هەندێك ناو بەرهەم دەهێنێ. وەكو: دەسبەند، كەمەربەند، تەلبەند، شوشەبەند، ئاسنبەند، فیشەكبەند، ئاوبەند،...هتد.

٣- پاشگری (-اوكه):-پاشگرێكی سستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا. وەكو: تراوكە (خەرتەلە)،...هتد.

٤- پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستە لەدارِشتنی ناوی دارِێژراوداو تـەنیا چـەند ناوێـك دادەرِێـژێ. وەکـو: مێخـەکی (مێخەك)،...هتد.

١-٧ ئەوپاشگرانەی واتای یاری دەگەێنن:

١-پاشگری (-انی):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە دارِشتنی ناوی سادەدا دەکاو نـاوی دارِێـژراوی لـێ بەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: تۆپـانی (تۆپانێ)،حـەیلانێ (دیلانـێ)، کـەلایانی (کـەلایانێ)، شـوتانی (شـوتانێ)، پـەتانی (پەتانێ)، هەلوکانی (هەلوکێن)،...هتد.

٢- پاشـگری (-بـازی):-ئـەم پاشـگرە تارِادەیـەك چـالاکە لـە دارِشـتنی نـاوی دارِێـژراوی یاریـدا. وەکـو: دەسـتبازی، زۆرانبازی، پاڵەوانبازی،...هتد.

١-٨ ئـەو پاشـگرانەی کـە واتـای نـاوی کـردەو رِوداو وئـامێر و کەلوپـەل وناویگیانـەوەر مـرۆڤ و رِووەکو...هتـد، دەبەخشن:

١- پاشگری (-ەمەنی):- پاشـگرێکی سسـتە لەدارِشـتنی نـاوی دارِێـژراوداو تـەنیا چـەند ناوێـك دادەرِێـژێ، کـە واتـای ئامێرورِووداو دەبەخشێ. وەکو: چاپەمەنی، تەقەمەنی،..هتد.

٢- پاشگری (-ار):- پاشـگرێکی سسـتە لەدارِشـتنی نـاوی دارِێـژراوداو تـەنیا چـەند ناوێـك دادەرِێـژێ. وەکـو: دیـوار، لێوار (لێوار)، کەنار،...هتد.

٣- پاشگری (-ەوەر):- ئەم پاشگرە تارِادەیەك چالاکە لەدارِشتنی ئەو ناوە دارِێژراوانەی کـە بـۆ پـۆلێنی گیانلەبـەران بەکاردێ. وەکو: پەلەوەر، گیانەوەر، جانەوەر،...هتد.

٤- پاشگری (-ا ):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێانی فراوان نییەو تەنیا لەدارِشـتنی هەنـدێك نـاودا بـەکاردەهێنرێ. وەکو: زارا،دارا،کارا،..هتد.

٥- پاشگری (-وین):- پاشـگرێکی سسـتە لەدارِشـتنی نـاوی دارِێـژراوداو تـەنیا چـەند ناوێـك بەرهەمـدەهێنێ. وەکـو: سەروین، پەروین، ئاروین،...هتد.

٦- پاشگری (-ە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەدارِشتنی ناوی دارِێژراودا تا رِادەیەك فراوانـەو هەنـدێك نـاو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دەسە،رِیشە،ئاویرە (ئاگرە)، گرِە، پەنجێ/ گلکە (پەنجە)، نوکە،حەفتە،...هتد.

٧- پاشگری (-ەر):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی سست بەشداری دارِشتنی چەندناوێکی دارِێژراو دەکا. وەکو: کۆچـەر، سەنگەر،لەنگەر،...هتد.

٨- پاشگری (-گار):- ئەم پاشگرە سستە لە دارِشتنی ناوی دارِێژراودا، هەروەها ئـەو ناوانـەی دایاندەرِێـژێ جگـە لـە ناوی مرۆڤ واتای کاتیش دەگەێنن. وەکو: شەوگار، رِۆژگار،..هتد.

٩- پاشگری (-ارە):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەدارِشتنی چەند ناوێکدا رِۆڵـدەبینێ، کـە واتـای کـات دەگـەێنێ. وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەو ناوانەی کە خاسیەتی رِەگـەزی مێیـان هەیـە، لـەکاتی دارِشـتندا مـۆرِفیمی رِەگـەزی مێ دەچێتە دوای گیرەکە وشەدارِێژەکەوە، وەکو: شەوارێ (شەوارە )،..هتد .

**٢- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن. شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە:** ئاوەڵناوی سادە + پاشگری وشەداڕێژ > ناوی داڕێژراو

١-٢ ئەو پاشگرانەی واتای پیشە دەگەیێنن:

١- پاشگری (-گەر):-پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو لە ئێستادا کۆمەڵێك وشەو زاراوەی نوێی پێداڕێژراوە. وەکو: تازەگەر (نوێگەر)،...هتد.

٢-٢ ئەو پاشگرانەی واتای نابەرجەستەیی دەگەیێنن:

١- پاشگری (-ی/-یی):- پاشگرێکی یەکجارچالاکەو دەچێتەسەر زۆربەی ئاوەڵناوە سادەکان و دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی واتاییان لێ بەرهەم دەهێنێ.وەکو: خاسی/عالی (چاکی /باشی )، جوانی، گەرمی، نەرمی، سەردی (ساردی)، سەوزی، زەردی، کەوەیی (شینی)، سیاوی (ڕەشی)، بەرزی، نزمی، پانی، قوڵی، درێژی، کوڵی (کورتی)، شیرینی، تاڵی، سۆڵی (سوێری)، تورەیی، هێمنی،ئەورایی (برسیەتی)،تەژنایی (تینویەتی)،...هتد.

٢- پاشگری (-ەتی):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ئاوەڵناوی سادە،کەکۆتایان بەدەنگی بزوێنی (ی) هاتووە، ناوی داڕێژراوی واتاییان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: سیاوەتی (ڕەشایەتی)،...هتد.

٣- پاشگری (-یەتی/ێتی):- ئەم پاشگرە چالاکەو دەچێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی کە بەدەنگی نەبزوێن کۆتاییان هاتووە دایان دەڕێژێ و ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنرێ. وەك: جوانیەتی، خاسیەتی (باشیەتی)، بەرزیەتی، پانیەتی، نزمیەتی،...هتد.

٤- پاشگری (-ایەتی):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر زۆرێك لە ئاوەڵناوی سادەو دایان دەڕێژێ و ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنرێ. وەکو: کەمایەتی، بەرزایەتی، سەوزایەتی (شینایەتی)،...هتد.

٥- پاشگری (-ایی):- پاشگرێکی چالاکەو ئاوەڵناوی سادە دا دەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنرێ. وەکو: بەرزایی، پانایی، قوڵایی، کەوایی (شینایی)، سورایی، چەرمایی (سپیایی)، نزمایی،...هتد. ئەم پاشگرانە (-ایەتی،-ایی) زیاتر لەداڕشتنی ڕەنگەکاندا چالاکن.

٦- پاشگری (-ە):- پاشگرێکە چالاکەو لەداڕشتنی هەندێك ناوی داڕێژراودا ڕۆڵ دەبینێ. وەکو: خاسە (چاکە)، خراپە،...هتد.

٧- پاشگری (ێ):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێ ئاوەڵناوی سادەو ناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکات. لە داڕشتنی ئەو ناوانەدا ڕۆڵدەبینێ کەخاسیەتی ڕەگەزی مێیان هەیە.یان واتای مێیەتی دەگەیێنن. وەکو: جوانێ (جوانە)، شلێ (شلە)، وشکێ (وشکە)،...هتد.

٨- پاشگری (-انە):- پاشگرێکی چالاکەو لەداڕشتنی کۆمەڵێك ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ. وەکو: مۆرانە، پاکانە، هێمنانە، ئاقڵانە، ژیرانە،...هتد.

٩- پاشگری (-ا):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێت. وەکو: گەرما، سەردا (سەرما)،...هتد.

١٠- پاشگری (-ەوەری):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێت. وەکو: کۆرەوەری (کوێرەوەری)،...هتد.

٢- ٣ ئەو پاشگرانەی واتای بچوککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنن:

١- پاشگری (-کە):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ. وەکو: ووردکە،...هتد.

٢- پاشگری (-ۆکە):- بەشێوەیەکی سست بەشداری داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەکات و واتای جیاوازی وەکو بچوککردنەوەو ناوی ڕوەك،...هتد دەگەیێنێ. وەکو: تشۆکێ (ترشۆکە)،...هتد.

٣- پاشگری (-ەی):- لە داڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: دڕەی (دڕك)،...هتد.

٤- پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ. وەکو: کورتەك،...هتد.

٥- پاشگری (-ڵە):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ. وەکو: سیاوڵە (ڕەشکە)،...هتد.

٦- پاشگری (-اوڵکە):- ئەم پاشگرەش بەشێوەیەکی سست لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵ دەبینی. وەکو: گێجاوڵکێ (گێژەڵۆکە)،...هتد.

٧- پاشگری(-یکلە):- پاشگرێکی کەم بەرهەمەو لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ. وەکو: پانیکلە،...هتد.

٨- پاشگری (-ەژە):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ. وەکو: تەنگەژە، گەنەژە،...هتد.

٢-٤ ئەو پاشگرانەی کە واتای شوێن دەگەیێنن:

١- پاشگری(-گا):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ. واتای شوێن دەگەیێنێ. وەکو: بەنگا (بەندگا)،...هتد.

٢- پاشگری(-ڵان/ەڵان):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ. کە واتای شوێن دەگەیێنی. وەکو: سەوزەڵان، ڕەقەڵان، نەرمەڵان،...هتد.

٣- پاشگری (-ستان):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ.کەواتای شوێن دەگەیێنێ. وەکو: تاریکستان،پاکستان،...هتد.

٤- پاشگری (-خانە):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ،کەواتای شوێن دەگەیێنی. وەکو: خەستەخانە،ماندوخانە،...هتد.

٥- پاشگری (-ایی):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ.کەواتای شوێن دەگەیێنی. وەکو: تەختایی، بەرزایی،...هتد.

٦- پاشگری (-ە):- ئەم پاشگرە کەم بەرهەمەو دەچێتەسەر هەندێك ئاوەڵناوی سادەو ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، کە واتای شوێن دەبەخشێ. وەکو: ڕەقە، نەرمە،..هتد.

٧- پاشگری (-ان):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ. کە واتای شوێن دەگەیێنێ. وەکو: گەنجان،...هتد.

٨- پاشگری (ێنە):- پاشگرێکی سستە. وەکو: سورێنە (سورێن)،...هتد.

٢-٥ ئەو پاشگرانەی کە واتای خواردەمەنی و یاری ناوی تایبەتی دەگەیێنن:

١- پاشگری (-ەنیە):- پاشگرێکی کەم بەهەمەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ. کە واتای جیاوازی وەکو خواردەمەنی و ناوی یاری،...هتد دەگەیێنی. وەکو: زەردەنیە (زەردێنە)، چەربەنیە /چەرمەنیە (سپێنە)،...هتد.

٢- پاشگری (-انێ):- بەشێوەیەکی سست بەشداری داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەکات و واتای یاری دەگەیێنێ.وەکو: خلیسکانی (خلیسکێنە)،...هتد.

٣- پاشگری (-ین):- ئەم پاشگرە لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ. کە واتای ناوی کەسێك یان شتێك بەکاردێ. هەروەها ئەو ناوانەی کەخاسیەتی مێیان تێدایە، مۆرفی مۆرفیمی ڕەگەزی مێ وەردەگرن. وەکو: نەرمینە (نەرمین)، کەمینە (کەمین)،...هتد.

٤- پاشگری (-ینە):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ.کە واتای ڕێژەیی دەگەیێنێ.وەکو: کەمینە، فرەینە (زۆرینە)،...هتد.

٥- پاشگری (-ەمەنی):- بەشێوەیەکی سست بەشداری داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەکات و واتای پۆلی خواردەمەنی دەگەیێنێ. وەکو: چیامانی/سەردەمەنی (ساردەمەنی)، مزرەمەنی، شلەمەنی،...هتد.

٦- پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ. وەکو: بەرزەك،...هتد.

٧- پاشگری (-ە):- ئەم پاشگرە کەم بەرهەمەو دەچێتەسەر هەندێك ئاوەڵناوی سادەو ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، کە واتای جۆراوجۆری وەکو ناوی ڕووەکو مرۆڤ و گیانەوەر،...هتد، دەبەخشێ. وەکو: سەوزە، ڕەقە، خرە، نەرمە،...هتد.

**٣- ئەو پاشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵکاری سادە و ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵکاری سادە + پاشگری وشەداڕێژ > ناوی داڕێژراو

١- پاشگری (-ار):- پاشگرێکی زۆر سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵکارێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکا. وەکو: بنار،نسار،کەنار،...هتد.

٢- پاشگری (-ین):- پاشگرێکی سستەوچەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: وەڵین (پێشین)، دماین (پاشین)،...هتد.

٣- پاشگری (-بەند):- پاشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەندئاوەڵکارێکی سادە و دایان دەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێدروست دەکا. وەکو: وەڵبەند (پێشبەند)، دما بەند (پاشبەند)، دلێبەند (ناوبەند)،...هتد.

٤- پاشگری (-ینه):- پاشگرێکی سستەوچەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: وەڵێنە (پێشینە)، دماینە (پاشینە)،...هتد.

٥- پاشگری (-ۆك):- پاشگرێکی زۆر سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵکارێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێدروست دەکا و واتای بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: بەرۆك، سەرۆك،...هتد.

٦- پاشگری (-ەوا):- پاشگرێکی سستەوچەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: پێشەوا (پێشەوا)،...هتد.

٧- پاشگری (-کە):- پاشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵکارێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێدروست دەکا، واتای بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: بنکە،...هتد.

٨- پاشگری (-ەکی):- پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو چەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ،کەواتای بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: پێشەکی (پێشەکی)،پاشەکی،...هتد.

٩- پاشگری (-ەچە):- پاشگرێکی سستەوبەشداری چەند ناوێکی داڕێژراو دەکا. وەکو: بنەچە،...هتد.

١٠- پاشگری (-اغە):- پاشگرێکی سستەو بەشداری لە داڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو دەکا. وەکو: بناغە،...هتد.

١١- پاشگری (-ە):- پاشگرێکی زۆرسستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو ڕۆڵدەبینێ، کە واتای شوێنی مانەوەو حەوانەوەی کەسێك یان شتێك دەگەیێنێ. وەکو: بنە،...هتد.

١٢- پاشگری (-ەوان):- پاشگرێکی سستەو بەشداری لە داڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو دەکا،کەواتای مەنزڵ وسەرچاوەی کەسێك یان شتێ دەگەیێنێ. وەکو: بنەوان،...هتد.

١٣- پاشگری (-ڕەو):- پاشگرێکی زۆرسستەوتەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو ڕۆڵدەبینێ.واتای سەرپەرشت وسەرمەشق وپێشکەوتنی کەسێك لەکارێکدا دەگەیێنێ. وەکو: پێشڕەو،...هتد.

**٤- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە:

ڕەگی کار + پاشگری وشەداڕێژ > ناوی داڕێژراو

١-٤ ئەو پاشگرانەی واتای نابەرجەستەیی دەگەیێنن. (ئەو ناوانەی لەکردارەوە دروست دەبن لەزانستی زماندا بەناوی کرداری ناسراون) ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٤٠١).

١- پاشگری (-اری):- پاشگرێکی ناسادەیەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: ژیاری،...هتد.

٢- پاشگری (-یاری):- پاشگرێکی ناسادەیەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: زانیاری،...هتد.

٣- پاشگری (- ەواری):- پاشگرێکی ناسادەی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: خوێندەواری،...هتد.

٤- پاشگری (-ایی):- پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکە، کە دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: زانایی، توانایی،بینایی، دانایی،...هتد.

٥- پاشگری(-ایەتی):- پاشگرێکی ناسادەیەو تاڕادەیەك چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: زانایەتی،...هتد.

٦- پاشگری(-ەنی):- پاشگرێکی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: کەردەنی (کردەنی)،...هتد.

٢-٤ ئەو پاشگرانەی  واتای شوێن دەگەیێنن.

١- پاشگری(-گە):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: ڕوانگە، بڕگە، قڕگە، فڕگە، لەوەڕگە،...هتد.

٢- پاشگری (-گا):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: فرۆشگا، لەوەڕگا،...هتد.

٣- پاشگری (-مان):- پاشگرێکی مەودا کورتەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو چەند ناوێکی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: نیشتمان،...هتد.

٣-٤ ئەوپاشگرانەی  واتای پیشەو کردەو کارا،...هتد،  دەگەێنن:

١- پاشگری (-ار):- پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. کە واتای کردەو چالاکینەك دەگەێنێ. وەکو: کردار، کوشتار، وتار،...هتد.

٢- پاشگری (-یار):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. کە واتای کردەو چالاکیەك دەگەێنێ. وەکو: پیمیار (پێوەر)، دانیار، زانیار، ورەشیار/ ورەشەر (فرۆشیار)، پرسیار، ژەنیار، بڕیار، سانیار/سانەر (کڕیار)، نویسیار (نوسەر)، چنیار (چێنەر)، ژنیار (ژنیار)، دییار (دیدا)...هتد.

٣- پاشگری (-ەوە):-پاشگرێکی سستەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو چەند ناوێکی داڕێژراو دروست دەکات. وەکو: کردەوە،...هتد.

٤- پاشگری (-ەر):- پاشگرێکی زۆرچالاکەو دەچێتە سەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. کە واتای کردەو چالاکی وکەرستە،...هتد دەگەێنێ.وەکو: ورەشەر (فرۆشەر)، سانەر (سێنەر)، بڕەر،نویسەر (نوسەر)، (چنەر) چێنەر، وانەر (خوێنەر)، وینەر (بینەر)، ژنیەر (بیسەر)، کیانەر (نێرەر)، پیمەر/پێوەر (پێوەر)،...هتد.

٥- پاشگری (-ا):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك دەچێتەسەر ڕەگی کار دایاندەڕێژێ و کۆمەڵێك وشەی داڕێژراو  یان لێ بەرهەم دەهێنێ، کە دەکرێ وەکو ناوئاسا بۆ ناولێنانی کەسێك یان شتێك  بەکاربهێنرێن، بەڵام لەبنچینەدا ئاوەڵناونی داڕێژراون. وەکو: زانا،دانا، توانا،...هتد.

٦- پاشگری (-ڎار):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: دیڎار (دیدار)،...هتد.

٧- پاشگری (-ە):- پاشگری (-ە):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك دەچێتە سەر ڕەگی کارو دایدەڕێژێ و کۆمەڵێك ناوی داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنێ، کە واتای کردەو ڕووداوێك دەگەێنن. وەکو: واتە (وتە)،حەپە، قیڕە، بۆڕە، قۆزە (کۆکە)،خشە...،گیرە، ماڵە، دیە (ناوچاو)، وانە،...هتد.

٨- پاشگری (-یا):- پاشگرێکی ناڕادەیەك چالاکەو دەچێتەسەر چەندڕەگێکی کارو دایان دەڕێژێ و ناوی داڕێژراو یان لێدروست دەکا.کە واتای کردەیەك دەبەخشن. وەکو: دریا (دراو)، بریا (براو)، نویسریا (نوسراو )، کاڵیا (کێڵراو)،...هتد.

٩- پاشگری (-ەر):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەیەر گۆمەڵێك ڕەگی کارو دایان دەڕێژێ و ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: یارمەتیدەر، هاندەر، پاڵنەر،...هتد.

٤-٤ ئەوپاشگرانەی کە واتای بچوککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەێنن:

١- پاشگری (-ۆك/-ۆکە):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی سست دەچێتەسەر چەند ڕەگێکی کار و دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: خشۆك، نەزۆك (نەزۆك)،..هتد.

٢- پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ. وەکو: کوتەك، پەستەك،...هتد.

٣- پاشگری (-کە):- پاشگرێکی زۆر سستە لەداڕشتنی ناوی داڕێژراودا. وەکو: فڕکە،...هتد.

٤- پاشگری (-ەڵ):- پاشگرێکی سستەوچەند ڕەگێکی کەم وەری دەگرن و ناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنن. وەکو: تەقەڵ،...هتد.

٥- پاشگری (-ە):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ. وەکو: گەنێ (گەنە)، بەستە،...هتد.

٥-٤ ئەوپاشگرانەی واتای خواردەمەنی دەگەێنن:

١- پاشگری (-ەمەنی):- پاشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ. کە واتای خواردەمەنی دەگەێنێ. وەکو: واردەمەنی (خواردەمەنی)،...هتد.

٢- پاشگری (-ە):- پاشگرێکی سستەوچەند ڕەگێکی کەم وەری دەگرن و ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن. وەکو: وادە (خۆراك)،...هتد.

٣- پاشگری (-ەنی):- پاشگرێکی سستە لەداڕشتنی ڕەگی کارو دروستکردنی ناوی داڕێژراودا. وەکو: بەستەنی،...هتد.

٦-٤ ئەوپاشگرانەی واتای کەلوپەل و ئامێرو پۆلی شت دەگەێنن:

١- پاشگری (-اك):- پاشگرێکی سستەو بەشداری لەداڕشتنی چەند ڕەگێکی کاردا دەکاو ناوێکی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. کە واتای کەلوپەل دەگەێنێ. وەکو: پۆشاك (پۆشاك)،...هتد.

٢- پاشگری (-ەمەنی):- پاشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەندرەگێکی کارو دایدەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکا. کە واتای پۆلی دەبەخشێ. وەکو: سۆتەمەنی (سوتەمەنی)،...هتد.

٣- پاشگری (-ندە):- پاشگرێکی سستە.وەکو: کوشندە،...هتد.

٤- پاشگری (-ان):- پاشگرێکی سستەو بەشداری لەداڕشتنی چەند ڕەگێکی کاردا دەکا.وەکو: واران (باران)، ڕێزان (وەرین/ ڕێزان)،...هتد.

٥- پاشگری (-انە):- پاشگرێکی سستە. وەکو: کێشانە (کێشانە)، پیمانە (پێوانە)،...هتد.

٦ - پاشگری (-ەك):- پاشگرێکی سستە. وەکو: ڕووەك،...هتد.

**٣-١-١-٢-١-٢ ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو وئاوەڵکاری سادەو ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**١- ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر ناوی سادەو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە:

پێشگری وشەداڕێژ + ناوی سادە > ناوی داڕێژراو

١- پێشگری (هاو-):- پێشگرێکی کەم بەرهەمەو دەچێتەسەر چەند ناوێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکا و بەزۆری واتای پێکەوەیی و هەماهەنگی و بەشداری و نزیکی دەگەیێنێ. وەکو: هاوسەر، هاودەم، هاوغەم، هاوڕاز، هاودەرد، هاوپیشە، هاوکار،هاوبەش،...هتد.

٢- پێشگری (هام-):- پێشگرێکی زۆر چالاکە لە داڕشتنی ناوی داڕێژراودا هەروەها هەمان واتای بەزۆری واتای پێکەوەیی و هەماهەنگی و بەشداری و نزیکی دەگەیێنێ. وەکو: هامسەر، هامدەم، هامکار، هامڕا، هامڕاز، هامڕا، هامدەرد، هامغەم،...هتد.

٣- پێشگری (ڕا-):- پێشگرێکی سستەو بەشداری لە داڕشتنی چەند ناوێکی داڕێژراو دەکا، کەواتای سەرپەرشت و ڕێنمونی کەرو ئازایی و زانایی کەسێك دەگەیێنێ. وەکو: ڕابەر، ڕاکار (ڕێکار)،...هتد.

**٢- ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادە و ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵناوی سادە > ناوی داڕێژراو

١- پێشگری (نەو-):-پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ئاوەڵناوی سادەو دایان دەڕێژێ وناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، واتای تازەو نوێی شتەکە دەگەیێنێ. وەکو: نەوجەوان، نەورۆز، نگڵ (نەوگوڵ)،...هتد.

**٣- ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵکاوی سادەو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵکاوی سادە > ناوی داڕێژراو

١- پێشگرێ (ڕا-):- پێشگرێکی سیستەوچەند ناوێکی داڕێژراو دروست دەکا. وەکو: ڕابەر،...هتد.

٢- پێشگرێ (ڕێ-):- پێشگرێکی بێبەرهەمەو تەنیا چەند ناوێکی داڕێژراو دروست دەکا. وەکو: ڕێبەر،...هتد

**٤- ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە:

پێشگری وشەداڕێژ + ڕەگی کار > ناوی داڕێژراو

١- پێشگری (ڕا-):-پێشگرێکی چالاکەو بەشداری لە دارشتنی کۆمەڵێك ڕەگی کار دەکاو ناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، هەروەها واتای سەرپەرشت و بەڕێوبردن وەستاوی و بەهێزی و...هتد دەبەخشێ. ئەم پێشگرە لەزۆربەی وشەکاندا واتای ڕێی هەیە، لەبەرئەوە دەشێ لەبنچینەدا لە وشەی ڕێوە سەرچاوەی گرتبێ. وەکو: ڕاویەر/ ڕاگوزەر ()، ڕاگیر (ڕاگر)، ڕاسپار (ڕاسپێر)، ڕاوین (ڕێبین)، ڕاناس (ڕێناس)،ڕاکەوت (ڕێکەوت)،...هتد.

٢- پێشگری (ڕێ-):-پێشگرێکی کەم بەرهەمەو چەند ناوێکی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ، هەروەها واتای سەرپەرشت و بەڕێوبردن و وەستاوی و بەهێزی و...هتد، دەبەخشێ. ئەم پێشگرە لەزۆربەی وشەکاندا واتای ڕێ دەگەیێنێ، دەگونجێ لەبنچینەدا لەوشەی (ڕێ) وە پەیدا بووبێ، دەبەخشێ. وەکو: ڕێبوار (ڕێبوار)، ڕێزان (ڕێزان)، ...هتد.

٣- پێشگری (پێ-):-ئەم پێگرە بەشێوەیەکی سست بەشداری دارشتنی ناوی داڕێژراو دەکا. وەکو:- وەکو: پێویس (پێویست)، پێخور (پێخور )،...هتد.

٤- پێشگری (ور-):- پێشگرێکی کەم بەرهەمەو لەدارشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ، زۆرتر واتای هەڵگێڕانەوەو پێچەوانەکردنەوە دەبوخشێ. وەکو: ورکەن (هەڵکەن)،...هتد.

٥- پێشگری (دا-):- ئەم پێشگرە بەشێوەیەکی سست بەشداری دارشتنی ناوی داڕێژراو دەکا، زیاتر واتای داواتر یان ئایندە...هتد، دەگەیێنێ. وەکو: داهات،...هتد .

٦- پێشگری (نە-):- پێشگرێکی کەمبەرهەمەو لەدارشتنی چەند ناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: نەبەز،...هتد.

**٣-١-١-٢-١-٣ ئەو پێشگرو پاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.**

١- پێشگری (وێ-) + ڕەگی کار + پاشگر(-ە) > ناوی داڕێژراو وەکو: وێچنە (بێژنگ)،...هتد.
٢- پێشگری (ڕا-) + ڕەگی کار + پاشگر(-ەر > ناوی داڕێژراو وەکو: ڕائاردەر(ڕاهێنەر)، ڕادەر (ڕێدەر)،...هتد.
٣- پێشگری (وا-) +ڕەگی کار + پاشگری (-ە) > ناوی داڕێژراو وەکو: وابەستە،...هتد.

**٣-١-١-٢-٢ ناوی لێکدراو**

بریتییە لەو ناوەی کە لە دوو مۆڕفیمی سەربەخۆی واتادار یان مۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادارو بنکەیەك یان زیاتر پێکهاتووە،(یاساکانی لێکدان و ئاوێتەکردن لە بەرهەم هێناندا جیاوازن، لە زمانی ئینگلیزیدا لێکدانی ناو لەگەڵ ناو زۆر بەرهەمدارە، بە پێچەوانەوە تێکەڵبوونی کار لەگەڵ کار نابەرهەمدارەو سنوردار کراوە، هەروەها بەهەمان شێوەش ئاوێتەبوونی ناو لەگەڵ کاردا بەرهەمدار نییە) ( Haspelmath, 2012, p89) . بەڵام لە زارەکانی کوردیدا وشەی لێکدراوەکان زۆرتر ناو لەگەڵ ناو، ناو لەگەڵ ئاوەڵناو وشە بەرهەم دەهێنن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناو لەگەڵ کار یان ڕەگی کاو ئاوەڵکاردا تا ڕادەیەك بەرهەمدارەو چەندین وشەی لێکدراو بەرهەمدەهێنن.

زۆربەی زمانەکان وشەی  لێکدراوی تازە دروست دەکەن لەڕێگەی پرۆسەیەکەوە کەپێی دەوترێت داڕشتن یان تێکەڵکردن، کە بریتییە لەو وشانەی کەلە دوو بنج (base)،ڕەگ یان قەد دروست بوون. لەزمانی ئینگلیزی دا زیاتر لە ڕێگەی بنجی ئازادەوە وشەی لێکدراو دەبێ.وەکو: ناو + ناو ( ئاشی هەوا ) wind mill ، ئاوەڵناو + ناو (تەختە ڕەش) Black board، هەروەها بۆ ئەوەی بزانین کەوا هەندێ وشەی یەك لەدوای یەك وشەی لێکدراون یان نا، بە ئاسانی ناتوانرێ پێوەرێکی وامان دەسکەوێ کەلە هەموو دۆخەکاندا کاری پێبکرێ. لەبەر ئەوە لە زمانی ئینگلیزی دا ڕێگەیەکی چەسپاو و جێگیرمان نییە بۆ ئەوەی وشەی لێکدراوی پێ بنوسین. کە هەندێکیان وەك یەك وشە دەنوسرێن. وەك (خانوی کشتوکاڵی) ( Green house ) بەڵام هەندێکی تریان وەك دوو وشە دەنوسرێن. وەك (سەگی دەریا) (Dog bed)، هەروەها هەندێکی تریان داشێك لەنێوانیاندا هەیە. وەك (دەرهێنەر-بەرهەمهێنەر) (Producer-director).(Lieber, 2012, p43-44)

لە زمانی کوردیدا دەکرێ بەهۆی مۆرفیمی خستنە سەرو لێکدانەوە بەیەکەوە بەسترابن یاخود ڕاستەوخۆ بێ مۆرفیمی خستنەسەر لێکدرابن. هەروەها هەندێکجار مۆرفیمە سەربەخۆکان یان بنکەکان ناسادەن و بەهۆی گیرەکەکانەوە فراوان کراون.

باشترین پێوەر بۆ ناسینەوەی وشەی لێکدراو هێزی سەر وشەکانە. وشەلێکدراوەکان لەزمانی ئینگلیزی دا هێز دەخرێتە سەر یەکەم بنج (base) یان بنجی دەستەچەپیان. لەکاتێکدا گرێکان بەشێوەیەکی ئاسایی ڕەنگە هێز لەلای ڕاستیانەوە وەربگرن. بۆنمونە وشەی (Green house) خانوی پلاستیکی یان شوشەیی لەگەڵ وشەی (a green house) کە بەواتای خانوێك کەبە ڕەنگی سەوز بۆیەکراوە، دێت. بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێك وشە لێکدراوەکان هێز لەسەر لای چەپیانبێ. بۆنمونە وشەی لێکدراوی (Apple pie) زۆربەی خەڵکی وادەری دەبڕن کەهێز لەسەر بنجی دووەمە، بەڵام وشەی (Apple cake) هێزلەسەر بنجی یەکەمە(لای چەپ)، لەگەڵ ئەوەی یەکەمیان هێزلەسەر لای ڕاستیەتی، کەچی هەست دەکەین کە هەردووکیان وشەی لێکدراون. هەروەها ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ئەوەی وشەی لێکدراو بناسینەوە، کەبریتییە لە تاقیکردنەوەی بنجە یەك لەدوای یەکەکان بەوەی وشەیەکی وەسفکەر (modify) بخرێتە نێوانیان،ئەگەر وشە وەسفکەرەکە نەتوانرا بەشێوەیەکی واتادار بخرێتە نێوانیان، ئەوا ئەو وشە یەك لەدوای یەکانە وشەی لێکدراون. وەك (Apple pie) (Apple cake)،ئەم ئەزمونە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەم دوو وشەیە وشەی لێکدراون سەرەڕای بوونی جیاوازی لەشوێنی هێزەکەیاندا(Lieber, 2012 , 43-45).

**یاساکانی داڕشتنی ناوی لێکدراو:**

**٢-١  ناو + ناو > ناوی لێکدراو**

١-ناو + ناو:- ئەم یاسایە زۆر چالاکەو بەهۆیەوە دەتوانرێ کۆمەڵێکی زۆر ناوی لێکدراو بەرهەمبهێنرێ،بەبێ مۆرفیمی خستنەسەر،هەروەها واتاکەیا لە واتای بناغەکانەوە سەرچاوەدەگرێ،بەڵام تاڕادەیەك چووە بەناو

یەکدا، ئەمەش وادەکات هەندێ کات بەئاسانی واتاکیان پێشبینی نەکرێ،یان لەواتای بناغەکەیانەوە پێشبینی نەکرێ. وەکو: گوڵباخ،شووبرا، ژەنبرا(ژنبرا)، داروەز) (دارگوێز، دارهەنار، یا گەپا (شوێنپێ)، یاگە کار (شوێنکار)، ماساوی (ماستاو)، هەڕاوە (قوڕاو)، گولاو، هەناراوی (هەناراو، شاسوار، شاهەنگ، براژەنی (براژن)، ژەنبرا (ژن برا)، وەر واوە (بەفراو)، دەگا شێخان، گۆشەماشاوی ( گوێچکەماسی)، گەڵباخ، گەلامێو، سەیدسادق، تەوەننما (بەردە نوێژ)، مانگەشەوە (مانگەشەو)، هێڵەڕووەنی (هێلکەوڕۆن)، هەراهەرا،....هتد.

٢ - ناو + ( ـە- ) + ناو:- یاسایەکی زۆرچالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا، دەکرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێك ناوی لێکدراو بەرهەمبهێنرێ. هەروەها ئەم ناوانە، بەزۆری ناوی دووەم، داڕێژراوە، ئەم ناوانە واتاکەیان شێوەیەکی یەککرتووی هەیەو تاڕادەیەك چون بەناویەکدا، کە هەندێجار بەهۆی سوانەوە واتاکەیان بەئاسانی پێشبینی ناکرێ و لەواتای بناغەکان دووردەکەوێتەوە. وەکو: گوڵەباخ، گوڵەگەنمە (گوڵەگەنم) تاشە تەوەنی (تاشەبەرد)، شەڕەتەوەنی /جەنگەتەوەنی (شەڕە بەرد)، شەڕە ئاو، قەنەساوی (شەکرە سێو)، گوڵە ڕووتە، گوڵە سوورە، گوڵەزەردە، حەوزە لارە، کلکە ڕەواس (کلکەڕێوی)، زوانە وچکلە (زمانە بچکۆلە)، زوانە ڕووشە (زمانەڕووشە)، ئاوە تەماتە، ڕبەهەنار، گردە گرە،گردەنازێ، قۆزە سیاوە (کۆکەڕەشە)، تەپەنۆژانە،...هتد.

٣- ناو + ( ـو- ) + ناو:- یاسایەکی یەکجارچالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،دەکرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێك ناوی لێکدراو بەرهەم بهێنرێ، کە بەئاسانی واتاکەیان پێشبینی دەکرێ و بریتی دەبێ لەکۆی واتای هەردووبناغەکە و پێکەوە ئەرکی بکەر یان دەرخراو دەبینن. وەکو: کەشوکۆ (کەش وکێو)، ئەیاوتاتە (دایك وباوك)، والەوبرا (خوشك وبرا)، ژەنوپیا (ژنوپیاو)، کوڕوکناچێ (کوڕوکچ)، خاکوخوڵە (خاکوخۆڵ)، وەیو زەما (بوکوزاوا)، وەیوەو هەسروە (بوکوخەسو)، ژەنومێرد (ژن ومێرد)، دەگاوشار (گوندوشار)، داروتەوەن (داروبەرد)، ژەنوزاڕۆ (ژنومندالٚ)، قەنوچایی (شەکروچا)، نانوماس (نانوماست)، ئاو وهەوا، نێرو مێڵێ (نێرومێ)، دەمو چەم (دەموچاو)، سەرومل، شان ومل، دەسوپا (دەستوپێ)،...هتد. بەلام هەندێکیان داڕشتنەکەیان لەربناغەی دیارخراو و دیارخەر بنیات دەنرێ، واتە بناغەی دووەم ئەرکی دەرخستنی کەرستەی یەکەم دەبینێ. وەکو: جوەوشێخی (جۆگەی شێخ)، جوەو هەرسی (جۆگەی هەری)، دارو ئازادی (داری ئازادی)، باخچەو ئاژەلا (باخچەی ئاژەلان)، باخچەو ساوایا (باخچەی ساوایان)، ئاوەو یانا (ئاوی مالان)، ئاوەو هانەی (ئاوی کانی)، ئاوەو وارانی (ئاوی باران)،پردەو زەڵمی (پردی زەڵم)، گوڵوگیواوی (گوڵی گیا)،....هتد.

٤- ناو + ( ـی- ) + ناو:- یاسایەکی کەم بەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا، واتای بناغەی یەکەم زیاتر دەکەوتووترە، چونکە بناغەی دووەم ڕۆڵی دەرخستنی ناوی یەکەم دەدات، کە ئەرکی سەرە دەبینێ، واتاکەیان بەکەمی لە واتای بناغەکان دوور دەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی بەکەمی بەناویەکدا دەچن و توشی سوان دەبن. وەکو: شیعرەی ئازادە (شیعری ئازاد)، برای شۆتی (برای شیری)، برای تاتەیی (برای باوکیی)، برای ئەیایی (برای دایکیی)،...هتد.

٥- ناو + ( -بە- ) + ناو:- ڕێگەیەکی تاڕادەیەك چالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان تاڕادەیەك دەچێ بەناو یەکداو واتای تازە بەرهەمدێنێ. وەکو: کولێرە بەفیمێ (کولێرەبەقیمە)، هەرمان بە دەس (کاربەدەست)، هەڕبەسەر (قوڕبەسەر)، دەس بە جا (دەست بەجێ)،...هتد

٦- ناو + ( -لە- ) + ناو:- ڕێگەیەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان تاڕادەیەك دەچێ بەناو یەکداو واتای تازە بەرهەمدێنێ،کەهەندێکجار واتای ئیدیەم دروست دەکا. وەکو: ئەڵقە جەگۆش (ئەلقە لەگوێ)، چەم جە ڕا/چەمەڕا (چاولەڕێ/چاوەڕێ)،چەم جەدەس (چاولەدەست )،..هتد.

٧- ناو + ( -ەو- ) + ناو:- ڕێگەیەکی زۆر سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان تاڕادەیەك دەچێ بەناو یەکدا. وەکو: بنجەو دڕەی (بنجی دڕك)، دەسەوزەنگۆڵ (دەستەوئەژنۆ)، دەمەونخون،...هتد.

٨- ناو + ( -تا- ) + ناو:- ڕێگەیەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەیان لەواتای کەرتەکان دوور ناکەوێتەوە، هەروەها ناوەلێکدراوەکە واتای کات وشوێن و...هتددەگەێنێ. وەکو: شەوێ تا بەیانی (شەوتابەیان)، بەیانی تا نیمەڕۆ (بەیانی تانیوەڕۆ)، ڕۆ تا وێرەگا (ڕۆژتائێوارە )، سەرتاپا (سەرتاپێ)، ...هتد.

٢- ٢ ناو + ئاوەڵناو> ناوی لێکدراو

١- ناو + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،هەروەها ئەو وشانەی وەکو ناو بەکاردێن لەبنچینەدا ئاوەڵناوی لێکدراون و وەك ناوئاسا بەکاردێن. وەکو: ڕووپاك، دڵشاد، ڕوو وەش (ڕووخۆش)، ڕووگەش، دڵپاك،دڵ وەش (دڵخۆش)، گاوە کەوێ (مانگاشین)، گاوە زەردە (مانگا زەرد)،...هد.

٢- ناو +(-ە-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی لەواتای بناغەکانەوە پێشبینی دەکرێ و زۆرتر واتای شوێن دەدات. وەکو: باخەکۆن (باخەکۆن)، کێلە چەرمێ (کێلەسپی)، ملەکەوە (ملەشین)، تەوەنە سیاوێ (بەردە ڕەش)،تەوەنە قایمێ (بەردە قەوی)،...هتد.

٣- ناو +(-ی-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی لەواتای بناغەی وشەکان کەم دوور دەکەوێتەوە. وەکو: میری سور،...هتد.

٢-٣ ئاوەڵناو + ناو > ناوی لێکدراو

١- ئاوەڵناو + ناو:- ڕێگایەکی چالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی لەواتای بناغەکانەوە پێشبینی دەکرێ و زۆرتر واتای ناوی شت یان شوێن دەدات. وەکو: سورهەراڵە، سیاو مار (ڕەشمار)، خڕنوك، وەشنام (خۆشناو)، کەوەمار(شینەمار)، سوراو، چەرماو(سپیاو)، زەرداو،سورپیاز (شەنگەسورە)، تازەدەگا ( تازە دێ)، سەردار، سەرچڵ، گەڕاوە (گەڕاو)،میکۆڵە شۆڕە (شۆڕەبی)،...هتد

٢ - ئاوەڵناو +(-ە-) + ناو:- ڕێگایەکی چالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی لەواتای بناغەکانەوە پێشبینی دەکرێ و زۆرترواتای شوێن و شت دەدات. وەکو: سورەهەراڵە، (تەڕەپیازی) تەڕەپیاز، زەردەمار،پیرە ژەنی (پیرەژن)، پیرە پیا (پیرە پیاو)، دەیمە جوە (دەیمەجۆ)، سورە ساوی (سورەسێو)، دوورە دەس، کەم دەس،...هتد.

٣-ئاوەڵناو +(-و-) + ناو:- ڕێگایەکی زۆرسستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: خاو وخێزان،گەنوگۆ،...هتد

٤- ئاوەڵناو +(ە-) + ئاوەڵکاو:- ڕێگایەکی زۆر سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: کەلەبەر،...هتد.

٢-٤ ناو + ڕەگی کار > ناوی لێکدراو

١- ناو + ڕەگی کار :- ڕێگایەکی یەکجارچالاکە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا،واتاکەی تاڕادەیەك لەواتای بناغەکانەوە دەزانرێ،لەبەرئەوە ڕەگی کارەکان هەندێکجار واتای جیاواز بەپێی ئەوناوەی پێوەی دەلکێن، دەگەێنن. هەروەها زۆرتر واتای ناوی کەس و شوێن و شت دەدات. وەکو: نانکەر، گیواوکەنی (گیاکەن)، هەرمانکەر (ئیشکەر)، کارکەر، قسەکەر، وتار وان (وتارخوێن)، وتار واچ (وتاربێژ)، کڵاش چن (کڵاشکەر)، وەروەماڵ ( بەفرماڵ)،پەیامکیان (پەیامنێر)، قسەزان، دارتاش، کۆڵبەر، پالاوراز (پێڵاودوور)، جلوراز/بەرگوراز (جادوور/بەرگدوور)، ئاودار (ئاودێر)، ماساو ورەش (ماسی فرۆش)، دەسچن، دەسکێش، چەم بەس (چاوبەس)، ماساوگێر (ماسیگر)، کتێب ورەش(کتێبفرۆش)،پیلان گێڵن(پیلانگێڕ)، زوانزان (زمانزان)، دەروونزان، دەروونناس، قاوە گێرەوە (قاوەگرەوە)، وەزماڕ (گوێزشکێن)،...هتد.

٢- ناو + ( -و-) +ڕەگی کار :- ڕێگایەکی بێ بەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: دەس وبرد،...هتد.

٣- ناو + مۆرفیمی نەرێ (نە) +ڕەگی کار :- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: خوانەشناس (خوانەناس)، کەسنەزان،...هتد.

٤- ناو + (-ە-) + ڕەگی کار :- ڕێگایەکی کەم بەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: شۆتەوەرە (شیرەخۆرە)، هەڵیزەدرە /هەڵیزەوەرە (مەشکەخۆرە)،...هتد.

٢-٥ ڕەگی کار + ناو> ناوی لێکدراو

١-ڕەگی کار + (-ە -) + ناو:- ڕێگایەکی کەمبەرهەمە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: وانە کار/ واناکار (خوێندکار)،...هتد.

٢- ڕەگی کار + (-و-) + ناو /چاوگ:- ئەم یاسایە بەبەرهەمەو هەندێك ناوێ لێکدراوی پێ درووست دەکرێ. وەکو: قیژو قاژ، ئاماولوای (هاتو چوون)، ورئیستەو نیشتەی (هەڵسوکەوت)،...هتد.

٢-٦ ڕەگی کار + ڕەگی کار> ناوی لێکدراو

ڕەگی کار + (-و-) + ڕەگی کار:-ئەم یاسایە چەند ناوێکی کەمی لێ بەرهەم دەهێنرێ. وەکو: تەرسولەرز (ترسولەرز)،...هتد.

٢-٧ ئاوەڵکار + ڕەگی کار> ناوی لێکدراو

١- ئاوەڵکار + ڕەگی کار: ئەم یاسایە کەمبەرهە لە داڕشتنی چەند ناوێکی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: وەرچن (بەرچن)، سەرکەوت،...هتد.

٢- ئاوەڵکار + (-ە-) + ڕەگی کار:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: پاشەکەوت،...هتد.

٣- ئاوەڵکار +ڕەگی کار +پاشگر(ە یی):- ئەم یاسایە بەرهەمدارەو کۆمەڵێك ناوی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دما کەوتەیی (دواکەوتوویی)، سەرکەوتەیی (سەرکەوتوویی)، چێرکەوتەیی (ژێرکەوتوویی)،...هتد.

٢-٨ ئاوەڵکار + ناو > ناوی لێکدراو

١- ئاوەڵکار + ناو:- ئەم یاسایە یەکجار چالاکە و لە داڕشتنی کۆمەڵێك ناوێکی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: وەربەرە (بەردەرگا)، وەرنما (پێشنوێژ/بەرنوێژ)، دماڕۆ (دواڕۆژ)،چیرپیالە (ژێر پیالە)، چیرگجی (ژێرکراس)، چیرزەمین (ژێر زەوی)، سەرجل، بنبال، چیربەحر (ژێر دەریا)، سەرخێڵ، بەرنامە، سەرمایە، وەربانگ (بەربانگ)، پێشوەخت (پێشوەخت)، وەڵکار/پێشکار(پێشکار)، سەرئاو، سەراو، بەرماڵ،...هتد.

٢- ئاوەڵکار + (ـە) + ناو:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمەو لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: نیمەشەو (نیوەشەو)، نیمەڕۆ (نیوەڕۆ)،...هتد.

٣- ئاوەڵناو + (ـبە) + ناو:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: پەڕبەدڵ (پڕبەدڵ)،...هتد.

٢-٩ ناو+چاوگ > ناوی لێکدراو

١- ناو+چاوگ:- ئەم یاسایە چالاکە و لە داڕشتنی کۆمەڵە ناوێکی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: واران وارای (باران بارین)، جگەرە کێشتەی /جگەرە واردەی (جگەرەکێشان/جگەرە خواردن)، نان واردەی (نان خواردن)، وەروە وارای (بەفربارین)،..هتد.

٢- ناو + چەنە +چاوگ:- ئەم یاسایە بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو چالاکە. وەکو: چەم چەنە بڕیەی (چاو تێبڕین)، چەم چەنە کەردەی (چاو لێ کردن)، قسە چەنە هۆرگێرتەی (قسە لێ هەلگرتن)، پا چەنە دای (پێ لێ دان)،...هتد.

٣- ناو + پەنە +چاوگ:- ئەم ڕێگایە چالاکەو لە داڕشتنی کۆمەڵێك ناوی لێکدراودا بەکاردەهێنرێ. وەکو: قسە پەنە واتەی (قسە پێ وتن)،هەرمان پەنە کەردەی (ئیش پێ کردن)،قسە پەنە کەردەی (قسە پێکردن)، دەرس پەنە واتەی (دەرس پێ وتن)، قەول پەنە دای (بەڵێن پێدان)،پەن پەنە دای (پەن پێ دان)،...هتد.

٤- ناو + جە + چاوگ:- یاسایەکی بەبەرهەمە لە دروستکردنی ناوی لێکدراودا. وەکو: ئاو جە دەم دای (ئاو لە دەم دان)، دەس جە دنیا وەردای (دەست لە دنیا بەردان)، دەس جە دنیا شۆرتەی (دەست لە دنیا شۆردن)،...هتد.

٥- ناو + چاوگ + وەنە:- ڕێگەیەکی بەرهەمدارە و دەتوانرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێك ناوی لێکدراو پێکبهێنرێ. وەکو: چەقەنە دای وەنە (چەقەنە لێ دان)،...هتد.

٢-١٠ ڕەگی کار + وشەیەکی بێواتا > ناوی لێکدراو

ڕەگی کار + و + وشەیەکی بێواتا:-ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا.وەکو: قیڕو هۆڕ،سەڕوهۆڕ،...هتد.

٢-١١ ناو + وشەیەکی بێواتا > ناوی لێکدراو

١- ناو+ و + کەرتی بێواتا:- ئەم ڕێگایە چالاکە و لە داڕشتنی کۆمەڵێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: قەرزوقۆڵ، گوڵومول، تەلومەل، هەنگورو مەنگور(ترێ ومرێ)، شاخ و داخ، ئاوماو، هانەومانە (کانی ومانی)، دارومار، هەراو هوریا، بەزمو ڕەزم،...هتد.

٢- کەرتی بێواتا + ناو:- ئەم ڕێگایەکەم بەرهەمە و لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: گژوگیواو (گژوگیا)، غەل وغەش،...هتد.

٢-١٢ دووبارەکردنەوەی هەمان ناو > ناوی لێکدراو

١- ناو + ناو:- ڕێگایەکی سستە لەداڕشتنی ناوی لێکدراودا. وەکو: لاولاو، نازناز، قەراقەرا، هەراهەرا،...هتد.

٢- ناو + ە + ناو:- ئەم ڕێگایە کەم بەرهەمەو لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: دەمەدەم، دەنگەدەنگ، چەنە چەن،...ختد.

٣- ناو + بە + ناو:- ئەم ڕێگایە لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ، تاڕادەیەك چالاکە. وەکو: یانە بە یانە (ماڵ بەماڵ)، دەس بەدەس، هەنگام بە هەنگام (هەنگاو بەهەنگاو)، پا بەپا (پێ بەپێ)، کۆڵان بە کۆڵان، شار بەشار، دەگا بە دەگا (دێ بەدێ)،...هتد.

٤- ناو + ە + ناو +چاوگ:- ئەم یاسایە بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو تا ڕادەیەك چالاکە. وەکو: دەنگە دەنگ کەردەی (دەنگە دەنگکردن)، ویتە ویتکەردەی (ویتەویتکردن)، دەمەدەم کەردەی (دەمەدەم کردن)،...هتد.

٢-١٣ ژمارە + ژمارە > ناوی لێکدراو

ژمارە + بە + ژمارە:- ئەم ڕێگایە تاڕادەیەك چالاکە لە داڕشتنی ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: دوێ بە دوێ (دوو بە دوو)،یەرێ بە یەرێ (سێ بەسێ)،دوێ بە یەرێ (دوو بەسێ)،یەرێ بە چوار (سێ بەچوار)،...هتد.

٢-١٤ ژمارە + ناو > ناوی لێکدراو

ژمارە + ناو:- ئەم ڕێگایە چالاکە ولە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: هەزارپا (هەزارپێ)، چوارپا (چوارپێ)، دووە پا (دووپێ)، یەرە گۆشە (سێ گۆشە)، دووە ڕوو (دووڕوو)، دووە سەر (دووسەر)، دووزمان، دووە شەمە (دووشەممە)، نۆ ڕیز (نۆڕیز)، دوانزە لکی (دوانزەگرێ)،...هتد.

٢-١٥ دووبارەکردنەوەی هەمان ڕەگ > ناوی لێکدراو

١- ڕەگی کار+ە+ڕەگی کار:- ئەم ڕێگایە تاڕادەیەك چالاکەو لە داڕشتنی هەندێك ناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: قرچە قرچ، ناڵەناڵ، باڕە باڕ، لورە لور، جوکەجوك، حەپەحەپ،...هتد.

٢- ڕەگ + ە + ڕەگ +چاوگ:- ڕێگایەکە چالاکە لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵێك ناوی لێکدراودا،بەتایبەتی ڕەگی ئەو چاوگانەی کەلە دەنگەسروشتیەکانەوە وەردەگیرێن. وەکو: قیڕە قیڕکەردەی (قیڕەقیڕکردن)، سەڕە سەڕ کەردەی (سەڕە سەڕکردن)، میزە میز کەردەی (میزە میزکردن)،...هتد.

## ٢-٣ پۆلی ئاوەڵناو

بریتیە لەو مۆرفیمە سەر بەخۆیەی که وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و چۆنیەتی و خاسیەت و سیفەت و قەبارەو ڕێژەو ژمارەو بارستای و نیشانەو...هتد، ناو یان جێناو یان ناو ئاسایەك دەردەخات و دەبێتە دیارخەری. لەبە ئەوە ئاوەڵناو بۆ دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤە بەرامبەر شتەکانی دەورو بەری. (واتای

چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیێنێ. ئاوەڵناو لەسروشتیدا دیارخەری خاسیەتی ناوە. خاوەنی خاسیەتێکی تایبەتی خۆیەتی کە ئەویش بوونی پلەیە. ئاوەڵناو بەپێی سروشتی سەربەخۆی تەواوی نیەو هەمیشە مەبەستی ناو نیشان دەدات کەلەگەڵیدا هاوەڵە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٠٩-١١٥).

ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتەوە جیاوازی لەگەڵ ناودا نیە، بەڵام دەکرێ لەڕووی واتاوە بناسرێتەوە بەوەی کەبەگشتی ڕۆڵی دەرخستنی ناو دەبینێ و زانیاری زیاترو ووردتر دەربارەی دەخاتەڕوو و دەیناسێنێ. بەڵام کاتێك وەك ناو ئاسا بەکاردێ، ئەوا تایبەتمەندیەکانی ئاوەڵناو وەکو ئەرکی دیارخەری و وشەیەکی وەسفکەر لەدەست دەدات و ئەرکی دیارخراو دەبینێ. بەڵام کاتێك ئاوەڵناو وەك ناوئاسا بەکاردێ و ئەرکی ناو دەبینێ خاسیەتەکانی ئاوەڵناو لەدەست دەدات و ئەرکی دیارخراو دەبینێ و کەرەستەکانی تر دەبنە دیارخەری. بۆنمونە:

(١٣٦) ئازاد جوان منویسۆ (ئازاد جوان دەنوسێ). (١٣٧) جوانە تەلەبێوە زیرەکەنە (جوان قوتابیەکی زیرەکە).

لەڕستەی یەکەمدا(جوان) ئاوەڵناوە و ئەرکی دیارخەر دەبینێ. بەڵام لەڕستەی دووەمدا ناو ئاسایەو ئەرکی دیارخراو دەبینێ. بۆیە دەبینین مۆرفی مۆرفیمی ڕەگەزی مێ (ە)ی وەرگرتووە.

سروشتی ڕێزمانی حاڵەتی ناسیاوی و نەناسیاوی و ژمارە...ی ئاوەڵناو و ناو زۆر لەیەکتر جیاوازن. ئەگەر لەناودا جیاوازی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ...دا جیاوازی خودی شتەکان و پێوەندیان ببینن. ئەوا حاڵەتی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ...لە ئاوەڵناودا سەربەخۆی ڕێزمانییان نییەو سەرتاپا لەژێر ڕکێفی ناودان و خاوەنی واتای خۆیان نین، بەڵام ئاوەڵناو خاوەنی خاسیەتێکی تایبەتی خۆیەتی، کە ئەویش بوونی پلەیە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل٣٠-٣١).

دەکرێ ئاوەڵناو لەناو یان بەشە ئاخاوتنەکانی تر جیا بکرێتەوە بەهۆی هەندێك پێشگرو پاشگرەوە، کە تەنیا بەشداری لەداڕشتنی ئاوەڵناودا دەکەن. وەکو پاشگری (ن) کە تەنیا ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: ورگن، چڵکن،...هتد.

### ٣-٢-١ پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە

١- **ئاوەڵناوی چۆنیەتی:** ئەم جۆرە ئاوەڵناوە چۆنیەتی ناو دەردەخات، کەدەشێ ئاوەڵناوەکە چۆنیەتی ناوەکە لەڕووی ڕەنگەوە ڕوون بکاتەوە. وەکو: سوور، چەرمە(سپی)، زەرد، کەوە (شین)،...هتد، یان لەڕووی بارستای و قەبارەوە وەکو: درێژ (درێژ)، کورت، بەرز، نزم، قەڵەو، پان،...هتد، یان خاسیەت ڕادەگەیێنن، وەکو: تش (ترش)، سۆڵ (سوێر)، گەرم، قورس، پتەو،...هتد. یان جۆری سیفەت دەردەخەن، وەکو: ڕەزیل، ڕوو وەش (ڕووخۆش)،...هتد، یان ئاماژە بۆ شوێن دەکەن وەکو: ڕاست،چەپ،...هتد.

ئاوەڵناوی چۆنیەتی زۆربەیان توانای وەرگرتنی مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی بەراوردو باڵا ( تەر(تر)، ترین(ترین) )ی هەیە وەکو: خاستەر(چاکتر)، خاسترین (چاکترین)، هەروەها دەتوانن ئەرکی ئاوەڵکار ببینن. بۆنمونە:

(١٣٨) هەورامان  بە درێژایی ڕۆی  دەرس وانۆ (هەورامان بەدرێژای ڕۆژ وانە دەخوێنێ ).

(١٣٩) هەورامان  گۆشت  فرە وەرۆ    ( هەورامان  گۆشت زۆر دەخوات).

لە ڕستەکانی (١٣٩، ١٣٨) دا ڕوون دەردەکەوێ کە وشەکانی (درێژ، کەم) وەکو ئاوەڵکار بەکار هاتوون، ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنیان لە ڕستەداو ئەو ئەرکەی کە دەیبینن، کەرکی ئاوەڵکارییە. هەروەها بەهۆی هەندێ مۆرفیمی وشەداڕێژەوە دەبن بەناوی واتایی، وەك (ی، ایەتی، ایی،...هتد). بەڵام ئاوەڵناوەکانی ڕەنگ (بەواتای ڕەنگ ئاوەڵکاریان لێ دروست ناکرێ بەیاریدە و بێ یاریدە ) ( محەمەد مەعرووف فەتاح،٢٠١٠،ل٣١٤).

**٢- ئاوەڵناوی نسبی:** بریتییە لەو وشەیەی کەیەلایەنی کەمەوە لەمۆرفیمێکی سەربەخۆو گیرەکێك یان زیاترپێکهاتووە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە واتای ڕێژەیی ناوێك ناوئاسایێك دەکا. ئەم وەسفکردنە شێوەیەکی گشتی ونادیاری لەخۆگرتووە، کەلەکاتی دەرکەوتنی دیارخراودا واتاکەی ڕوون دەبێتەوە. ئاوەڵناوی نسبی لەڕووی پێکهاتنەوە ناسادەیە بەڵام  ئاوەڵناوی چۆنیەتی بەزۆری سادەیە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوپاشگروپێشگرانەی کەدەچنەسەر بەشە ئاخاوتنەکانی ترو ئاوەڵناوی نسبی بەرهەمدەهێنن بریتین لە (-انە،-ی،-ین،-ەکی،-ە) وەکو: شێرانە، کوڕانە...،هەورامانی، هەڵەبجەیی..، وەروین (بەفرین)، ئاویرین (ئاگرین)، شەرمین،...، دەشتەکی،خێڵەکی،...، هامنە (هاوینە)،پایزە، زمسانە (زستانە)،..هتد.

لەزمانی کوردیدا هەرناوێك تاکبێ یان کۆ ئەگەر لەدۆخی ئیزافەدا دەوری دیارخەر ببینێ،ئەوە ئەرکی ئاوەڵناوی نسبی بەجێ دەهێنێ و دەتوانێ واتای پەیوەندی بەکەسێکەوە نیشان بدات. وەك (شیری دایك،باخچەی منالان...،یان مانای پەیوەندی بەڕووداوێکەوە دەربڕێ وەك: داسی دروێنە، دەرزی درووومان...، یان پەیوەنی بەکات وشوێنەوە ڕابگەێنێ، وەك: بارانی بەهار،چیای کوردستان...،یان پەیوەندی بەواتای تەجریدەوە بخاتەڕوو، وەك: دوکانی هەلاجی، هێزی برایەتی،...هتد ) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٧ ).

ئاوەڵناوی نسبی زۆرجار مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی بەراوردو باڵا وەرناگرێ .وەکو: *خێڵەکیتەر (*خێڵەکیتر)، *زمسانەتەر (*زستانەتر)، *وەروینترین (*بەفرینتر)،...هتد.

**٣- ئاوەڵناوی نیشانە**

ئەم ئاوەڵناوە  وەسفی ناوەکە دەکات، بەوەی کە دەستنیشانی لایەنی دوورونزیکی وناسراوی و تاکو کۆی ناو یان ناوئاساکە دەکاو دەبێتە دیارخەری ناوەکە. ئاوەڵناوی نیشانە لەڕووی پێکهاتنەوە دەشێ سادە یان داڕێژراو بێ،بەوەی کەمۆرفیمی ڕێزمانی کۆ ( ێ  (ان)) ی لەگەڵبێ. هەروەها دابەش دەبێ بۆ دووبەش، کەبەشێوەی پێشگرو پاشگر بە هەردوولای ناوەکەوە دەلکێ. وەکو: ئێ هەورامانە (ئەم هەورامانە)، ئا گوڵێ (ئەوگوڵانە)، ئو کوڕە (ئەوکوڕە)، ئو دارێ (ئەودارانە)،...هتد.

**٤- ئاوەڵناوی نادیاری:** بریتییە لەو مۆرفیمە سەربەخۆیانەی کە وەسفێکی نادیار دەدەنە پاڵ ناو و دەبنە دیاخەری ناوەکە، کەبەهۆی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) دوە پێکەوە دەبەسترێن.

ئاوەڵناوی نادیار پۆلێندەکرێ بۆ:

١- ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە:- بریتییە لەو وشەیەی کە وەسفی ناو دەکا، بەوەی کە لەکاتی بەراوردکردندا جیای دەکاتەوە لەتایبەتیەتی کەسێك یان شتێك یان چەند شتێك، کە واتای وەسفکردنی زیاتریان کەمتر لەڕووی ڕادەی خاسیەت و سیفەتی کەسێك یان شتێك کە پێشتر ئاماژەی پیدراوە (دیارخراوە) دەکات، وەکو لەڕووی زیادو کەمی و باشی وخراپی و پێش وپاش،...هتد بەباری ئەرێنیبێ یان نەرێنی، واتە ناساندنی ناوەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی ئاماژەکردن بەو تایبەتمەندی وخاسیەتانەی کەسەکە یان شتەکە کە ئاماژەی پێکراوەو ناسێنراوە بەشێوەی ڕێژەی زیاترو یان کەمتر. ئاوەڵناوی نادیاری فۆڕمەکەی بریتییە لە تەر (تر،کە، دی،دیکە ) ) لەدۆخی ئیزافەدا دەبینرێن و دەوری دیارخە دەبینێ و بەدوای دیارخراودا دێ.

٢- ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن:- بریتییە لەو وشانەی کە وەسفی ناو بەشێوەی نادیاری دەکەن، بەوەی کەلەکاتی ئاماژەدان بەناوی کەسێك یان شتێك، تایبەتمەندیەك یان زیاتر بەشێوەی ئەرێنیبێ یان نەرێنی، بەشێوەیەکی نادیار دەداتە پاڵ ناوە دیارخراوەکە. ئەم ئاوەڵناوانە بەدوای دیارخراودا دێن و بەهۆی مۆڕفیمی خستنەسەری (ی) ەوە پێکەوە دەبەسترێن. بەکارهێنانی ئاوەڵناوی دیاریکردن زۆرجار لەبەر ئەوەیە کەپێشتر ئەوسیفەتانە خراونەتە ڕوو و پێویست بە دووبارەکردنەوەیان یان ناوهێنانیان ناکات و دەزانرێن. وەکو لەباسکردنی کەسایەتی ناو ڕۆمان وچیرۆك و پەخشان وشیعردا بەکاردەهێنرێ، یان دەربارەی باسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێ، کەخاسیەت وتایبەتمەندیەکانی ئاشکرایە. گرنگترین ئەو وشانەی کەڕۆڵی ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن دەبینن. بریتین لە ( پاسە (وا)، ئەپاسە (ئاوا)، ئەپاسنە (ئاوەها)،...هتد ). وەکو: کوڕی پاسە (کوڕی وا)، مامۆسای ئەپاسە (مامۆستای ئاوا)، تاتەی ئەپاسنە (باوکی ئاوەها)،...هتد.

**٣-٢- ٢ پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە**

ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە دەکرێ سادەبێ ولەمۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتبێ. وەکو: سوور، چەرمە (سپی )، کوڵ (کورت)، درێژ (درێژ)، بەرز، نزم، جوان،ڕەزیل،...هتد. یان ناسادەبێ و بەهۆی گیرەکەوە داڕێژرابێ. وەکو: وەروین (بەفرین)، زێڕین، وەهارە (بەهارە)، کوردی،هەورامانی، بێهێز (بێهێز)، ناوەش (ناخۆش)، پیایانە (پیاوانە)، ژەنانە (ژنانە)،...هتد. هەروەها دەشێ لێکدرابێ ولە دوو مۆڕفیمی سەربەخۆی واتادار یان زیاترپێکهاتبێ. وەکو: ڕوو وەش (ڕووخۆش)، دلۆەش (دڵخۆش)، باڵابەرز،ڕوو زەرد،..هتد.

**٣-٢-٢-١ ئاوەڵناوی سادە**

بریتییە لەو وشە سادەیەی کە لە مۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتووە، کە وەسفی ناوێك لەڕووی چۆنیەتی وچەندیەتی وخاسیەت و سیفەتەکانی و وەکو ڕەنگ وبارستایی و ژمارەو قەبارەو تام وچێژو،...هتد، دەکا. کە بەهۆی مۆڕفیمی خستنەسەرەوە بەناوەکەوە دەبەسترێتەوە و ئەرکی دیارخراو دەبینێ و واتا و ڕوون کردنەوەی زیاتر دەربارەی ناوەکە دەخاتەڕوو. ئاوەڵناوەکانی چۆنیەتی زۆربەیان سادەن و لەمۆڕفیمێك پێکهاتوون. وەکو: سور، چەرمە (سپی)، سیاو(ڕەش)، کەوە (شین)، مۆر، سەوز، ڕۆشن (ڕوون)،لێڵ...،درێژ، کوڵ

(کورت)، پان، تەسك، قورس، سوك، بەرز، نزم، قەڵەو، لاواز، باریك...، وەش(خۆش)، تش (ترش)، تاڵ، سەرد (سارد)، عال (باش)،خراپ،پاك،جوان، زەریف،گران،هەرزان...هتد.

**٣-٢-٢-٢ ئاوەڵناوی ناسادە**

**٣-٢-٢-٢-١ ئاوەڵناوی داڕێژراو**

بریتییە لەو ئاوەڵناوەی کەلە مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارو گیرەکێك یان زیاترپێکهاتووە، کە ئەرکی دیارخەر دەبینێ و بەهۆی یەکێك لەئامرازەکانی خستنەسەرەوە بەناوەکەوە دەبەسترێتەوە. ئاوەڵناوی داڕێژراو لەڕووی واتاوە وەسفی ناو دەکاو لەڕووی چۆنیەتی و چەندیەتی وخاسیەت وسیفەت و...هتد، ناو دەردەخا. ئاوەڵناوی داڕێژراو بەهۆی هەندێ پێشگرو پاشگرەوە بەرهەم دەهێنرێ، کە دەخرێنەسەر بەشە ئاخاوتنەکانی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کاری سادەو دایان دەڕێژن ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکەن. کە لەڕووی واتاوە جیاوازن لە بنجەکانیان.

**٣-٢-٢-٢-١-١ ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر ناو و ئاوەڵناو و ڕەگی کارو ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**١-١ ئەوپێشگرانەی دەچنەسەر ناوی سادە و ئاوەلناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ناوی سادە > ئاوەڵناوی داڕێژراو

١- پێشگری (بێ-):-پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ناوی سادەو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتییان لێ دروست دەکا، کە واتای نەرێنی یان پێچەوانەیی بە ئاوەڵناوە داڕێژراوەکە دەبەخشێ. وەکو: بێشەرم (بێشەرم )، بێناز (بێناز)، بێباك، بێویدان (بێویژدان)، بێهۆش، بێهێز، بێباوڕ،بێرێز،بێئاوەز،...هتد.

٢- پێشگری (بە-):- یەکێکە لەپێشگرەچالاکەکانی داڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتی، کە دەچێتەسەر ناوی سادەو ئاوەڵناوی داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: بەگوڕ، بەسۆز (بەسۆز)، بەهێز، بەکار، بەناز، بەڕێز،...هتد.

٣- پێشگری (لە-):-پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەند ناوێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتییان لێ دروست دەکا. وەکو: لەبار،...هتد.

**٢-١ ئەوپێشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ئاوەلناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵناوی سادە > ئاوەڵناوی داڕێژراو

١- پێشگری (نە-):- پێشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵناوێکی سادەو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکا. وەکو: نەوەش (نەخۆش)، نەساغ،...هتد.

٢- پێشگری (نا-):- ئەم پێشگرە بەشێوەیەکی چالاك لەداڕشتنی کۆمەڵێك ئاوەڵناوی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: ناوەش (ناخۆش)، ناپاك، ناڕەوا، ناشاڕەزا،...هتد.

**١-٣ ئەوپێشگرانەی کە دەچنەسەر ڕەگی کار وئاوەلناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن. شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ڕەگی کار > ئاوەڵناوی داڕێژراو**

١- پێشگری (نە-):- پێشگرێکی تاڕادەیەك چالاکە و دەچێتەسەر هەندێ ڕەگی کارو دایاندەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکا. وەکو: نەزان، نەفام، نەتەرس (نەترس)، نەمر،...هتد.

**٣-٢-٢-٢-١-٢ ئەو پاشگرانەی کە دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو ڕەگی کارو ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن.پێکدێن لە:**

**٢- ١ ئەوپاشگرانەی دەچنەسەر ناوی سادەو ئاوەلناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن. شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: ناوی سادە + پاشگری وشەداڕێژ > ئاوەڵناوی داڕێژراو**

١- پاشگری (-ی/-یی):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێ ناوی سادەو ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، واتای نسبی یان ڕێژەیی دەگەیێنێ. وەکو: گەنمی، هەناری، برنجی، خولی (خۆڵی)، زەیتونی،...هتد. بۆنمونە:

(١٤٠) داریان ئینسانی خاکیش وەشگەرەکا (داریان مرۆڤی خاکی خۆش دەوێ).

٢- پاشگری (-ین):- پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك ناوی سادەو دایان دەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی نسبییان لێ بەرهەم دەهێنێ، هەروەها واتای ڕێژەیی بەشێوەی لێکچواندن دەگەیێنێ. وەکو: وەروین (بەفرین)، ئاسنین، ئاویرین (ئاگرین)، زێڕین (زێڕین)، ونین (خوێنین)، پۆڵاین (پۆڵاین)، زەنگین، سەنگین،...هتد. بۆنمونە: (١٤١) کناچێ سەنگینە یاگێ شانازی ئەیاو تاتەینە (کچی سەنگین جێگای شانازی دایك و باوکە).

٣- پاشگری (-ە):- پاشگرێکی تاڕادەیەك چالاکەو لەداڕشتنی هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراوی ڕیژەیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: هامنە (هاوینە)، زمسانە (زستانە)، پایزە، وەهارە (بەهارە)،...هتد. بۆنمونە:

(١٤٢) کوردستان بەروبوومو هامنەیش فرەن (کوردستان بەروبوومی بەهارەی زۆرە).

٤ - پاشگری (-ەکی):- پاشگرێکی زۆر سستەو دەچێتەسەر چەندناوێکی سادەو دایان دەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراوی نسبییان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دەشتەکی، خێڵەکی،...هتد. بۆنمونە:

(١٤٣) ئینسانی دەشتەکی فرەتەر بە کشتوکاڵۆ ئاحەیواندارییوە خەریکا (مرۆڤی دەشتەکی زۆرتر بەکشتوکاڵ وئاژەڵدارییەوە خەریکە ).

٥- پاشگری (-انە):- پاشگرێکی چالاکەو لەداڕشتنی کۆمەڵێ ئاوەڵناوی داڕێژراوی چۆنیەتی و نسبیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: پیایانە (پیاوانە)، کوڕانە، ژەنانە (ژنانە)، کناچانە (کچانە)، شێرانە،...هتد. بۆنمونە:

(١٤٤) داریان جلێ پیایانێ کەرۆنە (داریان جلی پیاوانە لەبەردەکا).

(١٤٥) داریان ڕەوشتش پیایانەن (داریان ڕەوشتی پیاوانەیە).

لەڕستەی (١٤٤) دا وشەی (پیاوانە) ئاوەڵناوی چۆنیەتییە، بەڵام لە ڕستەی (١٤٥) دا ئاوەڵناوی نسبییە.

٦- پاشگری (-ن):- پاشگرێکی چالاکەو لەدارِشتنی کۆمەڵێ ئاوەڵناوی دارِێژراوی ڕیژەیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: شەرمن، ورگن، چلکن،...هتد. بۆنمونە:

(١٤٦) ئافرەتەی شەرمنە لاو گرد کەسی بە ڕێزەنە (ئافرەتی شەرمن لای هەمووکەس بەڕێزە).

٧- پاشگری (-دار):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە دارِشتنی ئاوەڵناوی دارِێژراودا دەکا. وەکو: زامدار، بریندار، برِوادار، سەروەتدار،ئیماندار،پایەدا، دیندار، ساماندار،...هتد. بۆنمونە:

(١٤٧) ئینسانی برِوادار پیویسا هامکاری کەساتەری کەرۆ (مرۆڤی برِوادار پێویستە هاوکاری کەسانی تر بکا).

٨- پاشگری (-انی/ەران):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی هەندێك ئاوەڵناوی دارِێژراوی ڕیژەیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: ژەنانی (ژنانی)، جەنگەران/شەرِانی (شەرِانی)،..هتد.

٩- پاشگری (-ناك):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی هەندێك ئاوەڵناوی دارِێژراو بەکاردەهێنرێ. وەکو: خەمناك، سامناك، ترسناك،...هتد.

١٠- پاشگری (-اوی):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە دارِشتنی ئاوەڵناوی دارِێژراودا دەکا. وەکو: خەماوی، تۆزاوی، خولاوی (خۆڵاوی)، ئارداوی، کرماوی،...هتد

١١- پاشگری (-باز):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی هەندێك ئاوەڵناوی دارِێژراوی ڕیژەیدا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: تەقلەباز، گزیباز، فێڵباز، مەکرباز،..هتد.

١٢- پاشگری (-مەند):- ئەم پاشگرە لەدارِشتنی هەندێك ئاوەڵناوی دارِێژراو بەکاردەهێنرێ. وەکو: سەروەتمەن، سودمەند، بەهرەمەند، دەوڵەمەند، تایبەتمەند،...هتد.

١٣- پاشگری (-گین):- ئەم پاشگرە بواری بەکارهێنانی لەدارِشتنی ئاوەڵناوی دارِێژراودا کەمە. وەکو: خەمگین، سەنگین،...هتد.

١٤- پاشگری (-ۆڵ):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی زۆر سست بەشداری لە دارِشتنی ئاوەڵناوی دارِێژراودا دەکا. وەکو: کرمۆڵ (کرمۆڵ)،...هتد.

١٥- پاشگری (ەڵ):-پاشگرێکی زۆر سستە لە دارِشتنی چەند ئاوەڵناوی دارِێژراودا بەکاردێ. وەکو: گەشتەڵ/گەشتەڵە (گەشتەڵ (گەرِۆك))،...هتد.

١٦- پاشگری (-ەوەر):- ئەم پاشگرە زۆر سستە لە دارِشتنی ئاوەڵناوی دارِێژراودا. وەکو: بەختەوەر،خەموەر (خەمخۆر)،...هتد.

١٧- پاشگری (-زن):- ئەم پاشگرە زۆرسستەولەدارِشتنی چەند ئاوەڵناوی دارِێژراو بەکاردەهێنرێ.وەکو: درۆزن،...هتد.

١٨- پاشگری (-ۆکی ):- ئەم پاشگرە سستەوله دارِشتنی چەند ئاوەڵناوێکی دارِێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: خەمۆکی،...هتد.

١٩-پاشگری (-بار ):- ئەم پاشگرە كەم بەرهەمەو بەشداری دارِشتنی هەند ئاوەڵناوی دارێژراو دەكا. وەكو: خەمبار، گوناهبار، تاوانبار،...هتد.

٢٠-پاشگری (-واز):- پاشگرێكی زۆر سستەو تەنیا چەند ئاوەڵناوێكی دارێژراو بەرهەم دەهێنێ، واتای بەخشین و دەسكراوەی و سەخاوەتی دەگەیێنێ، هەروەها دەشێ لە بنچینەدا ئەم پاشگرە لەڕەگی كاری( واستەی (واز) ) (خواستن ) ەوە سەرچاوەی گرتبێ. وەكو: یانەواز/ بەرەواز (لانەواز)،...هتد.

٢١-پاشگری (-ۆر):- بەشێوەیەكی سست بەشداری لە دارِشتنی ئاوەڵناوی دارێژراودا دەكا. وەكو: قلۆر(قلۆر)،...هتد.

٢٢- پاشگری (-ەنگ):- ئەم پاشگرە زۆرسستەولەدارِشتنی چەند ئاوەڵناوی دارێژراو بەكاردەهێنرێ. وەكو: ئاستەنگ،...هتد.

٢٣- پاشگری (-ار):- پاشگرێكی سستەو تەنیا چەند ئاوەڵناوێكی دارێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەكو: گرفتار،...هتد.

٢٤- پاشگری (-ەزار):- بەشێوەیەكی زۆر سست بەشداری لە دارِشتنی ئاوەڵناوی دارێژراودا دەكا. وەكو: شەرمەزار،...هتد.

٢٥- پاشگری (-چوچ):- پاشگرێكی زۆر سستەو بەشداری لە دارِشتنی چەند ئاوەڵناوێكی دارێژراودا دەكا. وەكو: گرەوە چوچ (گرینۆك)،...هتد

**٢-٢ ئەوپاشگرانەی كە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادە وئاوەلناوی دارێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی دارِشتنی پێكهاتەكەیان پێكدێ لە: ئاوەڵناوی سادە +پاشگری وشەدارِێژ > ئاوەڵناوی دارێژراو

١- پاشگری (-انی):-پاشگرێكی كەم بەرهەمەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵناوێكی سادەو دایاندەرِێژێ و ئاوەڵناوی دارێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەكو: تەختانی، ڕەقانی، نەرمانی،...هتد. بۆنمونە:

(١٤٨) یاگێ ڕەقانییە دەردەو كشتوكاڵی مەوەرۆ (جێگەی ڕەقانی بەكەڵكی كشتوكاڵ نایێت).

(١٤٩) زەمینی تەختانی پەی زەرعاتی گونجیان (زەوی تەختانی بۆ كشتوكاڵ گونجاوە).

٢- پاشگری (- انە):-بەشێوەیەكی سست بەشداری لە بەرهەمهێنانی چەند ئاوەڵناوێكی دارێژراودا دەكا. وەكو: وچكلانە/ وچكلانێ (بچكۆلانە)،...هتد.

٣- پاشگری (-لە/-ەلە):- پاشگرێكی چالاكەو هەندێك ئاوەڵناوێكی دارێژراو بەرهەم دەهێنێ، بۆ خۆشەویستی یان بچوككردنەوە بەكاردێ، هەروەها ئەم ئاوەڵناوە دارێژراوە (وەكو هەندێك لە وشەدارێژراوەكانی تر) ئەگەر بۆ مێ بەكاربێ ئەوا مۆرِفیمی ڕەگەزی مێ (ێ) وەردوگرێ. وەكو: باریكلە /باریكەلە، سورەلە، خرِەلە /خرِەڵێ (خرِەلە)،...هتد.

٤- پاشگری (-ڵە/-ەڵە):-پاشگرێكی بە بەرهەمەو دەچێتەسەركۆمەڵێ ئاوەڵناوی سادەو دایاندەرِێژێ و ئاوەڵناوی دارێژراویان لێ بەرهەمدەهێنێ، كە واتای خۆشەویستی یان بچوككردنەوە دەگەیێنێ. وەكو: باریكڵە/باریكەڵێ

(باریکەڵە)، سەوزەڵە/سەوزەڵێ (سەوزەڵە)، زەریفلە، سیاوەڵە (ڕەشکەلە)، چەرمەڵە (سپکەلە)، نەرمەڵە، ڕەقەڵە، وشکەڵە، ڕووتەڵە، خڕەڵە، زەردەڵە،...هتد.

٥- پاشگری (-کە):- پاشگرێکی کەم بەرهەمەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەردەکەوێ،بۆبچوککردنەوە یان خۆشەویستی بەکاردێ. وەکو: پیسکە/پیکێ (پیسکە)،ڕەزیلکە/ڕەزیلکێ (ڕەزیلکە)، گێچکە (گێچکە)،...هتد.

٦- پاشگری (-ۆکە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەداڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا زۆر تەسکەو تەنیا چەند وشەیەك دادەڕێژێ و واتای بچوککردنەوە وخۆشەویستی دەگەیێنێ. وەکو: حۆلۆکە/حۆلۆکێ (حۆلۆکە)، گێلۆکە/ گێلۆکێ (گێلۆکە)،..هتد.

٧- پاشگری (-ۆڵ):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی تاڕادەیەك لەداڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا فراوانەو کۆمەڵێکی زۆر وشە دادەڕێژێ و ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ دروست دەکا، واتای بچوککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنێ. وەکو: ناسکۆڵ/ ناسکۆڵێ (ناسکۆڵ)، خڕۆڵ/ خڕۆڵێ (خڕۆڵ)، شڕۆڵ (شڕۆڵ)، قڕۆڵ (قڕۆڵ)، نەرمۆڵ،سیسۆڵ،خرتۆڵ،...هتد.

٨- پاشگری (-ۆڵە):-پاشگرێکی بە بەرهەمەو کۆمەڵێ ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ، کە بۆ بچوککردنەوە یان خۆشەویستی بەکاردێ. وەکو: خڕۆڵە/خڕۆڵێ (خڕۆڵە)، شڕۆڵە/شڕۆڵێ (شڕۆڵە)، نەرمۆڵە (نەرمۆڵە)، پانۆڵە (پانۆڵە)، سیسۆڵە،خرتۆ ڵە، ناسکۆڵە،...هتد.

٩- پاشگری (-ۆڵکە/-ەڵکە):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك بەرهەمدارەو هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ، کەبۆ خۆشەویستی یان بچوککردنەوە بەکاردێن. ئەو ئاوەڵناوانەی کە واتای شوێن دەگەیێنن،لەکاتی وەرگرتنی ئەم پاشگرەدا مۆڕفیمی ڕەگەزی وەرناگرن. وەکو: بەرزۆڵکە (بەرزۆڵکە)، تەختۆڵکە (تەختۆڵکە)،...هتد.

١٠- پاشگری (-یل/-یلە):- پاشگرێکی چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ، واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەبەخشێ. وەکو:پانیلە/پانیلێ (پانیلە)، وردیلە/وردیلێ (وردیلە)، قنجیل /قنجیلە، وردیلە،خڕیلە، زەردیلە،خنجیلە،...هتد.

١١- پاشگری (-کەلە/-کەڵە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەداڕشتنی ئاوەنڵناوی داڕێژراودا تەسکەو چەند وشەیەك دادەڕێژێ و واتای بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: سورکەلە/سورکەلێ (سورکەلە) سورکەڵە/سورکەڵێ (سورکەڵە)،.. هتد.

١٢- پاشگری (-کەڵانە/-کەلانە):- پاشگرێکی سستەو بەشێوەیەکی کەم لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا بەکاردەهێنرێ، کە بۆ خۆشەویستی یان بچوکردنەوە بەکاردێ. وەکو: سورکەڵانە/سورکەڵانێ (سورکەڵانە) سورکەلانە/ سورکەلانێ (سورکەلانە)،...هتد.

١٣- پاشگری (-کیلە):-پاشگرێکی سستەوچەند ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ، کە واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: جوانکیلە/ جوانکیلێ (جوانکیلە)،...هتد.

١٤- پاشگری (-یکله):-پاشگرێکی سستەوچەند ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ، کە واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: پانیکلە/ پانیکلێ (پانیکلە)،... هتد.

١٥- پاشگری (-ڵانە):-پاشگرێکی کەم بەرهەمەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: زەریفلاَنە/ زەریفلاَنێ (زەریفلاَنە)، باریکلانە/باریکلانێ (باریکلانە)،...هتد.

١٦- پاشگری (-یلانە):-پاشگرێکی تاڕادەیەك بەرهەمدارەو هەندێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ،کە واتای خۆشەویستی یان بچووککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: وردیلانە/ وردیلانێ (وردیلانە)،خنجیلانە/خنیلانێ (خنجیلانە)، زەردیلانە،...هتد.

١٧- پاشگری (-کیلانە):- ئەم پاشگرە مەودای بەکارهێنانی لەداڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا فراوان نییە، هەروەها واتای خۆشەویستی یان بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: جوانکیلانە/جوانکیلانێ (جوانکیلانە)،...هتد.

١٨- پاشگری (- ۆق):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا بەکاردێ، واتای بچوکردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: شلۆق (شلۆق)، بلۆقی (بلۆق/تلۆق)،...هتد.

١٩- پاشگری (-اك):-پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: ڕووناك،...هتد

٢٠-پاشگری (-باو):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ، واتای کاڵی دەبەخشێ. وەکو: سورباو، زەردباو،...هتد.

٢١- پاشگری (-چك):- پاشگرێکی سستەو لەداڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ، واتای بچوککردنەوە دەبەخشێ. وەکو: شیرینچك،...هتد.

٢٢- پاشگری (-ەڵ):- ئەم پاشگرە سنووری بەکارهێنانی لەداڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا فراوان نییە،هەروەها واتای نەرێنی وەکو بچوککردنەوە و لاوازی وتەنکی و...هتد، دەگەیێنێ. وەکو: فشەڵ، ڕەقەڵ، وشکەڵ، ڕووتەڵ، چەپەڵ،پەچەڵ،...هتد.

٢٣-پاشگری (-یاوە):- بەشێوەیەکی سست بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا. وەکو: ڕووتیاوە (ڕووتاوە)،پوچیاوە (پوچاوە)،پوکیاوە (پوکاوە)،..هتد.

٢٤- پاشگری (-ڕەو):- پاشگرێکی سستەو دەچێتەسەر چەند ئاوەڵناوێکی سادەو ئاوەڵناوی داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. وەکو: تنڕەو (توندڕەو)، شلڕەو (شلڕەو)، تیژڕەو،...هتد.

**٢-٣ ئەوپاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی کارو ئاوەلناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: ڕەگی کار + پاشگری وشەداڕێژ > ئاوەڵناوی داڕێژراو

١- پاشگری (-ا):- ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی چالاك دەچێتەسەر ڕەگی کارو کۆمەڵێك ئاوەڵناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ، کە زیاتر واتای شارەزایی و لێهاتوویی و...هتد، دەگەیێنێ. وەکو: زانا، توانا، دانا، بینا،...هتد.

٢- پاشگری (-ۆك):- پاشگرێکی سستە وتەنیا بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا، واتای بچوککردنەوە دەگەیێنێ. وەکو: گەڕۆك گەڕۆك،..هتد

٣- پاشگری (-نۆك):- بەشێوەیەکی  زۆر سست بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا، زۆرجار واتای نەرێنی یان سلبی و بچووککردنەوە،...هتد، دەگەیێنێ. وەکو: تەرسنۆك/تەرسنۆکە(ترسنۆك)،...هتد.

٤- پاشگری (-ار):- پاشگرێکی زۆر کەم بەرهەمەو تەنیا بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا. وەکو: دیار،...هتد.

٥- پاشگری (-ەوار):- پاشگرێکی سستە وتەنیا بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا، واتای جیاواز دەگەیێنێ. وەکو: خۆنەوار/ خۆنەوارە (خوێندەوار)، کۆڵەوار (کۆلەوار)،...هتد.

٦- پاشگری (-ە/یا):- پاشگرێکی کەم بەرهەمەو چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەم دە هێنێ، کەواتای جۆراوجۆری وەك چالاك وسست وخاسیەت وسیفەتی باری کەسێك یان شتێك دەبەخشێ. وەکو: وتە (نوستوو)، کۆتە (کەوتوو)، مانیا/ مانیایێ (ماندوو)،خونچیا (گونجاو)، بڕیا (بڕاو)، سۆتە/سوچیا (سوتاو)، مەڕیا (شکاو)، وریا(خوراو)،..هتد.

٧- پاشگری (-ندە):پاشگرێکی سستە وتەنیا بەشداری لە داڕشتنی چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا. وەکو: کوشندە،...هتد.

٨- پاشگری (-دەڵ):- پاشگرێکی سستەو چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەمدەهێنێ. وەکو: گەندەڵ،..هتد.

٩- پاشگری (-ۆڵ/ۆڵە-):- ئەم پاشگرە تاڕادەیەك بەرهەمدارەو بەشداری لە داڕشتنی هەندێك ئاوەڵناوێکی داڕێژراودا دەکا،واتای بچوککردنەوە یان خۆشەویستی دەگەیێنێ. وەکو: قڕخۆڵ/قڕخۆڵە (قرخۆڵ /قرخۆڵە)، ماسۆڵە/ماسۆڵێ (ماسۆڵە)،...هتد.

١٠- پاشگری (-ۆدە):- پاشگرێکی سستەو چەند ئاوەڵناوێکی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: گیرۆدە/گیرۆدێ (گیرۆدە)،...هتد.

**٣-٢-٢-٢-٢ ئاوەڵناوی لێکدراو**

بریتییە لەو ئاوەڵناوەی کە لەدوو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار یان زیاتر پێکهاتووە، کەدەشێ بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەرەوە درابنە پاڵ یەك یان ڕاستەوخۆ پێکەوە بەسترابن. هەروەها لەڕووی واتاوە وەسفی ناو دەکەن و ئەرکی دیارخەر دەبینن. بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا (ئەو چاوگەی بڕیار لەسەر بەشی ئاخاوتنی وشەلێکدراوەکان دەدات،کە وشەی دووەمە . وەکو خانوی پلاستیکی(Green house) و شینە ئاسمان ( Sky Blue)، کە هەمیشە وشەی دووەمە،بۆنموونە  وشەی لێکدراوی (Green  house) ناوە، هەروەك چۆن (House) ناوە، هەروەها وشەی لێکدراوی (Sky Blue) ئاوەڵناوە، هەر وەك چۆن (Blue) ئاوەڵناوە. بۆیە وشەی لێکدراوی ئینگلیزی پێی دەوترێ سەر ڕاست ) .(Lieber, 2012, p46)

وشەلێکدراوەکانی زاری هەورامی و کوردی ناوەڕاست زۆرجار وشە(بنج)ی یەکەمیان دەبێتەسەرە (دیاخراو) و وشەی دووەمیان دەبێتە دیارخەر،وەکو گوڵی وەنەوشە، بەڵام هەندێکجار دیارخەر دەکەوێتە پێش دیارخراو، وەکو پیرە زن، تەڕە پیاز،...هتد. هەروەها هەندێکجار هەردوو وشەکە ئەرکی دیارخراو دەبینن، وەکو گوڵە

گەنم،..هتد. بەڵام ئەم وشە لێکدراوانە ناون کاتێك دەبنە ئاوەڵناوی لێکدراو کە وەسفی ناوێك بکەن و ئەرکی دیارخراو ببینن .

**یاساکانی دارِشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو**

**٢-١ ناو + ناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

١- ناو + ناو:-ئەم یاسای دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراوە کەم بەرهەمەو تەنیا چەند وشەیەکی پێ بەرهەم دەهێنرێ،کە واتای جیاواز دەگەیێنێ و ئەرکی دەرخستنی ناو دەبینن. وەکو: بالا عەرعەر/باڵاعەرعەرە (باڵاعەرعەر)، گەردن بلوور، دڵسۆز (دڵسۆز)،...هتد.

٢ —ناو + بە +ناو :- ئەم یاسای دارِشتنی ئاوەڵناوی لێکدروە تاڕادەیەك بەرهەمدارەو دەکرێ بەهۆیەوە هەندێك ئاوەڵناوی لێکدراو دروستبکرێ. وەکو: هەرِبەسەر/هەرِبەسەرە (قورِبەسەر)،خاکبەسەر، لچ بەبار(لێوبەبار)،...هتد.

٣- ناو + ناوی بەرکار:- رِێگەیەکی چالاکەو دەکرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێکدراو بەرهەمبهێنرێ. وەکو: لەم سۆتە/لەم سۆتێ (سکسوتاو)،دڵ مەرِیا/ دڵ مەرِێ (دڵشکاو)،لەم درِیا (سکدرِاو)،دەس برِیا (دەسبرِاو)،...هتد.

**٢-٢ ناو + رِەگی کار > ئاوەڵناوی لێکدراو**

ناو + رِەگی کار:- یاسایەکی زۆر چالاکە لە دارِشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو،کە واتای جیاواز بەپێی پێکهاتەی وشەکان دەگەیێنێ. وەکو: ئاشتی واز / ئاشتی وازە (ئاشتی خواز)، ونمج/ ونمجە (خوێنرِێژ)، پیاکوش (پیاو کوژ)، قسەزان، جەنگ ورەش (شەرِفرۆش)، ئاژاوە کەر/ئاژاوە گێڵن (ئاژاوەگێرِ)، سەربەس (سەربەست)،...هتد.

**٢-٣ دووبارەکردنەوەی هەمان ناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

دووبارەکردنەوەی ناو:- ئەم رِێگای درووستکردنی ئاوەلناوی لێکدراوە تاڕادەیەك چالاکەو هەندێك ئاوەڵناوی لەسەر بنیات دەنرێ. وەکو: پارچە پارچە/پارچەپارچێ (پارچە پارچە)، خاڵخاڵ/خاڵخاڵە (خاڵخاڵ)، وڵ وڵ (کون کون)،لت لت (لەت لەت)، قلێش قلێش، پۆلپۆل (پۆلپۆل)،....هتد.بۆنمونە:

(١٥٠) جل ورازەکێ قوماشی پارچە پارچەش گەرەکنیا (بەرگ دوورەکە قوماشی پارچە پارچەی ناوێ).

**٢-٤ ژمارە + ناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

ژمارە +ناو:- یاسایەکی تاڕادەیەك چالاکە لە دارِشتنی ئاوەڵناوی لێکدراودا،کە واتای جیاواز بەپێی پێکهاتەی وشەکان دەگەیێنێ. وەکو: دوودڵ/دووە دڵە (دوو دڵ)،چوارچەم/چوارچەمە (چوار چاو)، دووەپا (دووپێ)،چوارپا (چوارپێ)،...هتد.

**٢-٥ ناو + ئاوەڵناو > ئاوەڵناوی لێکدراو**

ناو + ئاوەڵناو:- رِێگایەکی یەکجار چالاکە لەدروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو دا،کە واتای جیاواز دەگەیێنێ ورۆڵی دەرخستن و وەسفکردنی ناو دەدات. وەکو: رِووە وەش/ رِووە وەشە (رِوو خۆش)، دەس درێژ/دەس درێژە (دەست درێژ)، چەم پیس (چاوپیس)، باڵابەرز،چەم شۆرِ (چاوشۆرِ)، قەڎ باریك (قەدباریك)، قولدرێژ، سەرخرِ، سەر

زل، چەم سیاو (چاوڕەش)، ون شیرین (خوێن شیرین)،ونتاڵ (خوێن تاڵ)، بۆ وەش (بۆنخۆش)، ۆح سوك/پێشە سوك (ئێسك سوك)،..هتد.

٢-٦ ئاوەڵناو + ناو > ئاوەڵناوی لێكدراو

١- ئاوەڵناو + ناو:- ڕێگەیەكی كەم بەرهەمە ودەكرێ بەهۆیەوە چەند ئاوەڵناوی لێكدراو بەرهەم بهێنرێ. وەكو: وەش باوڕ/وەش باوڕە (خۆش باوڕ)،وەش حاڵ/وەشحاڵ (خۆشحاڵ)، فەقیرحاڵ،...هتد.

٢-ئاوەڵناو + (ـە) +ناو:- ڕێگایەكی چالاكە لەدروستكردنی ئاوەڵناوی لێكدراو دا. وەكو: كوڵەباڵا/كوڵە باڵێ (كورتەباڵا)،...هتد.

٢-٧ ئاوەڵناو + (و ) +ئاوەڵناو > ئاوەڵناوی لێكدراو

ئاوەڵناو + (و) +ئاوەڵناو:- ئەم یاسایە بەشێوەیەكی چالاك لە داڕشتنی ئاوەڵناوی لێكدراودا ڕۆڵدەبینێ، كە واتای جیاواز دەگەێنێ. وەكو: شلوشۆڕ/شلوشۆڕە (شلوشۆڕ)، سیاووچەرمە/ سیاوو چەرمێ (ڕەش وسپی)، تەسك وباریك، سووروچەرمە (سووروسپی)، زەردو سوور، كاڵ وكوڵ،گەرم ونەرم، نەرم وشل، ساردوسڕ، خاسوخراپ (باش وخراپ)،...هتد.

٢-٨ ئاوەڵناو + ڕەگی كار > ئاوەڵناوی لێكدراو

ئاوەڵناو + ڕەگی كار:- ڕێگەیەكی چالاكەو كۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێكدراو بەهۆیەوە بەرهەم دەهێنرێ. وەكو:ڕاسواچ/ڕاسواچە (ڕاستبێژ)، جوانپۆش/جوانپۆشە (جوانپۆش)، سیاو پۆش (ڕەشپۆش)، فرەزان (زۆرزان )، ڕاسواچ (ڕاست گۆ)،...هتد.

٢-٩ ئاوەڵناو + (-و-) +وشەیەكی بێ واتا > ئاوەڵناوی لێكدراو

ئاوەڵناو +(-و-) +كەرتی بێ واتا:- ڕێگەیەكی بە بەرهەمەو كۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێكدراو بەهۆیەوە دروست دەكرێ. وەكو: گورج وكۆڵ/ گورج وگۆڵە (گورج وگۆڵ)،پان وپۆڕ/پان وپۆڕە (پانوپۆڕ)، نەرم ونۆڵ، پان وپلیچ،تەسكوتروسك،...هتد.

٢-١٠ دووبارەكردنەوەی هەمان ئاوەڵناو > ئاوەڵناوی لێكدراو

ئەم ڕێگایە لە دروستكردنی ئاوەڵناوی لێكدراودا بەرهەمدارە. وەكو: ورد ورد/ورد وردێ (ورد وردێ)، جوان جوان/جوان جوانێ، كەم كەم، فرەفرە (زۆرزۆر)، یەواش یەواش (هێواش هێواش)،...هتد. بۆنمونە: (١٥١) سانەرەكە ساوی گەورە گەورێش گەرەكێنێ (كڕیارەكە سێوی گەورە گەورەی دەوێ ).

٢-١١ ئاوەڵكار + ناو > ئاوەڵناوی لێكدراو

ئاوەڵكار + ناو:- ئەم یاسایە كەم بەرهەمەو دەكرێ لەڕێگەیەوە كۆمەڵێ ئاوەڵناوی لێكدراو دروست بكرێ. وەكو: وەراو/ وەراوە (بەراو)، چێردەس/چێردەسە (ژێردەس)،چێرچەپۆك (ژێرچەپۆك)،...هتد.

٢-١٢ ئاوەڵكار + ڕەگی كار > ئاوەڵناوی لێكدراو

ئاوەڵکار + ڕەگی کار:- یاسایەکی تاڕادەیەك چالاکە، لە داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراودا ڕۆڵدەبینێ. وەکو: فرە وەر/ فرە وەرە (زۆرخۆر)، فرە زان/فرە زانە (زۆر زان)، کەم وەر (کەمخۆر)، فرە واچ (زۆربڵێ)،...هتد.

## ٣-٣پۆلی ئاوەڵکار

بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنە لەزمانی کوردیدا و خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیە لەڕووی وشەسازی و واتا سازی و ئەرکەوە، کەدەکرێ بەهۆیانەوە لەبەشە ئاخاوتنەکانی تر جیابکرێتەوەو بناسرێتەوە، بەوەی کە لەڕستەدا بەگشتی وەسفی کار لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتی و شێوەو بارودۆخ و کات و شوێن و هۆو مەبەست و ڕێکخستن و جەختکردن و نەرێ و نەفی کردن و دووبارەکردنەوە دەکات،هەروەها چۆنیەتی ڕوودان و ئەنجامدانی کارەکە دەردەخات و زانیاری دەربارەی هەریەکێك لە ڕووە جیاوازەکانی کارەکە دەخاتەڕوو.

لەبەئەوەی ئاوەڵکار (وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن لەسەر بناغەی خاسیەتی وشەسازی ئەرکی ڕستەسازی و واتا ناسیەوە جیادەکرێتەوە. ئاوەڵکار خاسیەتی ڕوودان کە کار دەریدەبڕێ و خاسیەتی خاسیەت کە ئاوەڵناو دەیگەیێنێ و خاسیەتی باروودۆخ کە ئاوەڵکار نیشانی دەدات، دیاریدەکات. ئاوەڵکار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە باروودۆخ و شێوەی ڕوودان و جۆری چۆنیەتی نیشان دەدات... لەڕووی ڕستەسازیەوە خاوەنی ئەو تایبەتمەندیە کە لەڕستەدا بەکارەوە، یان ئاوەڵناوەوە یان ئاوەڵکارێکی ترەوە بەندە.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١١٩).

ئاوەڵکار لەڕووی واتاوە جگە لەدەرخستنی ڕوودانی کار ئەرکی ڕوونکردنەوەی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دەبینێ و وەسفیان دەکات و ئاماژە بەخاسیەت و سیفەتەکانیان دەکات. بۆنمونە:

(١٥٢) لهۆن فرە وانۆ (لهۆن زۆر دەخوێنێ). (١٥٣) لهۆن فرە خاس وانۆ (لهۆن زۆر باش دەخوێنێ).

لەڕستەی (١٥٢) وشەی (زۆر) ئاوەڵکارەو وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەکات، بەڵام لەڕستەی (١٥٣) وشەی (زۆر) ئاوەڵکارەو وەسفی وشەی (باش) دەکات کە ئاوەڵکارە.

### ٣-٣-١ پۆلێنکردنی ئاوەڵکار لە ڕووی واتاو ئەرکەوە

#### ٣-٣-١-١ ئاوەڵکاری دیارخەر:

بریتییە لەو ئاوەڵکارەی کە خاسیەتی ڕوودان، یان نیشانەی چۆنیەتی و چەندێتی یان جۆری بەجێ هێنان (ڕێکخستن) ڕادەگەیێنێ و دەشێ سێ جۆر (چۆنیەتی،چەندیەتی، شێوە یان جۆری بەجێ هێنان)ی لێ دیاری بکرێ. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٦). ئەم ئاوەڵکارانە ئاماژە بەڕوودانی کارەکە لەڕووی چۆنیەتی و چەندیەتی و شێوە یان ڕێکخستنەوە دەکەن و وەسفی ڕوودانەکە نیشان دەدەن، واتای خاسیەت وسیفەت دەگەیێنن و بەکارەوە بەندن و ئەرکی دەرخستنی کارەکە دەبینن. لەڕووی بەخشینی واتاوە دەکرێ بۆ سێ جۆر دابەش بکرێن:

١- ئاوەڵکاری چۆنیەتی:- ئەم ئاوەڵکارە وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەکاو ئاماژە بەخاسیەتەکانی دەکات و ئەرکی ڕوونکردنەوە دەرخستنی کارەکە دەبینێ. وەکو: جوان/جوانە (جوان)، خاس/خاسە (باش)،هێمن، خراپ،

سەرێع /تیژ (خێرا)، پاك،...، بەجوانی، بە خاسی (بەچاکی)، بەپەلە، بە یەواشی (بەهێواشی)، بەگورجی، بەهێمنی، بە وەشی (بەخۆشی)،...، سەرو وێ (لەسەرخۆ)، سەرو لای (لەسەرلا)،سەرو پەشتێ (لەسەر پشت)، سەرو پەیا (لەسەرپێ)، سەروسینەی (لەسەر سنگ)...، دۆڵاودۆڵ (دۆڵاودۆڵ)، وڵاو وڵ (کوناوکون)، یانەویانە (ماڵەوماڵ)،...هتد.

ئەم ئاوەڵکارانە لە زاری هەورامیدا دەکرێ لە ڕێگەی وشەی پرسی (چەنی (چۆن)) ەوە پرسیاریان لەبارەوە بکرێ یان ببنە وەڵامی پرسیاری ئەم وشانە. بۆنمونە:

(١٥٤) چەنی گێڵای شونیشرە؟ (چۆن گەڕای بەشوێنیدا ) ؟ (١٥٥) دۆڵاودۆڵ شۆنیشرە گێڵانی (دۆڵاودۆڵ بەشوێنیدا گەڕام).

٢- ئاوەڵکاری چەندیەتی:- ئاماژە بەچەندیەتی ڕوودانی کار دەکات و دەبێتە دیارخەری و ئەرکی ڕوونکردنەوەی چەندیەتی ڕوودان و خاسیەتەکانی کارەکە دەبینێ. هەروەها (چەندیەتی ڕوودان، ڕادەی توانای ڕوودان، ئەندازەی چەندیەتی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دیاریدەکات. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٧). لە زاری هەورامیدا وەڵامی پرسیاری ( چن/چنە (چەن/چەند) ؟) (کەم، فرە (زۆر) ؟ ) (تا چ ڕادێوە (تا چە ڕادەیەك) ؟) دەداتەوە.

ئاوەڵکارەکانی چەندیەتی وەکو: فرە (زۆر)، بەعزێ (گەلێ)، یەکجار (ئێجگار)، تەمام (تەواو)، پەڕ (پڕ)...، کەم، تۆزێوە (تۆزێك)، کەمێوە (کەمێك)، برێ،بەعزێوە (هەندێك)،...هتد. ئەم ئاوەڵکارانە لەڕستەدا دەتوانن ئەرکی دەرخستنی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار ببینن. بۆنمونە:

(١٥٦) داریا کەم وەرۆ (داریا کەم دەخوا). (١٥٧) داریافرە کەم وەرۆ (داریا زۆر کەم دەخوا ).

(١٥٨) داریا فرە ژیرا (داریا زۆر ژیرە).

لەڕستەی (١٥٦) دا ئاوەڵکاری (کەم) چەندیەتی ڕوودانی کارەکە دەردەخات، لەڕستەی (١٥٧) دا ئاوەڵکاری (فرە (زۆر) ) چەندیەتی ئاوەڵکاری (کەم) دەردەخات، لەڕستەی (١٥٨) دا ئاوەڵکاری (فرە (زۆر) )چەندیەتی ئاوەڵناو (ژیر) دەردەخات.

هەروەها ئەو ئاوەڵکارانەی کە واتای ئەندازەو پێوانەیان تێدایە. وەکو: قوڵ، دوور، نزیك، پان، بەرز، نزم...، دەکەونە نێوان هەردوو ئاوەڵکاری چۆنیەتی و چەندیەتیەوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٢٩).

٣- ئاوەڵکاری شێوە یان ڕێکخستن:- ئاوەڵکاری ڕێکخستن ئاماژە بەچۆنیەتی شێوەو ڕێکخستنی ڕوودانی کار دەکات و ئەنجامدانی ڕوودانی کارەکە ڕوون دەکاتەوەو دەریدەخات. هەروەها دەکرێ لە ڕێگەی وشەپرسەکانی (چەنین (چۆن)، بەچەنۆعێ/ بەچەجۆرێ (بەچەجۆرێ)، بەچەشێوێوە (بەچ شێوەیەك)، بەچەلەونێ (بەچ چەشنێك)،..هتد ؟) پرسیایان لەبارەوە بکرێ، یان ببنە وەڵامی پرسیارەکانی ئەم وشانە. ئاوەڵکارەکانی ڕێکخستن هەندێکیان لەسەر بنەمای لێکچواندن و بەراورد کردن پێکهاتوون. وەکو: کوڕانە، کناچانە (کچانە)،

ژەنانە (ژنانە)، مەردانە، پیایانە (پیاوانە)، شێرانە...، پێسەوگوڵی (وەك گوڵ)، پیسەوپیای (وەك پیاو)، پیائاسا (پیاو ئاسا)، شێر ئاسا...هتد. بۆنمونە:

(١٥٩) بێساران پێسەو پیایی وانۆ (بێساران وەك پیاو دەخوێنێ). (١٦٠) فەرهاد زارۆڵانە ویرکەرۆوە (فەرهاد منداڵانە بیردەکاتەوە).

هەروەها بەشێکی تریان ئاماژە بەشێوەو ڕێکخستنی ڕوودانی کارەکە دەکەن، وەك شێوەی ڕیزکردن و پۆل کردنی شتەکان. وەکو: پۆل پۆل (پۆل پۆل)، دەسە دەسە (دەستە دەستە)، یۆ یۆ (یەك یەك)، دووە دووەی (دوو دوو)، یەرە یەرەی (سێ سێ)، کۆمەڵ کۆمەڵ (کۆمەڵ کۆمەڵ)، بەش بەش، تاقم تاقم...، یەواش یەواش (هێواش هێواش)، جوان جوان، خاس خاس (باش باش)، کەم کەم، ورد ورد، خاوخاو (هێدی هێدی)،...هتد. بۆنمونە:

(١٦١) تەلەبەکێ دەسە دەسەی ملا پەی دلێ دۆڵەکێ (قوتابییەکان دەستە دەستە دەچن بۆ ناو دۆڵەکە).

(١٦٢) ولەکێ وردە وردە گەشەبۆوە (گوڵەکە وردە وردە دە گەشێتەوە ).

بەشێکی تری ئاوەڵکارەکان ئاماژە بەشێوەی گشتیەتی ئەنجامدانی کارەکە دەکەن. وەکو: پێوە (پێکەوە)، بەگشتی / بەعام (بەگشتی)، بەدوە قۆڵی (بەدوو قۆڵی)،...هتد. بۆنمونە:

(١٦٣) شمە پێوە ئاوەکێ داردێ (ئێوە پێکەوە ئاوەکە بدێرن).

(١٦٤) مامۆسێ بەعام دڵسۆزو میللەتینێ (مامۆستایان بەگشتی دڵسۆزی میللەتن).

**٣-٣-١-٢ ئاوەڵکاری بارووددۆخ**

ئەم ئاوەڵکارانە ئاماژە بەکات و شوێن و هۆو مەبەست و دووبارە بوونەوەو نەرێ کردن و جەختکردنەوەی کار دەکەن و پەیوەندی کار بەو لایەنانەوە ڕووندەکەنەوە.

١- ئاوەڵکاری کات:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بەکاتی ڕوودانی کارەکە دەکات و دەست نیشانی دەکات. هەروەها بەهۆی وشە پرسەکانی ( کەی، چەکاتێ، چ وەختێ،...هتد ؟) دوە پرسیاریان لەبارەوە دەکرێ یان دەبنە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لەڕێگەی ئەم وشانەوە دەکرێ. ئاوەڵکارەکانی کات پێکدێن لە ( ئیسە (ئێستە)، ئانە (وا، ئەوا)، سەوای (سبەی)، دووە بەیانی (دووسبەی)، بەیانی، نیمەڕۆ (نیوەڕۆ)، وێرەگا (ئێوارە)، پی نزیکە (بەم نزیکانە)، پی زوانە (بەم زوانە)، یەکسەر (دەسبەجێ)...،پار، ئێ ساڵ (ئەمساڵ)، پێرار (پێرار)، جاران...، گردکاتێ (هەموو کاتێ)، هیچ کاتێ، هیچ وەختێ، دەمێوەن (دەمێکە)، زوۆن (لەمێژە/ لەزووەوە)، چێگەودمای (لەمەودوا)، چێگەولای (لەمەولا)، چی دمابیە (لەم دواییە)، چێ وەڵی (لەمەوپێش/لەمەوبەر)...، جەشەوێوە (لەشەوەوە)،جەبەیانیوە (لەبەیانیەوە)،...هتد. بۆنمونە:

(١٦٥) بەیانی ملمێ پەی کەشی (بەیانی دەچین بۆشاخ).

(١٦٦) جاران دڵوخەڵکی وەشبێ (جاران دڵی خەڵك خۆش بوو).

٢- ئاوەڵکاری شوێن:- ئەو ئاوەڵکارەیە کە ئاماژە بەشوێنی ڕوودانی کار دەکات و دیاری دەکات. هەروەها دەکرێ لەڕێگەی وشە پرسەکانی ( چکۆ؟ (لەکوێ؟)،چکۆوە؟ (لە کوێوە؟)، پەی کۆگەی؟ (بۆکوێ؟)،...هتد،) ) ەوە پرسیاریان لەبارەوە بکرێ یان ببنە وەڵامی پرسیارەکانی ئەم وشانە. ئاوەڵکارەکانی شوێن وەکو: سەر/ جەسەر (سەر/لەسەر)، چیر/جەچێر (ژێر/لەژێر)، وار/جەوار (خوار/لەخوار)،پاڵ (لەپاڵ)، لا/جەلا(لا/لەلا)...، وەڵێ (پێش)، دما (پاش)، وەر (بەر)، دما (دوا)، سەرۆ (سەرەوە)، جە وارۆ (لەخوارەوە) بنۆ (بنەوە)، دڵێ (ناو)، جبەر (دەر)، ڕاس (ڕاست)، چەپ...ئێگە (ئێرە)، ئاگە (ئەوێ)، چێگە (لێرە)، چاگە (لەوێ)، تائێگە (تائێرە)، تائاگە (تا ئەوێ)...، جەلاوە (لەلاوە)، چی لاوە (لەملاوە)، چەولاوە (لەولاوە)، جەگردلاوە (لەهەموولاوە)، جە هیچ لاوە (لەهیچ لاوە)...، هیچ کۆ (هیچ کوێ)، هیچ شۆنێ (هیچ شوێنێ)، هیچ یاگێ (هیچ جێگەیێ)،...هتد. بۆنمونە: (١٦٧) خەڵکی جە دەگایەکانە بەکشتوکاڵ وحەیوانداریوە خەریکا (خەڵکی لەدێکاندا بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریکن).

٣- ئاوەڵکاری هۆومەبەست:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بەهۆی ڕوودان ومەبەستی ئەنجامدانی کارەکە دەکات وڕوونی دەکاتەوە، هەروەها دەکرێ لەڕێگەی وشەپرسەکانی وەك ( پەی چیشی؟ (بۆچی؟)، وەرو چیشی؟ (لەبەرچی؟)، پەی؟ (بۆ؟)...،هتد.) پرسیاری لەبارەوە بکرێ یان ببێتە وەڵامی وشەکانی ( داخیێنە (لەداخا)، قینیێنە (لەڕقا)، پەوکی/پەوچی (بۆیە)،چونکی (چونکە)، وەرو ئانەی (لەبەرئەوەی)، جەئاورانە (لەبرسا)، جەوەشینە (لەخۆشیدا)، جەتوڕەینە (لەتوڕەیدا)...، بەبەلاش/بەهەوانتە (بەخۆڕایی)، بەئەنقەست، بەهەوەس،...هتد. بۆنمونە: (١٦٨) زارۆڵەکە جەئەوراینە خەریکا گرەوای گرەوۆ (منداڵەکە لەبرسیەتیدا خەریکە دەگرێ).

٤- ئاوەڵکاری جەختکردن:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بەپێداگری وجەختکردنەوە لەسەر ئەنجامدان و جێبەجێکردنی کارێك یان نەکردنی کارێك دەکاتەوە. وەکو: بێگومان (بێگومان)، بەتەئکید،بێشك (بێشك)، بێ ئیلاوئەولا (بێ ئەملاوئەولا)، بەدڵنیایی، بێ یەکودوو(بێ یەکودوو)، هەر، هەڵبەت،...هتد. بۆنمونە:

(١٦٩) سارا بێگومان تەلەبێ زیرەکەنە (سارا بێگومان قوتابییەکی زیرەکە).

٥- ئاوەڵکاری دووبارەکردنەوە:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بەدووبارە بوونەوەی ڕوودان و ئەنجامدانی کارێك دەکات. وەکو: هەمدیسان/ دووبارە (دووبارە)، جاریٚتەر (جارێکی تر)، دەعفایٚ تەر/ کەرتێ تەر (کەڕتێکی تر)، نۆبێ تەر/نۆرێ تەر (نۆرەیەکی تر)، سەرێ تەر (سەرەیەکی تر)،دیسان، هەم، هەرجارێ، چن جاێ (چەند جارێك)،...هتد. بۆنمونە: (١٧٠) سارا هەمدیسان سەعیەکەرۆ (سارا دووبارە سەعی دەکا).

٦- ئاوەڵکاری نەرێ یان نەفی:- ئەم ئاوەڵکارە ئاماژە بە نەرێکردنی ڕوودان و ئەنجامدانی کارێك دەکات. یان نەفی کارەکە ڕادەگەیێنێ، دەشێ ببێتە وەڵامی پرسیاری ( ئەرێ ؟ (ئایا؟/ئەرێ؟)،...هتد. وەکو: نا/نەئ، نەخێر (نەخێر)، هەرگیز، هەرگیزاو هەرگیز، بەهیچ جۆرێ، بەهیچ نۆعێوە/بەهیچ شێوێوە (بەهیچ شێوەیێك)،...هتد. بۆنمونە:

(١٧١) شەرمینە بەهیچ نۆعێ واز جە واناى نمارۆ (شەرمین بەهیچ جۆرێ واز لەخوێندن ناهێنێ).

(١٧٢) ئینسانی بڕوادار هەرگیز واز جەخاکو میللەتەکەیش نمارۆ (مرۆڤی باوەڕدار هەرگیزواز لەخاکومیللەتەکەی ناهێنێ).

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەم پۆلێنکردنەی ئاوەڵکارەکان پشتی بەواتا بەستوەو ئەمەش وا دەکات ك هەندێکجار کێشە لەدانانی ئاوەڵکارەکان لەبەشە ئاخاوتنەکاندا دروستبێ، بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لەم وشانە چەند واتایەکی سەرەکی دەگەیێنن و دەکرێ بەهەند وەربگیرێ. ئەمەش وا دەکات کە ئەو وشانە خاسیەت و تایبەتمەندی چەند پۆلێکیان هەبێ و بشێ واتای چەند پۆلێك بگەیێنن، یان لەناو چەند بەشێکی پۆلێکیشدا دابنرێ. وەکو: (زوو، دێر(درەنگ)، یەکسەر (دەستبەجێ/یەکسەر)،...هتد. چۆن پەنجە بۆ چۆنیەتی ڕوودان ڕادەکێشن، بەهەمان چەشن دەتوانن کاتی بەجێهێنانی کارێك نیشان بدەن. واتە دەشێ ئاوەڵکاری چۆنیەتی و ئاوەڵکاری کاتی بن.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤،ل١٣٧). هەروەها وشەکانی وەکو: بەوەشی (بەخۆشی)، بەبەلاش (بەخۆڕایی)، دەمو وەمیوە (بەدەم خەوەوە)،...هتد هەڵگری واتای چۆنیەتی هۆو مەبەستن و دەتوانن ئاماژە بەچۆنیەتی ڕوودان و هۆو مەبەستی کارەکە بکەن. هەروەها وشەکانی وەکو: نزیك، جەنزیك (لەنزیك)، دوور، جەدوور (لەدوور)،... هتد. هەڵگری واتای چۆنیەتی و شوێنن و دەتوانن ببنە ئاوەڵکاری چۆنیەتی یان ئاوەڵکاری شوێن. بۆنمونە:

(١٧٣) واریان جەنزیکۆ کوڕەکەی مشناسۆ (واریان لەنزیکەوە لەنزیکەوە کوڕەکە دەناسێ).

(١٧٤) واریان جەنزیکۆ نیشتەنەرە (واریان لەنزیکەوە دانیشتووە).

لەڕستەی (١٧٣)دا وشەی(جەنزیۆ (لەنزیکەوە) ) ئاوەڵکاری چۆنیەتیە،بەڵام لەڕستەی (١٧٤) دا وشەی(جەنزیکۆ (لەنزیکەوە)) ئاوەڵکاری شوێنیە.

**٣-٣-٢ پۆلێنکردنی ئاوەڵکار لە ڕووی پێکهاتنەوە**

ئاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە دەشێ سادەبێ و لەمۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادارپێکهاتبێ،یان ناسادەبێ ولەمۆڕفیمێکی واتادارو گیرەکێك یان زیاترپێکهاتبێ و داڕژاوبێ، یان لێکدراو بێ ولەدوو مۆڕفیمی واتاداری سەربەخۆ یان زیاترپێکهاتبێ.

**٣-٣-٢-١ ئاوەڵکاری سادە:-** بریتیە لەو ئاوەڵکارانەی کەلەمۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتوون. وەکو: خاس(پاش)، عال(چاك)، خراپ، زوو/سەرێع (خێرا)،یەولش (هێواش)...،فرە (زۆر)، کەم،پەڕ (پڕ)، تەمام (تەواو)...، شەوە (شەو)، ڕۆ (ڕۆژ)، زوو، ئیسە (ئێستە)، سەوای (سبەی)، پار...، سەر، وار (خوار)، چیر (ژێر)، سەر (ژوور)، وەر( بەر)، دما (دوا)، بن، دڵێ/چووەر (ناو)، جبەر/ بەر(دەر)،...هتد .

**٣-٣-٢-٢ ئاوەڵکاری ناسادە**

**٣-٣-٢-٢-١ ئاوەڵکاری داڕێژراو:-** بریتیە لەو ئاوەڵکارانەی کە لەمۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادارو گیرەکێك یان زیاتر پێکهاتووە.

**٣-٣-٢-٢-١-١-١ ئەو پێشگر(پێشبەند)انەی کەدەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**١-١ ئەو پێشگر(پێشبەند) انەی کەدەچنەسەر ناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ+ناوی سادە > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١- پێشگری (بێ-):- ئەم پێشگرە چالاکە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو کۆمەڵێك وشە بەرهەم دەهێنێ، کە واتای نەرێ یان پێچەوانە دەگەیێنێ. وەکو: بێشك (بێشك)، بێگومان (بێگومان)،بێ سەیایی/بێ حەسیای (بێ حەسان)، بێباك (بێباك)، بێناز(بێناز)، بێخەم (بێخەم)، بێهەرمان/بێکار (بێئیش/بێکار)،...هتد. بۆنمونە:

(١٧٥) زاڕۆڵەکە بێنازکەوت (منداڵەکە بێنازکەوت). (١٧٦) زاڕۆڵە بێنازەکە کەوت (منداڵە بێنازەکە کەوت ).

لەڕستەی (١٧٥) داوشەی (بێناز(بێناز)) ئاوەڵکارە بەڵام لەڕستەی(١٧٦) دا وشەی(بێناز(بێناز)) ئاوەڵناوە، ئەمەش پەیوەندی بەشوێنی وشەکەوەیە لەڕستەکەدا، کەئەرکی جیاوازی وەکوەسفکردنی چۆنیەتی کارو چۆنیەتی ناو دەبینێ.

٢- پێشگری(بە-):- ئەم پێشگرە چالاکە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو کۆمەڵێك وشە بەرهەم دەهێنێ. وەکو: بەپا(بەپێ)، بەسەر،بەچەم (بەچاو)، بەدەس (بەدەست)، بەکۆڵ، بەگومان، بەشك، بەڕۆ(بەڕۆژ)،...هتد. بۆنمونە: (١٧٧) شنە گۆزەکێ بەسەرە ورگێرۆ (شنە گۆزە بەسەر هەڵدەگرێ).

**٢-١ ئەو پێشگر(پێشبەند)انەی کە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵناوی سادە > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١- پێشگری(بە-):- پێشگرێکی سستەو تەنیا لەداڕشتنی چەند ئاوەڵکارێکی داڕێژراودا ڕۆڵدەبینێ و زیاتر واتای چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەگەیێنێ. وەکو: بەپەلە،بەگا/بەجا (بەجێ)،...هتد بۆنمونە:

(١٧٨) شنیا هەرمانەو ویش بەگا مارۆ (شنیا ئیشی خۆی بەجێ دەهێنێ).

**٣-١ ئەو پێشگر(پێشبەند) انەی کەدەچنەسەر ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ + ئاوەڵکاری سادە > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١- پێشگری (جە-):- پێشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ئاوەڵکاری شوێن وکات ئاوەڵکاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنرێ، کە واتای شوێن وکات و...هتد،دەگەیێنن. یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی ئەم پێشگرە ئەوەیە کەلەهەندێ دۆخدا دەرناکەوێ، هەروەها لەهەندێ دۆخی تریشدا بەشێوەی پاشگر دەردەکەوێ. وەکو: جەچێر /چێر/ چیرنە(لەژێر)، جەسەر/سەر/سەرنە (لەسەر)، جەدڵێ/ دڵێ/ دلێنە(لەناو)، جەجبەر/جبەر/جبەرنە (لەدەر)، جەبنە/بنەنە/بنەنە(لەبن)، جەدوور (لەدوور)،جەنزیك (لەنزیك)،جەوار/وار وارنە (لەخوار)، جەپاڵ/پاڵ/ پاڵنە (لەپاڵ)، جەوەڵێ/ وەڵێ/ وەڵێنە (لەپێش)،جەشەوێ/شەوێ/شەوێنە (لەشەو)،...هتد. بۆنمونە: (١٧٩) ژەرەژەکێ دڵێ بوڵەکێنە چینەکەرۆ (کەوەکە لەناو خۆڵەمێشەکەدا چینەکا).

(١٨٠) ديوارەکەی جە وارۆ  ورچنە (ديوارەکە لەخوارەوە هەڵبچنە).

(١٨١) نەوەشيەکە دلێنە شی  (نەخۆشيەکە لەناو چوو).

٢- پێشبەندی (پەی-):- پێشبەندێکی چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ئاوەڵکاری شوێن وکات ئاوەڵکاری داڕێژراويان لێ بەرهەم دەهێنێ، واتای شوێن و کات،...هتد، دەگەيێنێ. وەکو: پەی سەری (بۆسەر)، پەی واری (بۆخوار)، پەی چێری (بۆژێر)، پەی دڵێ (بۆناو)، پەی جبەری (بۆدەر)، پەی بەيانی (بۆبەيانی)،...هتد. بۆنمونە: (١٨٢) شنيا پەی بەيانی وێش حازر کەرۆ (شنيا بۆبەيانی خۆی ئامادە دەکا).

٣- پێشبەندی (تا-هەتا-):- ئەم پێشبەندە چالاکەو دەچێتە سەر کۆمەڵێك ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراويان لێدروست دەکات.واتای شوێن وکات،...هتد دەگەێنێ. وەکو: تاسەر، تاوار(تاخوار)، هەتاسەر، هەتاوار(هەتاخوار)، هەتاچێر(هەتاژێر)، تاسەر( تاژوور)، تابنە (تابن)، تابەيانی، هەتاجبەر (هەتادەر)،...هتد.   بۆنمونە:

(١٨٣) ئەياو تاتە هەتاسەر پەی کەسی مەمەنۆ (دايك و باوك هەتاسەر بۆ کەس نامێنێ).

٤- پێشبەندی (بە-):- ئەم پێشبەندە سستەو دەچێتە سەرچەند ئاوەڵکاری سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراويان لێ دروست دەکات، واتای شوێن وکات و...هتد. دەبەخشێ. يەکێك لەتايبەتمەنديەکانی ئەم پێشگرە ئەوەيە کە بەپێی دۆخە جياوازەکان شێوەکەی و شوێنەکەی دەگۆڕێ، کە زۆرجار بەشداری داڕشتنەکە ناکات يان دەرناکەوێ، هەندێك جاريش  بەشێوەی پاشگری (-رە) دەردەکەوێ و کەمجاريش بەشێوەی پێشگری (بە-) ڕۆڵی داڕشتن دەبينێ. وەکو: بەڕاس (بەڕاست)، بەچەپ، بەسەر/سەر/سەرە (بەسەر)، چير/چيرە (بەژێر)، بەلا، بەپاڵ، وارە/وار (بەخوار)،...هتد.  بۆنمونە:

(١٨٤) تەلەبەکە سەرو حوکمەتی ملۆ پەی وانای (قوتابييەکە لەسەر حوکمەت دەچێ بۆ خوێندن).

(١٨٥) چيرو دارەکەينە ئاوی هەنە(لەژێر دارەکەدا ئاو هەيە).

(١٨٦) شنيا بەسەروسەرەيش ئاوەکيش ئاردێبێ(شنيا بەسەرسەری ئاوەکەی هێنابوو).

**٣-٣-٢-٢-١-٢  ئەو پاشگرانەی کەدەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری سادەو  ئاوەڵکاری داڕێژراويان لێ بەرهەم دەهێنن. پێکدێن لە:**

**١-٢  ئەو پاشگرانەی کەدەچنەسەر ناوی سادەو ئاوەڵکاری داڕێژراو  بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەيان پێکدێ لە: ناوی سادە+ پاشگری وشەداڕێژ > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١- پاشگری (-ێ/ی):- پاشگرێکی چالاکن و دەچنە سەر هەندێك لەناوەکانی شوێن وکات ئاوەڵکاری داڕێژراويان لێ دروست دەکات. مۆڕفيمی (ێ) ئاوەڵکاری کاتی بەرهەمدەهێنێ، بەڵام مۆڕفيمی دۆخی (ی) ئاوەڵکاری شوێنی دروست دەکا. وەکو: شەوێ (شەوێ)، هامنێ (هاوينێ)، پايزێ /پايزان (پايزێ)، زمسانێ (زستانێ)، وەهاێ (بەهارێ)، ساڵێ (ساڵێ)،... بازاڕی (بازاڕێ)، دوکانی (دوکانێ)، يانەی (ماڵێ)،...هتد.    بۆنمونە:

(١٨٧) ئاژوان شەوێنە مێ پەی يانەيما (ئاژوان بەشەوێ دێ بۆ ماڵمان).  (١٨٨) ئاژوان پايزێ ملۆ پەی وەز تەکنای (ئاژوان پايزێ دەچێ بۆ گوێز تەکاندن).

٢- پاشگری (-ا/ان):- پاشگرێكی چالاكەو دەچێتە سەر هەندێك لەناوەكانی كات و ئاوەڵكاری داڕێژراویان لێ دروست دەكات، كە ئەم پاشگرە (مۆرفە) بێجگە لەواتای كۆ واتای دۆخی ڕێزمانی كاتیش دەگەیێنێ. وەكو: وەهاران (بەهاران)، پایزان، زمسانان (زستانان)، بەیانیان، ڕەمەزانان، هامنان (هاوینان)، جاران، شەوان،...هتد. بۆنمونە: (١٨٩) هامنان وەشا بلی پەی كویسانی (هاوینان خۆشە بچی بۆ كوێستان).

٣- پاشگری (-انە):-پاشگرێكی چالاكەو دەچێتە سەر كۆمەڵێك ناوی سادەو دایان دەڕێژێ و ئاوەڵكاری داڕێژراویان لێ دروست دەكات، واتای چۆنیەتی وچەندیەتی و شێوە دەگەیێنێ. وەكو: كوڕانە، شێرانە (شێرانە)، پایانە(پیاوانە)، ژەنانە (ژنانە)،...هتد. بۆنمونە:

(١٩٠) پۆلیسەكە شیرانە پەلامارەو دزەكەیش دا (پۆلیسەكە شێرانە پەلاماری دزەكەی دا).

٤- پاشگری (-ئاسا):- پاشگرێكی چالاكەو دەچێتە سەر كۆمەڵێك ناو و دایان دەڕێژێ و ئاوەڵكاری داڕێژراویان لێ پێكدەهێنێ، واتای چۆنیەتی و شێوە یان ڕێكخستن دەگەیێنێ. وەكو: شێرئاسا (شێرئاسا)، پیائاسا (پیاوئاسا)، كوڕئاسا، وەرگ ئاسا (گورگ ئاسا)،...هتد. بۆنمونە: (١٩١) زەلامی زاڵم وەرگ ئاسا ورئیستەو نیشتەی چەنی چیر دەسەكاش كەرۆ (پیاوی زاڵم گورگ ئاسا هەڵسوكەوت لەگەڵ ژێردەستەكانی دەكات).

**٢-٢ ئەو پاشگرانەی كەدەچنەسەر ئاوەڵكاری سادەو ئاوەڵكاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێكهاتەكەیان پێكدێ لە: ئاوەڵكاری سادە+ پاشگری وشەداڕێژ > ئاوەڵكاری داڕێژراو

١- پاشگری (-ی):-پاشگرێكی چالاكەو دەچێتە سەر كۆمەڵێك لە ئاوەڵكارەكانی شوێن و دایان دەڕێژێ و واتای شوێن دەگەیێنێ. وەكو: سەری (سەرێ)، ژووری (ژوورێ)،جبەری/بەری ( دەرێ)، واری (خوارێ)،...هتد. بۆنمونە: (١٩٢) واریا جبەری گزی مرۆ (واریا دەرەوە گسك دەدات).

٢- پاشگری (-انە):- پاشگرێكی چالاكەو دەچێتە سەر كۆمەڵێك لە ئاوەڵكارەكان و دایان دەڕێژێ و واتای چۆنیەتی و شێوە یان ڕێكخستن دەگەیێنێ. وەكو: هێمنانە (هێمنانە)، ژیرانە، توڕەییانە، مەردانە، ئازایانە،دلێرانە،...هتد. بۆنمونە: (١٩٣) واریان ژیرانە ویر كەرۆوە (واریان ژیرانە بیر دەكاتەوە).

**٣-٣-٢-٢-١-٣ ئەوپێشگرو پاشگرانەی كەدەچنەسەر ناو ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵكاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن. پێكدێن لە:**

**١-٣ ئەوپێشگرو پاشگرانەی كە دەچنەسەر ناوی سادەو ئاوەڵكاری داڕێژراوی دروست دەكەن .** شێوەی داڕشتنی پێكهاتەكەیان پێكدێ لە: پێشگر + ناوی سادە +پاشگر > ئاوەڵكاری داڕێژراو

١- پێشگری (بێ-) + ناو +پاشگری (-انە):- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵكاری داڕێژراوە چالاكەو دەكرێ لەڕێگەی ئەو پێشگرو پاسگرانەی كە دەچنەسەر ناوی سادە كۆمەڵێك ئاوەڵكاری داڕێژراو بەرهەم بهێنرێ. وەكو: بێ شەرمانە (بێ شەرمانە)،بێ باكانە (بێ باكانە)، بێ ئەقڵانە، بێ ویژدانانە، بێ حەیایانە/بێ ئابڕوانە (بێ ئابڕووانە)، ...هتد. بۆنمونە: (١٩٤) پەرپرسەكە بێ باكانە هەڵسوكەوتی كرد.

٢- پێشگری (بە-) + ناو +پاشگری (-ەتی/-یەتی):- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵكاری داڕێژراوە بە بەرهەمەو دەكرێ

لەڕێگەیـــەوە کۆمـــەڵێ ئاوەڵکـــاری داڕێـــژراو دروســـتبکرێ. وەکـــو: بـــەپیاوەتی، بەمێمانیـــەتی (بەمیوانیـــەتی)، بەڕەفیقایەتی/ بەبرادەریەتی (بەهاوڕێیەتی/بەبرادەریەتی)، بەبرایەتی، بەئازایەتی،...هتد. بۆنمونە:

(١٩٥) ئارێ بەمێمانیەتی ئامێنێ (ئەوان بە میوانیەتی هاتوون ).

٣- پێشـگری (بـە-) + نـاو +پاشـگری (-ایـەتی):- یاسـایەکی چـالاکە لەداڕشـتنی ئاوەڵکـاری داڕێـژراودا. وەکـو: بەقۆمایەتی (بەخزمایەتی)، بەکوردایەتی، بەئینسانایەتی (بەمرۆڤایـەتی)، بەدۆسـتایەتی، بەدوژمنایەتی،...هتـد. بۆنمونە: (١٩٦) ئارێ بەقۆمایەتی یاوا بەیۆی (ئەوان بەخزمایەتی دەگەن بەیەك).

٤- پێشگری (بێ-) + نـاو +پاشـگری (-ی):- ئـەم یاسـای داڕشـتنی ئاوەڵکـاری داڕێـژراوە چالاکەو کۆمـەڵێ ئاوەڵکـاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: بێکاری (بێکاری)، بێنانی (بێنانی)، بێ ڕایی (بێ ڕێیی)، بێ ئـاوی (بێ ئـاوی)، یێ هەرمانی (بێ ئیشی)، بێ کارەبایی،...هتد. بۆنمەنە:

(١٩٧) گەنجێ بێ هەرمانینە سەرەو ویشا هۆرگیرا (گەنجان لەبێ ئیشیدا سەری خۆیان هەڵدەگرن).

٣-٢ ئەو پێشگر و پاشگرانەی کە دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادە و ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن. شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگر + ئاوەڵناوی سادە +پاشگر > ئاوەڵکاری داڕێژراو

١-پێشگری (بە-) + ئاوەڵناو +پاشگری (-ی):- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵکاری داڕێژراوە زۆر چالاکە و دەتـوانرێ لـە ڕێگەیەوە کۆمەڵێ ئاوەڵکاری داڕێژراو بەرهەم بهێنـرێ، بـە زۆری واتـای چۆنیەتی وچـەندیەتی دەگـەێنن. وەکـو: بــەجوانی، بــەعالی (بەچــاکی)، بــەپاکی، بەیەواشــی (بەهێواشــی)، بەتیژی/بەســەریعی (بــەخێرایی)، بەپیســی، بەفرەیی (بـەزۆری)، بەکـەمی، بەدرێـژی، بـەقوڵی، بـەکوڵی (بـەکورتی)، بەگـەرمی، بەسـەردی (بەسـاردی)،...هتد. بۆنمونە:

(١٩٨) ئاروینـــــە بـــــەخاس جلـــــەکێش شـــــۆرتێنێ (ئـــــاروین بەباشـــــی جلـــــەکانی شـــــۆردووە).

(١٩٩) نەسرینە قوماشەکەش بەدرێژی بڕیەن (نەسرین قوماشەکەی بەدرێژی بڕیوە ).

٢- پێشـگری (بـە-) + ئاوەڵنـاو +پاشـگری (-ایی):- یاسایەکی چالاکەو دەتـوانرێ لەڕێگەیـەوە کۆمـەڵێ ئاوەڵکاری داڕێـژراو بەرهـەم بهێنـرێ، بـە زۆری واتـای چۆنیەتی وچـەندیەتی دەگـەێنن. وەکـو: بەدرێـژایی (بەدرێـژایی)، بەقوڵایی، بەبەرزایی، بەڕووناکایی، بەتاریکایی،...هتد. بۆنمەنە:

(٢٠٠) مرۆچەکێ بەتاریکای مەیاجبەر (مێروولەکان بەتاریکایی دێنە دەرەوە).

**٣-٢-٢-٢-٣ ئاوەڵکاری لێکدراو**

بریتییە لەو ئاوەڵکارەی کە لـەدوو مـۆڕفیمی سـەربەخۆی واتـادار یـان زیـاتر پێکهاتووە،کەدەشـێ ڕاسـتەوخۆ لێدرابێ یان بەهۆی مۆڕفیمەکانی خستنەسەرەوە پێکەوە بەستڕابێ.لەڕووی واتـاوە دەکـرێ ئـەرکی دیارخـەری کـار یـان ئاوەڵنـاو یـان ئاوەڵکـار ببینـێ،یـان ئـەرکی بـارودۆخ وپەیوەنـدی کـار بەلایەنـەکانی کـات و شـوێن،...هتد ڕوون دەکاتەوە.

٢-١ دووبارەکردنەوەی ناو > ئاوەڵکاری لێکدراو

١- ناو + ناو:- ئەم یاسایە چالاکە لە داڕشتنی ئاوەڵکاری لیکدراودا،کۆمـەڵێك ئاوەڵکار بەرهـەم دەهێنێ،کە واتـای شـێوە یـان ڕێکخستن و چـەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: پـۆل پـۆل (پـۆل پـۆل)، کۆمـەڵ کۆمـەڵ (کۆمـەڵ کۆمەڵ)، دەسە دەسە (دەستە دەستە)، بەش بەش، ڕیز ڕیز، چین چین، تاقم تاقم،...هتد. بۆنمونە:

(٢٠١) ژەرەژەکێ دەسە دەسە سەروهانەکەیۆ ئاوی وەراوە (کەوەکان دەستەدەستە لەسەر کانیەکە ئاو دەخۆنەوە).

٢- ناو +(-او-)+ ناو:- ئەم یاسایە بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لە داڕشتنی ئاوەڵکاری لیکدراودا دەکاو،کە واتـای شـێوە یـان ڕێکخسـتن و چـەندیەتی وچـۆنیەتی دەگـەیێنێ. وەکـو: چڵاوچـڵ، لەقاولـەق، دۆڵاودۆڵ (دۆڵاودڵ/ شیواوشیو)، وڵاووڵ (کوناوکون)، دەساودەس، دەماودەم،گوڵاوگوڵ، کۆڵاوکۆڵ (پۆلاوپۆل)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٠٢) ئارونە حیکایەتەکێش دەماودەم ژنێنە (ئاروین حیکایەتەکەی دەماودەم بیستووە).

٣- نـاو +(-ەو-)+ نـاو:- ئـەم یاسـایە چالاکەلە بەرهـەمهێنانی ئاوەڵکاری لیکـدراودا، کـە واتـای شـوێن و شـێوە یـان ڕێکخسـتن و چـەندیەتی وچـۆنیەتی دەگـەیێنێ. وەکـو: بانەوبان،کۆڵانـەوکۆڵان، شارەوشـار، یانەویانـە (ماڵـەو ماڵ)،...هتد. بۆنمونە: (٢٠٣) کاوەتربازەکە بانەوبان گێڵۆ (کۆتربازەکە بانەوبان دەگەڕێ).

٤- نـاو +(-بـە-)+ نـاو:- ئـەم یاسـایە چالاکەلە بەرهـەمهێنانی ئاوەڵکاری لیکـدراودا، کـە واتـای کـات و ڕێکخسـتن و چەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: کـۆڵان بـەکۆڵان (کـۆڵان بـەکۆڵان)، دەگابـەدەگا (دێ بـەدێ)، هـەنگام بـە هەنگام (هەنگاوبەهـەنگاو)، دەسبـەدەس، تـەوەن بەتـەوەن (بـەرد بەبەرد)،پابـەپا (پـێ بەپێ)،سـاڵ بەسـاڵ،...هتـد. بۆنمونە:

(٢٠٤) ئاویە کتێبەکەش دەس بەدەس پەنەیاوان (ئاویە کتێبەکەی دەس بەدەس پێگەیشتووە).

٥- نـاو +(-جـە-)+ نـاو:- ئـەم یاسـایە سستە لەبەرهـەمهێنانی ئاوەڵکاری لیکـدراودا، کـە واتـای کـات و ڕێکخسـتن و چەندیەتی وچۆنیەتی دەگەیێنێ. وەکو: پاجەپا (پێ لەپێ)، دەس جەدەس (دەس لەدەس)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٠٥) خواینەکەرە تا دەسۆجەدەسیش گیربۆ ( ڕابوەستە تا دەست لەدەستی گیردەبێ).

## ٢-٢ دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناو > ئاوەڵکاری لێکدراو

١- ئاوەڵناو + ئاوەڵناو:- ئەم ڕێگایە چالاکەو بەهۆیەوە کۆمەڵێك ئاوەڵکاری لێکدراو بەرهـەم دەهێنـرێ. وەکو:خـاس خـاس (بـاش باش)،عـال عال(چـاك چـاك)، جـوان جـوان، ورد ورد، زل زل/گـەورە گەورە(گەورەگـەورە)، کـوڵ کوڵ(کورت کورت)،..هتد. بۆنمونە: (٢٠٦) هەمیرەکەی خاس خاس شێلە (هەویرەکە باشاباش بشێلە).

٢- ئاوەڵنـاو +(-او-) + ئاوەڵنـاو:- ڕێگایـەکی کـەم بەرهەمـەو چـەند ئاوەڵکارێکی لێکـدراو بەرهـەم دەهێنـێ. وەکـو: گەرماو گەرم، دووراودوور، نزیکاو نزیك،...هتد. بۆنمونە:

(٢٠٧) شوانەکە دووراو دوور پەی بزەکاش مییۆ (شوانەکە دووراو دوور بۆ بزنەکانی دەڕوانێ).

٣- ئاوەڵناو +(-ە-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستەو چەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ.

وەکو:لارەلار،...هتد. بۆنمونە: (٢٠٨) تۆ کەم لارەلار کەرە (تۆ کەم لارەلار بکە).

٤- ئاوەڵناو +(-بە-) + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی سستەو چەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: دوور بە

دوور،...هتد. بۆنمونە:

(٢٠٩) تاتەکە دووربەدوور چەمداری زارۆڵەکاش کەرۆ (باوکەکە دووربەدوور چاو دێری منداڵەکانی دەکا).

٥- ئاوەڵنـاو +(-جـە-) + ئاوەڵنـاو:- ئـە م یاسـای دارشـتنی ئاوەڵکاری لێکـدراوە سسـتەو تـەنیا لەدارشـتنی چـەند ئاوەڵکارێکـدا رۆڵـدەبینێ. وەکو:پـاك جـەپاك (پـاك لـەپاك)،خاس جەخاس(چـاك لەچـاك)،پیس جـەپیس(پیس لەپیس)،..هتد.بۆنمونە: (٢١٠) حسابەکەما پاك جەپاك بی (حسابەکەمان پاك لەپاك بوو).

٣-٢ دووبارەکردنەوەی ئاوەڵکار > ئاوەڵکاری لێکدراو

١- ئاوەڵکار + ئاوەڵکار:- ئـە م یاسا چالاکەو دەکرێ لەرێگەیـەوە کۆمـەڵێك ئاوەڵکاری لێکدراو بەرهـەم بهێنـرێ. وەکو: دوور دوور، نزیـك نزیـك، زووزوو/تیژتیـژ (خێـرا خێرا)،پـەڕ پـەڕ(پڕپڕ)، یەکجاریـەکجار (ئێجگار ئێجار)، جارجار، تەمام تەمام (تەواو تەواو)،...هتد. بۆنمونە:

(٢١١) شنیا تەنکی ئاوەکیش پەڕپەڕ کەردەن (شنیا تەنکی ئاوەکەی پڕپڕ کردووە).

٢- ئاوەڵکـار + (-او-) + ئاوەڵکـار:- ئـە م یاسـا چـالاکەو دەکـرێ لەرێگەیـەوە کۆمـەڵێك ئاوەڵکـاری لێکـدراو بەرهـەم بهێنـرێ. وەکـو: پەشتاوپەشـت (پشتاوپشـت )، چێراوچـێر (ژێراوژێـر)، دووراودوور، هەرگێزاوهەرگێز،پەڕاوپـەڕ (پڕاوپڕ)،...هتد. بۆنمونە: (٢١٢) زارۆڵەکە پەشتاوپەشتی گێلاوە (منداڵەکە پشتاوپشت گەڕایەوە).

٣- ئاوەڵکـار +ەو +ئاوەڵکـار:- ئـەم ئایاسـایە تارادەیـەك چـالاکە لـە بەرهـەم هێنـانی ئاوەڵکـاری لێکـدراودا. وەکـو: پاشەوپاش،..هتد.

٤- ئاوەڵکار + بە + ئاوەڵکار:- رێگایەکی بە بەرهەمە لـە درووسـتکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: دوور بـەدوور، زووبە زوو، لابەلا،سەربەسەر،...هتد. بۆنمونە: (٢١٣) هەرمانەکێت زووبەزوو کەرە (ئیشەکەت زووبەزوو بکە).

٥- ئاوەڵکـار +ان +ئاوەڵکـار:- رێگایـەکی زۆرسسـتە تـەنیا چـەند ئاوەڵکـارێکی لێکـدراو بەرهـەم دەهێنـێ. وەکـو: سەرانسەر،...هتد. بۆنمونە: (٢١٤) ئی وڵاتە سەرانسەرش گرد ئاشوبا (ئەم وڵاتە سەرانسەری هەموو ئاژاوەیە).

٤-٢ دووبارەکردنەوەی ژمارە > ئاوەڵکاری لێکدراو

١- ژمارە +ژمارە:- ئەم یاسا یـە کـەم بەرهەمـەو چـەند ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: یۆیـۆ (یـەك یەك)، دووەدووەی (دوو دوو)، پەنج پەنج (پێنج پێنج)،...هتد. بۆنمونە:

(٢١٥) ئافرەتەکێ یەرەیەرەی ملا پەی حەیوان دۆشتەی (ئافرەتەکان سێ سێ دەچن بۆ ئاژەڵ دۆشین).

٢- ژمـــارە +او+ژمـــارە:- رێگایـــەکی سســـتە لەبەرهـــەم هێنـــانی ئاوەڵکـــاری لێکـــدراودا. وەکـــو: یەکاویـــەك، سەداوسەد،...هتد.بۆنمونە:

(٢١٦)پیاکە بەرهەمەکەش یەکاویەك زیاڎش کەردەن(پیاوەکە بەرهەمەکەی یەکاویەك زیادی کردووە).

٣- ژمارە +بە +ژمارە:- رێگایەکی بـە بەرهەمـەو کۆمـەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهـەم دەهێنـێ. وەکو: یۆبـەیۆ (یەك بەیەك)، دووێ بەدووێ (دووبەدوو)، دەبەدە،...هتد. بۆنمونە:

(٢١٧) گیرێکێ یۆبەیۆ وەردرێ (گیراوەکان یەك بەیەك بەردران).

٤- ژماره + جه + ژماره:- ڕێگایەکی چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: یۆجەیۆ(یەك لەیەك)، دویٚ بەدویٚ (دوولەدوو)، دەلەدە، سەوجە سەو (سەدلەسەد)...هتد. بۆنمونە: (٢١٨) زارۆڵەکێ ئا یانەیە یۆجەیۆی ژیرتەرو زیرەکتەرێنێ (منداڵەکانی ئەوماڵەیە یەك لەیەك ژیرترو زیرە کترن).

٢-٥ ناو + تا + ناو > ئاوەڵکاری لێکدراو

ناو + تا + ناو:- ڕێگایەکی تاڕادەیەك چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ. وەکو: شەوێ تابەیانی (شەو تا بەیان)، ڕۆ تا وێرەگا (ڕۆژ تا ئێوارە)،...هتد. بۆنمونە:

(٢١٩) ئاژوان ڕۆ تا وێرەگا سەعیەکەرۆ (ئاژوان ڕۆژ تا ئێوارە سەعی دەکات).

٢-٦ ئاوەڵکار + لە + ئاوەڵناو > ئاوەڵکاری لێکدراو

ئاوەڵکار + لە + ئاوەڵناو:- ڕێگایەکی زۆرسستە لەدروستکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: سەرجەنۆ (سەرلەنوێ)،...هتد. بۆنمونە: (٢٢٠) وەهار سەرجەنۆ گێڵاوە (بەهار سەرلەنوێ گەڕایەوە).

٢-٧ ئاوەڵکار+ ئاوەڵکار > ئاوەڵکاری لێکدراو

١- ئاوەڵکار + ئاوەڵکار:- ڕێگایەکی چالاکەو کۆمەڵێك ئاوەڵکارێکی لێکدراو بەرهەم دەهێنێ، واتای کات وشوێن دەگەێنێ. وەکو: دماجار (دواجار)، کۆتاجار (کۆتاجار)، سەوای بەیانی (سبەی بەیانی)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٢١) پەریا سەوای بەیانی دەرەجەکاش ورگیرۆوە (پەریا سبەی بەیانی نمرەکانی وەردەگرێتەوە).

٢- ئاوەڵکار+ ەو + ئاوەڵکار:-ڕێگایەکی سستە لەدروستکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: سەرەو وار(سەرەوخوار)،چێرو سەر (ژێراوژوور)...هتد. بۆنمونە:

(٢٢٢) بومەلەرزەکە یانەکیش چیروسەر کەردێنێ (بومەلەرزەکە خانووەکانی ژیروژور کردووە).

٣- ئاوەڵکار+ او + ئاوەڵکار:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمە لەدروستکردنی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: چیراوچێر (ژێراوژێر)، سەراوسەر،...هتد. بۆنمونە:

(٢٢٣) سیروان چیراوچێر چەنی سانەرەکەی ڕێك کەوتەن (سیروان ژێراوژێر لەگەڵ سێنەرەکە ڕێك کەوتووە).

٤- ئاوەڵکار + و + ئاوەڵکار:- ئەم یاسایە لەداڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراودا بەرهەمدارە. وەکو: سەرو وار (سەرو وژێر)، چیروسەر (ژێروژوور)، تێرو پەڕ (تێرووپڕ)، ئارۆ سەوای) ئەمڕۆو سبەی،...هتد. بۆنمونە:

(٢٢٤) سندوسە پەردەکەش سەرو وار ورواستەن (سندوس پەردەکەی سەروخوار هەڵواسیوە).

٥- ئاوەڵکار+ بەرەو + ئاوەڵکار:- ئەم ڕێگایە سستە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: سەر بەرەو وار (سەر بەرەوخوار)، سەربەرەوچێر (سەر بەرەوژێر)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٢٥) قەسابەکە سەربەرەو وار مەیەکیش کیشتێنە دار (قەسابەکە سەربەرەو خوارمەڕەکەی کێشاوەتەدار).

٦- ئاوەڵکار + نا + ئاوەڵکار:- بەشێوەیەکی چالاك بەشداری پێکهاتنی ئاوەڵکاری لێکدراو دەکات. وەکو: پارناپێرار (پار ناپێرار، ئارۆناسەوای (ئەمڕۆ نا سبەی)، بەیانی نا دووەبەیانی (بەیانی نا دوو بەیانی)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٢٦) ئاژوان بەیانی نا دووە بەیانی مێ پەی یانەیما (ئاژوان بەیانی نا دوو بەیانی دێ بۆ ماڵمان).

**٢-٨ ئاوەڵكار + ناو > ئاوەڵكاری لێكدراو**

**١- ئاوەڵكار+ ناو:- ئەم ڕێگایە سستە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵكاری لێكدراودا. وەكو: وەردەم (بەردەم)، وەربەرە (بەردرگا)، بندیوار، وەرسێبەر (بەرسێبەر)،...هتد. بۆنمونە: (٢٢٧) ئازاد بن دیوارەكەش كاڵا (ئازاد بن دیوارەكەی كێڵا). (٢٢٨) دەسەڵاتدارەكێ وەردەمشا مەوینا ( دەستەڵاتدارەكان بەردەمیان نابینن).**

**٢- ئاوەڵكار + و + ناو: تاڕادەیەك چالاكە لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵكاری لێكدراودا. وەكو: سەرو پای (لەسەرپێ)، چیروپای (لەژێرپێ)، چیرو باڵی (لەژێر باڵ)،...هتد. بۆنمونە:**

**(٢٢٩) ڕەنگینە سەروپایۆ قسەكێش كەردە (ڕەنگین لەسەرپێ قسەكەی كرد).**

**٣- ئاوەڵكار + و + ناوی لێكدراو: ڕێگایەكی تاڕادەیەك بەرهەمدارە. وەكو: سەرو پەیاو ویش (لەسەرپێی خۆی)،..هتد. بۆنمونە: (٢٣٠) ڕەنگینە سەروپەیاو ویشۆ مردێنەرە (ڕەنگین لەسەرپێی خۆی ڕاوەستاوە).**

**٢-٩ ئاوەڵناو+ بە + ناو> ئاوەڵكاری لێكدراو**

**ئاوەڵناو+ بە + ناو:- ئەم پاشگرە سستە لەداڕشتنی ئاوەڵكاری لێكدراودا. وەكو: پەڕبەدڵ (پڕبەدڵ)، پەڕ بەدەم (پڕبەدەم)،...هتد. بۆنمونە: (٢٣١) ئەیا پەڕبەدڵ زاڕۆش وەش گەرەكا (دایك پڕ بەدڵ منداڵی خۆش دەوێ).**

**٢-١٠ ژمارە + ئاوەڵكار(ناو) > ئاوەڵكاری لێكدراو**

**ژمارە + ئاوەڵكار (ناو):- ڕێگایەكی بەبەرهەمە لەدرووستكردنی ئاوەڵكاری لێكدراودا، بناغەی دووەمی هەندێ لەم وشە لێكدراوانە ناون بەڵام واتای كاتیش دەگەیێنن، بۆیە دەكرێ وەكو ئاوەڵكاری كاتیش ڕۆڵ ببینن. وەكو: یەكجار، یەك كەڕەت، دووەبەیانی (دووسبەی )، دووشەممە، نیمەڕۆ (نیوەڕۆ)، نیمەشەوێ (نیوەشەو)، یەكسەر، ...هتد. بۆنمونە: (٢٣٢) كەشەوانەكە دووەبەیانی ملۆ پەی كەشی (كەشەوانەكە دووبەیانی دەچێ بۆ شاخ).**

**٢-١١ ئاوەڵناو + و + وشەی بێواتا > ئاوەڵكاری لێكدراو**

**ئاوەڵناو + و + وشەی بێواتا:- ڕێگایەكی بەبەرهەمە لەدرووستكردنی ئاوەڵكاری لێكدراودا. وەكو: گورجوگۆڵ (گورجوگۆڵ)، خڕوخەپان، مات و مەلول،...هتد. بۆنمونە: (٢٣٣) زاڕۆڵەكە ماتومەلول نیشەنرە (منداڵەكە ماتومەلول دانیشتووە).**

**٢-١٢ بە + ئاوەڵناوی لێكدراو + ی > ئاوەڵكاری لێكدراو**

**بە + ئاوەڵناوی لێكدراو +ی:- ئەم یاسای داڕشتنی ئاوەڵكاری لێكدراوە تاڕادەیەك بەرهەمدارە. وەكو: بەدڵ مەرپای (بەدڵ شكاوی)، بەڕووسوری،بەسەربەرزی،بەسەرشۆڕی، بەچێردەستەیی(بەژێر دەستەیی)، بەدڵپاكی، بەدڵسۆزی،...هتد. بۆنەونە: (٢٣٤) محەممەد بەسەربەرزی كارتووناكەیش ورگێرتۆ (محەمەد بەسەربەرزی كارتی خوێندنەكەی وەرگرتەوە).**

**٢-١٣ وشەی (هەر) + ناو/ئاوەڵناو/ئاوەڵكار> ئاوەڵكاری لێكدراو**

**وشەی (هەر) + ناو/ئاوەڵناو/ئاوەڵكار:- بەشێوەیەكی چالاك بەشداری ئاوەڵكاری لێكدراو دەكەن. وەكو: هەر ڕوێ (هەر ڕۆژێ)، هەرساڵێ (هەرساڵێ)، هەر وەختێ، هەردەم...، هەریۆ(هەریەك)،هەردوی (هەردوو)...،هەرلا،...هتد.**

بۆنمونە: (٢٣٥) ئەیاوتاتە هەردەم خەیاڵشا نا لاو زارۆڵەکاشاوە (دایك وباوك هەردەم خەیاڵیان ئەوەتا بەلای مناڵەکانیانەوە).

٢-١٤ جێناوی نیشانە + ناو > ئاوەڵکاری لێکدراو

جێناوی نیشانە + ناو:-یاسایەکی بەرهەمدارە لە دارشتنی ئاوەڵکاری لێکدراودا، زیاتر واتای کات دەگەیێنێ. وەکو: ئیساڵ (ئەمساڵ)، ئارۆ (ئەمرۆ)، ئیجار (ئەمجار)، ئەوسا، ئاکاتە (ئەوکات)، ئاشەوە (ئەوشەو)،...هتد.

بۆنمونە:(٢٣٦) خەڵکی ئەوسا دڵش وەشبێ (خەڵك ئەوسا دڵی خۆش بوو).

٢-١٥ وشەی (چی/چەو) + ئاوەڵکار > ئاوەڵکاری لێکدراو

وشەی (چی/چەو (لەم/لەو) )+ ئاوەڵکار:- تارادەیەك چالاکن لەبەرهەم هێنانی ئاوەڵکاری لێکدراودا. وەکو: چی وەس (لەمبەر)، چەو وەس (لەوبەر)، چی لا (لەملا)، چەولا (لەولا)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٣٧) گەنمەکێ چی لای ئاویشا گەرەکەنە (گەنمەکان لەمەولا ئاویان دەوێ).

٣-٢-٢-٣ **ئاوەڵکاری دەستەواژەیی:-** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە لەدەستە واژەیەك پێکهاتبێ. واتە کۆمەڵە وشەیەك بێ و کاریان لەگەڵ نەبێ. (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤،ل١٤٨). ئەم یاسای دارشتنی ئاوەڵکاری دەستەواژەییانە چالاکن.

## ٣-٤ پۆلی کار

کار بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و واتای ڕوودان دەگەیێنێ لەڕووی پێکهاتنەوە لەمۆڕفیمی ڕەگ و کات و کەس پێکهاتووە. بەشە ئاخاوتنی کار بەپێچەوانەی وشە فەرهەنگیەکانی ترەوە فۆڕمی ڕێزمانی جیاواز دەبینێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە وشەکە ئاماژە بە کات وەکو ڕابردوو(ڕوت،بەردەوام،نزیك، دوور) یان ڕانەبردوو (ئێستا،ئایندە) دەکات. هەروەها لەڕووی ڕێژەوە ئاماژە بەڕاگەیاندن یان دانانی داخوازی دەکات، کەدەشێ ئەرێ یان نەرێ بێت، لەڕووی هێزەوە دەشێ تێپە یان تێنەپەربێ و کارا دیار یان نادیار بێ، بەڵام ئەوەی کەجێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە ئەم شێوە جیاوازانەی وشە لەڕووی ئەرکەوە هەمان ئەرك دەبینن، کە ئەرکی کارییە، هەروەها لەڕووی واتای گشتی یاخود بنەڕەتیەوە هەمان واتا دەگەیێنن، جگە لەواتای ڕێژەیی بوارە جیاوازە ڕێزمانیەکان. بۆنمونە کارێکی وەك ( سانام (سەندم) ) لەگەڵ بوارە جیاوازەکانی وەك ( مسانو (دەسێنم))، (سانۆ (بسێنێ) )، ( سانابیێشا ( بیان سەندایە))،...هتد، دەبینن. واتای سەرەکی ( سانا (سەند )لەهەمویاندا هەیە، هەموویان هەمان ئەرکی کار دەبینن و دەبنە سەرەی گرێی کاری (دیارخراو)، کەرەستەکانی تر دەبنە دیارخەری ئەم بوارە ڕێزمانیە جیاوازانەی کارەکە.

لەڕووی پێکهاتنەوە ناسادەیەو بچوکترین پێکهاتەی لەسێ مۆڕفیمی (ڕەگ،کات، کەس) پێکهاتووە، بەڵام هەندێکجار مۆڕفی کەسی دەرناکەوێ وەکو مۆڕفیمی کەسی سێیەمی تاك لەکۆمەڵە جێناوی(م،ین). بەڵام لەهەمان کاتدا مۆڕفیمەکە ڕۆڵ وئەرکەکەی ( کە ئاماژەدانە بەکەسی سێیەمی تاك) دەبینێ.بەڵام لەکاری

ڕابردووی تێپەڕدا نیشانەی بکەر (جێناوە لکاوە کەسیەکان ) دەبنە بەرکار، ئەمەش وادەکات کار لەبچوکترین پێکهاتەیدا لە دوومۆڕفیمی ڕەگ وکات پێکبێ. لەبەر ئەوە باری ڕێزمانی نابێتە هۆی دروستبوونی باری فەرهەنگی و وشەی نوێ بەرهەم ناهێنێ،چونکە مۆڕفیم (گیرەك)ە ڕێزمانیەکان وشە داناڕێژن و واتای فەرهەنگی وشە ناگۆڕن، بەڵکو واتای ڕیزمانی هەمان وشە دەگۆڕن.

کار بێجگە لەوەی کە واتای ڕوودان دەگەیێنێ ومۆڕفیمی ڕێزمانی کات وکەس و ژمارەی لەخۆگرتووە و بەخاسیەتی کار دادەنرێن، بەڵام لەهەمان کاتدا چاوگ و ناوی کاراو ناوی بەرکاری و...هتد،لەهەندێك لەو تایبەتمەندیانەدا بەشدارن، بەڵام کاری دیارو کاری نادیار دەکرێ وەکو تایبەتمەندیەکی گشتی کار دابنرێ.

کار لەڕووی پێکهاتنەوە ناسادەیە،چونکە لە مۆڕفیمێك زیاتر پێکهاتووە، هەروەها دەکرێ لە وشەی داڕێژراو جیا بکرێتەوە بەوەی کە ئەو گیرەکانەی بەشداری بچوکترین پێکهاتەی کاردەکەن، ڕێزمانین و واتای وشە ناگۆڕن. ئەمەش وادەکات پۆلێنکردنی کار لەزمانی کوردیدا جیاوازبێ لە بەشەئاخاوتنەکانی تر.

**٣-٤-١ پۆلێنکردنی کار لەڕووی پێکهاتنەوە**

**٣-٤-١-١ کاری بنەڕەتی:-** بریتییە لەو کارەی کە لەمۆڕفیمێکی ڕەگ ومۆڕفیمی ڕێزمانی کات وکەس یان زیاتر پێکدێ، کە واتای ڕوودانی کارێك بە ئەرێ یان نەرێ دەگەیێنێ و ئاماژە بە ئەنجامدەری کارەکە (بکەر دیار، بکەرنادیار) دەکات. وەکو: دارام (دێرام)، واردشا (خواردیان)، کیاناش (ناردی)، نویستت/نویستۆ (نوسیت)، ئاردشرە (دایهێنا)، زیان (ڕواوە)، زیابێ (ڕوابوو)، وریا (خورا)، نریۆ (دەنێژرێ)،...هتد.

لەشێوەی هەورامی دا مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی پێکدێن لە ئامرازی ناسراوی (ەکە) ونەناسراوی (ێ،ێوە (ێك)) ومۆڕفیمەکانی کاتی ڕابردوو(ا،د،ت،ی) وپلەی بەراوردوباڵا(تەر(تر)،ترین) و کۆ (ێ،ا (ان))،مۆڕفیمی بەردەوامی (ێ(دە)) و فرمان وداخوازی (ب)،مۆڕفیمی دۆخی کات (ێ،جە...نە (ێ،لە...دا)(محەمەد مەعروف فەتاح –سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦،ل٥٦).) ووك ڕوێ، جە ڕو ْنە (ڕۆژێ،لەڕۆژدا ) دۆخی شوێن (ێ،جە...نە (ێ،لە...دا(محەمەد مەعروف فەتاح –سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٦،ل٥٦) ) وەك دەگاێ،جە دەگانە (دێێ، لەدێدا)، مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ای) وکاتی ڕانەبردوو (ێ(ێ) )،مۆڕفیمی خستنەسەریان دانەپاڵ (و(ی)،ە) وەك باخوشمە(باخی ئێوە)،نوەیە سیاوێ (نۆکەڕەشە) ومۆڕفیمی لێکدان (و)،هەروەها مۆڕفیمی ڕەگەزی ناوی نێر(Ø) و ڕەگەزی مێ (ێ) مۆڕفیمی ڕەگەزی دۆخی بکەری لەکاری ڕابردووی نزیك و دووری ڕاگەیاندن و ڕابردووی ڕووت و نزیك ودووری دانانی تێنەپەڕ بۆ نێر(ە) و بۆمێ (ێ)،مۆڕفیمی دۆخی بەرکاری لە تێپەردا بۆڕەگەزی نێر (ە) و بۆ ڕەگەزی مێ (ێ)،هەروەها مۆڕفیمی ڕەگەزی دۆخی بکەری لەکاری ڕابردووی ڕووتی ڕاگەیاندنی تێنەپەڕ بۆ بکەر(Ø) و بۆمێ (ە)،مۆڕفیمی ڕەگەزی دۆخی بەرکاری لەتێپەڕدا بۆ نێر(Ø) و بۆ مێ (ە) یە. مۆڕفیمی نزیکی یان تەواو(ن (وە) ) و مۆڕفیمی دووری (بێ(وو)) لە کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن،هەروەها مۆڕفیمی کاری ڕابردووی دانانی ڕووت یان سادە (بیێ (با))، بەردەوام (ێ (ب...با) )، نزیك یان تەواو (ب (بێت)، دووری (بی...بیێ (بووبا)، مۆڕفیمی کاری ڕانەبردوو(داهاتو و ئێستا) ی نزیك (نە)،...هتد.

کاره بنەڕەتییەکان بەشێکی گرنگی وشەفەرهەنگیەکانی بەشەئاخاوتنی کار دادەنرێن، هەروەها بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی کاره داڕێژراو و لێکدراوه فەرهەنگیەکان هەژماردەکرێن، چونکه لەسەرئەم بنجانە بنیات نراون، کە مەودایەکی فراوان دادەپۆشن. هەروەها لەڕووی واتاشەوە، ئەگەرچی هەندێکجار مۆرفیمە وشەداڕێژەکان ئاراستەو واتای جیاواز یان پێچەوانه دەبەخشن، بەڵام کارەبنەڕەتییەکان هەڵگری واتای گشتی وسەرەکی کاره داڕێژراوەکانن.

**٣-٤-١-٢ کاری داڕێژراو:-** بریتییه لەو کارەی کە لەکارێکی بنەڕەتی و گیرەکێکی وشەداڕێژ یان زیاترپێکدێ. کە بەشێوەی پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان دەخرێنەسەری و دەبنە هۆی گۆڕینی پێکهاتەو واتای کاره بنەڕەتییەکە. کاره داڕێژراوەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی وگرنگی دەوڵەمەندکردنی وشە فەرهەنگیەکانی بەشەئاخاوتنی کار دادەنرێن، کە بەهۆی ئەم گیرەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن.

**٣-٤-١-٢-١ ئەو پێشگرانەی کە دەچنەسەر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنن،**پێکدێن له:

**١-١ ئەو پێشگره سادانەی کە دەچنە سەرکاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنن،** شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ له: پێشگری سادەی وشەداڕێژ + کاری بنەڕەتی > کاری داڕێژراو

(١) پێشگری (هۆر-/ور- (هەڵ-،وەر-) ):- پێشگرێکی یەکجار چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایان دەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ و بەزۆری واتای ئاراستەی بەرز وجوڵانەوە بەرەوژوور دەگەێنێ. ئەم پێشگره لەبنچینەدا شێوه (مۆرف)ەکەی بریتی بووه له (هۆر-) بەڵام بەهۆی سوانەوه گۆڕاوه بۆ (ور-)، هەروەها هەمان واتا دەگەێنن. وەکو: هۆرئاما/ورئاما (هەڵهات)، هۆرشی ورشی (هەڵچوو)، هۆرشدا/ورشدا (هەڵدا)، هۆروست (هەڵخست)، ورکەرد (هەڵکرد)، وردا (هەڵدا)، وربڕی (هەڵبڕی)، ورکێشت (هەڵکشا)، ور وەست (هەڵبەزی)،هۆردڕی (هەڵدڕی)،...هتد. هەروەهاهەندێك جار واتای پێچەوانەو هەڵگێڕانەوەو هەڵسوڕان دەگەێنێ. وەکو: وروێڵیا (وەرگەڕا)، ورشوگێڵنا (وەریگێڕا)، ورچەرەخیا (وەرچەرخا )، ورسوڕیا (وەرسوڕا)،...هتد.

هەروەها دەشێ چەند واتایەکی تریش بگەێنێ وەکو:

١- ئاراستەی نزمی جوڵانەوه بەرەوخوار. وەکو: ورڕێزا (هەڵوەری)، ورداریا (هەڵدێرا)،..هتد. بۆنمونه:

(٢٣٨) دارەکه گەڵاکەش هۆر ڕێزا (دارەکه گەڵاکەی هەڵوەری).

٢- ئاراستەی ئاسۆیی یان بەرەوچوون. وەکو: هۆرشکەرد (هەڵیکرد)، هۆرش کوا (هەڵکوتا )،...هتد. بۆنمونه:

(٢٣٩)پۆلیسەکه هۆرش کوا سەرو دزەکا (پۆلیسەکه هەڵیکوتایەسەر دزەکان).

٣- واتای پێچانەوەو کۆکردنەوه. وەکو: ورکەرد (هەڵکرد)، هۆرگێرت (هەڵگرت)،...هتد. بۆنمونه:

(٢٤٠) فیردەوسه یاگەکێش ورگێرته (فیردەوس جێگاکەی هەڵگرت).

٤- واتای کردنەوەو جیاکردنەوه. وەکو: لتکەرد (لەتکرد)، ورکەرد (هەڵکرد)، وردڕی (هەڵدڕی)، هورقڵێشیا (هەڵقڵیشا)،هۆرمت (هەڵڕشت)،...هتد. بۆنمونه:

(٢٤١) وارا پەتەو کۆلارەکەش ورکەردە (وارا پەتی کۆلارەکەی هەڵکرد).

٥- واتـــای زانـــین و ئاشـــکربوون، تـــەواوبوون. وەکـــو: هۆرئـــارد (هەڵهێنا)،...هتـــد. بۆنمونـــە:

(٢٤٢) وارا مەتەڵەکیش ورئاردە (وارا مەتەڵەکەی هەڵهێنا).

٦- واتای ئیشپێکردن وداگیرساندن. وەکو: هۆرکەرد (هەڵکرد)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٤٣) ئارۆ گلۆپەکەش ورکەرد (ئارۆ گلۆپەکەی هەڵکرد).

٧- واتای دروستکردن وچاککردن. وەکو: وربەست (هەڵبەست)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٤٤) ژیوا مەکینەکەش وربەست (ژیوا مەکینەکەی هەڵبەست).

٨- واتای تووڕەبوون. وەکو: هۆرشی،..هتد.بۆنمونە:(٢٤٥) واریا هەروێشۆ ورئاما (واریا هەرلەخۆیەوە هەڵچوو).

(٢) پێشگری (پەنە-(پێ-) ):- ئـەم پێشـگرە چالاکەو دەچێتە سـەر کۆمـەڵێك کـاری بنـەڕەتی و دایـان دەرێـژێ و کـاری دارێـژراویان لێ بەرهـەم دەهێنـێ، هـەروەها زۆرجـار ئامـاژە بەکەسـێك یـان شـتێك دەکـات، کەئـەرکی تەواوکـەردەبینێ وپەیوەنـدی بـەڕوودانی کارەکـەوە هەیـە. وەکـو: پەنەدا(پیدا)،پەنـەبی (پێبـوو)، پەنەشـی (پێچـوو)، پەنەکـەرد (پێکرد)،پەنـەمت (پێڕشـت)، پەنـە بـەرد (پێبرد)،پەنـەئارد (پێهێنا)،پەنەکـەوت (پێکەوت)،پەنەگێرت (پێگرت)، پەنەوست (پێخست)،...هتد. ئەم پاشگرە چەند واتایەك دەبەخشێ، وەك:

١- دیارخستنی هۆی ڕوودان.واتە دیارخستنی ڕێگا.

وەکو:پەنەکەرد(پێکرد)،پەنەبەرد(پێبرد)،پەنەوست(پێخست)،...هتد. بۆنمونە: (٢٤٦) سازیا گۆزەکیش پەنەوستە (سازیا گۆزەکەی پێخست ).

٢- واتای کامڵبوون وتەواوبوون و گونجان و بۆشیان دەگەیێنێ. وەکو: پەنەیاوا (پێگەیشت)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٤٧) هەنارەکە پەنە یاوان (هەنارەکە پێگەیوە).

(٢٤٨) نەوەشەکە دەرمانەکەش پەنەکەوت (نەخۆشەکە دەرمانەکەی پێکەوت).

٣- واتای ئیشکردن وداگیرساندن. وەکو: پەنەکەرد (پێی کرد)،پەنەبی (پێبوو)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٤٩) ئێر گلۆپەکەش پەنەکەرد (ئەم گلۆپەکەی پێکرد).

٤- واتای ماوەخایاندن دەبەخشێ. بۆنمونە: (٢٥٠) وەساکە فرەش پەنەشی (وەستاکە زۆری پێچوو).

(٣) پێشگری ( چەنە- (لێ-،تێدا-،تێڕا-،لێڕا-) ):- پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کـاری بنـەڕەتی و دایـان دەرێژێ و کاری دارێژراویان لێ دروست دەکا، ئەم پێشگرە زۆرجار ئامـاژە بەتەواوکـەر یـان بـەرکاری ڕوودانەکـە دەکـا، هـەروەها واتـای ئامـاژەدان بەئاڕاسـتەو جوڵانـەوەی کەسـێك یـان شـتێك لـەناوەوە دەدات. ئـەم پاشـگرە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە پێوەیـان دەلکێ، چونکە بەشداری لـە داڕشتنی وشـە لـە هەموو بوارە واتاییە جیاوازەکاندا ناکات. بۆنمونە دەکرێ بوترێ (ئاویش چەنەدا (ئاوی تێدا یـان ئـاوی تێـڕادا))، ( ئاویش چەنە ئاردە (ئاوی لێ هێنا))، بەڵام ناوترێ (*تیرەش چەنەدا (*تـیری تـێ دا) ) بـەڵکو دەوتـرێ (تـیرەش وەنەدا (تیری لێ دا)) یان (وەنـە) بەشـێوەی پاشگربێ ( تـیرەش داوەنـە (تـیری لێ دا) )، هـەروەها دەوتـرێ (وڵـەش

چەنەنە (کونی تیایە))،بەڵام ناوتریٚ( ★وڵەش چەنەبیە (★کونی لیٚ بوو))، بەڵکوو دەوتریٚ( وڵەش بییەنە (کونی تیٚ بوو)). ئەم پێشگرە بەشداری لە دارشتنی کۆمەڵێك وشەدا دەکاو کاری دارێژراویان لیٚ بەرهەم دەهێنی. وەکو: چەنەدا (لێدا/تێدا)، چەنەبەرد (لێبرد/ تێبرد)، چەنەکەرد (لێیکرد/تێداکرد)، چەنەوست (لێیخست)، چەنەمت (لێیرشت/تێدارشت)، چەنەشی (لێچوو/)، چەنەبیٚ (لێبوو/تێدابوو)، چەنەگێرت (لێگرت)، چەنەکەرد (لیٚ کرد، تێداکرد)،... هتد. هەروەها چەند واتایەك دەبەخشیٚ:

١- واتای ئامادەبوون وهەبوون و تەواوبوون.وەکو: چەنەنیا (لێنا)، چەنەبیٚ (لێبوو)،...هتد. بۆنمونە: (٢٥١) باخەکە هەنارش چەنەبیٚ (باخەکە هەناری تێدابوو).

٢- واتای لەیەکردن وهاوشێوە بوون. وەکو: چەنەشی (لێچوو)،...هتد بۆنمونە: (٢٥٢) چەنەش مشی (لێی دەچیٚ).

٣- واتای جیابوونەوەو لەدەستدان. وەکو: چەنەبی (لێبوو). بۆنمونە: (٢٥٣) تەنکیەکە ئاوەکیش چەنەمشۆ (تەنکیەکە ئاوەکەی لیٚ ئەچیٚ).

(٤) پێشگری ( وەنە-/-وەنە (لیٚ-) ) :-پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەرەتی و دایاندەرێژیٚ و کاری دارێژراویان لیٚ دروست دەکا، کە بەپێی بارودۆخ و بوارەواتاییە جیاوازەکان توانای دارشتنی هەموو کارێکی بنەرەتی نییە، لە رووی واتاوە زۆرجار ئاماژە بەتەواوکەر یان بەرکاری روودانەکە دەکا. هەروەها زۆرجار بەشێوەی پاشگر لەدارشتنی وشەکاندا بەشێوەی ئارەزوومەندانە بەکاردیٚ. وەکو: وەنەدا/داوەنە (لێدا)، وەنە کەرد/کەردوەنە(لێکرد)، وەنە وست (لێیخست)،...هتد.

**١-٢ ئەوپێشگرە ناسادانەی کەلە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگرە سادەکانی ( پۆ- (پیٚ-،تیٚ-،لیٚ-)،چە-/چۆ- (پیٚ-،تیٚ-،لیٚ-) ) لەگەڵ پاشبەندەکانی ( -رە (-دا، -را،-رۆ)،-نە (-دا،-تیٚ-) -وە (-وە) )پێکهاتوون** . شێوەی دارشتنی پێکهاتەکەیان پێکدیٚ لە: پێشگری ناسادەی وشەدارێژ + کاری بنەرەتی > کاری دارێژراو

(١) پێشگری ( پۆرە- (پێدا-،پێرا-) ):- پێشگرێکی زۆرچالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەرەتی و دایاندەرێژیٚ و کاری دارێژراویان لیٚ دروست دەکا، بەزۆری واتای ئاماژەدان بەشێوەی جوڵەی کەسێك یان شتێك کە ئەرکی تەواوکەر یان بەرکاری کارێك دەبینیٚ، دەدات. هەروەها بەشێوەی پاشگریش بەکاردیٚ. وەکو: پۆرەلوا/لوا پۆرە (پێداچوو)، پۆرەئاما / ئاماپۆرە (پێداهات)، پۆرەبەرد (پێدابرد)، پۆرەلوا (پێدارۆشت)،... پۆرە یاوا (پێراگەیشت)،پۆرەئاما (پێراهات)،... هتد. بۆنمونە:

(٢٥٤) جوەکیٚ ئاویش پۆرە ئامێنە (جۆگەکە ئاوی پێدا هاتووە). (٢٥٥) ئازاد پۆرە یاوا (ئازاد پێراگەیشت).

(٢) پێشگری ( پەوە-/پۆوە- (پێوە-) ):- پێشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەرەتی و دایاندەرێژیٚ و کاری دارێژراویان لیٚ دروست دەکا، بەزۆری واتای ئاماژەدان بەئاراستەو جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك کە ئەرکی تەواوکەر یان بەرکاری کارێك دەبینیٚ، دەگەیێنیٚ. هەروەها بە هەردوو شێوەو بەئارەززمەندانە بەکاردیٚ، بەهەمان شێوە بەشێوەی پاشگریش بەکاردیٚ. وەکو: پەوە دا/پۆوە دا/ داپۆوە/دا پەوە (پێوەدا)، پۆوە بی/پەوە بی/ (پێوەبوو)، پۆوەکەرد (پێوەکرد)، پەوەدریا (پێوەدرا)، پۆوەبەست (پێوە

بەست)، پەوەمەن (پێوەما)، پۆوەئاما (پێوەهات)، پۆوەمت (پێوەڕۆشت)، پۆوەلوا/پۆوەشی (پێوەچوو)،...هتد. بۆنمونە: (٢٥٦) دەسش پۆوەبی (دەستی پێوە بوو).

(٣) پێشگری (چەوە-/چۆوە- (تێوە-،لێوە-) ):-پێشگرێکی کەم بەرهەمەو دەچێتەسەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و دایاندەرێژێ وکاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا، بەزۆری واتای جوڵانەوەی کەسێك یان شتێك بەشێوەی ئاسۆیی یان لەناوەوە دەدات، کە ئەرکی تەواوکەر دەبینێ. هەروەها ئەم پێشگرە هەردووشێوەکەی (چەوە/چۆوە) بەئارەزوو مەندی و بێ جیاوازی بەکاردێ، بەهەمان شێوەش لە کاتی بەکارهێنانی بەشێوەی پاشگریش بەهەمان شێوە بەکار دێ. وەکو: چەوەتلیا/چۆوەتلیا/ تلیاچەوە/تلیاچۆوە (تێوەگلا)،چەوە پێچنا/پێچناچەوە (تێوەپێچا)، چەوەئاما (لێوە هات)،چۆوە بەرشی (لێوە دەرچوو)،...هتد. بۆنمونە: (٢٥٧) گجیەکەش هەڕەش چەوە تایا (کراسەکەی قوڕی تێوەگلا).

**١-٣ ئەو پێشگرە ناسادانەی کە لەئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگر(پێشبەند) ەکانی (دە، ڕە)لەگەڵ ژمارەی (یێك، یەك) دروست بوون. پێکدێن لە: ( تێك- (تێك-)، ڕێك- (ڕێك-) ).** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکە یان پێکدێ لە: پێشگری ناسادەی وشەداڕێژ + کاری بنەڕەتی > کاری داڕێژراو

(١) پێشگری ( تێك- (تێك-) ):- ئەم پێشگرە لەیەکگرتنی (دە+یەك)ەوە دروست بووە و دەچێتە سەر کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێدروست دەکات، بەزۆری واتای نەرێنی یەکگرتن و گرێدان و پێکەوە بەستن دەگەیێنێ. وەکو: تێکدا (تێکدا)، تێکشی (تێکچوو)،...هتد.

(٢) پێشگری ( ڕێك- (ڕێك-) ):- ئەم پێشگرە لە تێکەڵبوونی( ڕە+یەك)ەوە دروست بووە. بەزۆری واتای هاوسەنگی و هاوشانی و ڕێکبوون دەگەیێنێ، هەروەها واتای جوڵەو ئاڕاستەی جیاواز بەرەو ئاستێك یان خاڵێك دەدات. وەکو: ڕێکوست (ڕێکخست)، ڕێکبی (ڕێکبوو)، ڕێککەوت (ڕێککەوت)،...هتد.

**٣-٤-١-٢-٢ ئەوپاشگرانەی دەچنە سەر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنن.** شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێت لە: کاری بنەڕەتی+ پاشگری وشەداڕێژ > کاری داڕێژراو

(١) پاشگری( -رە (ڕا-،دا-،ڕۆ-) ):- پاشگرێکی یەکجار چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ، چەندین واتاو ئاڕاستەی جیاواز دەگەیێنێ، وەکواتای ئاڕاستەی ئاسۆیی و جوڵانەوە بەرەوشتێك دەبەخشێ. وەکو: کیشیارە (ڕاکشا)، ماڵارە (ڕامالی)،...هتد، کە چەند واتایێك دەبەخشێ وەکو:

١- ئاڕاستەی بەرزی یان ستوونی. وەکو: چلاکیارە (ڕاچەڵەکی)، مرداره (ڕاوەستا)،...هتد. بۆنمونە: (٢٥٨) زاڕۆڵەکە جە وەرمەنە چلاکیارە ( منالەکە لە خەودا ڕاچڵەکی ).

٢- ئاڕاستەی نزمی. وەکو: کیشیارە (ڕاکێشا)، وسترە (ڕاخست)، گێرترە (داگرت)، کەردرە (ڕۆکرد)...هتد. بۆنمونە: (٢٥٩) شنە سفرەکەش وسترە (شنە سفرەکەی ڕاخست).

٣- واتای فێرکردن. وەکو: ئاردرە (ڕاهێنا)، ئامانرە (ڕاهاتووە)،..هتد. بۆنمونە (٢٦٠) شەرمینە زارۆڵەکێش سەرو ڕەوشتی جەانی ئاردێنێرە (شەرمین منداڵەکانی لەسەر ڕەوشتی جوان ڕادهێناوە).

هەروەها پاشگری (-رە (ڕۆ-) ) بەشداری لە داڕشتنی ئەو کارە بنەڕەتیانە دەکات کە واتاو ئاڕاستەی جوڵانەوە بەرەوخوار دەگەیێنێ. وەکو: کەردرە (ڕۆکرد)، لوارە (ڕۆچوو)،...هتد. بۆنمونە: (٢٦١) کەشەکە لوانرە (شاخەکە ڕۆچووە).

هەروەهاپاشگری(-رە (دا-) ) بەشێوەیەکی چالاك لە داڕشتنی ئەو وشانەدا ڕۆڵدەبینێ، کە واتای ئاڕاستەی نزم وجوڵانەوە بەرەوخوار دەبەخشێ. وەکو: کەردرە (داکرد)، مترە (داڕشت)، نیارە (دانا)، ئاردرە (داهێنا)، وسترە (داخست)،داکەند،...هتد. هەروەها دەشێ ئەم واتا و ئاڕاستەجیاوازانەی خوارەوە بگەیێنێ:

١- واتای پوکانەوەوخراپبوون ولاوازبوون. وەکو: تەپارە (داتەپی)، وریارە (داڕما)، پلۆسیارە (داپلۆسی)،..هتد. بۆنمونە: (٢٦٢) کاڵەکەکە گەرمائێنە تەپانرە (کاڵەکەکە لەگەرمادا داتەپیوە).

٢- واتای دۆزینەوە یان دروستکردن. وەکو: ئاردرە (داهێنا)، مترە (داڕشت)،...هتد. بۆنمونە: (٢٦٣)پیویسی ژیانی هۆو ئاردەیرەو کەلوپەلەکا بیەن (پێویستی ژیان هۆی داهێنانی کەلوپەلەکان بووە).

٣- ئاڕاستەی ئاسۆیی. وەکو: وسترە (داخست)،...هتد. بۆنمونە: (٢٦٤) شنیا بەرەکەش وسترە (شنیا درگاکەی داخست).

٤- واتای جیاکردنەوەو دوورکەوتنەوە. وەکو: بڕیرە (دابڕی)، کەندرە (داکەند)،...هتد. بۆنمونە: (٢٦٥) پشوەو هامنێ تەلەبەکا جەیۆی بڕۆرە (پشووی هاوین قوتابییەکان لەیەك دادەبڕێ).

٥- واتای قەڵەوی. وەکو: بەسترە (دابەست)، گێرترە (داگرت)،..هتد. بۆنمونە: (٢٦٦) گۆشتەکە هنو حەیوانی بەسترەین (گۆشتەکە هی ئاژەڵی دابەستەیە).

٦- واتای دواتر.وەکو: ئامترە (داهات)،...هتد. بۆنمونە: (٢٦٧) وێرەگا ئامارە (ئێوارە داهات).

(٢) پاشگری (-نە (تێ-) ):- پاشگرێکی یەکجارچالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا، هەروەها زۆرجار ئاماژە بە واتای ڕوودان بەرەو کەسێك یان شتێك دەکات، یان واتای ڕوودان بەرەو بەرکارو ئاماژەدان بە بەرکار یان تەواوکەری کار دەکات. وەکو: دانە (تێدا)، زانە (تێزا)، وستنە (تێخست)، کەوتنە (تێکەوت)، بەردنە (تێبرد)، کەردمنە (تێمکرد)، لوانە (تێچوو)،...هتد. هەروەها چەند واتایەك دەگەیێنێ:

١- وتای هەڵکردن وناکاوی. وەکو: کەوتنە (تێکەوت)،...هتد. بۆنمونە: (٢٦٨) ئومێد جە قسەکەردەینە گنۆنە (ئومێد لەقسەکردندا تێدەکەوێ).

٢- بەکاربردن یان بەکارهێنان وسەرفکردن. وەکو: شیەنە (تێچوو)،...هتد. بۆنمونە (٢٦٩) یانەکە فرەش شینە(خانووەکە زۆری تێچوو).

(٣) پاشگری(وەنە-(لێ) ):-پاشگرێکی چالاکەو دەچێتەسەر کۆمەڵێکی زۆر کاری بنەڕەتی و دایاندەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ دروست دەکا، کە بەپێی بارودۆخ و بوارەواتاییە جیاوازەکان توانای داڕشتنی هەموو کارێکی بنەڕەتی نییە، لە ڕووی واتاوە زۆرجار ئاماژە بەتەواوکەر یان بەرکاری ڕوودانەکە دەکا. وەکو: داوەنە (لێدا)، کەردوەنە (لێکرد)، وست وەنە (لێیخست)،...هتد. بۆنمونە: (٢٧٠) ئاویە دارش داوەنە (ئاویە داری دالێی).

(٤) پاشگری(-ەوە):- ئەم مۆرفیمە وەکو گیرەکێکی وشەداڕێژ بەشداری لەداڕشتنی هەندێك کاری بنەڕەتی و ڕەگ دەکات و دایان دەڕێژێ و کاری داڕێژراویان لێ بەرهەم دەهێنێ. ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ئەوەی وەکو پاشگرێکی ڕێزمانی واتاو ئەرکی دووبارە کردنەوە بەکار دەبەخشێ، بەڵام لەداڕشتنی هەندێك کاردا ڕۆڵی وشە داڕشتن دەبینێ. مۆرفەکەی بەچەند شێوەیەك دەردەکەوێ وەکو(-ۆ،-وە،-ەوە (-ۆ،-وە،- تەوە، -یەوە،...هتد) )، کە هەندێ وشە جگە لەلایەنی فۆنۆلۆژی تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە لەوەرگرتنی ئەم مۆرفانەدا، بۆنمونە وشەیەکی وەك ( وارد (خـــوارد)) مـــۆرفی (وە) وەرنـــاگرێ، بـــەڵکو مـــۆرفی (ۆ) ی لەگـــەڵ بـــەکاردێ. ئەم پاشگرە وتای جیاواز دەگەیێنێ وەك:

١- ئاڕاستەی نزمبوونەوە و کەوتنەخوارەوە. وەکو: وەربیوە /وەربیۆ (بەربووەوە/بەربوویۆ)،...هتد. بۆنمونە: (٢٧١) کوڕەکەشا سەرو بانیوە وەربیوە (کوڕەکەیان لەسەر بان بەربووەوە).

٢- واتای شلەمەنی. وەکو: واردۆ(خواردۆ/خواردەوە)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٧٢) ئارێ شەربەتەکیشا واردۆ (ئەوان شەربەتەکەیان خواردەوە).

٣- واتای سەرکەوتن. وەکو: بەردۆ(بردۆ/بردەوە)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٧٣) شمە گەمەکەتا بەردۆ (ئێوە یاریەکەتان بردەوە).

٤- واتای ڕەفتار. وەکو: کردەوە،...هتد. بۆنمونە: (٢٧٤) خاسەکەردەی چەنی ئەیاوتاتەی یۆن جە کردەوە گەورەکا (چاکەکردن لەگەڵ دایك وباوك یەکێکە لەکردەوە گەورەکان).

٥- واتای ئەنجامدانی کارێك. وەکو: کۆبیۆ/کۆبیوە (کۆبووەوە)، واناوە (خوێندۆ/خوێندەوە)،...هتد. بۆنمونە: (٢٧٥) مەیەکێ پەچەکەنە کۆبیێنێوە (مەڕەکان لە پەچەکەدا کۆبوونەتەوە).

٦- گۆڕینی واتای ڕەگ و واتای تەواوبوون. وەکو: چەنەبیۆ/چەنەبیوە (لێبوەوە/لێبوویۆ)،ورگێڵاوە (هەڵگەڕاوە/ هەڵگەڕایۆ)،...هتد. بۆنمونە: (٢٧٦) ورەشەرەکە جە پەیمانەکێش ورگێڵاوە (فرۆشەرەکە لەپەیمانەکەی هەڵگەڕاوە).

٧- بەخشینی واتای جیاواز بەڕەگی چاوگە واتا ناڕوونەکان. وەکو: سەیاوە (حەسایۆ/حەسایەوە)، ویەردۆ (بوورایۆ/ بورایەوە)،...هتد. بۆنمونە: (٢٧٧) ڕاویارەکە سێبەرەکێنە سەیاوە (ڕاویارەکە لە سێبەرەکەدا حەسایەوە).

(٥) پاشگری ( نا (-اند) ):- ئەم پاشگرە ناسادەیەو جگە لەئەرکی ڕێزمانی کات و تێپەڕی، کە دەچێتە سەر ڕەگی کارە تێنەپەڕەکان و دەیانکاتە کاری تێپەڕ، دەشێ وەکو پاشگرێکی وشەداڕێژی سست ڕۆڵی داڕشتنی هەندێ بنچ

یان ڕەگ و کاری بنەڕەتی ببینیّو بیانکاتە کاری داڕێژراو، واتای جۆراوجۆریان پێ بگەیێنێ، کەهەندێجار بەشە ئاخاوتنەکەشیان دەگۆڕێ.

بیر بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی فۆڕم و ئەرکی ئەم پاشگرە ناسادەیە وەکو دەربارەی شێوەی پێکهاتەکەی کە چەند شێوەیەکیان دەست نیشان کردووە. وەکو ( نا (اند)، نای (اندن)، ن (ند)،...هتد))، هەروەها بیرو ڕای جیاواز دەربارەی ئەرکەکەی هەیە لەناو زمانەوانانەدا، بەوەی کە ئەم پاشگرە لەبەرئەوەی ئەرکی ڕێزمانی مۆڕفیمی کات و تێپەڕی دەبینێ مۆڕفیمێکی ڕێزمانیە، لەهەمان کاتدا هەندێك لەزمانەوانان بەگیرەکی وشەداڕێژی دادەنێن بەوەی بەشداری لەداڕشتنی هەندێك وشە دەکات و واتاکەیان دەگۆڕێ.

لەبەرئەوە دەبێ ئەم پاشگرە بەپێی ئەو واتا و ئەرکەی کەلە داڕشتنی وشەکاندا دەیبینێ، پۆلێنبکرێ بۆ ڕێزمانی یان وشەداڕێژ، چونکە دەشێ ئەرکی ڕێزمانی ببینێو پاشگرێکی ڕێزمانی بێ یان ئەرکی وشەداڕشتن ببینێ و گیرەکێکی وشەداڕێژبێ. وەك لەم داڕشتنانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ ئەرکی داڕشتن دەبینێ. وەکو: دمنا (دەماند)، لاونا (لاواند)، چەسپنا (چەسپاند)،...هتد.

**٣-٢-١-٤-٣ ئەوپێشگرو پاشگرانەی کە دەچنەسەر کاری بنەڕەتی و کاری داڕێژراوی لێ بەرهەم دەهێنن،** کەلەڕووی پێکهاتەو واتاوە جیاوازە لە کارە بنەڕەتیەکە. شێوەی داڕشتنی پێکهاتەکەیان پێکدێ لە: پێشگری وشەداڕێژ +کاری بنەڕەتی +پاشگری وشەداڕێژ > کاری داڕێژراو

١- (چەنە-) + کاری بنەڕەتی + (-رە،-ۆ/-وە) :- ئەم یاسای داڕشتنی کاری داڕێژراوە بەبەرهەمەو بەهۆیەوە کۆمەڵێك کاری داڕێژراو بەرهەم دەهێنرێ،بەزۆری واتای ئاراستەی جوڵانەوە بەرەو کەسێك یان شتێك دەدات. وەکو: چەنەئامارە (لێڕاهات)، چەنەمەنەرە (لێداما)،چەنەکەردرە (لێ داکرد)، چەنەوستۆ (لێ خستۆ)، چەنەبەردۆ(لێ بردۆ)،...هتد.

٢- (پەنە-) +کاری بنەرەتی +(-رە،-ۆ/وە):- ئەم ڕێگایە چالاکە لە دروستکردنی کاری داڕێژراودا. وەکو: پەنەکەردرە (پێداکرد)، پەنەوسترە (پێداخست)،پەنەئاردرە (پێداهێنا)، پەنەنیارە (پێدانا)، پەنەبەردۆ (پێبردەوە)،...هتد.

٣- (پۆرە-، پۆوە-) + کاری بنەڕەتی + (-رە،-ۆ/-وە):- ڕێگایەکی چالاکە لەبەرهەمهێنانی کاری داڕودا.وەکو: پۆرۆئاماوە (پێداهاتەوە)، پۆرە کیاناوە (پێداناردەوە)..، پۆوە بیەوە (پیوەبوویەوە)، پۆوە لوارە (پێوە داچوو)،...هتد.

٤- (وەنە-) + کاری بنەڕەتی + (-رە،-ۆ/-وە):- ئەم یاسایە بەرهەمدارە لە دروستکردنی کاری داڕێژراودا.وەکو: وەنەش کەوتۆ(لێی کەوتەوە)، وەنەوستۆ(لێخستەوە)، وەنەوسترە (لێداخست)،..هتد.

٥- (هۆر-) + کاری بنەڕەتی + (-ۆ/-وە،-نە):- ئەم ڕێگای داڕشتنی کاری داڕێژراوەش بەرهەمدارە. وەکو: هۆرئێستۆ (هەڵسایەوە/هەڵسایۆ)، ورلواوە (هەڵچووەوە)، ورش متنە (هەلی تێداڕشت)، ورش چەنەوستۆ (هەلی تێداخستەوە)،..هتد.

**٣-٤-١-٣ کاری لێکدراو**

بریتیە لەو کارەی کە لەکارێکی بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراو کەرەستەیەکی زمانی وەك (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ئامراز،...هتد) پێکدێ. ئەو کەرەستانەی کە بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەمان پێك دەهێنن ڕۆڵی گرنگ دەبینن،لە بەخشینی واتاو ئاڕاستەی جیاواز بەبەشی دووەمی کارەکە، هەروەها لەڕووی ئەرکەوە دەبنە دیارخەر، کەرتی دووەمیش دەبێتە دیارخراو ئەرکی سەرەی فرێزە کاریەکە دەبینێ. ئەو کەرستانەی بەشداری پێکهاتەی  کاری لێکدراو دەکەن لەگەڵ ئەوەی ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆو بەیاریدە دەبینن بەڵام نابنە بەرکار، چونکە ناکرێ بەجێناو جێگیربکرێن، هەروەها تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو کارانەی کەلەگەڵیان دێن یان ئەو کەرستانەی جێیان دەگرنەوە. کارەلێکدراوەکان واتاکەیان لەکۆی واتای هەردوو کەرتەکەوە بەرهەم دێ وهەردوو بناغەکە گرنگن لەپێکهێنانی واتاکەدا، هەروەها لەڕووی هێزەوە دەشێ تێپەڕ یان تێنەپەڕبن. هەروەها ئەو کارانە ژمارەیان سنووردارەو پۆلێکی داخراون وەکو: (کەرد (کرد)، گێرت (گرت)، دا، کۆت (کەوت )، گێڵا (گەڕا)،...هتد )، هەروەها  کارەکانی ( وارد (خوارد)، ئارد (هێنا)،...)).

**٣-٤-١-٣-١ پۆلێنکردنی کاری لێکدراو لەڕووی واتاوە**

**١- کاری لێکدراوی ڕووداو گەیێن:-** بریتییە لەو کارەی کەڕووداوێك دەگەیێنێ کەدەشێ کارەکە لەلایەن کەسێك یان شتێکەوە ئەنجام بدرێت. واتە بکەرەکەی ڕۆڵی کارا ببینێ یان کارەکە لەلایەن کەسێك یان شتێکی ترەوە ئەنجام بدرێو بکەرەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی لەڕوودانەکە نەبێ و تەنها بکەرێکی ڕێزمانی بێ. بۆ نمونە:(٢٧٨) هەورامان  بزڵەکەش ئاوی دا (هەورامان کاربلەکەی ئاودا).

(٢٧٩)  بۆیەکە ئاوەکێش ڕەنگ کەردە (بۆیەکە ئاوەکەی ڕەنگ کرد ).

لەڕستەی (٢٧٨) دا (هەورامان) بکەری ڕستەیەو کارایە، کەکارێکی ئەنجامداوە، بەڵام لە ڕستەی (٢٧٩) دا (بۆیە) بکەری ڕێزمانیە بەڵام کارا نیە، چونکە هیچ دەستی لەڕوودانی کارەکەدا نیە، واتە جوڵەی نییە، بەڵام سەرچاوەی کارەکەیە.

**یاساکانی بەرهەمهێنانی کاری لێکدراوی ڕووداو گەێن پێکدێ لە:**

١-  ناو + کار > کاری لێکدراو

ناو + کار:- ڕێگەیەکی زۆرچالاکەو دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێکی زۆر کاری لێکدراوی ڕووداوگەێن بەرهەم بهێنرێ. ئەو ناوانەی کەبەشداری ئەم داڕشتنەدەکەن ناوی گشتین، چونکە ناوی تایبەتی توانای داڕشتنی کاری لێکدراوی نییە. ئەم کارە لێکدراوانە کەرتی یەکەمیان لەشێوەی بەرکاری ڕاستەوخۆدا دەردەکەوێ، بەڵام لەبەر جیادەکرێتەوە بەوەی کەناوێك یان چەند ناوێکی کەم دەتوانن لەشوێنیدا بەکار بهێنرێن، تەنانەنەت هەندێ کاتیش وشەی جێگرەوەی  نییە، هەروەها کارەکانیش لە چەند کارێك تێناپەڕێ، کە دەگونجێ لەهەندێ وەختدا لە شوێن یەکتری بەکاربهێنرێن یان لە هەندێ پێکهاتەدا نەشێ کارەکەی بگۆڕدرێ  ئەم کارە لێکدراوانەش زۆرجار کەرستەکانیان لەیەکتری دەترازێن. وەکو: تەماشەکەرد (تەماشاکرد)، ئاویدا (ئاودا)، سەرشدا(سەریدا)،

ڕادا (ڕێ دا)،لەمەش وستە (سکی خست)، بەرش وست (بەری خست)، خەیاڵ کەوتۆ (خەیاڵ کەوتنەوە)،...هتد.
بۆنمونە: (٢٨٠) محەمەد حەیوانەکەش ڕادا (محەمەد ئاژەڵەکەی ڕێ دا) .

٢- ئەو وشانەی کەبەتەنیا بەکار ناهێنرێن یان واتایان ڕوون نییە + کار< کاری لێکدراو

ئەو وشانەی کەبەتەنیا بەکار ناهێنرێن یان واتایان ڕوون نییە + کار:- ئەم یاسای داڕشتنی کاری لێکدراوە چالاکە لەبەرهەم هێنانی کرداری لێکدراوی ڕووداوگەێندا، کە کەرتەکانیان لەیەکتری دەترازێن وکەرستەی تریش دەچێتە نێوانیانەوە. وەکو: توشکەرۆ (توش دەکا)، توشکەرد (توشکرد)، وازش ئارد (وازی هێنا)، وەیش کەرد (بەخێوی کرد)، خەساردا (بەفیڕۆدا)،...هتد. بۆنمونە: (٢٨١) ژیوا زاڕۆڵە خاس وەی کەرۆ (ژیوا منداڵ باش بەخێو دەکا).

٣- فرێزی بەند +کار > کاری لێکدراو

فرێزی بەند+ کار:- ئەم یاسایە لەداڕشتنی کاری لێکدراودا چالاکەو کۆمەڵێك کاری لێکدراوی ڕووداوگەێن بەرهەم دەهێنێ، هەروەها کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن. وەکو: بەقسێ ئارد (بەقسە هێنا)، وەی کەرد (بەخێوکرد)، خەساردا (خەساردا/ بەفیڕۆدا)، خەسارکەرد (خەسارکرد)، هیلاك مشۆ (بەهیلاك دەچێ)، جە هەرمانە گۆت،جەپا وزۆ (لەپێ دەخا)،جەباربەرۆ (لەباردەبا)، جە باەش گێرتەی (لە باوەش گرتن)، بەشو دای/ بەمێرد دای (بەشودان/ بەمێرد دان)،...هتد. بۆنمونە: (٢٨٢) زوڵم و ستەم هیواو ژیوای جەپا وزۆ (ستەم هیوای ژیان لەپێ دەخا ).

٤- کار + ناو > کاری لێکدراو

کار + ناو:- ئەم ڕێگای دروستکردنی کاری لێکدراوی ڕووداو گەێنە بەرهەمدارە، کە کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن. وەکو: مارۆوە ویر/ مارۆوە یاڎ (دەهێنێتەوە بیر/ دەهێنێتەوە یاد)، وزۆوە ویر (دەخاتەوە بیر)،...هتد. بۆنمونە: (٢٨٣) هۆرامان ویرو زاڕۆڵەیم مارۆوە یاڎ (هەورامان بیرەوەری منداڵیم دەهێنێتەوە یاد).

٥- کار + ئاوەڵکار > کاری لێکدراو

کار + ئاوەڵکار:-ئەم یاسای دروستکردنی کاری لێکدراوی ڕووداو گەێنە بەرهەمدارە. ئەم تەواوکەرانە (بناغەی دووەم) ئەگەر لەپێش کارەوە بێن بەشێوەی گرێی بەند دەردەکەون، بەڵام کاتێك دەکەونە دوای کار بەشێوەی ناو ئاوەڵکار دەردەکەون و کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن. وەکو: ملۆوە سەر (دەچێتەوەسەر)، مێوە چێر (دێتەوەژێر)، لواوە دڵێ (ڕۆشتەوەناو)، ئاردۆ وار (هێنایەوەخوار)،..هتد. بۆنمونە: (٢٨٤) هەورامان ماۆوە سەرو مامۆیش (هەورامان دەچێتەوە سەر مامی).

٦- ئاوەڵکار + کار > کاری لێکدراو

ئاوەڵکار + کار:- ئەم ڕێگایە چالاکە لە دروستکردنی کاری لێکدراوی ڕووداو گەێندا، کە کەرتەکانیان لەیەك ناترازێن، وەکو: سەروست (سەرخست)،وەڵێ کەوت/پێشکەوت (پێشکەوت)، سەرگێرت (سەرگرت)،

سەركەوت،بەركەرد (دەركرد)، دماكەوت (دواكەوت)،...هتد. بۆنمونە: (٢٨٥) محەمەد گەمەكەش سەروست (محەمەد گەمەكەش سەروست).

**٢- كاری لێكدراوی بارگەێن:-** بریتییە لەو كارەی كەبارێك یان سیفەتێك دەگەێنێ. بكەری ئەم كارانە دەستی لەئەنجامدانی ڕووداندا نییە،جا جوڵەی هەبێ یان نەیبێ، چونكە بكەرەكە كەسێك یان شتێك نییەكارێك بكات، بەڵكو بارێك دەردەخا. واتە بكەری ڕستەكە كاری ئەنجام نەداوە،جاتوانای ئەنجامدانی كاری هەبێ یان نەیبێ.

بۆنمونە: (٢٨٦) گۆمەكێ كەوێ بێ (گۆمەكە شین بوو).

هەروەها دەشێ جگەلەكاری (بی (بوو) ) كاری تریش بەشداری لەگەیاندنی بار یان سیفەتی كەسێك یان شتێك بكەن. بۆنمونە: (٢٨٧) زاڕۆڵەكە نەوەشكەوت (منداڵەكە نەخۆشكەوت ). (٢٨٨) گۆڵچیەكە بێهۆش كەوت (گوڵچییەكە بێ هۆشكەوت). (٢٨٩) نازدارە جە توڕەینە سوور هۆرگێڵێنە (نازدار لەتوڕەیدا سوورهەڵگەڕاوە).

ئەم ڕستانەش بەهەمان شێوە بكەرەكانیان كارا نین، واتە دەستیان لەڕوودانی و بەجێگەیاندنی كارەكاندا نییە، بەڵام كارەكانیان بارێك یان سیفەتێك دەدەنە پاڵ بكەرەكانیان.

**ئەو كارانەی كەبار یان سیفەتی كەسێك یان شتێك وەك خۆی دەردەخەن،پێكدێن لە:**

١- ئاوەڵناو + كاری ( بی (بوو) ):- ئەم یاسای داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەێنە زۆرچالاكەو دەتوانرێ بەهۆیەوە كۆمەڵێكی زۆر كاری لێكدراو بەرهەم بهێنرێ، كە بەزۆری ئاوەڵناوی چۆنیەتی لەم داڕشتنەدا ڕۆڵدەبینێ. وەكو: جوانبی (جوانبوو)، خاسبی (باشبوو)، ڕرێكبی (ڕێكبوو)، قەڵەوا (قەڵەوە)، شیرین بۆ (شیرین دەبێ)، بێگیانبێ (بێگیان بوو)، ناشیرینا (ناشیرینە)، چڵكنا (چڵكنە)، ورگنبۆ (ورگن دەبێ)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٩٠) ژیوا زاڕۆڵێ زەریفا (ژیوا زاڕۆڵێ زەریفا).

٢- ئاوەڵكاو + كاری (بی (بوو) ):- ئەم یاسایە چالاكە لە داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەێندا و دەتوانرێ بەهۆیەوە كۆمەڵێكی زۆر كاری لێكدراو بەرهەم بهێنرێ،هەروەها خاسیەتی وباری كات وشوێن و...هتد، ناوەكە دەردەخا. هەندێ لەم ئاوەڵكارانە دەكرێ پێشبەندی ( جە(لە)) تیایاندا بكرتێنرێ بەتایبەتی لەدەمی ڕابردوودا. وەكو: فرەن (زۆرە)، فرەبێ (زۆربوو)،نەختێوەن (نەختێكە)،سەرۆبێ (لەسەرەوەبوو)، جەسەرۆن (لەسەرۆیە/ لەسەرەوەیە)، جەوارۆن (لەخوارەوەیە)،جەجبەرۆ بێ/ جبەرۆبێ (لەدەرەوەبوو)، دلێوەبێ (لەناوەوەیە)، دلێڕاسەنەبی (لەناوەڕاستدابوو)،...هتد.

بۆنمونە: (٣٦٤) سەرچەمەكە سەرۆبێ (سەرچاوەكە لەسەرەوە بوو).

٣- فرێزی بەند + كاری (بی (بوو) ):- ئەم ڕێگای داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەێنە چالاكەو دەتوانرێ بەهۆیەوە كۆمەڵێ كاری لێكدراو بەرهەم بهێنرێ. وەكو: بەئاگابێ (بەئاگابوو)، بەهێزبێ/بەقووەتبێ (بەهێزبوو/بەقووەتبوو)، بەتوانان (بەتوانایە)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٩١) وەختێ ئازاد وت هەڵای ئاژوان بەئاگابێ (وەختێ ئازاد خەوت هێشتا ئاژوان بەئاگابوو).

٤- ناوی ڕەنگەكان + كار:- ئەم ڕێگای داڕشتنی كاری لێكدراوی بارگەێنە تاڕادەیەكرچالاكەو دەتوانرێ

بەهۆیەوە هەندێ کاری لێکدراو بەرهەم بهێنرێ، بەزۆری کاری ( کەرد (کرد) )ڕۆڵی ئەم داڕشتنە دەبینێ. وەکو: سەوزکەرۆوە (سەوزدەکاتەوە)، سوورکەرۆوە (سووردەکاتەوە)، کەوەکەرێوە (شینی دەکردەوە)، چەرمە کەرۆوە (سپی دەکاتەوە)،...هتد. بۆنمونە: (٢٩٢) هەراڵەکە چەرمە کەرۆوە (هەرالّەکە سپی دەکاتەوە).

٥- ڕەگی کار + کار:- ڕێگایەکی کەم بەرهەمەو تەنیا چەند ڕەگێك توانای ڕۆڵی داڕشتنیان هەیە،چونکە ڕەگی کارەکان بەگشتی توانای بەکارهێنانیان بەشێوەی سەربەخۆ نییە، لەبەرئەوەی واتاکەیان گشتی ناڕوونە. وەکو: وەرم بەرۆشۆ (خەودەیباتەوە)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٩٣) شوانەکە خەریکا وەرم بەرۆشۆ (شوانەکە خەریکە خەو دەیباتەوە).

٦- ناو+ کار:-ئەم یاسای داڕشتنی کاری لێکدراوی بارگە گەێنە کەم چالاکەو لەڕێگەیەوە تەنیا چەند کارێکی لێکدراو کەخاسیەت دەردەخەن بەرهەم دەهێنرێ. وەکو: شەرم کەرۆ /ڕووە کەرۆ (شەرم دەکا/ڕوو دەکا)، تەریق بیۆ (تەریق بوویۆ)،...هتد. بۆنمونە: (٢٩٤) کناچەکێ شرم کەرۆ (کچەکە شەرم دەکا).

**٣- ئەوکارانەی کەگۆڕان لەبار یان سیفەتی کەسێك یان شتێك دەردەخەن:**

ئەوکارە لێکدراوانەی کەبار یان سیفەتێك وەکوخۆی دەردەخەن، دەکرێ وەك کاری لێکدراوی بارگەگەێنی گۆڕاو بەکار بهێنرێن، کاتێك هێز دەخرێتەسەر کەرتی دووەمیان یان کارەکە. کاری لێکدراوی بارگە گەێنی گۆڕاوپێکدێ لە:

١- ئاوەڵناو + کاری (بوو):- ئەم یاسایە چالاکە لە داڕشتنی کاری لێکدراوی بارگەگەێنی گۆڕاودا،کە واتاکەیان ئاماژە بەگۆڕانی ئەو خاسیەتانە دەکا کەدەدرێنە پاڵ ناوەکە، ئەمەش بەوەدەبێ کە کاری(بی (بوو) )هێزی سەرەکی بخرێتەسەر. وەکو: جوان بێ (جوان بوو)، خاسبێ (باش بوو)، گرمبێ (گەرم بوو)، شلبێ (شل بوو)، وچکلەبێ (بچوك بوو)،...هتد.بۆنمونە:

(٢٩٥) تەلەبەکە زیرەکبێ (منداڵەکە زیرەکبوو). ئەگەر هێزی سەرەکی خرێتەسەر کاری( بێ (بوو) )، ئەوا واتای گۆڕان لەخاسیەت و سیفەتی ناوەکە دەگەێنێ. واتە منداڵەکە ئێستە تەمەڵ بووە، کەپێشتر زیرەك بووە.

٢- ناوی ڕەنگەکان + کاری (بوو):- ئەم ڕێگایە بەبەرهەمە لە درووستکردنی کاری لێکدراوی بارگەگەێنی گۆڕاودا. وەکو: سوور بیوە (سووربوەوە)، سیاوبیۆوە (ڕەش دەبێتەوە)، چەرمە بیەنۆ (سپی بوەتەوە)، سوور هۆرگێلان (سوورهەلگەڕاوە)، زەرد هۆرگێلان/زەرد هۆر مردان (زەرد هەلگەڕاوە )،...هتد. بۆنمونە:

(٢٩٦) دزەکە حەیبەتیێنە زەرد بیەن (دزەکە لەحەیبەتا زەردبووە).

٣- فرێزی بەند + کار:- ئەم یاسای داڕشتنی کاری لێکدراوی بارگەگەێنی گۆڕاوە کەم بەرهەمە. وەکو: بەئاگا ئاما (بەئاگا هات)، بێنازکەوت (بێنازکەوت)، بەخەبەر ئاما (بەخەبەرهات)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٩٧) ڕاویەرەکە بەخەبەرئاما (ڕاویارەکە بەخەبەر هات).

**٤- ئەو کارانەی کە ڕووداو دەگەێنن ولەهەمان کایشدا ئاماژە بە بارو گۆڕانی خاسیەتی کەسێك یان شتێك دەکەن.پێکدێن لە:**

١- ئاوەڵناو + کار:-ئەم یاسایە زۆر چالاکەو دەتوانرێ لەڕێگەیەوە کۆمەڵێکی زۆر کاری لێکدراوی ڕووداوگەێن، کەئاماژە بەخاسیەت و سیفەت وباری کەسێ یان شتێ بەشێوەی گۆڕاو دەکەن، بەرهەم بهێنرێ. وەکو: جوان کەرو (جوان دەکەم)، خاسکەرو (چاك دەکا)، خاسکەرد (باشکرد)، سوور کەرد (سوورکرد)، چەرمەکەرد (سپی کرد)، سیاوکەردۆ (ڕەشکردەوە)، ڕزگارکەرو (ڕزگاردەکا)، بەنڎ کەرد (بەندکرد)،...هتد. بۆنمونە:

(٢٩٨) مامۆساکە کوڕەکەش خاسکەرد (مامۆساکە کوڕەکەی چاك کرد).

٢- ناوی کۆمەڵ/ ژمارە + کار:- وەکو: پۆل کەرۆ (پۆل دەکا)، تۆپەڵ کەرۆ (تۆپەڵ کرد)، یۆگیرا (یەکدەگرێ)،...هتد. بۆنمونە: (٢٩٩) کناچڵەکێ وەروەکێشا تۆپەڵ کەردە (کچەکان بەفرەکەیان تۆپەڵکرد).

**٣-٤-١-٣-٢ ئەو بەشە ئاخاوتنانەی کە بەشداری داڕشتنی کاری لێکدراو (تەواوکەری کار) دەکەن. پێکدێن لە:**

(١) پۆلی ناو:- ئەم بەشە ئاخاوتنە(جگە لەناوی تایبەتی) بەشێوەیەکی زۆر چالاك ڕۆڵی داڕشتنی کاری لێکدراو دەبینێ و بەوەی کە دەچێتە سەر کاری بنەڕەتی یان داڕێژراو کاری لێکدراویان لێ بەرهەم دەهێنێو ئەرکی تەواوکەری کار دەبینێ، لەڕووی واتاوە ناوەکە واتایەکی نوێ و جیاواز بەکارە بنەڕەتیەکە دەبەخشێ و کۆمەڵێك وشەی فەرهەنگی تازە بەرهەم دەهێنێ. ئەو ناوەی کە بەشداری داڕشتنی کاری لێکدراو دەکات لەڕووی پێکهاتنەوە دەشێ سادە یان داڕێژراو یان لێکدراو بێت.

شێوەی داڕشتنەکەیان پێکدێ لە: ناو + کار> کاری لێکدراو

١- ناوی سادە + کار:- وەکو: شەرمش کەرد (شەرمی کرد)، موچیاریش کەرد (ئامۆژگاری کرد)، دەسش گێرت (دەستی گرت)، قەسەمش وارد (سوێندی خوارد)، سەرش هۆربڕی (سەری هەڵبڕی)، سەرەش ورگێرت (سەری هەلگرت)، چەمش بەست (چاوی بەست)، دڵش شینە (دڵی تێچوو)، ویش ۆرقڵۆتنا (خۆی هەڵقورتاند)،...هتد.

٢- ناوی داڕێژراو + کار:- وەکو: یاگێش گێرتە (جێگەی گرت)، پیاوەتیش کەرد (پیاوەتی کرد)،...، وەشیش ئاورد (خۆشی هێنا)، خاسەش ئرمانا (چاکی نواند)، بەهانێش گێرتە (بیانوی گرت)، سەرش وست (سەری داخست)،...، سەرەش گێرت (سەرەی گرت)، نۆرەش کەرد (نۆبەی کرد)، چلێش کێشتە (چلەی کێشا)،...هتد.

٣- ناوی لێکدراو + کار:- وەکو: ماساو وەر (ماستاوخۆر)، ماساوکەر (ماستاوکەر)، چڵکاو وەر (چڵکاوخۆر)،دەنگەدەنگش کەرد (دەنگە دەنگی کرد)، ڤێڕە ڤێڕش کەرد (ڤیڕە ڤیڕی کرد)، جوڵەجوڵشبێ (جوڵە جوڵی بوو)،...، سەرەش سورمرۆ (سەری سوڕدەدا)، سەرەش خوڵێ وەرۆ (سەری خول دەخوا)، ویش بەختکەرد (خۆی بەختکرد)، سوراوش کەرد (سوراوی کرد)، چەرماوش کەرد (سپیاوی کرد)،...هتد.

(٢) پۆلی ئاوەڵناو:-

ئەم بەشە ئاخاوتنە بەشێوەیەکی زۆر چالاك ڕۆڵی داڕشتنی کاری لێکدراو دەبینێ و بەوەی کە دەچێتە سەر کاری بنەڕەتی یان داڕێژراو کاری لێکدراویان لێ بەرهەم دەهێنێو ئەرکی تەواوکەری کار دەبینێ، هەروەها ئاوەڵناوەکە دەشێ سادە یان دارژاو یان لێکدراو بێت. ئاوەڵناوی چۆنیەتی ڕۆڵی ئەم داڕشتنە دەبینێ، بەڵام

ئاوەڵناوی نسبی ونادیار کاری لێکدراو دروست ناکەن، هەروەها کارەکانی ( کەرد (کرد)، بی (بوو) ) بەشێوەیەکی چالاك ئەو ڕۆڵە دەبینن. شێوەی دارِشتنەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵناو + کار> کاری لێکدراو

١- ئاوەڵناوی سادە + کار:- وەکو: جوانبی (جوانبوو)، تووڕەن (تورِەیە)، پاکا (پاکە)، پیس بۆ (پیس دەبێ)، هەژارا (هەژارە)...، خاس کەرۆ (باشدەکات)، عالکەرد (چاك کرد)، سیاوکەرد (ڕەشی کرد)...، سوورکەردۆ (سورکردەوە)، سیاو هۆرگێلا (ڕەش هەڵگەڕا)، کەوە کەرۆوە (شین دەکاتەوە)،...هتد.

٢- ئاوەڵناوی دارِێژراو + کار:- وەکو: بێ هێزبی (بێ هێزبوو)، بەهیوابی (بەهیوایە)، بەهێزبی (بەهێزبوو)،بێ هێز کەوت (بێ هێزکەوت)، بێ هۆش بۆ (بێ هۆش دەبێ)...، بەهێزکەرد (بەهێز کرد)، ناوەشکەرد (ناخۆش کرد)، بێتامکەرد (بێتام کرد)، بێبەشکەرد (بێبەشکرد)، بێنازکەرد (بێناز کرد)،...هتد.

٣- ئاوەڵناوی لێکدراو + کار:- وەکو: ڕوو وەشبێ (ڕوو خۆش بوو)، دڵپاکا (دڵپاکە)، دەسپاکبێ (دەست پاك بوو)...، سەرسامکەرد (سەرسام کرد)، سەرشۆڕکەرد (سەر شۆڕ کرد)، دەس پانکەردەیۆ (دەست پانکردنەوە)، سەرەش وەشکەرد (سەری خۆشکرد)، سەرەش وەشکەرد (سەری چاك کرد)...،هەرِبەسەر (قوڕ بەسەربوو)، دڵ بەخەما (دڵ بەخەمە)، چوارچەمبێ (چوارچاوبوو)...، چوارچەم کەرد (چواچاو کرد)، سەرەڕۆبۆ (سەرەڕۆ دەبێ)، ورد ورد کەرد، دەست ڕەنگین بێ،...هتد.

(٣) پۆلی ئاوەڵکار:- ئەم بەشە ئاخاوتنە زۆر چالاك نیە لەدارِشتنی کاری لێکدراودا، چونکە ئاوەڵکارە بنچینەییەکان ژمارەیان کەمەو سستن لەدارِشتنی کاری لێکدراودا، هەروەها ئاوەڵکارە نابنچینەییەکانیش کە لەبەشە ئاخاوتنیش ئاوەڵناوەوە وەردەگیرێن،بەتایبەتی ئاوەڵناوی چۆنیەتی، بۆ بینینی ڕۆڵی ئاوەڵکاری چۆنیەتی زۆر سستن لەدارِشتنی کاری لێکدراودا. شێوەی دارِشتنەکەیان پێکدێ لە: ئاوەڵکار + کار > کاری لێکدراو

١- ئاوەڵکاری سادە + کار:- وەکو: وەڵێکەوت/پێشکەوت (پێشکەوت)،دماکەوت (دواکەوت/پاشکەوت)،سەروست ( سەر خست)، چێرکەوت (ژێرکەوت)....، نزیك کەوتۆ (نزیك کەوتەوە)، دوورکەوتۆ (دوور کەوتەوە)، چێروزۆ (ژێردەخات)، نزیك کەرد (نزیك کرد)، لابەرد (لابرد)، لاشی (لاچوو)، لادا،وەردا (بەردا)، بەردا (دەردا)، بەرکەوت (دەرکەوت)، بەرشی (دەرچوو)، بەرئارد (دەرهێنا)،...هتد.

٢- ئاوەڵکاری دارِێژراو + کار:- وەکو: بەجانە (بەجێیە)، بێ جانە (بێ جێیە)، بێ ڕابێ /بێ جابێ (بێجێبوو)، یەکبێ (یەك بوو)...،بێنازبێ (بێنازبوو)، بێشکبێ (بێشك بوو)، بێ گومانا (بێ گومانە)، بێباکا (بێباکە)...، بێنازکەوت (بێنازکەوت)، بەشك کەوت (بەشك کەوت)، بەگومان کەوت (بەگومان کەوت)...، تێپەڕبوو، لەسەربوو، لەدەربوو، لە ناو برد، لەژێرکرد...هتد.

٣- ئاوەڵکاری لێکدراو + کار:- وەکو: کۆتاجاربێ (کۆتاجاربوو)، یەکاویەکا (یەکاویەکە)، یەك بەیەکا (یەك بەیەکە)، تێروپەڕا (تێرو پڕە)...، جابەجاکەرد/جێبەجێکەرد (جێبەجێ کرد)، دەربەدەرکەرد (دەربەدەر کرد)، سەرەو واریێ (سەرەو خواربوو)، چێروسەرکەرد (ژێروو ژوور کرد)، یەکجارکەرد (یەکجارکرد)، سەربەرەو

وارکەرد (سەر بەرەو خوارکرد)، یەواش یەواش کەرد (هێواش هێواش کرد)، زوو زوو کەرد (خێرا خێرا کرد)، فرەفرەش کەرد (زۆر زۆری کرد)، کەم کەمش کەردۆ (کەم کەمی کردەوە)،...هتد.

(٤) پۆلی جێناو:- جێناوی خۆی مەودای بەکارهێنانی لەدارشتنی کاری لێکدراودا تارادەیەك چالاکەو واتای خاوەنیەتی دەگەیێنێت. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: جێناوی خۆی + کار > کاری لێکدراو

جێناوی خۆی + کار:- وەکو: ویشبێ (خۆی بوو)، ویش لوا (خۆی چوو)، ویش ورەت (خۆی فرۆشت)، ویش ملآسدا (خۆی ملآسدا)، ویش هۆرقلۆتنا (خۆی هەلقورتاند)، ویش گێل کەرد (خۆی گێل کرد)، ویش هۆردا (خۆی هەلدا)، ویش دادەسۆ (خۆی بەدەستەوەدا)،...هتد.

(٥) پۆلی ژمارە:- ئەم بەشە ئاخاوتنە بەشێوەیەکی سست بەشداری لەدارشتنی کاری لێکدراو دەکات، هەموو ژمارەیەکی بنجی توانای ئەوەی هەیە لەگەڵ گیرەکە وشە دارێژەکانی (-ەم،-ەمین) یەك بگرێت و ژمارەی پلەیی دروست بکات، جگە لەژمارەی سفر. هەروەها کاتێك ژمارەی بنجی لەگەڵ مۆرفیمە وشە دارێژەکان وشەی دارێژراو دروست دەکات، ژمارەکە دەکەوێتەسەرەتاو گیرەکەکەش دەکەوێتەکۆتای. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: ژمارە + کار> کاری لێکدراو

١- ژمارەی سادە + کار:- وەکو: یەکبێ (یەکبوو)، یەکا(یەکە)، یۆش گێرت (یەکی گرت)، یۆگێرۆ (یەکدەگرێ)، یۆش ورگێرت (یەکی هەلگرت)،...هتد.

٢- ژمارەی دارێژراو + کار:-وەکو: یەکەمبێ (یەکەم بوو)، یەکەما (یەکەمە)، یەرەما (سێیەمە)، نیمەبێ (نیوەبوو)، پەنجەمین (پێنجەمین)، چوارەمین (چوارەمین)،...هتد.

٣- ژمارەی لێکدراو + کار:- وەکو: یانزەن (یازدەیە)، دوانزەن (دوانزەیە)، سیانزەبێ (سێزدەبوو)، چواردەبێ (چوارده بوو)،...، ویسویەکا (بیست ویەکە)، چلوچوارا (چل وچوارە)، دوو سەڎا (دووسەدە)،...هتد.

(٦) ئامرازەکانی پەژارەو خۆشی دەربرین:- ئەم ئامرازانە بەشداری لەدارشتنی کاری لێکدراودا دەکەن، ئەم ئامرازانە ژمارەیان کەمو سنوردارە، هەروەها ئەو کارانەی رۆڵی دارشتن لەگەڵیاندا دەبینن ژمارەیان کەمەو بەشێوەی سست بەشداری دارشتنیان دەکەن. شێوەی دارشتنەکەیان پێکدێ لە: ئامراز + کار > کاری لێکدراو

١- ئامرازی سادە + کار:- وەکو: ئاخش ورکێشت (ئاخی هەڵکێشا)، ئۆفش کەرد (ئۆفی کرد)، داخش وارد (داخی خوارد)، ئۆخەیش کەرد (ئۆخەی کرد)، وەشلەیش واست/ئاواتش واست (خۆزگەی خواست)، لەزەتش ورگێرت (چێژی وەرگرت)، لەزەتش چەنە ورگێرت (چێژی لێ وەرگرت)...هتد.

٢- ئامرازی لێکدراو + کار:- ئاخو ئۆفشبێ (ئاخ وئۆفی بوو)، ئاخوداخشبێ (ئاخ و داخی بوو)، ئاخوئۆفش کەرد (ئاخ و ئۆفی کرد)، ئاخوئۆفش ورکێشت (ئاخ و ئۆفی هەڵکێشا)...هتد.

(٧) ئەو وشانەی لە ئێستادا بەکارهێنانی سەربەخۆیان نیەو واتاکەیان نادیارە:- وەکو: واز، وەی (بەخێو)، بەخەسار (بەفیرۆ)، تووش، تور، فر، بر،...هتد) ئەم وشانە دەچنە سەر کاری بنەرەتی و دایان دەرێژن و کاری لێکدراویان لێ بەرهەم دەهێنن. مەودای ئەم بەرهەم هێنانی کاری لێکدراوە فراوان نییە، چونکە ئەم وشانە

ژمارەیان کەم و سنوردارەو ناتوانن لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی کە ئەم ڕۆڵە دەبینن بەکاربهێنرێن. وەکو: وازم ئارد (وازم هێنا)، فڕشدا (فڕێی دا)، وەیشکەرد (بەخێو کرد)، بەخەساردا (بەفیڕۆدا)، خەسارشی (بەفیڕۆ چوو)، تووشکەرد (تووش کرد)، فڕدا، توڕدا، تووشبی (تووشبوو)، نقمبی (نقوم بوو)، بڕشکەرد (بڕی کرد)، بڕشدا (بڕی دا)،...هتد.

(٨) ئەو ڕەگانەی کە بەتەنها توانای بەکارهێنانیان هەیە: ئەو ڕەگانە دەچنە سەرکاری بنەڕتی و داڕێژراو کاری لێکدراویان لێ بەرهەم دەهێنن. ئەم بەرهەم هێنانە زۆر سستە، چونکە ژمارەیەکی کەم لەڕەگی کارەکان بەتەنیا واتای هەیەو دەتوانرێ بەکاربهێنرێ. وەکو: وەرمبێ (خەوبوو)، گیرکەرد (گیرکرد)، گیردا، پەرسیش کەردە (پرسی کرد)، پارێزکەرۆ (پارێز دەکا)،...هتد.

(٩) گرێی بەند + کار> کاری لێکدراو

١- پێشبەند + ناو + کار:- وەکو: جەدەس شی (لەدەست چوو)، جەدەسش دا (لەدەستی دا)، جەیەرەدارەشدا (لەسێدارەیدا)، جەدەسش بێ (لەدەستی بوو)،...هتد.

٢- پێشبەند + ناو + جێناوی خۆیی + کار:- وەکو: جەهۆش ویش لوا (لەهۆش خۆی چوو)، جەدەسو ویشدا (لەدەستی خۆی دا)، بەدەسو ویشبێ) بەدەستی خۆی بوو، بەدەسو ویشکەرد (بەدەستی خۆی کرد)، جەدەسو ویشدا (لەدەست خۆیدا بوو)،...هتد.

٣- پێشبەند + ناو + ئاوەڵکار + کار:- وەکو: جەدەسش بەرشی (لەدەستی دەرچوو)،...هتد.

٤- جێناوی خۆیی + پێشبەند + ناو + کار:- وەکو: ویش جەدەسدا (خۆی لەدەست دا)،...هتد.

٥- پێشبەند + ناو + ژمارە/ ناو + کار:- جەچوارپەل کەوت (لەچوار پەل کەوت)، جەچوارمێخەششا کێشت (لەچوار مێخیان کێشا)،...هتد.

(١٠) ناو + گرێی بەند + کار> کاری لێکدراو

١- ناو + پێشبەند + ناو + کار:- وەکو: دەسش بەئاوی یاونا (دەستی بەئاو گەیاند)،...هتد.

٢- ناو + نا/ئاوەڵکار + پاشبەند + کار:- دەسش سەرنە گێرت (دەستی بەسەردا گرت)، دەسش سەرنەئارد /دەسش سەرەرە ئارد (دەستی بەسەردا هێنا)،... دەسش سەرەشرە ئارد (دەستی بەسەریدا هێنا)، دەسش ئاویرە کەرد (دەستی بەئاودا کرد)، خوڵەش چەماشرە کەرد (خۆڵی بەچاویدا کرد)...هتد.

٣- ناو + پێشبەند + جێناوی خۆی + کار:- وەکو: باوڕش بەوێش کەرد (باوڕی بەخۆی کرد)،بڕواش بەویش هەنە (بڕوای بەخۆی هەیە)، شانازی بەویکش کەرد (شانازی بەخۆی کرد)،...هتد.

٤- ناو+ جێناوی خۆی +پاشبەند + کار:- وەکو: دەسش وێشرە ئارد (دەستی بەخۆیدا هێنا)،...هت

## ئەنجام

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کەلەم لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتوون پێکدێن لە:**

**١- لەشێوەی هەورامیدا پێکهاتەی کار لە وەرگرتنی جێناوە لکاوەکاندا جیاوازە، کە سەرەتا جێناوی لکاوی بەرکاری (دەستەکانی دوەم یان سێیەم یان چوارەم یان پێنجەم ) وەردەگرێ پاشان جێناوی لکاوی بکەری (دەستەی یەکەم) لەکاری ڕابردووی ڕاگەیاندنی تێپەڕ وکاری ڕابردووی دانانی تێپەڕ جگە لەڕاگەیاندنی بەردەوام کەسەرەتا جێناوی لکاوی بکەری (دەستەی دووەم) وەردەگرێ پاشان جێناوی لکاوی بەرکاری (دەستەی یەکەم) وەردەگرێ.بەپێچەوانەی شێوەی ناوەڕاستەوە کە سەرەتا جێناوی لکاوی بکەری (دەستەی یەکەم) وەردەگرێ پاشان جێناوی لکاوی بەرکاری (دەستەی دووەم) وەردەگرێ.**

**٢- بەرهەمهێنانی وشەی داڕێژراو و لێکدراوی پۆلەکانی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار لەهەردوو زارەکەدا زۆرجار لەیەك دەچن، جگە لەهەندێ جیاوازی کەلە فۆڕمی گیرەکەکاندا دەبینرێ، یان ڕادەی بەکارهێنانی هەندێ گیرەك لە زارێکیاندا بەشێوەی چالاك یان سست و لەوی تریاندا بەپێچەوانەوە.**

**٣- یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی زاری هەورامی لەداڕشتنی وشەداڕێژراو و لێکدراوەکانیدا بوونی مۆڕفیمی ڕەگەزییە، هەندێ لە وشەکان مۆڕفیمی ڕەگەزی مێ بەپێی دۆخەجیاوازەکان وەردەگرن، کە مۆڕفەکانی پێکدێن لە (ێ، ە، Ø)، هەروەها هەندێ وشە مۆڕفیمی ڕەگەزی نێر وەردەگرن، کەمۆڕفەکەی بەچەند شێوەیەك دەردەکەوێ وەکو(ی، ە، Ø).**

**٤- لەداڕشتنی کاری داڕێژراودا، بەپێچەوانەی کوردی ناوەڕاستەوە یە، زیاتر پاشگر ڕۆڵی داڕشتنی کاری داڕێژراو دەبینێ و چالاکە. هەروەها هەند مۆڕفیم هەن کە مۆڕفەکانیان بەشێوەی پێشگرو پاشگر توانای داڕشتنی کاری داڕێژراویان هەیەو هەمان واتاو ئەرك دەبینن و زۆرجار بەکارهێنانیان بەئارەزووە، بەڵام بەکارهێنانیان زیاتر بەشێوەی پاشگرە.**

**٥- جیاوازیەکی تری پێکهاتەی کاری لە زاری هەورامیدا بریتییە لەوەی هەندێك لەمۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی زۆرجار بەشێوەی مۆڕفی سفر دەردەکەون، وەکو مۆڕفیمەکانی بەردەوامی (م) و فرماندان و داخوازی (ب).**

## سەرچـــاوەکـــان

**بەزمانی کوردی:**


١- ئازاد ئەحمەد حسین (٢٠٠٩)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لەشێوەزاری هەورامیدا ،چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم .

٢- ئاواز حمە سدیق بەگی خانی (١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرەستە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) ، بەشی یەکەم، ناو، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٤- ______________ (١٩٨٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ،چاپی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

٥- ______________ (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (وشە سازی) ، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٦- ______________ (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشە سازی) ، بەشی چوارەم ، ژمارەو ئاوەڵکردار، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٧- ______________ (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (وشە سازی) ، بەشی پێنجەم ،کردار،چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٨- بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ (٢٠١٣)،پێکهاتەی ژمارە لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

٩- بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤)، چەندلایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ،هەولێر .

١٠- بێستون حەسەن ئەحمەد(٢٠٠٨)، ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .

١١- تارا عەبدوڵڵا سەعید (٢٠١٤)، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٢- تابان نوری حمە سعید(٢٠١٠)، شێوازی ناوچەی پشدەر،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

١٣- جەمال عەبدول (٢٠٠٨)، بەرکولێکی زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم ، چاپخانەی خانی، دهۆك .

١٤- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩)،پەیوەندیە ڕۆنانیەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك .

١٥- حەیدەر حاجی خدر (٢٠١٠)، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆژییانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر .

١٦-ڕۆژان نوری عەبدوڵلا (٢٠٠٧)،فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی زمانی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی .

١٧-سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر .

١٨-شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠٠٦)، ناو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە .

١٩- غازی فاتح وەیس (١٩٨٤)، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الادیب البغدادی)، بەغداد .

٢٠- فاروق عومەر سدیق (٢٠١١)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

٢١- فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٩٨)، چەندلایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر .

٢٢-کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆڕفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر.

٢٣-محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەوئامادەکردنی شێروان حسێن و شێروان میرزا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم ، هەولێر .

٢٤- ______________(٢٠١١)، زمانەوانی، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

٢٥-محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٦)،چەندلایەنێکی مۆڕفۆلۆژی کوردی،چاپخانەی ڕوون،سلێمانی.

٢٦- مەسعود محەمەد (٢٠١١)، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر .

٢٧-نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢٨-وریا عومەر ئەمین (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر .

٢٩-______________ (٢٠٠٤)، زمانەوانی ،چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر .

٣٠- ه.د.ویدۆوسن، وەرگێڕانی هۆشەنگ فاروق (٢٠٠٨)، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك .

٣١-یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

**بەزمانی ئینگلیزی:**

1-Crystal, D.(2008), A dictionary Linguistics& phonetics, Six Edition, Black Well Publishing.

2-Haspelmath, M.& D.sims,A.(2012), Understanding Morphology, Second Edition , Hodder Education, London.

3-Katamba, F.& Stonhamman, J.(2006), Modern Linguistics Morphology ,Second Edition, Hound mins, Basings, England.

4-Lieber, R.(2012), Introducing Morphology, Third Edition, Cambridge University Press, New york, America.

5- Stageberg, C.N& D.oaks, D.(2000), An Introductory English Grammar, Fifth Edition

# Abstract

The research is entitled "The Derivational Morphology of word in Hawrami and central Kurdish dialects". In accordance with the theory of morphem, morphology as a grammatical level has become a criteria to describe the constituents of the parts of speech, i.e (nouns, adjectives, adverbs and verbs) in Hawrami and central Kurdish dialects, with demonstrating the rules which words are based on and also it gives a sufficient description to the levels of pragmatics, syntax and phonology.

Apart from the preface conclusion the research is consisted of three parts.
Within the first part, the science of morphology and the importance of morphological analysis are clarified ,then the theory of morphem, and the terms and the definitions are also explained which have become a criteria to analysis the word-formation finally, word-classes and word-types are also illustrated as well.

In the second part "the word-formation in central Kurdish" verb of all, it is talking about the nouns as apart of speech, the constituents of nouns and the suffixes and prefixes which can be added to the simple words of nouns, adjectives, adverbs and roots that produce derivational nouns. Moreover, it gives explanation concerning ways of producing compound-nouns.

Then it discusses about the adjectives classes and kinds of adjectives. It also talks about the adjectives; how they are classified, and the prefixes and suffixes which can be added to the simple adjectives. Nouns, and roots that produce derivational adjectives. Moreover, the ways of forming compound-adjectives and the parts of speech which are contributing to this formation and also demonstrated.

After that, it centers on adverb class and types of adverbs. Despite that it focuses constituents types of adverbs and the suffixes and prefixes which can be

added to the simple words of nouns, adjectives, and simple adverbs that yield derivational adverb, ways of forming derivational adverbs are also shown as well.

Eventually, it is stating about the verb-class and marking the suffixes and prefixes which can be added to the basic verbs that yield a derivational verbs. It also gives a clarification to the ways of forming derivational verbs and those parts of speech which participate to this formation.

In the third part, The research center around “the word-formation in hawrami dialect” and the description of the parts of speech; i.e (nouns-adjectives and adverbs) are again discussed.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Derivational Morphology of word in Hawrami and Central Kurdish Dialects

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Education Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language

*By*
**Neamat Saber Othman**
B.A.University of Soran-2010

*Supervised by*
**Prof. Dr. Talib Husen Ali**

**Erbil-KURDISTAN**
**December 2015**